در اینجا لازم میدانم برای تکمیل این بخش نیم نگاهی نیز داشته باشیم به شاعر توانمندی که به (نالی) شهرت دارد و در میان شاعران کلاسیک کُرد، درواقع رتبه اول را داراست. گفته شده او در دوره ای می زیسته که به زبان کردی بهای چندانی داده نمی شد و شعرا بیشتر به زبان فارسی یا عربی اشعار خود را می نوشتند. نالی از معدود شاعرانی ست که با زبان عربی، ترکی و فارسی مأنوس بوده وبا هر سه زبان شعر گفته است. شعرهای او بر اساس وزن عروض عربی ست و اکثراً در قالب های غزل، قصیده و مستزاد طبع آزمایی کرده است. یکی از خصوصیات بارز آثار او در این بوده که زبان شعرهای کردی اش پیوسته آمیخته به فارسی و عربی بوده است. همزمان با این شاعر صاحب نام، شاعر بزرگ دیگری که به (سالم) معروف بوده، ظهور کرده که نام اصلی اش (عبدالرحمان بیگ صاحبقران) می باشد. او همچون شاعری وطن پرست، در دوره میرنشینی بابان ها میزیسته و از شاعرانی بوده که در سبک هندی آثاری از خود بر جای گذاشته و همین باعث شده تا اشعارش برای عموم به سادگی قابل فهم نباشد.(حاج قادر کویی) دیگر شاعر وطن پرست در سال ۱۸۱۷میلادی حوالی شهر (کویه)ی عراق متولد شده و او نیز در قالب عروض عربی سروده های درخور دارد.

مطلبی که در مورد اغلب این شاعران صدق می کند این است که آنها شانه به شانه ی شاعران فارس و ترک هم روزگار خود در شعر عروضی طبع آزمایی کرده اند و دراکثر قوالب شعری از خود آثارماندگاری بر جای گذاشته اند. اما درمیان تمامیِ این شاعران تنها نام (نالی)ست که شکوهمندانه بر قله شعر کُردی می درخشد و اعتبار و شأن خاصی به شعر کلاسیک بخشیده و از این رهگذر بیشترین نقدها و رسالات به شعر او اختصاص یافته است.

> بعد از شیخ نوري تنها عبدالله گوران بود که در اوج نوگرایي شعرکردستان با شهامت ایستاد و در تلاش بود تا این شعر آینه ي تمام نما براي بازتاب دردها، آمال ها و آرزوهای ملت کرد باشد و از طرف دیگر مي خواست این شعر از زباني تراش خورده، اصیل و منعطف نیز برخودار باشد تا بتواند تازگي و زیبایي کردستان را نیز به شکلي بدیع به خواننده بنمایاند.

## نخستین طلیعه های شعر معاصر کردی

جنگ جهانی اول اگر چه ویرانی های جبران ناپذیری را بر صفحه ی جهان رقم زد، اما باعث بیداری بسیاری از ملت ها از جمله مردم کُرد نیز شد تا شیوه زندگی و بیان خود را از درون تغییر داده و با نگاهی نو و متشخص به هستی و زندگی بنگرد. درواقع جنگ جهانی اول آغاز پیدایش تغییر و دگرگونی به سمت تجدد و نوگرایی بود و شعر در این مجرا زودتر از هر پدیده دیگری دستخوش تغییر و تحول شد.

همین جا باید اذغان کرد که پس از جنگ جهانی، در ادبیات کُردی طلیعه ای تازه ای آغاز به دمیدن کرده بود. عمده ترین دلایل آن آشنایی، تتبع و تحقیق درادبیات ترک آن دوران بود که البته خود ترک ها نیز بشدت متأثر از جنبش های تازه به دوران رسیده درغرب همچون سمبولیسم و سوررئالیسم بودند. موقعیت سیاسی، اجتماعی و روشنفکری کردستان دستخوش تحول شده بود و ازاین منظر شعر به یکی از ارگانهای بیداری و تحول ملت کرد در آن روزگار بدل شده بود و نقش پر رنگ و بارزی را عهده دار شده بود. اولین گامهای چنین تغییر و دگرگونی را می توان در سروده های شخصی به نام (زیور) مشاهده کرد که از اشعار و سرود های ترکی متأثر بود و توانست به نوعی جان و روحی تازه در شعر کردی بدمد.

اما سرآغاز این تغییر بنیادین در شعر کردستان به اواسط سده ی بیستم یعنی دهه پنجاه میلادی بازمی گردد و نباید دراینجا نقش بارز شاعری چون (شیخ نوری شیخ صالح) را نادیده انگاشت و همچنان که (رفیق حلمی) شاعر بزرگ اشاره کرده است، شیخ نوری همچون بانی این جنبش شعر نوکردی قلمداد می شود. اگر نیم نگاهی به ادبیات آن روزگار بیندازیم، افرادی چون (پیرمرد)، (شیخ نوری شیخ صالح)، (رشید نجیب)، (عبدالله گوران) و (عبدالواحد نوری) را می باید از سردمداران نوگرایی در شعرکردی قلمداد کنیم که هر کدام نقش بسزایی در به روزکردن شعرکردی داشتند و تماماً تحت تأثیر تحولی که در ادبیات ترکیه اتفاق افتاده بود، قرارداشتند. عبدالله گوران خود صراحتاً راجع به این موضوع در مقدمه دیوان خود چنین گفته است:

(نویسنده و شاعران آن روزگار، به خصوص شیخ نوری، رشید نجیب و بنده، جملگی متأثر از ادبیات ترک بودیم، اما تنها شیخ نوری بود که آثارش را جا به جا منتشر می کرد و من از چاپ آثارم خودداری می کردم. در آن زمان در ادبیات

ترک طلیعه تازه ای رخ داده بود که به جنبش (ادبیات ترک فجرآتی) معروف شده بود و از رهبران این جنبش (توفیق فکرت) و (جلال ساهر) از پیش قراولان این حرکت بودند و از طرف دیگر نویسنده و شاعر دیگری به نام (عبدالحق حامد) در ادبیات ترکیه اسم و رسمی پیدا کرده بود و همه ما از شیوه ی نوشتاری این افراد متأثر بودیم.)

شاعران کُرد درتلاش بودند تا با نگاه و جهانبینی خاصی که مختص شرایط آن روزگار کردستان بود، فرهنگ ملت خود را زنده نگه دارند و با این نگرش دست به تغییر در کل یکپارچه ی شعر زده و توانستند شعر را درمعنا، مفهوم و مضمون دگرگون کرده و با نگاهی نو آنرا درآمیزند. خود گوران درمورد اینکه چرا به شیخ نوری شیخ صالح همچون رهبرگروه تازه نفس خود می نگریستند دلایلی را عنوان کرده: نخست تعدد آثارشیخ نوری و دوم انتشار پی در پی اشعارش که بی شک تأثیری غیر قابل انکار بر ادبیات کُردی گذاشته است.

## دلایل نوگرایی در شعر کردی

بی شک نوآوری در شعر کردی تنها از روی تأثیری که ادیبان ترک زبان آن روزگار بر شاعران کُرد گذاشته بودند، نبوده و یا صرفاً به خاطر ذوق و شوقی که از پس این تازه گری سربر آورده بود؛ بلکه دلایل منطقی تر و به روزتری را می طلبید که می توان در اینجا به اختصار به مهمترین آنها اشاره کرد: جنبش آزادیخواهی ملت کرد در آن زمان نیازمند زندگی نو، نگاه و تغییری اصولمند درمفهوم و فرم شعر داشت و درواقع تغییر در این مقولات نیازمند برخوردی معقول تر با ادبیات بوده است. این تغییر پیشتر در مسائل سیاسی، اجتماعی و اقتصادی روی داده بود و با متلاشی شدن امپراطوری عثمانی زمینه ی این دگرگونی از درون و بیرون کاملاً مهیا شده بود. از طرفی راه اندازی اولین چاپخانه ها و نشریات مستقل ادبی در آن روزگار باعث می شد تا با نگاهی به روز و جهانی شده به همه چیز نگریسته و این مسئله باعث خیزش مردم و ادیبانی شد که به جد خواستار دگرگونی در تمامی شئونات زندگی خود شده بودند. همچنین نباید رجعت برخی از شاعران صاحب نام کُرد آن زمان از ترکیه ی عثمانی بعد از جنگ اول جهانی که در رأس آنها (پیرمرد) قرار داشت، نادیده انگاشت که با تأثیر و تأثر از تفکر ملی در تلاش بودند تا در رگهای فرسوده ی فولکلور و ادبیات کُردی خون تازه ای تزریق کردند. به همین دلیل شاید بتوان (پیرمرد) را به دلیل تازه کردن زبان کوچه و بازار یا زبان گفتاری آن دوران و به کار بردن وزن هجایی در شعر، هم به علی اکبر دهخدای تشبیه کرد و هم او را به چشم یکی از پیشتازان شعر معاصر کردستان نگاه کرد. از طرفی شیخ نوری معتقد به نوکردن شعر کُردی بدور از تسلط شعر و وزن عربی بود. او دریافته بود که می باید برای این شعر نگاه و سیستمی در خور تعبیه کرد و نباید همیشه درصدد تقلید از شاعران ترک و عرب بود. هر چند باید اعتراف کرد که بعد از آن همه تلاش های خستگی ناپذیر به یکباره شیخ نوری به سوی شعرکلاسیک رجعت کرد و البته این مسئله یکی از سوالاتی ست که تاکنون جواب قانع کننده ای برایش پیدا نشده. بعد از شیخ نوری تنها عبدالله گوران بود که در اوج نوگرایی شعرکردستان با شهامت ایستاد و در تلاش بود تا این شعر آینه ی تمام نما برای بازتاب دردها، آمال ها و آرزوهای ملت کرد باشد و از طرف دیگر می خواست این شعر از زبانی تراش خورده، اصیل و منعطف نیز برخودار باشد تا بتواند تازگی و زیبایی کردستان را نیز به شکلی بدیع به خواننده بنمایاند. گوران به دلیل تسلط به چند زبان توانسته بود نیازهای روزگارش را درکردستان آن روزگار بهتر و کاملتر از دیگران درک کند و در واقع تجربه و درک عمیقی که از دوران خود داشت باعث شده بود تا اشعارش از اصالت و شخصیت خاصی بهره مند شوند.

## گذری بر زندگی و شعر عبدالله گوران

(عبدالله گوران) یا (عبدلله بیگ)، پسر سلیمان بیگ، سال ۱۹۰۴ درخانواده ای شعر دوست و هنر پرور در شهر حلبچه واقع در منطقه شهرزور عراق به دنیا آمده است . پدر و پدربزرگ گوران هر دو در شعر کلاسیک دستی داشته و به هر دو زبان کُردی و فارسی شعر می نوشتند. گفته شده پدربزرگش در زبان و ادبیات فارسی فردی مستعد بوده و به همین خاطردر آنجا به(کاتب فارسی) معروف شده بود. نسب خانواده پدربزرگ گوران به (میران بیگ ها) که از سرشناس ترین افراد ساکن در مریوان بوده اند، می رسد. عنایت الله بیگ، پسر امان الله بیگ پس از چندی به همراه خانواده به سلیمانیه می کوچد و درمنطقه وسیع(قره داغ) برای مدتی سکونت می گزینند. اما مدتی بعد گویا عنایت الله از دنیا می رود. عبدلله بیگ پسر او و پدربزرگ گوران به همراه خانواده از آنجا به شهر حلبچه می رود، چرا که معتقد بود از قبیله معروف(جاف)اند و ازهمین رو با اهل و عیال درآنجا سکونت می گزینند. در این سفر مادر عبدالله بیگ و برادرش به تب شدیدی مبتلا شده و هر دو مدتی بعد فوت می کنند و در این بین خود عبدالله بیگ و فرزندانش زنده می مانند که عبارتند بودند از: مصطفی بیگ، نوری بیگ، نه فی خان، سلیمان بیگ و حبیبه خانم. از بین این افراد، نه فی خان به همسری مجیدخان عثمان پاشا در می آید. حبیبه خانم هم همسر یکی از شیوخ خانقای اطراف (پاوه) می شود. مصطفی بیگ و نوری بیگ فرزندی از خود به جای نمی گذارند، اما سلیمان بیگ از خود چند فرزند به یادگار می گذارد: علی، شمسی، محمد و عبدالله. علی و شمسی در اوان جوانی از دنیا می روند. محمد هم که به (محمد بیگ روشه) ملقب بود بعد از مرگ پدرش کشته می شود. به این ترتیب از این خانواده نسبتاً پر جمعیت تنها عبدالله بیگ(گوران) زنده می ماند.گوران در کودکی قرآن را نزد پدر فرا می گیرد که در

آن زمان امری مرسوم بوده. بعد از آن درمسجد( پاشا) در شهر حلبچه لباس طلبگی بر تن می کند. بعد از جنگ جهانی اول و سرآغاز یورش انگلستان به منطقه کردستان، حلبچه برای مدتی خالی از سکنه می شود و مردم به روستاهای اطراف شهر پناه می برند. خانواده پدری گوران هم در بهار سال ۱۹۱۹ تا پاییز همان سال به سمت رودخانه (بیاره) رفته ولی موسم ییلاق را به سربرده و با شروع فصل پاییز دوباره به حلبچه باز می گردند. گوران، خود برای رفیق حلمی تعریف کرده است که:

(خاطرم هست اولین مدرسه ای که در شهر حلبچه دایر شد، مدرسه ای ترک زبان بود که برای تحصیل درکلاس اول، من را در آنجا ثبت نام کردند. در واقع برای کلاسی اسم نویسی کرده بودم که مدیر آنجا طاهر افندی مُلا امین جفار نامش را «کلاس احتیاط» گذاشته بود.)

از همین گفته های گوران این طور استنباط می شود که درس خواندن را به شکلی نامرتب شروع کرده است. گوران دانش آموز کلاس چهارم ابتدایی ست که انگلیسی ها شهر حلبچه را اشغال می کنند. درسال ۱۹۱۹ پدرش از دنیا می رود و در ۱۹۲۱ محمد بیگ، برادر بزرگتر گوران و عبدالواحد نوری، دایی زاده اش را به سفارش مصطفی صائب برای تحصیل به مدرسه (علمیه) کرکوک می فرستد، اما درهمان سال محمد بیگ کشته می شود. در این زمان گوران دیگر کسی را ندارد تا خرج تحصیل و زندگی خود و مادرش را تقبل کند، پس دست از تحصیل برداشته و از سال ۱۹۲۲ تا ۱۹۲۵ زندگی سختی را متحمل می شود.

گوران برای نخستین بار از سال ۱۹۲۵ تحت عنوان معلم مدرسه درحلبچه مشغول به کار شده و تا سال ۱۹۳۷ درمدارس آن منطقه به تدریس اشتغال داشته است. بعد از آن به جای دیگری در بخشی دیگر منتقل می شود. در آن مدت به همراه چند دوست روشنفکر خود، به (یافا) رفته و یک ایستگاه رادیویی در شرق، به منظور همکاری در انقلاب مردمی علیه فاشیزم کردستان عراق راه اندازی کرده و در آنجا مشغول به کار می شود. در سال ۱۹۵۱ دستگیر شده و تا اکتبر سال ۱۹۵۲در زندان بسر می برد. پس از آزادی به سلیمانیه می رود و مسئولیت روزنامه (ژین) را عهده دار می شود و تا سپتامبر ۱۹۵۴ در این سمت باقی می ماند. مدتی بعد از این، به همراه تعدادی از دوستان صلح طلب خود که از اهالی سلیمانیه بودند، برای دومین بار دستگیر شده و به یک سال زندان و یک سال آزادی مشروط تحت نظر پلیس محکوم می شود. مدت زندانی اش را در چند شهر از جمله: سلیمانیه، کرکوک، یعقوبیه، کوت، نوگره سلمان و یک سال آزادی اش را تحت نگاهداشت پلیس در بدره به سر می برد. در تاریخ ۱۹۵۶/۹/۱۲ حکم محکومیتش به پایان می رسد، آزاد شده و به بغداد می رود و مدتی را در یکی از پروژه های دولتی مسکن سازی با شغل سرکارگری می گذراند. اما چندی نمی گذرد که در یورش حکومتی به وطن پرستان، او نیز به بهانه تمرد از قانون دستگیر شده و در تاریخ ۱۹۵۶/۱۱/۱۷در دادگاه کرکوک به سه سال زندان که با گذاشتن وثیقه ی هزار دیناری می توانست آن را بخرد، محکوم می شود. این حکم در واقع برای این بوده که گوران می باید تا سه سال تمام نه حرفی بزند و نه مطلبی منتشر کند و درواقع کاری نکند که موجبات نارضایتی حکومت وقت را به دنبال داشته باشد. اما گوران در واقع نه صاحب هزار دینار پول بود و نه می خواست در مقابل این آزادی حق سکوتی به حکومت وقت بپردازد. به همین دلیل به زندان منتقل شده و بالاخره در تاریخ ۱۹۵۸/۸/۱۰ بعد از اوج گیری شورش ۱۴ی مردادماه از زندان آزاد می شود. بعد ازخلاصی از زندان به سلیمانیه می رود و سپس با همکاری تنی چند از همفکرانش به اتحاد جماهیر شوروی، چین کمونیست وکره جنوبی سفر می کند که این دیدارها درواقع تأثیر ژرفی بر دیدگاه های حزبی و سیاسی او گذاشته اند. درآغاز سال ۱۹۵۹ مسئولیت ماهنامه(شفق) را در کردستان عهده دار می شود و آن را با نام(بیان) منتشر می کند و در شهر سلیمانیه نیز آن را فعال می سازد و تا میانه سال ۱۹۶۰ در آنجا به کار ادبی مشغول می

شود.سپس به بهانه اینکه بدون اجازه از مقامات، ماهنامه را بی سرپرست رها کرده و به شهر(شقلاوه) برای شرکت در کنگره دوم استادان کُرد رفته، از کار بی کار می شود. در همان سال به بغداد رفته و دستیار یک پرفسور در قسمت زبان کردی کالج ادبیات دانشکده بغداد می شود و به عضویت هیئت تحریریه روزنامه (آزادی) در می آید. در آغاز سال ۱۹۶۲معده دردهایش جدی شده و بالاخره معلوم می شود در ناحیه شکم توموری رشدکرده و به بیماری سرطان مبتلا شده است. در بغداد تحت عمل نسبتاً موفقیت آمیزی قرار می گیرد، اما در ماه آوریل همان سال قبل از معالجه کامل به مسکو رفته و سه ماه تمام را در بیمارستان(کرملین) به امید معالجه بسر می برد و سپس به عراق بازمی گردد. بعد از بازگشت، بیماری اش دوباره عود کرده و درد های طاقت فرسایی را متحمل می شود. به همین خاطر به سلیمانیه باز می گردد و در آنجا به ناچار بستری می شود. سرانجام تحت فشار طاقت فرسای این بیماری از پای در آمده و در ساعت نه و نیم صبحگاه روز ۱۹۶۲ /۱۱/۱۸ فوت می کند.
گوران بی تردید یکی از بزرگترین شاعران قرن بیستم عراق بشمار می آید. او به جز زبان مادری به زبان های فارسی، ترکی، عربی و انگلیسی تسلط داشته و در این زبان ها نیز گاهاً طبع آزمایی کرده بود. گوران به مانند اغلب ادیبان آن روزگار نخست به شیوه عروضی شعر سروده که نمونه هایی ازاین شیوه را می توان در دیوانش یافت. اما به دلیل تسلط به سه زبان دیگرو پس از آشنایی با جریانات روز سیاسی، فرهنگی و ادبی در کشورهای همجوار، ایجاد تحول و دگرگونی در شعرکردی را خواستار شد وبه همراه یار دیرینش شیخ نوری، اولین پایه های نظری شعر معاصر کُردی را پی ریزی کرده است. درواقع گوران را می توان معمار اصلی و سلف و پدر واقعی شعر امروزکردستان لقب داد. همانطور که اشاره شد پیش از گوران(شیخ نوری شیخ صالح) نخستین پایه های این جریان ادبی را با سرودن تعدادی شعر پایه گذاری کرد، اما تنها گوران بود که با سیستماتیک کردن این جریان و با گامهای سنگین و محکم که در این راه دشوار برداشت، به شعر معاصر کردی تشخّص بخشید و با آثار بدیعی که پدید آورد در کالبد این شیوه ی ادبی تازه جان و روحی تازه دمید. گوران با چنین کار مهمی توانست



ادبیات کردی را از قید قواعد دست و پا گیر شعر کلاسیک نجات داده و دوباره از نو و با توجه به نیازهای زمانه آثار قابل توجهی بیافریند و افق هایی تازه ای به روی ادبیات درمانده و بحران زده ی کردی بگشاید و ادب کلاسیک و کهنه را با نگرشی امروزی تر بیامیزد تا از دل آن ادبیاتی سربرآرد که جامعه انگاری در انتظار ظهور آن بود.
گوران کارش را در برهه ای از زمان آغاز کرد که تمامی شئونات زندگی مردم و همچنین سیستم های فلسفی، سیاسی، اقتصادی و فرهنگی دنیا با تغییرات عظیمی مواجه شده بود که به منطقه کردستان نیز سرایت کرده بود و می بایست چنین تغییری نیز در آن زمان در ادبیات توسط کسی که از هنجارشکنی بیمی نداشت، صورت می گرفت که گوران درواقع پدیدآورنده چنین تغییرات در ذات و لایه های رویی شعر بود. چرا که عروض را به سویی افکند، تقلیدگرایی را در شعر مردود شمرد و شعر را از قید قافیه رهانید. درواقع او به مانند نیما، شارح شعر امروز ایران، قافیه را به ضرورت شعر تغییر داده تا شاعر در قید و بند آن شعر را فدا نکند.از سویی گوران از عناصر بکر و بی بدیل کردستان با شاخصه هایی چون وطن، عشق،سرشت و زیبایی زن و طبیعت، و حتی دریافت های شخصی خود از محیط پیرامون، اشعاری ساخته و پرداخته که تفاوتی آشکار با آنچه پیش از او به نام شعر صادر می شد، داشته است. گوران در مقطع نظریه پردازی هایش از ادامه کار باز نایستاد و معماری خود را تا حد زیبایی شناسانه ای توسعه داد و بالاخره از دل آن بنایی زیبا و استوار سر برکشید. زبان اشعار او بخصوص در شعرهای ساده و معاصرترش، زبانی به غایت امروزی، برآمده از طبیعت بکر و شربتی کردستان، ممزوج با قداست خاک و آب این دیار و ترکیبی از لحظات ناب شاعرانه رقم زده که انگاری با قلم موی نرم زبان نقاشی شده است. اشعار او همچون تابلویی ست با رنگ هایی اصیل، ساده، اما پر از نوآوری وخلاقیت را در بر دارد که هر بیننده ای را با تماشای آن مبهوت می کند. تفسیرپذیری شعر اوکه به ساده بودن زبان شعرش تکیه کرده باعث شده تا مخاطب بتواند از پس هر شعر به تفسیری مرتبط با طبیعت واژگان آن شعر برسد. گویی پیش از او این واژه ها تنها در یک قاموس منفرد می گنجیدند و تنها به یک نوع خوانش تن در می دادند، اما در شعر او واژه ها هر کدام مرام و مسلک خاص خود را دارند و به مخاطب جلوه های از زیبایی و خلوص را نشان می دهند.لازم به ذکر است کلیات اشعار گوران که در یک مجلد به چاپ رسیده است متشکل از مجموعه شعرهای (بهشت و یادگار، یادگارکهن، اشک و هنر، سرشت و درون) است که با نام (دیوان عبدالله گوران) و به همت محمد ملا کریم سال ۱۹۸۰ در بغداد منتشر شده است.
**دوره پسا گوران:**
بعد از مرگ گوران شعر معاصرکردستان دچار آنچنان رکودی

شدکه تا نزدیک به یک دهه به طول انجامید، تا اینکه در اواخر دهه ۶۰ میلادی و با ظهور شاعران جوان و تلاشگری چون شیرکو بیکس، عبدالله پشیو و جلال میرزاکریم که جملگی خود را وامدار جسارت گوران می دانستند، تا حدودی شعر معاصر از چنبره بحران رها شد، اما جا پنجه ی تأثیرات خود را در همان دوران نیز به نوعی در شعر باقی گذاشت. به طوری که در دهه هفتاد میلادی تعدادی از شاعران جوان با رویگردانی از شعرعروضی و با تأثیر از شعر و دیدگاه های هنری گوران شرحی نو از شعر کردی بدست دادند. گروهی از آنها که در بیانیه ای خواستار تحولی جدی و کارساز در شعر شده بودند و مهم ترینشان شیرکو بیکس و جلال میرزا کریم بود، مکتبی را پدید آوردند که به جریان(دیدگاه) معروف شد و گروه دوم هم جریانی به نام(کفری) پدید آوردند که اعضای مهم آن را شاعرانی چون فرهاد شاکلی و لطیف هلمت تشکیل داده بود و هر دو گروه آثاری قابل تأمل و جدی در این عرصه پدید آوردند. در واقع بعد از گوران، نسل جدیدی سر برآوردکه یکصدا به دنبال درک فهیم و عمیق تری از هستی و انسان بود و توانست افق های نویدبخشی را در شعرکردی رقم بزنند. پرکارترین این شاعران که به شاعران نسل دوم معروف شدند، شیرکو بیکس بود که مرداد ماه ۱۳۹۳ در کشور سوئد از دنیا رفت. او در طول زندگی حرفه ای خود چیزی بیش از ۳۰ دفتر شعر از خود به یادگارگذاشت و مبدع نوعی شعر به نام (رمان شعر) هم شده بود و بسیاری از شاعران هم نسل و بعد از خود را تحت تأثیر دیدگاه انسان دوستانه اش قرار داد. او که از دریافت جایزه ادبی قادسیه صدام حسین امتناع کرده بود به ناچار راه کوهستان در پیش گرفت تا آنجا به پیشمرگه های حزب (اتحادیه میهنی کردستان) تحت سرکرده گی جلال طالبانی بپیوندد. اگر چه به ناچار چند سالی را نیز در خارج از کردستان(سوئد) به سر برد و جایزه توخولسکی هم به در همان دوران به او تعلق گرفت، اما با استقلال اقلیم کردستان عراق دوباره به زادگاهش بازگشته و عاشقانه کارش را پی گرفت و توانست در شعر کردستان صدایی رسا و ماندگار باشد، چنانچه اشعارش مرزها را درنوردید و برخی از آنها به زبانهایی چون فارسی، عربی، ترکی، سویدی، انگلیسی، فرانسوی، نروژی، اسپانیایی و ... ترجمه و منتشر شده اند. در کردستان ایران نیز در دهه ۶۰ میلادی با ظهور شاعران جوانی چون (چاوه) و(سواره)، شعر وارد مجرایی تازه شد و دراین راستا و با آشنایی قبلی این شاعران با نظریات ادبی (نیما) و با تأثر از دیدگاه های هنری و زیباشناختی (گوران) آثار قابل قبولی در این زمینه پدید آوردند.

**به جای موخره:**

اکنون که بیش از نیم قرن از مرگ معمار شعر امروزکردستان می گذرد، هنوز بسیاری از آثار و طراوات خود را از دست نداده و حتی به بوته نقد نیز گذاشته نشده اند. امیدوارم با توجه به نیاز مخاطبان فرهیخته ، منتقدان و مترجمان نیز در بررسی و ترجمه آثار او همت بگمارند تا بتوانند این نیاز را هرچه زودتر و بهتر مرتفع کنند و گام های بلندی در راستای شناخت شعر این شاعر به نیت بازشناسی تأثیر و تأثرات او در ادبیات بردارند. در پایان نیز یکی از سروده های کوتاه و توصیفی او را با نام (پاییز) به فارسی برگردانده ام که امیدوارم مفید باشد:

پاییز

پاییز، پاییز،
عروس زیبا،
کاکل طلایی
من دل شکسته، تو دل رنجیده
در غم و اندوه، هر دو همدردیم
من اشک هستم، تو هم بارانی
من نَفَس هستم، تو باد سردی
من دلی پر اشک، تو ابری گریان.
پاییز، پاییز، سینه لخت و عور
هر دو با همیم،
من دل شکسته، تو دل رنجیده
آندم که گلی پژمرده شود، ما هم می گرییم
چون درختی را از بن و ریشه جدا می کنند
ما هم می گرییم
پرندگان هم تا کوچ کردند،
ما هم می گرییم،
مویه سرکن تو
هرگز و هرگز،
ما سرشک ها را نمی زداییم؛
پاییز، پاییز.

**منابع**

در نگارش این مقاله آثار زیر که از منابع آغازین شعر معاصرکردستان هستند، راهگشا بوده اند:


۱. ئینقیلاب له شێعری کوردیدا، نووسینی ڕەفیق حیلمی، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ ۱، ساڵی۱۹۵۸.

۲. شێعری تازەی کوردی، نووسینی د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ۱۰۵.

۳. عبدالرزاق بیمار، هەڤپەیڤین لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران، گۆڤاری بەیان، ژمارەی ۲، لاپەڕەی ۳۰.

۴. دیوانی عەبدوڵڵا گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ۱۹۸۰.

۵. کۆنی و تازەیی لەهەڵبەستا، نووسینی عەبدوڵڵا گۆران، گۆڤاری هیوا، ژ ۳۱، کانوونی دووەمی ۱۹۶۱.

۶.مێژووی ئەدەبی کوردی، نووسینی عەلائەددین سەجادی، بڵاوکردنەوەی کوردستان(سنە)، ۲۰۱۰.

# بایەخی وەرگێڕان
# لە ناسینی توانستی زماندا

مەسعود بابایی



هەواڵنامەی کتێب

**بەرایی**

جیاوازیی نێوان فەرهەنگ و شوناسەکان لەوەدا نیە کە چەندین جۆری مرۆڤ هەن ــ ئەگەریش کەسانێک بڕوایان بەوە هەبێ، کە چەندین جۆری مرۆڤ هەن و داوەرییەکی نەژادناسانە لەمەڕ کولتوری مرۆییەوە بکەن، ئیدی لەو دۆخەدا شتێک بەناوی گفتۆگۆی فەرهەنگەکان بێواتا دەبێت ــ جیاوازییەکە تەنیا لەو ئەزموونانەدایە کە هەرکام لە کولتوورەکان لە ڕەوتی ژیانی مێژوییان وەدەستی دێنن؛ مەودایەک کە لەنێوان جوگرافیا و ژینگەی گەلاندایە هەوێنی بیچمگرتنی فەرهەنگەکانە و دوو فەرهەنگ ناتوانن هاوکات یەک شێوە ژیان و یەک بیچمی کولتوریی هاوشێوەیان هەبێت. هەموو جیاوازییەک دەتوانێ مەودایەک دروست بکات و من لەو باوەڕەدام مەودا و جیاوازی هەوێنی سەرەکیی ڕەخسانی هەموو کولتورێکە.

دەوترێ کولتوورەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن، هەر بەو چەشنەی کە پێکەوە دەجەنگن. هەم گفتوگۆ و هەم جەنگ بەرەنجامی هاوشێوەیی و جیاوازین. یەکەم ئەزموونەکانی نەتەوە لەمەڕ جیهانەوە بەریەککەوتنیەتی لەگەڵا سروشت و دیاردە و دەوروبەری. ئەم بەریەککەوتنە لەتەک سروشت لە زەینیەتی نەتەوەدا سیستمی زەینی و زمانیی نەتەوە پێکدێنێ. کەس ناتوانێ بسەلمێنێ نەتەوەکان شێوەی ڕاڤەکردنی سروشت و جوگرافیاو دیاردەکانیان یەک شێوەیە. بوونی هاوشێوەیی لە ڕاڤەکردنی جیهانی دەوروبەرلەنێو کولتورەکاندا هەر بەبارتەقای بوونی جیاوازییە لە ڕاڤەکردنی هەمان جیهاندا. واتە لەبەرئەوەی مرۆڤین دەکرێ ڕاڤەکانمان هاوشێوە بن، هەر لەهەمانکاتدا لەبەر ڕاڤەی مرۆییمان ڕاڤەکانمان جیاوازن.

زمان کە ئامرازی واتادارکردنی جیهانە، لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێکخەری پۆلێنبەندیی دانایی ئێمەیە. هەر وشەیەک خۆی بەرەنجامی ڕاڤەیەکە بۆ دیاردەیەک، بەڵام لەڕاستیدا وشە یەکەیەکی واتاییە کە خۆی وەرگێڕانی ڕاڤەی دیاردەیەکی سروشتی یا مرۆییە. دەتوانین بڵێین یەکەم هەنگاوی ناولێنان لە هەر فەرهەنگێکدا وەرگێڕانی ڕاڤەی ئەو کولتوورەیە لە زمانی نەتەوەیی خۆیدا کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لە فەرهەنگێکی دیکەدا دەقاودەق دووپات بکرێتەوە. لەم سۆنگەوە ناکرێ هیچکام لە ڕێککەوتنە زمانییەکان بە پێوەری ڕاست و هەڵە هەڵسەنگێنین، بەڵام دەتوانین هەڵێنجان و ڕاڤەی ڕەوشتیی دیاردە سروشتییەکان هەڵسەنگێنین و بە پێوەری ڕاست و هەڵە لێیان تێبگەین. ڕاڤەی ڕەوشتیی دیاردەکان ئەگەر بە تەوتمیزم یا هەر داوەرییەکی ڕەوشتی و فیکری بگات دەکرێ شایانی ڕەتکردنەوە و سەلماندن یا ڕاست و چەوتی بێت، بەڵام ناکرێ لەبەر چەوتیی ڕاڤەیەکی ڕەوشتی، واتای فەرهەنگیی وشەیەک کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە ــ واتە مەودا ــ جیاوازی ــ بە هەڵە یان ڕاست بزانیت. هەربۆیە هەر بایەخدانانێکی ڕەوشتی بە پێوەری ڕاست و چەوت بۆ وشەکانی زمانێک ناڕەوایە.لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم بەڵگەهێنانەوەیە ڕاست بێت ئیدی ناتۆرەی دواکەوتوویی زمانی یا لاوازیی زمانی ناتۆرەیەکی نابەجێیە. بەڵام ڕەوایە بڵێین هزری پێشکەوتوو و دواکەوتوو هەیە. زمان چ بخوازین ئەوە دەردەبڕێ، ئەرکی زمان گوزارەکردنە لە بیرۆکە بەدەر لە بایەخدانانی ڕەوشتی. بایەخدانان ئەرکێکی ڕاڤەییە کە لەسەر وشەکانی زمان باردەکرێ. ئەگینا زمان بە واتای پەتی و داڕنراو(مجرد) لەمبارەوە بێلایەنە.

****

هیچ وەرگێڕانێکی دەقاودەق لەئارادا نیە و بانگەشەی وەرگێڕانی دەقاودەق بانگەشەیەکی بێمانایە. چونکە وەرگێڕان لەبنەڕەت ڕا چەشنی کولتور لەسەر بنەمای مەودا ــ جیاوازی ڕۆنراوە، ئەگەر مەودا ــ جیاوازیی کولتوریی لەئارادا نەبێ هیچ وەرگێڕانێک نالوێ.

ــ بۆ پەیداکردنی شوێن و هەڵکەوتێک لە دنیادا پێویستە دەروازەی دنیاکانی دیکە بکەینەوە. وەرگێڕان ئامرازی کردنەوەی دەرگاکانە. بەهەرحاڵا لەگەڵا ئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی وەرگێڕان پردی گواستنەوەی فەرهەنگییە، بەڵام ئەم ئامانجە تاکە ئامانج نیە، چونکە مەسەلەکە تەنیا گوێزرانەوەی ئەپستمۆلۆژیی کولتورەکان نیە بەڵکو پتەوکردنی پێگەی کولتورەکانە. بایەخی وەرگێران لەوەدا نیە کە تەنیا من لەتەک ئەویدی ئاشنا دەکات، بەڵکو لەوەدایە کە لەگەڵا ئەوەی گفتوگۆی من و ئەو دەرەخسێنێ، لەهەمانکاتدا گفتوگۆی "من" و "خۆم" دەهێنێتەئاراوە. واتە گفتوگۆی نێوەکیی کولتورەکان بەئامانجی پەردەلادان لەسەر قوژبنە تاریکەکانی کولتور لەڕێگەی زمان و کارکردی واتایی زمانەوە. وەرگێڕان دەتوانێ توانستە زمانییەکان دەربخات. تەنانەت ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ دەتوانێ ئەپستمۆلۆژیی زمان ــ بەجیا لە ئەپستمۆلۆژیی کولتور دەربخات. بە بۆچوونی من لە زماندا ئەپستمۆلۆژییەک هەیە کە لە خودئاگا و یادەوەریی کولتوردا نەماوەتەوە. تەنانەت بڕواشم بەوە هەیە کە ئەگەر زەینی کولتور کۆمەڵە بابەت و باوەڕ و گوتەزاگەلێ بخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە، لێکۆڵینەوەی زمانی دەتوانێ لەڕێگەی ڕەمزشکێنییەوە، فەرامۆشکراوەکان بێنێتەوە نێو زەین. لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا دەکرێ ئەم کارە بکەیت، بەڵام جێی سەرسوڕمان نیە ئەگەر بێژم لە ڕەوتی وەرگێڕانیشدا ئەم کارە دەلوێ.

وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی ئاسۆی واتایی وشە، ڕستە، چەمک، زاراوەی زمانێک بۆ ئاسۆیەکی واتایی دیکە

بە تایبەتمەندیی جیاواز و دوور و نزیک و هاوشێوە بە مەبەستی فرچکگرتنی ئەپستمۆلۆژییکولتورێکی مرۆیی لە ئەپستمۆلۆژییەک کە ڕەنگە خاوەنی ئەو جۆرە ئەپستمۆلۆژییە نەبێت. کەوابوو ئامانجێکی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەویش بوون بە خاوەنی ئەپستمۆلۆژییەکی دیکەیە.
دیارە بابەتەکە دەتەنێتەوە و ئاکامی دیکەیشی بەدوادا دێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لەم خاوەنداریيەتەدا ئەزموونی زمانیی دیکەش خەرمانی ئەزموونی زمانی نەتەوە دەڕازێنێتەوە کە بریتییە لە ڕۆچوون و کنەکردنی زمان بۆ گوزارەسازی لەڕێگەی دۆزینەوەی کارکردی واتایی. واتە ئەزموونی زمانێکی دیکە لە زمانی مندا، دەبێتە هۆی بەڕووی خۆداکرانەوە و ڕۆچوونی زمان بەنێو خۆیدا بەمەبەستی دۆزینەوەی ناخودئاگای خۆی کە سەردەمانێک فەرهەنگ فەرامۆشی کردووە. لەم ڕۆچوونەدا یا وشەکان زیندوو دەبنەوە یان توانستی ڕێزمانی لە داڕشتن و لێکداندا دەردەکەوێ. یەکێک لەو توانستانەی زمانی کوردی توانایی مۆرفیمیکاڵە کە دەتوانێ ئاراستەی واتایی و کارکردی واتایی جیاواز لەڕێگەی داڕشتنەوە بە زمان ببەخشێ.

**توانایی مۆرفیمیکالا:**

بەشێکی گەورە لە وشەگەلی زمانی بەشێوەیەکی بنجی لە زماندا هەن و لەشێوەی وشەی سادەدا دەردەکەون. ئەم وشە سادانە بە چەشنێکی ڕەسەن ڕەگداکوتاون و سیمای سەرەکیی جیاوازیی زمانی پێکدێنن. ئەم وشە سادانە لە تێکڕای وشەکانی دیکەی زمان بۆ نموونە (لێکدراو و داڕێژراو) مێژوویان درێژترە و ئەپستمۆلۆژیی بنەڕەتیی زمانەکان پێکدێنن.
وشە سادەکان دەربڕی تاک دیاردەی سروشتین، هەربۆیە لە بیچمی تاک دیاردەی واتاییدا دەردەکەون و هاوواتاکانیشان لە یەک کێڵگەی ئاماژەیی و ئاسۆییدا دەردەکەون.
وشە لێکدراوەکان بەگشتی دەرخەری دیاردەی لێکدراون و نیشاندەری یەکگرتنی دوو بوون یا زیاترن. واتە دوو دیاردە یا زیاتر لە سروشتدا لەباری واتاییەوە لە زماندا یەکدەگرن و وشەی لێکدراو دروست دەبێ. وشە داڕێژراوەکان لە توانایی مۆرفیمیکاڵی زمانەوە ئاخێز دەکەن. بەشێکی دیاری واتاسازی و چەمکسازیی زمانی بەهۆی ئەم وشە داڕێژراوانەوەیە.
مۆرفیم هەم وشەیە و هەم داڕێژەری وشە و واتای نوێ. مۆرفیمە سەربەخۆکان بەگشتی وشەیان پێدەگوترێ و بەشێوەیەکی سەربەخۆ واتادارن و ئەم وشانە لیکسیکۆنین، واتە لە فەرهەنگ و وشەنامەی زماندا یەکەیەکی واتایی سەربەخۆن.
بەشێکی دیکەی مۆرفیمەکان وشەداڕێژن، واتە دەتوانن ئاراستەی واتایی جیاواز بخولقێنن. ئاراستەی واتایی جیاواز دەتوانێ باری واتایی بە یەکەیەکی دەنگی ببەخشێ و لەم دۆخەدا وشە نوێیەکانی زمان لەدایک دەبن. کەوابوو پێویستە ئاراستەی واتایی پێناسە بکەین.
زمان ڕواڵەتێکی سادە و نێوەرۆکێکی تێکتەنراوی هەیە. مرۆڤ لەلایەکەوە لەسەر بنەمای ڕەنگ، دەنگ، بۆن و چەشە و هەستی ورکان(لامسە) دەتوانێ بە پێوەندیی دیداری و ژنەفتەنی و هەستەکی و چێژەکی، دەوربەری بناسێت. دیار و ئاشکرایە هەستگەلی دیداری و ژنەفتەنی زیاتر لە هەستەکانی دیکە لە بیچم و فرچکی زماندا نەخش دەگێڕن. زمانەکان بەرلەوەی کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی و واتایی بن، ڕۆنراوی وێنە و وێنان. جیهانی دەرەکی لە پرۆسەی زمانسازیدا دەوری هەرەسەرەکی دەگێڕێت. هەربۆیە مرۆڤ سەرەتا دیاردە لەڕێگەی هەستی بینینەوە بۆ زەین ڕایەڵ دەکات، ئەم ڕایەڵکردنەی وێنە بۆ زەین، پاش پرۆسەی پەڕژاندن لە مێشکدا واتایەکی هۆشەکی پەیدا دەکات. توانایی مێشکی مرۆڤ لە وێناسازیدایە کە یارمەتیدەری دروستکردنی بیرەوەرییە. گوێزرانەوەی جیهانی دەرەکی بۆ نێو زەین لەڕێگەی وێنەوە و پاشان پەڕژاندنی لە زەیندا، هێڵی ئاسۆیی زمان ڕایەڵا دەکات. ئەم هێڵە ئاسۆییە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە بەرکەوتی جیهانی زەین و هۆشە لەتەک جیهانی دەرەوە. بەڵام دەرکەوتی زمانی بەرەنجامی بەرکەوتی جیهانی دەرەکییە لەڕێگەی ڕاڤەوە. ڕاڤە جووڵەی نێوەکیی ئاوەزە کە دەتوانێ تێگەیشتن بەرهەم بێنێ. بەرهەمهێنانی واتا لەلایەن مرۆڤەوە قۆناغی دووەمە. قۆناغی یەکەم هەروەک وتمان بەرکەوتی جیهانی زەین و هۆشە لەتەک دیاردەی سروشتی و دەوروبەر لەڕێگەی گواستنەوەی وێنەوە. گواستنەوەی جیهانی وێنەداری سروشت بۆ نێو مێشک دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەهەند و ئاراستەی ئاسۆیی زمان. ئاراستەی ئاسۆیی هەمان هێڵی ئاسۆیی زمانە بەگوێرەی ڕێسای (وێنە و وێنا)وە کە بە ڕاڤەکردنی، یەکەم هەنگاوی ناولێنان دروست دەبێ. تێکڕای زمانەکان بەم قۆناغەدا تێپەڕیون، ئەمە یەکەم جۆری واتاسازییە کە

زمان ڕواڵەتێکی سادە و نێوەرۆکێکی تێکتەنراوی هەیە. مرۆڤ لەلایەکەوە لەسەر بنەمای ڕەنگ، دەنگ، بۆن و چەشە و هەستی ورکان(لامسە) دەتوانێ بە پێوەندیی دیداری و ژنەفتەنی و هەستەکی و چێژەکی، دەوربەری بناسێت. دیار و ئاشکرایە هەستگەلی دیداری و ژنەفتەنی زیاتر لە هەستەکانی دیکە لە بیچم و فرچکی زماندا نەخش دەگێڕن.

لەودا جیهانی هەمەکی بەهۆی کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگیی وێنەدارەوە پاژبەند دەکرێ (دیاردە)لەسای (دەنگ و واتا) وەدەستەمۆ دەبێ. دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بێژین ئەمە وەرگێڕانی جیهانە لەڕێگەی "کۆددانان"یا"ڕەمزپەڕژان"ەوە.
لایەنێکی دیکەی "واتاسازی" ــ کە لە هەمووی گرنگترە ــ لەو کاتەدا سەرهەڵدەدا کە مرۆڤ خۆی دەبێتە ناسکار و بەرناسی خۆی (سۆبجێکت و ئۆبجێکت) واتە هاوکاتیی زمان و بیرکردنەوە لەپێناو دەربڕینێکی تازە هەم بۆ جیهانی دیاردە و هەم بۆ بوونی مرۆیی ئێمە. ئەگەر هێڵی ئاسۆیی زمان بریتی بێت لە واتادارکردنی جیهان بەهۆی ناولێنانەوە، هێڵی ستوونیی زمان واتابەخشین بە ماک و بونیادی بووندارانەی مرۆڤی خاوەن ژیارە کە جارێکی دیکە دەیهەوێ بە ڕاڤەی ڕاڤەکان یا بە وەرگێڕانی وەرگێڕدراوەکان، شێوازێکی نوێتری دەربڕین بۆ بیچمێکی دیکەی ژیانی هزری بڕەخسێنێ.
"ژیانی هزری" چەمکێکە کە ئێمە دەتوانین بەهۆیەوە خۆمان لە ژیانی پەتیی"زیندەناسانە"(بایۆلۆژیک)دەرباز بکەین."ژیانی هزری" چەمکێکە کە لەو جۆرە ژیانەدا "مرۆڤ لە"ئاژەڵێکی بایۆلۆژیک"ەوە دەبێت بە"بوونەوەرێکی کولتوری".زمان لەم قۆناغەدا"نێوەکی" دەبێتەوە. چونکە مرۆڤ لەپێناو ناسین و تێگەیشتن لە" خۆی" و "دەوربەر" نەک بە توخمی دەرەکی، بەڵکو پشت بە"ئایدیاکان" دەبەستێ. لێرەدا ڕەهەندی دووەم واتە هێڵی ستوونیی زمان زەق دەبێتەوە کە تیایدا مۆرفیمەکان یارمەتیدەرێکی گەورەی چەمکسازیی دەروونناسانە و فەلسەفی و زانستی و... هتد ن. بەڵام دیاروئاشکرایە کە تەنانەت هێڵی ستوونیش پێوەندیی بە جیهانی سروشتەوە هەیە کە بە کۆمەڵە هێڵێکی تەکووز و ناتەکووزی ئەندازەیی(هندسی) تەنراوە. ئەم تێکتەنرانەی سروشت لە ڕۆحی لاساییگەرانەی مرۆڤدا، تێکتەنرانی زمانی لێدەکەوێتەوە کە ئامرازەکانی تێکتەنرانی زمان بریتین لە مۆرفیمەکان و ئامرازەکان و ...هتد. هەربۆیە زمان نەک تەنیا دیاردەکانی وەرگێڕاوەتە سەر وشەکان، بەڵکو هێڵە ئەندازەییەکانی سروشتیشی وەرگێڕاوە ــ بەگوێرەی هێڵی ئاسۆیی و ستوونیی زمان ــ واتە هەمان ئەندازیاریی سروشت لە ئەندازیاریی زماندا هەیە. هەربۆیە زمان دەتوانێ لە داڕشتنەوەی ئەندازەیی ئەپستمۆلۆژیی مرۆڤدا تا بێ بنەتا(مالانهایە) ئێپیستیمە بەرهەم بێنێ. تەنیا مەرجی پێویست بۆ ئەم کارە مرۆڤی بیرکەرەوەیە کە ڕەخسێنەری "ژیانی هزری"یە.
ناسینی جیهانی دەرەکی و نێوەکیبوونەوەی ئەم ناسینە دەبێتە هۆی دەلاندنی ئاوەز لە"بیرۆکە"دا. بیرۆکە فاکتی ڕەسەنی ئاوەزە. وێنە و وێنا فاکتی کەتواری دەرەکین. دیارە "بیرۆکە" هەرچەند بەرەنجامی ڕاڤەی جیهانی دەرەکییە، بەلامرەنێوهێنانەوەی واتایەکە کە سروشتکرد نیە؛ تەنانەت ئەگەر ئەو واتایە جۆرە هەڵێنجانێک لە دیاردەی سروشتی بێت."بیرۆکە" یەکەم دەرکەوتەی سەرهەڵدانی کولتوری مرۆییە. چونکە لە"بیرۆکە"دا مەسەلەکە تەنیا واتادارکردنی دیاردە و لێکەوتەی دیاردەیی نیە، بەڵکو مەسەلەکە "سەرهەڵدانی سیستمی بایەخدانانی ڕەوشتی، دینی، ڕۆحانی، فەلسەفی"ە لەو وشانەی کە گوزارەکەیان لە ناخ و نێواخنی هزر و ویژدانی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە. لەم قۆناغەدا دەراوی واتا لە"نێوەکی"ەوە بۆ "دەرەکی" یە، بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەمی"ناولێنان" و "واتادارکردن" کە لە"دەرەکی"ەوە بۆ"نێوەکی"یە. هەربۆیە "نۆژەنکردنەوەی مرۆیی جیهان لە بیرۆکەدا" بە مرۆییکردنی واتای جیهانە لە چوارچێوەی زماندا کە ئەمە لەدایکبوونی کولتوری لێدەکەوێتەوە. ئەمەش بەگوێرەی ئەزموونی ڕاڤە و فرەچەشنیی ڕاڤەکان کولتوری جیاوازی گەلان و نەتەوەکان دەخولقێنێ. کەوابوو ئەگەر قۆناغی یەکەمی واتادارکردنی جیهان بە وەرگێڕانی جیهان بۆ زمانی مرۆڤ ناودێر بکەین، پاش فرچکگرتنی کولتورەکان بەهۆی ڕاڤەهەمەچەشنەکانەوە، قۆناغی دووەمی وەرگێڕان دەسپێدەکات کە من بە "قۆناغی وەرگێڕانی نێوان کولتوری"پێناسەی دەکەم.
"قۆناغی وەرگێڕانی نێوان کولتوری" بیچمی بەرهەستی وەرگێڕانە کە "نێوان ــ زەینی" و "نێوان ــ دەقی"یە. ئەم



وەرگێرانە گواستنەوەی ئەزموونی "زەینی" و "هزری" و "زمانی"ی کولتورێکە کە دەق لەوەوە بەرهەم هاتووە؛ بۆ نێو "زەین" و"هزر" و"زمان"ی کولتووری نەتەوەیەک کە هەروەک وترا ڕەنگە خاوەنی ئەو ئەزموون یا ئەپستمۆلۆژییە نەبێت. لە نیگای یەکەمدا وادەردەکەوێ کە وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی کۆمەڵە وشەیەک لە زمانێکی دیکە بۆ کۆمەڵە وشەیەکی دیکەیە؛ بەگوێرەی ڕێزمانی زمانێک کە دەقی سەرەکیمان لەوەوە وەرگێڕاوە. بەڵام ئایا تەنیا بە پەیڕەویکردن لەم پێناسە فۆرماڵە دەتوانین ڕۆحی دەق بگوازینەوە؟ بەڵگەنەویستە کە ئامانجی وەرگێڕان خزمەتکردن بە زمانی نەتەوەییە. دەقی وەرگێڕدراو دەبێ ئەسکاڵتی دەقی سەرەکی بێت، بەڵام ئەم ئەسکاڵتە دەبێ ببێتە هەوێنی گوزارەسازی لە زمانی"من"دا. واتە دەبێ سەرەڕای وەرگێڕانی چەمکەکان، بتوانم بەو"چەمک"انە بیربکەمەوە. ئەگەر وەرگێڕانی گوزارەیەک فۆرمال بێت ناتوانێ"بیرۆکەساز" بێت. مەبەست ئەوەیە ناتوانێ ئاوەز بجووڵێنێ. وێنای وشەیی ئاوەز دەجووڵێنێ، لەبەرئەوەی ئاراستەی واتایی دەستنیشان دەکات. دەستنیشانکردنی ئاراستەی واتایی،دۆزینەوەی شێوەی کارکردی زمانە بۆ وەدیارخستنی چۆنیەتی سازوکاری ئاوەز لە زماندا. وەرگێڕانی فۆرمال زیان بە"زوڵاڵبوونەوەی زمان" دەگەیەنێ و بەپێچەوانەوە زمان"تاریک" دەکات. تاریکبوونی زمان بریتییە لە کەڵەکەبوونی کۆمەڵە چەمک و وشە و زاراوەیەک کە وێنا و ئاراستەی واتاییان نیە، تەنیا کۆمەڵە مۆرفیمێکن کە ئەرکی دارشتنێکی فۆرمالیان پێ سپێردراوە بەڵام لەباری واتاییەوە "ئاوەزوروژێن"نین، واتە ناتوانی بەهۆیانەوە بیربکەیتەوە، بەکورتی داڕێژراوێکی ڕوونکەرەوە نین.

لە زۆربەی بوارەکانی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا وەرگێڕانی فۆرمال هەم لەباری وشە و زاراوە و چەمک و ئیدیۆم (واتای پراگماتیک) دەبینرێ. هەوڵ دەدرێ لە درێژەی باسەکەدا بە چەند نموونەیەک ئەم لایەنە ڕوون بکرێتەوە.

دۆخی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، چەشنی شەپۆل و لێشاوێک وەرێکەوتووە، بەڵام تا ئێستا هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵێک لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە نەکراوە. تێگەیشتنی باو ئەمەیە کە گوایە ئەرکی وەرگێڕان هاوردەکردنی بیر و ئەزموونی نوێیە بۆ نێو زمانی کوردی و ئێمە دەبێ لەم ڕێگەوە کولتوری خۆمان دەوڵەمەند بکەین. لە نیگای یەکەمدا ئەم گوتەیە ڕاست دێتەبەرچاو، بەڵام ئەگەر لێی وردبینەوە مەسەلەکە هاوردەکردن نیە، بەڵکو مەسەلەکە ئامادەکردنی زمانی کوردییە بۆ قۆناغەکانی داهاتووی گەشەکردنی فەرهەنگ. کەڵەکەکردنی کۆمەڵە بەرهەمێکی وەرگێڕدراو ئامانج نیە، ئامانجەکە "زمانسازی"یە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە. هەربۆیە چۆنیەتیی وەرگێڕان دەبێ بابەتی گەنگەشە بێت نەک کەڵەکەکردنی بەرهەم. ئامانجی وەرگێڕان دەبێ ئەوەبێت کە ئێمە ئامادە بکات "چۆن بنووسین". واتە وەرگێڕانی دەقێکی فەلسەفی، دەبێ خۆمان و زمانەکەمان فێری "چۆن نووسین" بکات. ئەگینا ئەگەر نەتەوەیەک هەتاهەتایە کاری ببێتە وەرگێڕان، لە"پیشەسازیی فەرهەنگ" دووردەکەوێتەوە. هەربۆیە ئەگەر وەرگێڕانی دەقێکی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی نەتوانێ فێری ئەزموونی بیرکردنەوە و نووسینم بکات، واتای ئەوەیە کە کاری وەرگێڕانەکە ئامانجی خۆی نەپێکاوە. واتای ئەوەیە کە توانستی زمانەکەی منی دەرنەخستووە. ئێستە پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ئامانجە باڵایە، واتە: "ناسینی توانستی زمان" چیە؟

تێکڕای زمانەکان توانایییەکی پەنگراو(بالقوە)یان تێدایە، بەدەر لەو توانایییەی کە لە بەکارهێنان و ئاخاوتندا هەیە، تواناییەک لە نێواخنی زماندا هەیە کە دیارە و ئاشکرایە هەمووان پەی پێنابەن. ئەم توانستە لە پێکهاتەی زماندایە، لە مۆرفۆلۆژی، سینتاکس و مۆرفۆـ سینتاکسدا. پێکهاتە(ستراکچەر) ی زمان لە پێکهێنە(ترکیب)یدایە. واتە لە مۆرفیمەکان و ئامرازەکانیدا. ئاراستەدان بەم مۆرفیمانە ئاراستەی واتایی جیاواز دروست دەکەن، هەروەک وترا ئەم مۆرفیمانە ئەندازیاریی سروشتن لە زماندا. هەربۆیە دەتوانن ئەم توانستە لە ئەندازیاریی جیهانی



ئاوەز و فەلسەفەدا بخەنەگەڕ. لێرەدا مەبەست لە وەگەڕخستن بە واتای خستنەگەڕی هوشیارییە لە دۆزینەوەی کارکردی مۆرفیم لە ئاراستەدان بە واتا بۆ داڕشتنی واتای نوێ. با سەیرێکی ئەم مۆرفیمانە بکەین:

هەڵا ـــ دا ـــ پێ ـ تێ ـ لێ/ هەروەها ئەم چاوگانەی (ڕشتن، ڕوانین). ئەم مۆرفیمانە دەتوانن سیمای نوێ و واتای نوێ بەم دوو چاوگە ببەخشن، وەک:

هەڵڕشتن، داڕشتن.

پێڕوانین، لێڕوانین، تێڕوانین.

بۆ نموونە (نالی) لەم دوو دێڕە شیعرەدا توانیویەتی بە دۆزینەوەی ئاراستەی واتایی پەی بە واتای نوێ ببات:

ـــ لوتفی بانگوش بوو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان     گەر
بەنی ئادەم بخنکێتن سەراوە نەک بناو

لەم دێڕە توانستی (اندن) نەک بۆ بە(تێپەڕ) کردنی کردار بەڵکو بۆ ئافراندنی واتای نوێ بەکارهاتووە. بەواتای "هەم خۆمان فێربووین و هەم فێری فێرکردنیش بووین".

نموونەی دووەم:

گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵا     گاهێ دەبی
بە دەم دەدەمێنی دەمی غرور

سەرنج لە دەم بدەن: دەم و دەمێن و دەماندن و دەدەمێنی. نالی بە وردبوونەوە لە"دەمە"ی کوورەی ئاسنگەری، ئەم واتایەی هەڵێنجاوە. ئەمەش جۆرێکی دیکەی دۆزینەوەی توانستی زمانە.

یەکێک لەو پەرۆشیانەی وەرگێڕ، پەرۆشیی پێکانی واتایە ـــ گوایە وەک خۆی! ـــ وەک بڵێی ئەگەر وشە بە وشە بابەتەکە وەربگێڕێت یان یەکە پێکهێنەرەکانی وشەکە وەربگێڕێت، ئیدی وەرگێڕانێکی سەرکەوتووی وەدیهێناوە. ئەم وەرگێڕانە لەبەرئەوەی فۆرمی وشەی وەرگێڕاوە نەک ڕۆحی وشە و لایەنی نێوەکیی واتای وشەی وەرنەگرتووە دەتوانین بە وەگێڕانی"فۆرمال" ناودێری بکەین.

بۆ نموونە وشەیmonologueیەکێک لەو زاراوانەیە کە هەم لە تیۆریی ئەدەبی و هەم لە هونەری شانۆ و سینەما بەکارهاتووە و ڕیشەی بەکارهێنانیشی لە شانۆنامە گریکییەکاندایە. ئەگەر لە کاتی وەرگێڕاندا ئێمە کەرتەکانی ئەم زاراوەیە جیا بکەینەوە mono –logue و ئەوکات هەرکام لەم یەکەجیاوازە واتاییانە وەربگێڕین واتا کوردییەکەی بەم چەشنە دەردەچێ: تاک + بێژی = تاکبێژی. بەمە دەوترێ وەرگێڕانی فۆرمال. ئەگەر سەرنجی ئێمەش فۆرمال بێت ڕەنگە هەڵەکە نەبینین چونکە یەکگرتنی مۆرفیمی لە زمانێکدا بەگوێرەی بونیادی سینتاکسیی ئەو زمانەیە. هەروەها کەرتە پێکهێنەرەکانی واتایەک مەرج نیە تەنیا یەک واتایان هەبێت. هەر بەو چەشنەی کە (لۆگ و لۆگۆس) یەک واتایان نیە و بەگوێرەی بەستێنەکان واتایان دەگۆڕێ. ئایا مەبەستەکە ئەوەیە یەک کەس لەگەڵا خۆیدا قسە دەکات یان نا؟بەر لە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە باس لەوەش بکەین زمانەکانی فارسی و عەرەبی ئەم زاراوەیان وەرگێڕاوە و دیارە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی و فارسی بۆ سەر زمانی کوردی یەکێک لە کێشەکانی هەڵەی زاراوەییە. لە فارسیدا بە"تک گفتار" وەرگێڕاوە و لە زمانی عەرەبیدا بە دوو شێوەی"حوار داخلی" و"حوار ژاتی" وەرگێردراوە. لەسەر بنەمای وەرگێڕانە فارسییەکە یا بەگوێرەی وەرگێڕانە فارسییەکە کراوە بە"تاکبێژی" و لەسەر بنەما یا بەگوێرەی وەرگێڕانە عەرەبییەکە بە"گفتوگۆی ناوەوە" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە وڵامی پرسیاری پێشووماندا دەبێ بڵێین: کێ لەگەڵا کێ قسە دەکات؟

لە مۆنۆلۆگیشدا بەربێژ(مخاگب) هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی دیالۆگ لە مۆنۆلۆگدا بەربێژەکان دوو مرۆڤ نین، دوو کەسی گریمانکراون، یا دوو کەسیەتین لە یەک کەسیەتیدا. هیچ مۆنۆلۆگێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەربێژێکی خەیاڵکرد سەرهەڵنادات. مۆنۆلۆگ گفتوگۆی "من"ی کۆمەڵایەتی و"خۆم" واتە شوناسی بووندارانەیە کە بریتییە لە کیانی بوونی من. ئەم دوو شوناسە واتە شوناسی کۆمەڵایەتی "من" و شوناسی بووندارانە یا"خۆم" پێکەوە دەدوێن. کەوابوو ئەگەر لە لۆژیکی واتاوە سەیری بابەتەکە بکەین ڕەنگە بە ئاکامێکی زۆرجیاواز بگەین. ئەگەر ئەم شێوە تێگەیشتنە لە واتای مۆنۆلۆگ لەگۆڕێدا بێ، کەوابوو"وشەی تاکبێژی" زۆر بێمانا دەردەچێ و ئیدی واز لەم داڕشتنە دێنین و لە لۆژیکی واتا نزیک دەکەوینەوە. من ئەمە بە"وشیاریی زمانی" ناودەنێم کە پەیوەستە بە لۆژیکی زمانەوە نەک فۆرمی زمان.

لە داڕشتنی ئەم زاراوە بە زمانی کوردی دەبێ یەکەم: ئاراستەی واتایی لەبەرچاو بگرم. ئاراستەکە گفتوگۆی (من لەگەڵا خۆم) ە. دووەم: کەوابوو دەبێ بەربێژەکان دەستنیشان بکەم واتە "من" و"خۆم". سێیەم: پاش ئەوە دەبێ بزانم ئایا لە (ناو) ەوە دایبرێژم یان لە کردارەوە. دیارە گفتوگۆکردن کردارێکی زمانییە، بەڵام لەهەمانکاتدا مۆنۆلۆگ ڕووی لەدەرەوە نیە و "نێوەکی"یە. هەربۆیە تاکبێژی بەپێچەوانەی مۆنۆلۆگ ڕووی لە دەرەوەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە "تاک" وەک کەرتی یەکەمی وشەکە ڕوون نیە دەیهەوێ چ واتایەک بگەیەنێ. ئایا دەیهەوێ واتای "دانە دانە قسەکردن"بگەیەنێ؟! کەوابوو هیچکام لە واتا و ئاراستەی واتایی مۆنۆلۆگ لەم مانایەدا نیە. هەربۆیە دەبێ لە داڕشتنی شیاوی ئەم زاراوەدا هەم ئاراستەی واتایی کە بریتییە لە گفتوگۆی" زەین لەگەڵا زەین" یا هەمان "من" و"خۆم" لەبەرچاو بگرم. هەروەها چاوگی کردارەکە دەستنیشان بکەم کە بتوانێ نێوەکیبوونی ئەو"کردار"ە بگەیەنێ. هەربۆیە چاوگی"دواندن" لەمبارەوە شیاوە، چونکە "دواندن" بەپێچەوانەی "ئاخاوتن" و"قسەکردن" توانایی

ئاراستەوەرگرتنی هەیە. هەربۆیە دەکرێ بە یارمەتیی"خۆ" کە ئاماژەیەکی نێوەکیی دەروونناسانە و دەربڕی "ناخ"ە و شوناسی بووندارانەی منە و چاوگی "دواندن" کە توانایی ئاراستەوەرگرتنی هەیە ئەم زاراوەیە دابڕێژم و مۆنۆلۆگ بە "خۆدواندن" وەربگێڕم کە هەم ئاراستەی واتایی مۆنۆلۆگی وەرگرتووە و هەم باری دەروونناسانە و دەروونشیکارانەش دەگەیەنێ. کەوابوو هەم دەتوانین لە ژانری هونەری و ئەدەبیدا بەکاری بێنین هەم لە بابەتی دەروونناسی و دەروونناشیکاریدا بڕشتی بەکارهێنانی هەیە. لەوەش زیاتر بەگوێرەی وێنای زمانی"زوڵاڵ"یشە.

ئەوەی لەسەرەوە لەمەڕ شیکردنەوەی واتای مۆنۆلۆگ باسکرا نموونەیەکە لە چەندین نموونە کە دەکرێ بەگوێرەی لۆژیکی بەڵگەهێنانەوەی واتایی لانیکەم بەشێکی زۆری زاراوەکان لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە یا دابڕێژین. ئاسایی و سروشتییە کە زمانێک خاوەنی وشە یا زاراوە یا چەمکێک نەبێ. هەر وشەیەک بۆ خۆی ئەزموونێکە کە ڕەنگە ئەو ئەزموونە لە زمانێکی دیکەدا نەبێ، کەوابوو ئاساییە کە وشەکەش لە فەرهەنگی زمانەکەی مندا نەبێ. بەڵام خۆ دەکرێ بە سەرنجدان لە بەستێنی واتایی وشەکە و لێوردبوونەوە لە بنەمای لۆژیکی بەڵگەهێنانەوەی واتایی لە فەرهەنگی زمانەکەماندا وشەکە دابڕێژین. بەڵام لە داڕشتندا پێویستە ئاخێزگەی واتا لەبەرچاو بگرین. مەبەست ئەوەیە ئەو "وشە"یە ئایا لە "سروشت"ەوە ئاخێزاوە یا بەرهەمی پەتیی زەینی کولتورە لەڕێگەی داهێنانی چەمک یا کەرەستەوە کە کولتورەکەی من ئەو ئەزموونەی نەکردووە. دیارە ئەمە نابێ بە کەموکووڕیی کولتورەکەی "من" لەقەڵەم بدرێت، لەبەرئەوەی دەسکەوتە مرۆییەکان لە سەرنج و گۆشەنیگای جیاوازەوە وەدیدێن. ئەوەی کە گرنگە توانای هزریی ئێمەیە بۆ پەیبردن بە جیهانی دەوروبەر، چونکە هەروەک وتمان زمان بێلایەنە، چی بخوازین ئەو بەدەر لە هەر بایەخدانانێکی ڕەوشتی، توانستەکانی پێشکەش بە ئێمە دەکات. دیارە ئەوەش دەزانم کە کەسێکی وەک "پۆل ڕیکۆر" دەڵێ:" زمان فاشیستە". ئەگەر مەبەست لە زمان،"زمانی ڕەها و ڕەهای زمان" بێت، من لەتەک ریکۆردا هاوڕا نیم. بەڵام ئەگەر مەبەست" بایەخدانانی ڕەوشتیی کارەکتەری زمانی" بێت، دەکرێ گوتەکەی ریکۆر پەسند بکەین. هەرچەند لەو باوەڕەدانیم مەبەستی "ڕیکۆر" زمانی ڕەها و ڕەهای زمان" بێت؛ چونکە ئەم گوتەیەی ریکۆر لە چوارچێوەی دەق و ڕاڤەی دەقدایە نەک لە چوارچێوەی زمانناسیدا بە واتای ڕەها و داڕنراوی خۆی.

هەروەک وتمان وەرگێران دەتوانێ توانستی زمان وەدیار بخات، بەڵام ئەمە پێوەندیی بە وەرگێڕەوە هەیە کە تا چ رادەیەک لە زمان دەکۆڵێتەوە. ئەگەر کەسێک زمان وەک ئامرازێکی پەتی بۆ دەربڕین و تێگەیشتن بزانێت، ئێمە نابێ هیچ چاوەڕوانییەکمان لەو کەسە هەبێت کە بتوانێ پەی بە توانستی زمان ببات. زمان لەگەڵ ئەوەی ئامرازی گەیاندنی واتایە و ڕەخسێنەری تێگەیشتنە، لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنی تێگەیشتنە لە ڕێگەی تکنیکەکانی ڕاڤەوە. مەگەر تکنیکەکانی ڕاڤە چین، بێجگە لە هەماهەنگیی بیرۆکە و لۆژیکی ئاوەزی لەگەڵ گوتەزا زمانییەکان. زمان لەگەڵ ئەوەی کە دەربڕە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسۆی دەربڕینی تازەشمان بۆ دەکاتەوە. لە مەسەلەی ڕاڤەدایە کە دەوترێ زمان هەم چەواشەکارە و هەم ڕوونکەرەوە، گوتە بەناوبانگەکەی ڕیکۆریش کە دەڵێ:" زمان فاشیستە" هەر لەم بوارەدا شایانی تێڕامانە.

ــ زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی زمانێکی فرەچەشنە. بەسەر چەندین زار و شێوەزاردا دابەشکراوە. ئەم دۆخە هەم هەڕەشەیە هەم دەرفەت. کەوابوو ئەمە یەکێک لە توانستەکانی ئەم زمانەیە. کاتێک باس لە بەڕووی خۆداکردنەوە دەکەین ــ هەروەک پێشتر باسمانکرد ــ مەبەستمان بەڕووی خۆداکردنەوەی ئەم زمانەیە. واتە سەرنجدان لە لقەکانی خۆی. هەر زار و شێوەزارێکی ئەم زمانە لە جوگرافیایەکی تایبەتدا خاوەنی ئەزموونی خۆیەتی. چونکە هەم جوگرافیای سروشتی و هەم باوەڕی خەڵکی خۆڵاتیی ئەو ناوچانە ڕەنگە پڕبێت لە ئەزموونی ناوێزەی زمانی. گەڕان و پشکنین بەنێو ئەم زارانەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە و زمانناسانە و بەکارهێنانی ئەم ئەزموونە لە زمانێکی تۆکمەدا لە پرۆسەی"زمانسازی"ی کوردیدا توخمێکی کاریگەرە. بەڵام ئایا نووسین ناتوانێ وەها کارێک بکات و تەنیا وەرگێڕان ئەم کارەی لە دەست دێت؟ پێشتر وتمان لێکۆڵینەوەش دەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ.

وەرگێڕان لەبەرئەوەی نێوانزەینی و نێواندەقییە پابەندە بە گواستنەوەی تێکڕای وشە و واتاکان. وەرگێڕ ناتوانێ پەنا بۆ "کایەی ئازادی خەیاڵ" ببات. بەڵکو پابەندە بە پلەبەندیی واتایی دەقەوە. واتە ناتوانێ جێگۆڕکێ بە وشەکان بکات. وشەکان لە وەرگێڕاندا ئەگەر لانیکەم هاوبارتەقا نەبن، لانیکەم دەبێ باری واتاییان ڕەنگدانەوەی یەکتر بێت. لە"نووسین"دا نووسەر دەتوانێ بە چەندین شێوازی دەربڕینی جیاواز مەبەستەکەی بگەیەنێ و "کایەی ئازادی خەیاڵ" و "ئازادیی هەڵبژاردنی وشە" مانۆڕی ئەدەبیی دەق دەخولقێنێ. لە وەرگێڕاندا دەکرێ کەمێک چێژی ئەدەبیی دەق زیاتر بکەین، بەڵام ناتوانین مانۆڕ بدەین. واتە ڕێگەی زمانپاراوی و زمانهەراوی و پاراوبێژی لەڕێگەی کایەی وشەییەوە زۆر کەمترە، چونکە پلەبەندیی واتایی دەقی لێوەرگێڕدراو ڕێگە بە وەها کایەیەکی وشەیی نادات. هەربۆیە گەڕان بەدوای دەربڕینی شیاو و نزیکترین واتا دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستیاریی ئێمە لە هەڵبژاردنی یەکەی واتایی شیاو. ئەمە ناچارمان دەکات لەنێو زمانەکەماندا کنە بکەین و ئەمەش

توانستی زمان دەباتە قۆناغێکی دیکەوە.

**نموونەکان بۆ شیکردنەوە:**

ڕۆیشتن / چوون = داچوون، هەڵچوون، لێچوون، پێچوون، بەسەرچوون، پێداچوونەوە، تێچوون، چەندوچوون، ڕۆیشتن؟ ......... ڕۆیشتن لەیەک واتادا لەتەک چوون یەکدەگرێ و لەوانیدی جیادەبێتەوە. واتە توانستێک کە بۆ وشەسازی لە "چوون"دا هەیە، لە چاوگی"ڕۆیشتن"دا ئەو توانستە نیە. کەوابوو دەکرێ دوو وشە لە یەک واتادا یەکبگرن، بەڵام لە واتاکانی دیکەدا یەکنەگرن. کاتێک دەوترێ"هەر هاوواتایەک دەقاودەق هاوواتا نیە" مەبەست توانستەکانی ئەو واتایانەن کە لە یەک بەستێندا یەکدەگرن و لە بەستێنەکانی دیکەدا لێک جیا دەبنەوە. ئێمە بە ڕەچاوکردنی" واتا بەگوێرەی بەستێن" دەتوانین توانستەکە بناسین.

**هاوواتا/ هاوگوێرە (مرادف، معادل)**

کاتێک باسی هاوواتایی دەکەین مەبەستمان ئەو واتایانەن کە وشەیەک هەیەتی و بەگوێرەی لۆژیکی واتاکەی لە هێڵی ئاسۆیی خۆیدا واتاکانی دوور و نزیکن.

دوو بابەت هاوواتا نین. چونکە گوتەزان، واتە زادەی وشە نین، زادەی گوتنن (مقولە). هەربۆیە هاوگوێرەی یەکدین نەک هاوواتا. زۆرجار هاوواتا و هاوگوێرە (مرادف و معادل) بە وەکیەک دەزانرێن و ئەمەش پێوەندیی بە نەناسینی بەستێنی سەرهەڵدانی واتاوە هەیە.

ــ واتای فەرهەنگی (قاموسی) و واتای پراگماتیک

یەکێک لە هۆیەکانی لێڵیی واتایی تێکەڵبوونی واتای فەرهەنگی و واتای پراگماتیکە. هەندێ جار لەنێوان واتای لیکسیکی و واتای پراگماتیک مەودای واتایی دروست دەبێ. لە واتای پراگماتیکدا "وشە" لە بەکارهێنانی لیکسیکی دەترازێ و واتای سیمانتیکی دەگۆڕێت بۆ واتای پراگماتیک. ئەم هەڵەیە لە نووسینی فەرهەنگە کوردییەکاندا هەیە و لەبەر ئەمە تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینەی وشەی ئاستەم کردووە. لە واتای پراگماتیکدا وشە واتاکەی دەبەسترێتەوە بە واتای پەیامی ڕستەوە. هەربۆیە وشە لە دۆخی ئیدیۆمی و پەندی فۆلکلۆریکدا واتایەکی لێکترازاو دەگەیەنێ. بە گەڕاندنەوەی ئەو وشانە لە دۆخی پراگماتیکییەوە بۆ دۆخی فەرهەنگی ــ سیمانتیکی جۆرێکی دیکە توانستی زمانیمان بۆ ئاشکرا دەبێ. بۆ نموونە لە ئیدیۆمی" بە ئاوی ئاموون و توونی بابا چی" دا وا لێکدراوەتەوە کە " توون" و "توونا"بە واتای لەنێوچوون و مردن و تیاچوون بەکارهاتووە. بەڵام لەڕاستیدا واتای "توون" بە شوێنێک دەوترێ کە بیچمێکی قەپوشکەیی و تێکچڕژاوی هەبێ کە مرۆ تیایدا بزر دەبێ کە ئاکامەکەی بە"لەنێوچوون" کۆتایی دێت. هەربۆیە، لێکدانەوەی توون بە تیاچوون هەڵەیە، چونکە شوێنەکە وەها تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەبێتە مایەی تیاچوون. دەستەواژەی تەفروتوونا کە لەڕاستیدا"تەفرەوتوونا"یە واتای ئیدیۆمیی "مەرگ"ە نەک واتای ڕاستەقینەی دەستەواژەکە. هەربۆیە "تووناوتوون" واتای "هزارتۆ"ی فارسی" و "متاهە"ی عەرەبی دەگەیەنێ. ئەم کنەکردنە لە زماندا و گەڕاندنەوەی وشە بۆ واتای ڕاستەقینەی خۆی دەتوانێ لە ئەنگاوتنی واتای چەمکی یارمەتیدەر بێت. ئەم توانستە لەو کاتەدایە کە ئێمە لە وەرگێڕانی وشەکاندا لە زمانی خۆماندا ڕۆدەچین و ئەم "ڕۆچوون"ە دەتوانێ ببێتە هۆی"زوڵاڵسازیی زمانی".

**بەرەنجام:**

ـ توانستی زمانی لە ئاخنەی زماندایە کە لەڕێگەی ڕاڤە و بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی واتاییەوە، خۆی دەردەخات. وەرگێڕان لەبەرئەوەی بەراوردی زمانی و لەقەرەدانی دوو زمان و دوو دەقە و دەبێ ئەسکاڵتی دەقی سەرەکی بێت، بەهۆی دەروەستبوونێک کە دروستی دەکات وەرگێڕ ناچار بە کنەی زمانی و گەڕان و گوزارەسازی دەکات. توانستی زمان تەنیا لەڕێگەی ڕاڤە و بیرکردنەوە و ئاوەزمەندی دەردەکەوێ. چونکە لە وەرگێڕاندا زمان دەبێتە هەوێنی بەڕووی خۆداکردنەوە. بەڕووی خۆداکردنەوەی زمان لە وەرگێڕاندا بریتییە لە کنە لەنێو زماندا بۆ گەیاندنی باشترین واتا یا وردترین واتا یا ئەوپەڕی واتا.

لەم ڕێڕەوەدا دۆزینەوەی توانستی واتا گەورەترین دەسکەوتی وەرگێڕانە کە بتوانین "بیرۆکەسازی"بکەین، چەمک و زاراوەکان دابڕێژین و دواجار بەیارمەتیی چەمک و زاراوەکان کە دۆزیومانەتەوە یان دامانرشتوون بیربکەینەوە. هەربۆیە بە سادە سەیرکردنی وەرگێڕان تەنیا سادەبێژی لێدەکەوێتەوە. هیچکات سادەبێژی بەواتای پاراوبێژی نیە. هەرگیز سادەبێژی و زمانپاراوی ناتوانێ پەردەکانی هەست بدڕێنێ و دەروازەی ئاوەز بکاتەوە. من لەو باوەڕەدام کە دەبێ زمانی ئێمە بتوانێ بەربێژی ئاوەز بێت، نەک تەنیا سۆزەکان بجووڵێنێ. دۆزینەوەی توانستی زمانی دەتوانێ هەم هێڵی ئاسۆیی زمان و هەم هێڵی ستوونیی زمان زوڵاڵ بکاتەوە. نەخشی وەرگێڕان لەمبارەوە لە دروستکردنی زمانی یەکگرتووشدا جێی بایەخە. چونکە زمانێک دەتوانێبە کەوتنەنێو پرۆسەی چەمکسازیی، باڵادەستیی خۆی بسەلمێنێ. مەبەست لە باڵادەستی، گوزارەسازییە. گوزارەسازی بەشێکی گەورەی پۆلێنبەندیی دانایە. پۆلێنبەندیی دانایی لەکاتی بەراوردکردنی فاکتەکان و گوتەزاکان و چەمکەکان و زاراوەکان و ئەزموونەکانی ژیانی هزریی مرۆڤ پێکەوە دەنرێ. وەرگێڕان دەربڕینی ئاکامی ئەم بەراوردەیە لە زماندا لە چوارچێوەی هاوگوێرەی گوزارەیی، ئەگەر بتوانین ئەم کارە بکەین، دەتوانین بڵێین کەوتووینەتە پرۆسەی "زماناسازی"یەوە لەپێناو پەیداکردنی جێگەیەک بۆ "ژیانی هزری"مان لە جیهاندا.



# پێکهاتەهەڵوەشاندن

نووسەر: نانسی. جی. هۆلاند

لە ئینگلیسییەوە: کاروش عوسمانیان

گەرچی ڕیشەی پێکهاتەهەڵوەشاندن لەسەر ڕەگ و بنجی چەمکی١ Destruktionی مارتین هایدگێرەوە ڕواوە، بەڵام پێکهاتە هەڵوەشاندن تێکدان و ڕووخاندن نییە. پێکهاتە هەڵوەشێنی بزاڤێکی دوو فاقییانەی٢ پەسەندکردن و ڕەت کردنە وە ی هاوکاتە. دە فەلسەفەی هایدگێر و ژاک دێریدادا، پێکهاتەهەڵوەشێنی وەک ڕێگایەک بۆ خوێندنەوەی مێژووی مێتافیزیک هاتە کایەوە، بەڵام زۆری پێ-نەچوو بۆ شرۆڤەی دەقەکانی پێوەندی دار بە ئەدەبیات، دین و ماف کەڵکی لێ وەرگیرا و هاوکات کۆمەڵێک تیۆری دانەری فمێنیستی فڕەنسەیی، بۆ توێخ کردنەوەی دەمارگرژیی چەق بەستووی پیاو، کە سەرلەبەری نەریتی ڕووناک بیری ئورووپایی داگرتووە، ڕوو دە پێکهاتە هەڵوەشێنی دەکەن.

پێکهاتەهەڵوەشێنی بە مانای هەڵوەشاندنی دەق و تەواوی ” لایەنە هەڵە کانی“ پێوەندی دار بە پێکهاتەیە بە هۆی تەماوی بوونی زاتی و ناوەکیی یەک یان هەندێک لە چەمک و بابەتە کلیلییەکانی پێکهاتەکە، هاتوونەتە گۆڕێ هەتا ئەو تەماوی و دژواز بیانە ئاشکرا بکەن دەق وەبەردێنن. بۆ نموونە، دە بەرهەمی“ دەواخانەی ئەفلاتوون٣“دا، دێریدا ڕەخنەی سوقرات لە وشەی نووسراوە پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکا و پێی وایە ڕەخنەکەی سوقرات بەهۆی ئەو بەراوردەی



سوقرات خۆی لە نێوان“ یادەوەری“٤ و ” نڤیسار“٥ دەیکات، نە ک هەر تووشی ناتەبایی ناوەکی دەبێت، بەڵکوو دە گژی ئەم ڕاستییە ش ڕادەچێت کە ڕوانگەکانی خۆیشی لە ڕێگای وشە نووسراوەکانەوە( وەک لەمتمانە-بەدەر سەیری کردبوون) گەیشتوونەتە دەستمان(١٧١-١٦١-D). دێرەدا ئەو بزاڤە دوو فاقییە هاوتەریب دەگەڵ گەڕانەوەی کێشەکە بۆ دەقەکانی ئەفلاتوون و خوێندنەوەی نەریتییانەی ئەو دەقانە، ددان بە هەندێک ڕێگای بنەمایی دادەهێنێت تێیان دا تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان بەستراوەتەوە بە ڕووکردی سوقرات دەربارەی وشەی نووسراوە. دێریدا لە باسە فەلسەفەییەکانی پێوەندی دار بە -پێشەکییەک(٦٩ -١ G.W.F.Hegel,D) و چوارچێوەی وێنە٦ (Immanuel Kant,TP١٧-٤٧)، ئاماژە بە -دژوازییەکی هاوچەشن دەکا بە نۆرە لە ژوورەوە و دەرەوەی هەر کام لەم بەرهەمانە دا لەبەر چاو دەگیرێن.

چونکە جیاوازی نێوان ئەو شتەی لە ژوورەوە ی دەق دایە ( نیگار کێشانەوە) و ئەو شتەی لە دەرەوەی دەق دایە، دەکرێ بە پێی هەندێک ئەسلی هاوچەشنەوە پێکهاتەهەڵوەشێنی بکرێ، پێکهاتەهەڵوەشێنی وەک Destruktionبزاڤێکی مێژووسازە دەقەکان بەرەو بارودۆخی داهێنەرانیان و بە گشتی ئەو زەمینەیەی تێی دا وەبەرهاتوون دەگەڕێنێتەوە، نەک هەر نەریت و ئەو بارودۆخە مێژوویی-یە ی دەقەکانی لێ هەستاوەتەوە، بەڵکوو چۆنیەتی ژیانی نووسەرانی دەقەکان و گرێبەست و وردەکارییەکانی ئەو زەمانە ی دەقەکانیشی پێ نووسراوە. ئەمەش هۆکارە بۆوەی دەق تووشی تێکچندراوییەکی شوێن دانەرانەی نەبڕاوە بێ کە بە شێوەیەکی واجب هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی پێکهاتەهەڵوەشێنانە دەکاتە خوێندنەوەیەکی پاژەکی و سەرەتایی.

ریزی بابەتەکان


١. Destruktion
٢. پێکهاتەهەڵوەشێنی
١. ئاراستە سەرەتاییەکان
٢. پێکهاتەهەڵوەشێنیی ئەدەبی
٣. دەمەقاڵە و بەرەڕووبوونەوەکان
٤. نووسخە کانی دواتر
٥. پێکهاتەهەڵوەشێنیی فمێنیستی


## ١- Destruktion

ئیستفادە کردنی هایدگێر لە وشەی Destruktion، تووشی ئەو گرفت و کێشە هاوچەشنە دەبێ کە هوسێرل دە ئیستفادە کردنی وشەی Intentionalit□ty دا تووشی ببوو. هیچ کام لەم وشانە وشەیەکی ئاسایی و سادەی ئەلمانی نین و هەر دووکیان لە لاتینەوە وەک وشە سازییەک بۆ دەربڕینی

چەمکێک بەقەرز وەرگیراون کە داهێنەرەکانیان پێیان وابووە دە پانتایی فەلسەفە دا چەمکێکی نوێیە، بەڵام کاتێک ئەم وشانە بۆ زمانی فرەنسەیی یا ئینگلیسی وەردەگێردرێن، هەر دەبنە ئەو وشانەی کە دەگەڵ ریشە هاوبەشەکانیان تێکەڵ دەبن. هاوتای ئاسایی زمانی ئەلمانی بۆ وشەی ئینگلیسی " destruction" وشەی" Zerst□rung" ە، بەڵام تەعبیری هایدگێر لە چەمکی "destruktion" زۆر نیزیکە لە وشەی Abbau یا هێنانە خوارەوە. دێریدا وشەی پێکهاتەهەڵوەشێنی(deconstruction) دەکار دەکا بۆوەی فەڕی بە هەردووک وشە ئەلمانییەکانەوە هەبێ. (EO۸۶-۶)

دە کتێبی بوون و زەمان دا هایدگێر دەڵێ مەبەستی Destruktion " گەیشتن بەو ئەزموونە کۆنانەیە تێیان دا بە یەکەم ڕێگاکانی پێناسەکردنی سروشتی بوون گەیشتووین —ئەو ڕێگایانەی بۆ هەمیشە و تا ئێستا ڕێپیشاندەرمان بوونە"(BT۴۴). ئەمە ئەو تایبەتمەندییە دووفاقییەیە کە دە سەرەتای وتارەکە دا پێی دا هاتین، تایبەتمەندییەک کە نە ریتە ئورووپاییەکان دەترازێنێ و دەو ترازانە ی دا بە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی و قووڵ لە بوون دەگا. ئەم ئامانجە، Destruktion لە پێکهاتەهەڵوەشێنی(deconstruction) جودا دەکاتەوە، نەک لەبەر ئەوە پێکهاتەهەڵوەشێنی یەکبەرە نەرێیە، بەڵکوو لەبەر ئەمەیە هیچ مەبەستێکی دیاری کراوی نییە. پێکهاتەهەڵوەشێنی بەردەوام پرۆسەیەکی زیندوو و چالاکە، چوونکە سروشتی هەمیشە بگۆڕی زمان بەو مانایەیە هەڵگرتنەوەی دوایین مانا و شرۆڤە لە دەق ئیمکانی نییە. چاخە یەک بەدوا یەکەکان، کە لەسەر بنەمای زمانە جیاوازەکان و شێوە جیاوازەکانی ژیانەوە هەستاونەتەوە، کاتێک لەبەر تیشکی ئەم واقیعیەتانەی وا دەگەڵیان ژیان دەکەن، دەق پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکەن، هەمیشە چاویان بە شتێکی جیاواز دەکەوێ. بۆ نموونە، لەوە دا کە مەبەست لە "وشەی نووسراوە" چ بووە، هەر لە پێشترەوە و لەو کاتە دا کە دێریدا بەرهەمی" دەواخانەی ئەفلاتون" ی نووسی، بە هۆی تەقینەوەی ڕاگەیاندنە ئێلکترۆنیکەکان، ئەو پرسە کوتوپڕ هاتەگۆڕی و گەشەی کرد. سەرلەبەری ئەو شتانەی پێکهاتەهەڵوەشێنی دەتوانێ ئاشکرایان بکا، حەقیقەتە کاتی و کەم و زۆر بە وەجە کانن، نەک حەقیقەتە قووڵ تر یا هەرە سەرەتایی یەکان. لە لایەکی ترەوە، لەکن هایدگێر" ئەزموونە سەرەتایی یەکان"ی پێوەندی دار بەبوون کە لە ڕێی Destruction وە ئاشکرا دەبن، بەرهەمی تاقە شرۆڤەیەکی ڕووتن کە لە حاست خراپ تێگەیشتنی فەلسەفە لە مێژوومەندی و کاتمەندی مرۆڤ، جێگرەوەیەکی بەقا پێ کراوتر ڕادەنێین.

مێژوومەندی و کاتمەندی دوو خەسڵەتی جەوهەریی دازاینن (Dasein)، دازاین ئەو زاراوەیەیە هایدگێر بۆ ئینسان یان بوونی مرۆڤ دایناوە، چونکە" گەڵاڵەیەکی تێکەوتوویە "۸، جەوهەرێکە بە شێوەیەکی واجب ڕووی لە دوارۆژێکی نادیار و نەناسراو دایە و هاوکات ڕابردوویەکی هەڵگرتووە کە خۆی بەرپرسی نییە و هەرگیز ناتوانێ بیناسێ. بێرەدا کات نە ک هەر گوتەزایەکە لەمەڕ ئەزموون ( ئەو جۆرە ی لە فەلسەفەی کانت دا وایە)،بەڵکوو جەوهەر و بنەمای بوونە. چوونکە بوونەکانی ساتی ئێستا بە پێی ڕابردوویەک پێناسە دەکرێن کە کۆمەڵێک ئیمکان وەبەردێنێ و بە پێی دوارۆژێک پێناسە دەکرێن تێی دا گەڵاڵەی ئەو ئیمکانانە دادەڕێژین. لە پێوەرێکی گەورەتردا، ئەم کاتمەندبوونەی دازاین( دژ بە-روحی هێگێلی) ئەو شتەیە مێژوو دەخولقێنێ؛ توانستی مرۆڤە بۆ بەرەو پێشەوە چوون و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شرۆڤە کردنی ڕابردوو، نەک هەر بارودۆخی ژیان، بەڵکوو تەواوی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی مرۆڤ تێی دا دەژێ. بە بڕوای هایدگێر دەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا، Destruk-tion ی نەریتەکان دەتوانێ ئێمە بۆ ڕابردوویەک بگوێزێتەوە وا شرۆڤە بکرێتەوە تێی دا تێگەیشتنێکی قووڵتر لەو بوونە شاراوەیەی دەقە پێش وەخت و سەرەتایی یەکانی نەریتی ئورووپایی بێتە مەیدان؛ Destruktion بە پێی شێوازێکی نوێی سەیرکردنی ڕابردوو، هەندێک ڕێگامان بۆ دەکاتەوە گەڵاڵەی دوارۆژێکی بەقا پێ کراو و جیاواز بۆ دازاین دابڕێژین.

-٢ پێکهاتەهەڵوەشێنی

ئەلف. فۆرمۆڵە پێش وەختەکان

پێشتر ئاماژەمان پێ کرد پێکهاتەهەڵوەشێنی لە Destruk-tion جودا دەبێتەوە و بە و جودابوونەوەیەی وای لێ دێ هیچ گەڵاڵە و ئامانجێکی نەگۆڕ و چاوەڕوان کراوی نەبێ و بە پێچەوانە ببێتە پرۆسەیەکی نادیار و نەبڕاوە. پێکهاتەهەڵوەشاندنەوە بێرەدا ئامێرێکی ڕەخنە گرانەیە و بە تایبەتی لەلای هایدگێرەوە ئەو مانایە کوێر دەکاتەوە پێی وایە ئەو دەقەی دەبێ پێکهاتەهەڵوەشێنی بکرێ، بەشێکە لەوە چۆن بیرۆکەی ئورووپایی بە هەڵە ڕۆیشتووە و پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە. هۆکارەکەشی ئەمەیە پێکهاتەهەڵوەشێنی دوو ڕوانگە ڕەت دەکاتەوە، یەکیان پێی وایە دە مێژووی ئوروپایی دا سێ چاخی چەق بەستوو( کەونارا، ناوەڕاست و مۆدێرن) هەن کە دەلالەتە بۆ لارێیی و لادان و ئەوی تریان پێی وایە هێندێک ڕێی دیاری کراو هەن تێیان دا لەوانەیە ئەم لارێیی و لادانە بە هۆی دیسان- شرۆڤەکردنی فەلسەفەی پێش وەختی یۆنان کۆتایی پێ بێ. بە پێچەوانە، دێریدا پێداگری دەکا ئەو شتەی ئەو پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکا، ئەو دەقانەن هەر خۆی" هۆگر" یانە(EO ۸۷) و بەشێکی ژیانەکی جیهانی تێ فکرینی ئێمە ن و هەڵگری ڕوانگەیەکن بۆ ئاشکراکردنی تێکچندراوییە سەرەکییەکان و دژایەتییە شاراوەکانیان. دێریدا بۆ نموونە، بەدوای نەزۆک کردنی ڕوانگەی کانت دا ناگەڕێ، یا لە دوو نییە نووسراوەکانی کانت وا شرۆڤە بکا نیزیک بن لە ڕوانگەکەی خۆی دەربارەی پرسی فەلسەفە دەبێ چ

بێ، بەڵکوو ئەو ڕێگایانەمان پێ نیشان دەدا تێیان دا کانت نەریتی مێتافیزیکی دەگۆڕێ و درێژەی پێی دەدا، هەروەها ئەو ڕێگایانەشمان پێ نیشان دەدا تێی دا دەقەکانی کانت وێڕای " لایەنە هەڵە" هاوچەشنەکانەوە کە هەر بە پێی مێژووی ئەو نەریتە مێتافیزیکییە، بڕست لە خودی نەریتەکە دەبڕن، پەکی خۆیان دەخەن.

لە ساڵی ١٩٦٧ دا دێریدا ئەم پێناسەیە ڕادەنێ:

"پێکهاتەهەڵوەشاندنەوە "ی فەلسەفە دەبێتە بیرکردنەوە لە—بە ڕاست ترین و ناوەکی ترین شێوەدا—ڕەگەز ناسی پێکهاتەیی یانەی چەمکە فەلسەفییە کان و دە هەمان کات دا دیاری کردنی—لە ڕووگەیەکی دیاری کراوی دەرەکییەوە کە فەلسەفە پێی نییە تەوسیفی بکا و ناوی لێ نێ— ئەو شتەیە لە ڕێی ماناکانی ئەم. . . سەرکوتە ورووژێنراوە خۆی دەکاتە مێژوویەک و مێژوو توانیویتی بیشارێتەوە یا قەدەغەی بکا و بیرەدا(٦ P) ئەو شتەی دەکەوێتە دەرەوەی ئەم پانتایی یە یا لەو پانتایی-یە پاوان کراوە کە نەریتی فەلسەفی بەسەری دا زاڵە و گەرچی تێشی دا بێ ناو و نیشان ماوەتەوە، دابینکەری خاڵی وەرچەرخان و کلیلێکە بە هۆیەوە ئەو هەڵە و کەموکوڕی و بۆشایی یانە دەدۆزینەوە کە زاڵ بوون هەوڵ دەدا بیانشارێتەوە. دژایەتی نێوان نووسراوە و گوتراوە لە لای ئەفلاتوونەوە، دەق و پێشەکییەکەی لە لای هێگێلەوە، نیگار کێشانەوە و چوارچێوە لە لای کانتەوە، سەر بە زنجیرەیەک لە دژبەرێتین( باش، خراپ/ لەش، زەین/ نێرینە، مێیینە/ پەراوێز، ناوەند/ واجب، ئیمکان و هتد) کە بە چەند لادا نەریتی فەلسەفەی ئوورووپایی پێکهاتە بەندی و بەڕێوەبەری دەکەن. هەر کام لەو جووتە دژبەرە، زنجیرە پلەیەکە و بە تەما بووە هەم لایەنی نا-زاڵ ( لەش، مێینە، پەراوێز،ئیمکان) و هەم هەرچی لە دەرەوەی ئەم دژبەرییە یە( تەماوی بوون، هێڵی دوولەت کارانە، دوورەگەیی) لە پانتایی فەلسەفی پاوان بکا. ئەم دژبەرە زنجیرەپلەیی یانە بە نۆرەی خۆیانەوە بنەمایەک بۆ زنجیرە پلەیی سیاسی، زاڵ بوونی کۆمەڵایەتی(نێرینە، مێیینە/ کۆیلە،ئازاد/ دارا،نەدار/ مەسیحی، ئەوی تر/ شارمەند، کۆچەر) و جیاوازییەکانی پێوەندی دار بە دەستەڵات وەبەردێنن کە ڕێک ئەو شێوە سەرکوتە دەورووژێنن دێریدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە. بۆیە پێکهاتەهەڵوەشێنی حاشا لە ئیمکانی هەبوونی هێندێک لە" ئەزموونە سەرەتاییەکانی" پێش- سوقراتی دەربارەی بوون دەکا کە بە ڕووخاندنی نەریتی مێتافیزیکییەوە پێیانبگەین و لە جێ دا ئەو گرفتانە چارەسەر بکا بە هۆی نەریتەوە هاتوونەتە گۆڕێ، چوونکە بە سەر ئەم گوتە هاوچەشنانە شەوە، ئەو ئەزموونانە بابەتی بەرتیشکی پێکهاتەهەڵوەشێنین.

ئەوەی پێکهاتەهەڵوەشێنی لە نێو یەکبەری شتەکانی تروەوە ئاشکرای دەکا، ئەمەیە ئەو سەرکووتەی لە پێناو خولقاندنی مێژووی فەلسەفە واجب دەنوێنێ، لە مەودایەکی گەورەتر دا سەرکووتی ئەو شتەیە فەلسەفە خۆی ناتوانێ بەرزەفتی بکا، سەرکووتی ئەو شتەیە وێڕای ئەوە بەشێکە لە فەلسەفە لەبەر دەستی تێگەیشتنی فەلسەفیش هەڵدێ. ئەو لایەنە هەڵەیەی وا پێکهاتەهەڵوەشێنی بە دووی دا دەڕوا، ئەو شوێن پێیانەن دە پانتایی فەلسەفەدا جێ‌هێشتراون، ئەویش بە ڕێی ئەو شتە دا کە دەبێ وەک گوتەزایەکی دەرەکی بۆ فەلسەفە پێناسە بکرێ هەتا بە فەلسەفە دەربچێ. کارە پێش وەختەکەی دێریدا ئەم لایەنە هەڵەیە لەو شتە گرێ دەدا لە ڕێی وشەی گوتراوە دەکەوێتە بەردەست: دەست کورتی ئێمە بۆ بەرزەفت کردن و سنووردارکردنی مانایەک کە لەوانەیە درابێتە وشەکان، بە هۆی پێشکەوتی مێژوویی زمان، تەماوی بوونی مانا لەباری زمانناسییەوە و توانایی دەقی نووسراوە بۆ ئەوە هەڵبژێردرێتەوە، دیسان وەبەر بێتەوە و لە و کەشەدا بخوێندرێتەوە کە نە دەتوانین وێنای بکەین و نە دەتوانین بەرزەفتی بکەین٩( بە ڕواڵەت، دژ بە زەمینەی سنووردار و بێ -ناوبژیوانکارانەی وشەی گوتراوەیە). بۆیە دەکرێ هەر چەشنە دەقێک پێکهاتەهەڵوەشێنی بکرێ( تەنانەت پەیامە کەرت ئاساکەی نیچەش" چەترەکەم لە بیر چووە" in spurs)، بەڵام دەقە ڕەسەنەکان( ئەفلاتوون،کانت، هێگێڵ و هایدگێری دووەمیش) ڕانەری بەپیت ترین زەمینە ن بۆ پێکهاتەهەڵوەشێنی). ئێمە زۆرتر لە ڕێی دیتنی شوێن پێیەکانی ترسێک لە نەبوونی ڕەها، دەتوانین لە بارەی خۆمانەوە فێر بین کە دە دەقەکانی هێگێڵ دا، چەمکی والا(Aufhebung) دەورووژێنن، نەک دیتنەوەی ئەو نەبوونە ڕەهایە لە نێو نووسراوەی کەسێکەوە کە کاریگەرییەکی وا قووڵی لەسەر فەلسەفەی( سیاسەت) ئوورووپایی دانناوە.

کەوایە وەک نموونەیەکی پێوەندی دار بە پێکهاتەهەڵوەشێنی، باش تر دێتە بەر چاو دەقێک هەڵبژێرین نیزیک بێ لە چەتری نیچە نەک دیاردەناسی ڕوحی هێگێل. بە ڕەهمی حەقیقەت دە نیگارکێشانەوە دا سەردێری خۆی لەو نامەیەی پۆل سێزانەوە وەردەگرێ تێی دا بە ئێمیل بێرنارد دەڵێ: " من لەحاست بەرهەمی حەقیقەت لە نیگار کێشانەوە دا بە تۆ قەرزدارم"[la verit□ en peinture] و ئەوەشت پێ دەڵێم. دێریدا دەڵێ فەلسەفەی زمان لە حاست نووسین و دەربڕینی ئەم ڕستەیەی ئێمێلەوە، بانگەشە دەکا سێزان دەبێ زانیبێ مەبەستی چ بووە، بەڵام لە ڕاستی دا ڕستەکە هیچ مانایەکی دیاری کراوی بە بەریەوە نییە." حەقیقەت لە نیگار کێشانەوەدا" لەو سنوورانە هەڵدەکشێ و واوەیان دەڕوا کە فەلسەفە بە لە بەر چاوگرتنی زمانەوە دەیهەوێ دیارییان بکا، چوونکە لانی کەم چوار مانای هەیە و هیچ کامەیان دانابەزێتە١٠ سەر ئەوی تر:١) حەقیقەت لەبارەی خودی حەقیقەت دەبێ دە نێو یا لە ڕێی نیگار کێشانەوە یا کاریکی تری هونەرییەوە بدۆزرێتەوە، وەک ئەو حەقیقەتەی هایدگێر لە کتێبی "سەرچاوەی کاری

هونەری "دا و دە نێو نیگار کێشانەوەی پێڵاوی ڤان گۆک دا دەیبینێتەوە.٢) حەقیقەتی نیگار کێشانەوە بە چەشنی نیگار کێشانەوە، ئەوەی کە چەند " ڕاستە بۆ ژیان" و چەند سەرکەوتوویە لە نواندنەوەی ئەو شتەی وا مەبەستی بووە بینوێنێتەوە.٣) حەقیقەت دەربارەی ئۆبژەی حەقیقەت کە دەکرێ لە ڕێی نیگار کێشانەوە ببیندرێتەوە، وەک ئەو کاتەی پۆرتالێک بە ئاشکرایی کەسایەتی سووژەی خۆی نیشان دەدا.٤) حەقیقەت دەربارەی نیگار کێشانەوە بە چەشنی ئەو شتە ی وا دە نیگار کێشانەوەدا وەک کارێکی ئینسانی یا فۆرمی هونەر، حەقیقەتە.

ئەم تەماوی بوونەی ڕستە فڕەنسەییە کە بە هۆی ئەم ڕاستییە سەروبەر بووە کە سێزان بەڵێنی دەدا بە زمان حەقیقەت بلێ نەک بیکێشیتەوە و بێرەدایە دەق و نیگار کێشانەوە لە زنجیرەیەکی تێکچندراوی مانا و ڕاستییە مومکینەکان دا، پێکەوە دەلکێنەوە. لەبەر ئەوەی ڕێکەوەندی فڕەنسەیی" en peinture" ( دە نیگار کێشانەوە دا) لەقەدەر ئاسایی یە( کەچی لە وەرگێڕان بەدەرە)، ڕستەکە هیچ مانایەکی تایبەتی نییە و ناشکرێ هەیبێ. چوونکە جار جار پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی ئەم جۆرە دەقە ڕەمزاوی و قەتیسانە گرفتی لەگەڵە، مەبەستی دێریدا لێرە هەر خودی گوتەکانی سێزان نییە، بەڵکوو ڕوانگەی حەقیقەت و بەڵێنی یەکانە( ئاشکراترین قەرز لە گوزارەی سێزان دا "من بە تۆ قەرزدارم" ) کە لە فەلسەفەی هاوچەرخی زمان دا بەدی دەکرێ. ئەم ڕستەیە لەبەر تەماوی بوونەکەی، نە ک هەر دەرەقەتی پێوەرە فەلسەفییە نەریتییەکان نایە تا نرخێکی حەقیقی هەبێ، بەڵکوو پێی نیە بگاتە مەرجەکانی ڕەزامەندیش پێی دا فەلسەفە ی ئەم دوایی یانەی زمان هیوادار بوو سەرلەنوێ ئەو پێوەرانە جێگیر بکاتەوە و ڕوونی بکاتەوە ئایا سێزان " قەرزەکەی" داوە یا نا. دێریدا لە ڕێی پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوەندی " حەقیقەت دە نیگار کێشانەوە دا"، هیواداره پێداگری لەسەر واقیعیەتێکی پراگماتیک بکا کە چۆن کارکردەکانی زمان وەک دیاردەیەکی زیندوو، گەشە پێدانی پێوەرێکی ڕەسمی و رووت بۆ ناسین و ریزبەندی گوزارەکان نامومکین دەکەن.

پێکهاتەهەڵوەشێنیی ئەدەبی

یەکێک لە ڕاستییە سەرەکییەکانی پێوەندی دار بە پەسەندکردنی پێکهاتەهەڵوەشێنی لە وڵاتی ئەمریکا، ئەوە بووە دپارتمانی ئەدەبی لە چاو دپارتمانی فەلسەفی زووتر پێکهاتەهەڵوەشێنی پەسەند کرد. بێ گومان چەندین هۆکار بۆ ئەم پەسەندکردنەش هەن، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانە بەو جۆرەی جێفری هارتمەن ئاماژەی پێ دەکا، ئەمەیە "ڕەخنەی پێکهاتەهەڵوەشێنانە خۆی وەک چالاکییەکی پێوەندی دار بە ڕۆمان نانوێنیتەوە"، چونکە تەماوی بوون و زەمینەمەندی، پێوەندی دوو لایەنەی وشەی نووسراوە و گوتراوە کە پێکهاتەهەڵوەشێنی دە دەقە فەلسەفییەکان دا پێداگریان لە سەر دەکا، دە دقە ئەدەبییەکان دا، بەرچاوتر و ئاشکراترە. دە هەمان کات دا، پێکهاتەهەڵوەشێنی لە ڕێی ڕاستەپاستەکردنی ئەم ڕاستییە ی دەڵێ " تەواوی ئەم شتەی بە روح یا مانایەکی جودا لە پیتەکانی دەقەوە بیرمان لێ کردووەتەوە، دە پانتایی یەکی نێوان دەقی"دا دەمینێتەوە (DCviii)،داڵانە گرینگەکانی پێوەندی فەلسەفە و خوێندنەوە ئەدەبییەکانی کردووتەوە. ئامرازەکانی پێکهاتەهەڵوەشێنی و جۆری ئەو حەقیقەتانەی ئاشکرایان دەکەن دە هەردووک پانتایی دا{ فەلسەفە و ئەدەبیات} هاوچەشنن. ستراتژی سەرەکی هەروا هەر ئەوەیە بە بەری دەق دا، شوێن پێی تەماوییەکی بنەمایی یا گرێ-کوێرەیەک بگرینەبەر تا ئەو دژبەرایەتییە زنجیرە پلە یی یانە ڕوون بکەینەوە دەقەکە لەسەری دامەزراوە، هەروەها هەندێک لەو لایەنە هەڵانەش ڕوون بکەینەوە دەق وێڕایانەوە پەکی دەکەوێ، کەچی هەروا لە بیرۆکەی ئورووپایی دا، ددان بە هێز و گرینگایەتییەکەی دادەهێنرێ. بۆ نموونە، خوێندنەوەی دەروون-شیکارانە-کلاسیکی ئێرنێست جۆنس لە"هەملێت" پێکهاتەهەڵوەشێنانەیە، ئەویش لەو گۆشەنیگایەوە کە لە نمایشت نامەی "ژۆلیۆس سێزار" دا باوک کوژییەکی نارەوا بەرجەستە دەکاتەوە،( شکسپیێر خۆی لەم ڕاستییە نەبان دەکا کە برۆتوس کوڕە بیژووەکەی سزار بووە و ئەمەش دەلالەتێکە بۆ جووتێکی دووفاقییانەی نەگۆڕ لە باوک و کوڕ،



باوکی( خۆش ویستراو-)/ کوڕی( شەرعی)،خوێندنەوەکەی ئێرنێست جۆنس بۆ بە دواداچوونی پرسی لایەنی هەڵەی ئۆدیپ لە کایەی دواتر دا، ئەم شێوە خۆنەبان-کردن و پاک کردنەوەیەی{ پرسەکە} بە چەشنی کلیلێک لەبەر چاو دەگرێ. دێرەدا پێکهاتەهەڵوەشێنی نەک هەر مانایەکی نوێ لە " هەملێت" وەبەر دێنێ، بەو جۆرەی دەتوانین بڵێین دێریدا لە باسی پێوەندی دار بە پێشەکییەکان لە هێگێل دا دەیکا، بەڵکوو تێگەیشتنی ئێمە لە بەرهەمەکەی شکسپێیر دەوڵەمەندتر دەکا. دێرەکانی سەروو ئەم ڕاستییە نیشان دەدەن کە پێکهاتەهەڵوەشێنی زۆرتر لە ئەدەبیات دا دەورێکی جیاواز کایە دەکا نەک فەلسەفە. پێکهاتەهەڵوەشێنی گەرەکیتی دە تیۆری ئەدەبی دا و لەبارەی بایەخی تیۆرییەکانی تیۆری دارێژەکان کەڵکی لێ وەربگیرێ، نەک لەبارەی بایەخی ئەو دەقانەی باسیان لەسەر دەکە ن. فەلسەفەی کانت پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکەین تا گوتوبێژ و باسی دەگەڵ بکەین( یا دەگەڵ ئەوانی تر)، بەڵام بۆ گوتوبێژ و باس کردن دەگەڵ شکسپێیر، شکسپێیر پێکهاتەهەڵوەشێنی ناکەین( یا بەو جۆرەی پێشتر باسی هاتە گۆری سێزان پێکهاتەهەڵوەشێنی ناکەین تا گوتوبێژ و باسی دەگەڵ بکەین). جگە لەمەش پێکهاتەهەڵوەشێنیی ئەدەبی ئەو دەقانە دەگرێتەوە سروشتێکی جیاوازیان لە خودی پێکهاتەهەڵوەشێنی هەیە، کەچی پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی دەقێکی فەلسەفی، بەرهەمی دەقێکی تری فەلسەفییە. ئەم بابەتە ش دە فەلسەفەدا روانگەیە کی لەم چەشنە زۆرتر ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ دەقی پێکهاتەهەڵوەشێنانە بۆ خۆی دەکرێ و دەبێ پێکهاتەهەڵوەشێنی بکرێ. لە لایەکی تر، ئەوەی پێکهاتەهەڵوەشێنیی ئەدەبی وەبەری دێنێ، هەر ئەدەبیات نییە. ئەمەش بەم مانایە نییە کە ناکرێ پێکهاتەهەڵوەشێنییە ئەدەبییەکان، پێکهاتەهەڵوەشێنی نەکرێن، بەڵکوو بەو مانایەیە هەر بەو ڕێبازە هاوچەشنە ی دا وەبەرهاتوون، پێکهاتەهەڵوەشێنی نەکرێن. ئەو زەمینەیەی لەوانەیە ئەم جۆرە پێکهاتەهەڵوەشێنییە لەسەری دامەزرا بێ، تەواو لەو زەمینەیەی تێی دا دەقێکی ڕەسەن و پێکهاتەهەڵوەشێنانە بیچمی-گرتووە، جیاوازە. بە دەربرینێکی تر، پێکهاتەهەڵوەشێنیی ئەدەبی، لانی کەم لە هەندێک مانای وشەدا، ئیمکان و واقیعەتی ئەدەبیات گریمانە دەکا، کەچی پێکهاتەهەڵوەشێنی وەک چالاکییەکی فەلسەفی دە بنەمایی ترین ئاستی خۆی دا، دەگەڵ مومکین بوونی خودی فەلسەفە ململانێ دەکا.

دەمەقاڵە و بەرەوڕووبوونەوەکان

پێوەندی دار بە دەقە ئەدەبی و فەلسەفییەکانەوە، پێکهاتەهەڵوەشێنی بەردەوام لەگەڵ ڕووکردەکانی جیهانی هاوچەرخ گوتوبێژ یکی بەکار و بە وەجی هەبووە. بە پیت ترین و بەرهەم هێنەرترین گوتوبێژ، لەگەڵ ئەو قوتابخانانە بووە کە بە بەری مێژوو و ئاراستە ی پێکهاتەهەڵوەشێنی دا شۆڕدەبنەوە و زۆر جاریش ریشەی خۆیان لە فەلسەفەی هایدگێردا دیتووەتەوە. لە هەمان کات دا ئەو بابەتانەی لەو دەمەقاڵانەوە سەریان هەڵداوە، دەگەڵ ئەو بابەتانەی لە لایەن ڕەخنەگرە بە باس وخواستەکانەوە دەستنیشان کراون و یەکبەرە دە گژی جووڵە و چالاکیی پێکهاتەهەڵوەشێنانە ڕاچوونە، وێک دەچن. پوختەیەک لە هەندێک لە بە بڕست ترین دەمەقاڵەکان کە بیستساڵیشی تێپەراندووە، لە کۆتایی سەدەی بیستەم بە دواوە ئەم هەلەی ڕەخساندووە نارەزامەندی و ناقاییل بوونێکی ئەوتۆ بەرانبەر بە -پێکهاتەهەڵوەشێنی بهێتە گۆڕێ.
گوتوبێژی ساڵی ١٩٨١ی پێکهاتەهەڵوەشێنی (دێریدا) و هێرمینۆتیک (گادامێر) لانی کەم دوو تێمی باوی لێ دەردەکەوێ کە یەکیان هەر لە پێشترەوە ناڕاستەوخۆ باسی لێ کرا— ئەو تۆمەتەی پێکهاتەهەڵوەشێنی بە چالاکییەکی نەرێ دادەنێ. گادامێر وەکوو کەسێک کە دەکەوێتە نێوان خوێندنەوەی هایدگێر و خوێندنەوەی دێریدا لە نیچە، بانگەشە دەکا پێکهاتەهەڵوەشێنی" ڕەتاندنی١١" "زمانی چەمکەکان١٢"ە کە میراتی فەلسەفەی ئورووپایی یە(DD١٠١). ئینجا بە گوێرەی ئەوەی لە سەرەوە ورووژێنرا، پێکهاتەهەڵوەشێنی پرسیار و بزاڤێکی دوو فاقییە کە دەزانێ قەرزدارە بەو دەقانەی پێکهاتەهەڵوەشێنییان دەکا، بۆیە هەرگیز ڕە ت کردنەوە نییە.
تۆمەتی دووەم ئەمەیە پێکهاتەهەڵوەشێنی ڕێگا بەم ئیمکانە نادا کە وشەیەک سەرلە نوێ پێناسە بکرێتەوە یا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مانا مێتافیزیکی و نەریتییەکەی کەڵکی لێ وەربگیرێ. گادامێر بە لەبەر چاو گرتنی" تێگەیشتن١٠" بەگشتی، "خود- فامی١١" و "دیالکتیک١٢" ئەم بابەتە چەق دەکاتەوە و دەپرسێ کاتێک ئەم زاراوانە بەو ڕێیەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە کە من کەڵکیان لێ وەردەگرم، بۆچی دەبێ وەک بەشێک لە مێتافیزیک ڕەچاو بکرێن. ئەم بەڵگاندنە بە هۆی گەڕانەوەی خودی گادامێر بۆ ڕێکەوەندی " حیکمەتێکی کۆن تر کە لە زمانێکی زیندوو دا دەدوێ" بڕستی کەم بووەتەوە و بێرەدا ئاوەزەدانەوەی بەردەوامی نەریت پشتڕاست دەکاتەوە، تەنانەت لە نێو خێرخوازانە ترین زاراوە فەلسەفییەکان و ئەو زاراوە فەلسەفییانەی بەوردبینانەترین شێوە پێناسە کراونەتەوە.(DD٩٥-٩٩).
ڕاگۆڕینەوەی ساڵی ١٩٩٠ ی نێوان تیۆری دارێژە فمنیستە سەرەکییەکان، کە سێرەیان لە پۆست-مۆدێرنیسم گرتبوو بە ناوی دەمەقاڵە فمێنیستییەکان دەسەریەک کراوە و وەک ڕاگۆڕینەوەکەی { ساڵی ١٩٨١ } هەندێک بابەتی هاوچەشنی چەق کردەوە و لەجێی دا نوسخەی فمێنیستییانەی پێکهاتەهەڵوەشێنی لەولاتی ئەمریکاوەدی هێنا.ئەوفمێنیستانەی لێرەدا دژی پۆست مۆدێرنیسم و پێکهاتەهەڵوەشێنین و تا ڕادەیەکی زیادتر دژی پێکهاتەهەڵوەشێنین، ئەم بابەتە دەخەنە ڕوو کە کردەی سیاسی حەوجە بە بنەمایەکی بە هێزتر لە

و جۆره بنەمایەیە کە هەر کام لەو دوو قوتابخانەیە وا پێیانە دابینی بکەن. بۆ نموونە، سیلا بن حەبیب ددان بەمە دادەهێنێ کە سۆبژێکتیڤیتە بەرهەمی زمان و پێکهاتە سیمبلیکەکانی ترە، بەڵام پێداگری دەکا دەبێ دە مێژووی ژیانمان دا برێک مانا بمێننەوە تێی دا" هاوکات نووسەر و کاراکتێر"بین .

بن حەبیب پێی وایە، بۆ ئەوە لە باری سیاسییەوە بەرانبەر بە مانایەکی ناسکی ژنانە لە خود و نەبوونی خودفەرمانی، کارتێکەر و شوێن دانەر بین، فەلسەفەی فمینستیی حەوجە بە زاتی بکەرێتی١٣ و کەسێتیەتییەکی لە دابەزین نەهاتوویە پێکهاتەهەڵوەشێنی حاشای لێ کردووە(FC٢١-٢٢). بەو جۆرەی جودیس باتلێر دەڵێ، باوەڕی لەم چەشنە، لەخۆگری ئیمکانی هەرچەشنە" دژوازییەکی سیاسی" لە حاست خودە، ڕێک بەو ڕێبازە نەریتییە ی دا لێی تێگەیشتووین، چوونکە هیچ ڕێگایکی سیاسیمان بۆ ناکاتەوە پێی دا بۆ واوەی دووفاقییە مێتافیزیکییە نەریتییەکان( نووسەر /کاراکتێر،- ئۆتۆریتە/ پێمل بوون،خود/ ئەوی تر، ئۆتۆنۆمی/ هیترۆنۆمی- نێرینە/ مێینە) هەڵبکشێن(FC٣٦).

بن حەبیب دە وڵامەکەی دا بۆ باتلێر و لە باس و خواستەکانی پێوەندی دار بە پێکهاتەهەڵوەشێنی، پێداگری لەسەر بابەتێکی بازنە یی ئاسا دەکا: "چۆن دەکرێ کەسێک لە ڕێی گۆتارێکەوە(discourse) و بە بێ ئەوە بەسترابێتەوە بە گوتارەکە، سەرهەڵدەدا؟" واتە، چۆن تێگەیشتنی پێکهاتەهەڵوەشێنانە لە خود، بە چەشنی تەماوییەک کە بەشێوەیەکی زاتی دابەش بووە، دەتوانێ بۆ ڕەخنە ی کۆمەڵایەتی و سیاسی خاڵی دەستپێک دابین بکا(FC١١٠)؟ کەوایە زانیمان لە لای پێکهاتەهەڵوەشێنی،گوتار نە یەکپارچەیە و نە ناتەماوییانەیە، گوتار ناتوانێ دیاری کەری چڕ و پڕی خود بێ. نەبوونی "خود"ێکی جەوهەری و پایەدار، لەو مانا ئاساییە یە دا کە بن حەبیب و ئەوانی تر پێوەندی دار بە پێکهاتەهەڵوەشێنی-، ڕەخنەی لێ دەگرن، هاوکات ئەو شتەیە لە دەرەوە و واوەی جێهانی مانا و جەوهەرە نەگۆڕەکان دا ( کە بە نەریتی فەلسەفی دا ڕاستەپاستە کراوە) ئیمکانی بکەرێتی وەبەر دێنێ.( دکارت خۆی لە بەرهەمی " تێرامانەکان١٤"دا دەڵێ خودی دکارتی ئەو کاتە زۆرترین ئازادی هەیە کە هیچ مژارێکی جگە لە پێمل بوون بە ئاوەز نەبێ). لێرە تێکچندراوییەکان دەکرێ بە شێوەیەک ببیندرێن کە دەقی پێکهاتەهەڵوەشێنانە خۆی هەمیشە دەگەڵ هەندێک پرسیاری هاوچەشن دەربارەی ئیمکانی بکەرایەتی سیاسی و تاکەکەسی( خوارەوە ببینن) تێکەڵ دەبێ، بەڵام بەو جۆرەی لەوانەیە چاوەڕێ بکرێ، بە هیچ وڵامێکی گومانبڕانە نەگەن.

بەرەڕووبوونەوەی ساڵی ١٩٩٣ی پێکهاتەهەڵوەشێنی و نوێ پراگماتیستی ڕیچارد ڕۆرتی چەند خاڵی هاوچەشنی



لێ دەکەوێتەوە. ڕۆرتی وێڕای دەربڕینی ئەم باوەڕە کە پێکهاتەهەڵوەشێنی لانی کەم لە وڵاتی ئەمریکا سەرنج لە سیاستی ڕاستەقینە و واقیعی دەسرێتەوە( دواتر سیاسەتی ڕاستەقینە بەچەشنی" پێکهاتن و چاکسازی کورت خایێنی پڕاگماتیک" پێناسە دەکا)، بەو ئاسۆیەدا کە دێریدا هەروا هەر شوێن گری نەریتی رووناک بیرییە، بە کەسێکی مرۆڤ خوازی دادەنی. ڕۆرتی لایەنگری لە تێگەیشتنی پێکهاتەهەڵوەشێنانەی زمان دەکا کە بەو شتەی دادەنێ ویتگنشتاین کردوویتی، بەڵام حاشا لەوە دەکا ئاکامەکانی تیۆریی ویتگنشتاین دەربارەی زمان بە شێوەیەکی مانادار لە مەیدانی زانستە سروشتییەکان دا دەکار بکرێن. ڕۆرتی لەبەرانبەردا باوەڕی بە بۆچوونێکی ئەزموون خوازانە یا سروشتی خوازانە ی نێو پانتایی زانست هەیە و پێی وایە دەگەڵ لایەنی "والایانەی"١٥پێکهاتەهەڵوەشێنی دژایەتی هەیە، ئەویش سەرقاڵ بوونی بەردەوام بە مێتافیزیک و هەبوونی حەزێکی وەبەرهێنە بۆ دیتنی زانست وەک فۆرمێک لە ماتریالیسمی مێتافیزیکی(DP١٤-١٧).

دێریدا لە وڵام دا باوەڕی بە هەندێک خاڵی هاوبەش لە نێوان پراگماتیسم و پێکهاتەهەڵوەشێنی هەیە، بەڵام پشتیوانی لە هێنانەبەر باسی بابەت و پرسیاری والایانە و ئەمری ڕەت هەڵگر دەکا کە تەواوی مێتافیزیک وەک بەرگرییەکی دژ بەئەزموون خوازی، پۆزیتیڤیسم و سایکۆلۆژیسم نابینێ. ئەو هەروەها پەنجە بۆ لای بەرهەمێکی خۆی ڕادەکێشێ کە پرسی لەچارنەهاتوو یی١٦ ی توندوتیژیی پانتایی سیاسی دەگرێتەوە و تێی دا هێرش دەکاتە سەر ئەو گەش بینیە ئەوتۆیەی لە ڕوانگە سیاسییەکانی ڕۆرتی دا بەدی دەکرێن(DP٨١-٨٣). دەلیلەکەی دێریدا ئەمەیە دەوڵەتی سیاسی لەسەر یاسا دامەزراوە و یاسا لەسەر هێزی سزادان و تەنبێ کردن، واتە توندوتیژی دامەزراوە، کە زەمینە و بناغەی دەوڵەتی سیاسییە. بەرهەمەکەی دواتری دێریدا بە ناوی لەمەڕ کۆچەری، بەستراوبوونی دەوڵەتی سیاسی بە سنووری زەخت و زۆرجار توندوتیژ انەی نێوان ئەو کەسەی هەموو مافەکانی شارمەندایەتی دێموکراتیکی هەیە( لە مانا فڕەنسەییەکەی دا "برایەتی")—واتە شارمەند، خاوەن زەوی و هەموو مرۆڤە ئازادەکان و هەمیشەش تەواوی ژنەکان—و ئەو کەسەی ئەو مافانەی نییە( کەسی بێگانە،گوندنشینەکان و کۆیلەکان و ژنەکان) توێخ دەکاتەوە.

بەرهەمی فەلسەفە لەچاخی ترۆردا (٢٠٠٣) بەرەڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی پێکهاتەهەڵوەشێنی و تیۆری کردەی پێوەندی کارانەی١٧یورگێن هابێرماس نییە، بەڵام درێژەدارێتی ئەو تیۆرییە ڕوون دەکاتەوە لەو بیست ساڵەی دوایی دا لە نێو ڕەخنەگرانی پێکهاتەهەڵوەشێنی بەرچاوکەوتووە. دە دەقی ١١/٩ دا، ڕوانگەکانی هابێرماس ددان بە هەبوونی توندوتیژییەکی پێکهاتەیی دادەهێنن کە کۆمەڵگا سەرکەوتووەکانی گرتووەتەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی بە ڕۆژئاوا ناوی دێنێ. هابێرماس دواجار تیشک دەخاتە سەر " گومانی پێکهاتەهەڵوەشێن خوازانە١٨" و دەڵێ ئەو شێوە پێوەندییەی بە بارێکی ئاوەزمەند دا و بە باشی لە هەر چەشنە بارودۆخێکی ڕۆژانە دا کاردەکا، کاتێک کە پەل بۆ نێو گوتوبێژێکی بەربڵاوتری نێوان گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکوتین،چیتر ئەو دەوەرەی نامێنێ هەیبوو. هابێرماس پێی وایە گوتوبێژی پێداگری لەسەر کراو" هیچ نییە مەگەر" توندوتیژییەکی ڕاگوێزراو کە پتانسیێلەکانی گوتوبێژ بۆ کۆتایی پێ هێنان بە توندوتیژی تەماوی دەکا،ئەویش بە بێ ئەوەی زەمینەیەکی نوێ بۆ توندوتیژی بهێنێتەوە گۆڕێ(PT٣٥-٣٨). هابێرماس هەر بێرەدا ناقایلە لەوەی چەمکی خودبوردوویی١٩ ،پێکهاتەهەڵوەشێنی بکرێ کە وەک هەمیشە مەشق کردن یا دەکارکردنی دەسەڵاتە بۆ ئەوە خودبوردوویی بکا یان نا، چوونکە ئەو خودبوردوویی یەی لە دێموکراسی دا داوا دەکرێ، خودبوردوویی یەکە دەکەوێتە نێوان بەرابەرەکان و خودبوردوویی یەکی دوولایەنەیە نەک تاکلایەنە. ئەو هەروەها دە پێکهاتەهەڵوەشێنی دا بازنەئاسا بوونێکی دیاری کراو دەدۆزێتەوە، چونکە وا دیارە پشتی بە جیهانداگرییەکی هاوچەشن، خودبوردوویی و هتد بەستووە و دەبەریش دایە پەکیان بخا.

کەوایە، بە پێوشوێنی باسەکەمان دا، ئەم هێما دووفاقییە خۆی جەوهەری پێکهاتەهەڵوە-شێنییە. دێریدا پێی وایە ئەو " ڕووداوە سەرەکییانەی" کە شێوەیەک لە پێوەندی نێوان ئەو گرووپانەی هابێرماس ئاماژەیان پێ دەکا، دەورووژێنن، هەمیشە و نەک بە شێوەیەکی پاوانکارانە، ئەو ڕووداوانەن ڕاستەوخۆ لەسەر ئورووپا و ئەمریکا کاریگەرییان هەیە و بۆ نموونە،بە قەرای مەرگی ئەو کەسانە نین لە سۆمالییا و سودان گیانیان لەدەست داوە. هابێرماس دە درێژەدا دەڵێ، ئەو مەترسییەی بە بۆنەی ڕووداوی ١١/٩ هاتووەتە کایەوە، ڕێک زەمینەیەکی تایبەتی پێوەندی دار بە شرۆڤەکردنە کە بەسەر دیالۆگی نێوان "ڕۆژئاوا" و" ئەویترییەکەی"دا زاڵە و هاوکات هێندێک شێوەی توندوتیژی بەلایەوە ڕەوایە و مەیدانیش بە هێندێک توندوتیژی نادا(PT٩٢-٩٣). دێریدا خوێندنەوەی خۆی لە چەمکی لێبوردوویی نوێ دەکاتەوە و بە چەشنی دەکارکردنی دەستەڵاتێکی تاکلایەن خوازانە و بە تایبەت دینی سەیری دەکا(PT١٢٧). کەس داوا لە گرووپێکی ستەم لێکراو و بن دەست ناکا بەرانبەر بە سەرکووت کارەکانیان" خودبوردوویی" بکەن: تەنیا لەو کەسانە داوای خودبوردوویی دەکرێ لە ئاستێک دان دەتوانن خودبوردوویی قبووڵ بکەن یا حاشای لێ بکەن. دێریدا هەروەها بە هۆی توندوتیژی پێوەندییەکانی دەستەڵات(PT١٢٠) ئیمکانی هەبوونی دێموکراسییەکی واقیعی دەهەڵمەت دەگرێ و بڕێک لەوەش زۆرتر ململانێی ئیمکانی دێموکراسییەک دەکا تێی دا گرووپە جیاوازەکان بەو

ڕادەیەی گەرەکە بەرابەر بن هەتا خودبوردوویی-یەکی بەڕاستی دوولایەنە بوونی هەبێ.

ئەم دەمەقاڵەیەی دێریدا و هابێرماس ناراستەوخۆیە، چونکە ڕوانگەکانیان لە ڕێی هەندێک دیمانەی جودا جودادا کۆکراوەتەوە و سێ خاڵی تەوەریش شی دەکاتەوە. خاڵی یەکەم کە پێشتریش باسی هاتە گۆڕێ بەردەوام بوونی ئەو نارەزایەتییانەیە بەرانبەر بە پێکهاتەهەڵوەشێنی هەن و بۆ ماوەیەک دە گۆڕێ دا بوونە و دە یەکەم هەنگاودا لەسەر بابەتی وەک ئەمری ڕۆژانە/ ئەمری والا (جۆرە دووفاقییەک کە پێکهاتەهەڵوەشێنی بە تەمایە جێگای پێ چۆڵ بکا) و پاشهاتە سیاسییەکانی پێکهاتەهەڵوەشێنی چڕ دەبنەوە. خاڵی دووەم، ڕوانگەی دواخستنە٢٠ کە باس و خواستەکانی پێوەندی دار بەم ڕوانگەیە، زۆرتر لەسەر دژبەرایەتی دادەمەزرێن نەک ئە حەوڵە واقیعییانەی نییەتی پێوەندی یا سازدانی بەڵگەیەکیان هەبێ. ئەوەش مێتۆدێکە ڕێک وەک ئەوەی پێکهاتەهەڵوەشێنی دەیکا، پرسیار لە هەموو شتێکی وەک خود و تەنانەت مێتۆدیش دەکا و بنەمایەکی کەمتر عەینی جێ دەهێڵێ ڕەخنەگران ڕەخنەی لێ بگرن، ئەوەی نایکا ئەو بازنە ئاسابوون و هێما دووفاقی یەیە پێکهاتەهەڵوەشێنی پەسەندی دەکا. دە هەمان کات دا، خاڵی سێیەم ئەمەیە لە پاش ساڵی ١٩٨٩وە، پێکهاتەهەڵوەشێنی زیادتر سەرقاڵی سیاسەتە و ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە جوابی ئەم ململانێ و کێشانە دا نە-بووبێ، لانی کەم لە چوارچێوەی خواستە سەرەکییەکانی ئەم هەڵمەت و گرفتانە دایە.

نوسخەکانی دواتر

دە دیمانەی ساڵی ٢٠٠١ دا دەربارەی ڕووداوی ١١/٩، دێریدا لەمەڕ سروشتی پێکهاتەهەڵوەشێنی هەندێک گوتە دەردەبڕێ کە دە گەڵ ڕوانگەکانی پێشتری لایەنی هاوچەشن و جیاوازی هەیە. دێرەدا فەیلەسووفی پێکهاتەهەڵوەشێن باوەڕ بەو کەسە دادەنێ "سەرەتا شی دەکاتەوە و دواتر ئاکامە کردەیی و شوێن دانەرەکانی پێوەندی نێوان میراتی فەلسەفی و پێکهاتەی هەروا زاڵی سیستمی سیاسی- حقوقی دەخاتەڕوو کە ئاشکرایانە پازدانی٢١ پێوە دیارە(PT١٠٦). پێداگرییەکی ئاشکرا لەسەر سیاسەت و ئەمری پراگماتیک، بە قەرای بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوە تەماوییانە ی ئاماژەی پێ دەکرێ کە لەم سێ ساڵەی دوایی دا زۆر هاوبەش بوون. لە هەمان کات دا، دێریدا بە-هەست و سۆزەوە تایبەتمەندی دووفاقییانەی پشتڕاست کردنەوەی بڕوا و هاوپەیمانی خۆی دەگەڵ مافی نێونەتەوەیی دووپات دەکاتەوە کە وەک دێموکراسی لە جیهانی واقیع دا جێگیر نابێ و دیسان هەر وەک دێموکراسی لەبڕیارنەهاتوویە و تەنانەت ناکرێ بە بێ دژبەری و دژوازی وێناش بکرێ(PT١١٥). ئەو لە ئاکام دا دەگەڕێتەوە بۆ "دەواخانەی ئەفلاتون" هەتا بەوێ دا بڵێ دەوڵەتی سیاسی بەلای سوقراتەوە وەک نقیسار وایە کە "هەم دەردە و هەم دەرمان٢٢" و بە بێ دەوڵەت ناتوانین بژین، نەک لەبەر ئەوە زاتێکی توندوتیژانە ی هەیە،بەڵکوو هەر دەوڵەتە لەو توندوتیژییانەی خۆی هۆکاریتی دەمانپارێزێ(PT١٢٤).

پێکهاتەهەڵوەشێنی دە سەدەی بیست و یەکەم دا لایەنی ڕەخنەگرانە بە خۆوە دەگرێ، تەنانەت ئەو کاتەی سێرەی لە دەقە یەکگرتووە لێک نیزیکەکانیش گرتبێ. بۆ نموونە دێریدا لە پەیامی ساڵی ٢٠٠١ی وەرگرتنی خەڵاتی تیۆدۆر ئادۆرنۆدا، دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئادۆرنۆ،بە تایبەت بۆ ئەو دەستکەوتەی ئادۆرنۆ بە هۆی زانینی زمانی ئەڵمانی مسۆگەری کردووە و ئەو ململانێیەی لەگەڵ جیهانی بوون و ئورووپای یەکگرتووی هەیە. ئەم جۆرە پێکهاتەهەڵوەشێنییە لەسەر شێوەیەکی ناسیاو و وشەیەکی لەوەرگێران نەهاتووی(fichu)( دەستماڵی مل، وەکوو ئاوەڵناو؛ لەدەست دراو{ ون بوو} یا بەجێ گەیێندراو بۆ) فڕەنسەیی دامەزراوە. ئەم وشەیە لە نامەیەک دا و بە زمانی فڕەنسەیی لە لایەن والتر بنیامینەوە بۆ ژنی ئادۆرنۆ نووسراوە. بنیامین لە وەسف کردنی زیندەخەونێک دا کەڵک لەم وشەیە وەردەگرێ. کاتێک دە یەکەم مانای وشەی fichu دا ( دەستماڵ یان شاڵ گەردەن) قسە لە" گۆرانی شێعرێک دە دەستماڵێک دا" دەکا. لە زیندەخەونەکەدا وشەیfichu لە پیتی "d " گرێ دەدرێ کە بەو جۆرەی دێریدا دەڵێ، لەوانەیە ئاماژە بە ناوێک بکا بنیامین دە پیتە نیشانەدارەکان دا کەڵکی لێ وەرگرتووە، یا ئاماژە بە خوشکەکەی و ژنەکەی بکا کە هەردووک ناویانDora بووە. دێریدا درێژەی پێ دەدا و دەڵێ وشەی" Dora" دە زمانی یۆنانی دا دەتوانێ بە مانای پێستی سوتاو و داڕوشاو بێ و لێرە ئەوە دەبێتە مانای دووەمی وشەی fichu ، مانای ڕووداوی ئاشۆیتز و مانای ١١/٩ کە ڕۆژی لە دایک-بوونی ئادۆرنۆ بووە(PM١٦٤-١٨١). دە نموونەیەکی هەرە باشی پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەهەڵوەشێنییەک دا،وەرگێڕی ئینگلیسی ئەم گوتانەی سەروو ژێرنووسێک دادەنێ تا لێ زیاد بکا کە وشەی" Dor "بەمانای دیاری بەشێکە لە ناوی ئادۆرنۆ، تیۆدۆر بە مانای "دیاری خوداکان "(PM٢٠٣). دە پڕۆسەی پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی وشەی" fichu"دا جنس دەورێکی سەرەکی دەگێرێ. ئەگەر کەم و کورتی و کەلێن و هەڵەی نێو دەقە فەلسەفی و نەریتییەکان ، ئاکامی ئەم حەوڵانەن دەیانهەوێ ئەم شتە لە فەلسەفە هەڵاوێرن کە فەلسەفە ناتوانێ بەرزەفتی بکا و سێبەری بە سەردا بنوێنێ، دواجار ژن( ژنی ئادۆرنۆ، ژن و خوشکی بەنیامین و هەر ژنێک کە شاڵ گەردەن لەملی دەکا) دەبێتە یەکێک لە شوێنە کانی نەزۆک کردنی پێکهاتەهەڵوەشێنانە. بەسەر جنسی ژنەوە، مەرگیش بەو جۆرەی دێریدا دە بەرهەمەکەی دواتری دا سەرنج دەداتە مەرگی باوک، دایک و مەرگی خۆی، گرینگییەکی بەرەو زیاد بوونی لە پێکهاتەهەڵوەشێنی دا هەیە. بەو لای ئەو پێوەندییە دا کە دەروون-شیکاری لە

نێوان ژن و مەرگەوە سازی دەکا، پێکهاتەهەڵوەشێنی، چەمکی ژن و مەرگ ڕادەنوێنێتەوە تا بنە ڕیشەی ئەو شتەی نەریتی فەلسەفی هەمیشە حەوڵی داوە خۆی لێ بپارێزێ. نقیسار بەلای سوقراتەوە دەکرێ( وەکوو ژن) فریوکارانە بێ، یا لە سەرچاوەیەکی وەک کورێکی بیژوو ( لەم چەشنە ژنە بووبێ) سەرسوورماو بمێنێتەوە. پێکهاتەهەڵوەشێنی پێی وایە سوقرات نە قسە لە "ژن" و نە قسە لە "مەرگ" دەکا، بەڵکوو قسە لە دوژمنایەتی کردنی نقیسار دەکا، کە وەک تەواوی نیشانەکانی ڕۆچوونی ئێمە لە ئەندیشەی ئەفلاتوون و ئەو نەریتەی خۆی دەستپێکەری بووە، دە بنەڕەت دا "سەرکووتی ورووژێنراو٢٣"ی ئەو شتەیە بەردەوام بۆ واوەی فەلسەفە، جەستەی فەیلەسووف، حەزەکان و مەرگی فەیلەسووف هەڵدەکشێ.

پێکهاتەهەڵوەشێنی فمنیستی

پێوەندی نێوان پێکهاتەهەڵوەشێنی و خوێندنەوە ی فمنیستییانەی نەریتی ئوروپایی کە وا هەر لە کاتی نووسینی بەرهەمی "دەواخانەی ئەفلاتوون" ەوە (١٩٧٢) پێوەندییەکی



نیزیک و ئاشکرا بووە، دە گوتوبێژی ساڵی ١٩٨١ یش دا هەر ڕوون و ئاشکرایە. ئەم گوتوبێژە کە بە" کۆرۆگرافی٢٤" ناوی ڕۆیشتووە، گوتوبێژی دێریدا و کریستی ڤی.مەک دۆناڵدە. هەڵبەت ماوەیەک بەر لەم گوتوبێژە تیۆریکارانی فمنیست لە فڕەنسە، لە بەرهەم و کارەکانی خۆیان دا سەرقاڵی دەکارکردنی ستراتژییە پێکهاتەهەڵوەشێنییەکانیان بوون. بۆ نموونە، هێلێن سیخۆس و کاترین کلێمانت لە کتێبەکەیان دا بە ناوی " ژنی تازە لە دایک بوو" (١٩٧٥)،کۆمەڵێک لە و دژبەرە زنجیرە پلەییانە ( باش بوون/ خراپ بوون، ژیان/ مەرگ،ڕۆژ/ شەو،سروشت/ فەرهەنگ، نێرینە/ مێینە) تویخ دەکەنەوە،کە بەشی هەرەزۆر و نەهەمووی ئەو زاراوە کلیلییانە دەهێننە گۆڕێ، پێیانە دەق بەرەو خوێندنەوەی پێکهاتەهەڵوەشێنانە ئاوەڵا بکەنەوە. ڕیزی ئەو دژبەرە زنجیرەپلەیی یانە کە لەخۆگری سەرچاوەیەکی ژێرنووس کراوە و دێریدای بە سەرچاوە داناوە،بەو جۆرەی پێشتر بۆن هاتە پێشەوە، هەر ڕیزێکی ڕووت و قووت و پەک کەوتوو نییە. بەلای ئەفلاتوونەوە، جووتی نقیسار/ گوتار خۆی گرینگ و بنەڕەتییە: لە لای یۆنانییە کەوناراکانەوە بەگشتی، بەکار/ نەزۆک، دە دین دا، یەزدان/ مرۆڤ، مەسیحی/ جووڵەکە و دە فەلسەفەی دکارت و مۆدێرنەکان-دا، زەین/ لەش و دە ئایدۆلۆژیای ڕەگەزی و داگیرکەری دا سپی/ ڕەش، ڕۆژئاوا/ ڕۆژهەڵات، بنەڕەتی و ژیانەکین. بە بەری دووپات کردنەوەی مێتۆدی دێریدادا، چالاکی و جووڵەی سیخوس و کلێمانت، بەرئاوەژووکردنەوە یا سەرەونخون کردنی ئەم دژبەرە زنجیرە پلەیی یانە نییە کە هەر سیستمێکی نوێ دەستەڵاتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەوان لە ڕێیەکی نوێ یا سێیەمین ڕێگا دەگەڕێن. ئەم ڕێگا سێیەمە "دووجنسایەتییە" (-bisex uality) و ئەو مانایەی هەڵگرتووە کە بۆ لایەنگری کردن لە چێژە ناجیاوازەکانی هەوەس لەسەر ئۆرگانی جنسی چڕ نەبینەوە(NBW٨٤-٨٥). چالاکی لەم چەشنە بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە سێکسوالیتە و دانانی سێکسوالیتە بەبەشێک لە ستراتژی پێکهاتەهەڵوەشێنانە کە وا دەقی پێوەندی دار بە ئەنترۆپۆلۆژی و دەروون شیکاری کردووەتە پاڵپشتی خۆی، دەقی وەک " وتارێک لەمەڕ دیاری" ( مارسێل مۆس)، تێمی هاوبەشی نێو پێکهاتەهەڵوەشێنی فمنیستییانەی فڕەنسەییە کە بۆ نموونە، لە کارەکانی لوک ئیریگاری و ژولیا کریستوا( دواتر دەقەکانی دێریدا) دا بەرچاو دەکەوێ.

بە ڕەچاو کردنی گرینگایەتی کارەکانی زیگمۆند فرۆید بۆ ئەم ڕەگەی پێکهاتەهەڵوەشێنیی فمنیستی، کتێبەکەی ساڵی ١٩٨٠ی سارا کافمەن بە ناوی لەمەڕ فرۆید، نموونەیەکی بەوردی کار لەسەرکراوی پێوەندی دار بە دەستەڵاتی هێزەکی ئەم مێتۆدە بۆ بیرۆکەی فمنیستی دابین دەکا. ئەم بابەتە گرینگەی کافمەن لێ چڕ دەبێتەوە، چەمکی " ئێرەیی بردن بە نێرینەیی٢٥"یە، کە دە ڕواڵەت دا بۆ ئەم پرۆسەیە دیاردەیەکی ژیانەکی و ناوەندییە و گیانلەبەرە دوو جنسییەکان دەگۆڕێ و دەکاتە ژن. کافمەن دەڵێ ئەم پرۆسەیە، ئاڵوگۆڕی یا شتێکی وەک ڕاگواستنەوە بە سەر ژن دا دێنێ، "کچێکی بچووک کە سەرەتا کوڕێکی بچووک بووە"،چونکە دە دەروون شیکاری دا دوو جنسایەتی پێش- ئودیپی"، زاڵایەتی ڕەسەنی نێرینە٢٦( دە هەردووک جنسی نێر و مێ دا) پەسەند دەکا(EW١١١-١٢٢ ). کافمەن بۆ ئەوە ڕوون بکاتەوە چۆن فرۆید ژن بە چەشنێک دەناسێ کە دوو تایبەتمەندی بێ بە ش بوون٢٧( ئێرە-یی بردن بە نێرینەیی) و زێدەڕۆبوونی٢٨( خود- بژێوییەکی٢٩ نارسیستیک و ناجیاواز بوون" کە وا دەکات نێرینە" بە هۆی چێژی ئۆبژەی ئەوین لەم نارسیسمە ڕەسنە بەتاڵ بکرێ "{٥٢١})، کە جۆرێکی دیکە یە لە خود- دژوازیی٣٠ پێکهاتەهەڵوەشێنانە و کلاسیک) بەبەرییەوە هەیە، ڕوو دە دەقەکان و ژیاننامەی فرۆید دەکا،ئەمەش شێوەیەکی تر لەخود-دژوازییەکی کلاسیکی پێکهاتە هەڵ- وەشێنانەیە. دە ئاکام دا کافمەن پێی وایە" ئێرەیی بردن بە نێرینەیی" و زاراوەی "ئایدیای نەگۆڕ٣١" و سەرلەبەری ڕوانگەی فرۆید دەربارەی مێینە بوون و سێکسوالیتەی مێینە، "وا دەکا بە هۆی هەبوونی نادادپەروەرییەکی فەرهەنگی کە تێی دا پیاو چێژە سێکسییەکانی ژن دەخاتە بن چەنگی خۆی" لۆمەی سروشت بکا. بەسەر ئەوانەشەوە،کافمەن ئاماژە بە باوەڕێکی سەرنج ڕاکێشی تری فرۆید دەکا کە دەڵێ لەوانەیە ژنەکان بەرانبەر بە پیاوەکان سارد و سڕ بن و دوژمنکارانە هەڵسوکەوت بکەن(EW٢٠٨-٢٠٩).

دە بەرهەمی" پیاوی ئاوەز" دا (١٩٨٤) ژنێڤیڤ لیۆد لە سەر بنەمای پێوەرێکی هەراوتری مێژوویی، خوێندنەوەیەکی فمنیستی دینێتە مەیدان ( هەڵبەت خۆی ئەم چەمکە دەکار ناکات) و وێڕای پێکهاتەهەڵوەشاندنەوەی ڕوانگەیەک کە ئاوەز بە هاوتای نێرینەیی دادەنێ، دەقە فەلسەفییەکان لە ئەفلاتوونەوە هەتا سیمۆن دبوار پێکهاتەهەڵوەشێنی دەکا. ئەو دووفاقییە زنجیرەپلەیی یەی نێو پێکهاتەهەڵوەشێنی( گوتار/ نیڤیسار،نێرینە/ مێینە و هتد) و نێو فەلسەفەی ئینگلیسی زمان کە بە لای مەعریفەناسی دا دەشکێتەوە، فۆرمی وەک ئاوەز/ بێ ئاوەز، مەعریفە/ نەزانین و هتد بە خۆوە دەگرێ. لیۆد بەو جێی شوێنەدا دەڕوا تێی دا دوو جووتی دژبەری وەک ئاوەز/ بێ ئاوەز و مەعریفە/ نەزانین بەرگری لە مانایەکی ئەوتۆی بەجنسی کراوی وەک ئاوەز دەکا کە شوێن پێیەکی بەرجەستەی دە مێژووی فەلسەفەی ئورووپایی دا هەبووە. پاش ساڵی ١٦٠٠، پانتایی تایبەتی/ گشتی و پانتایی جیهانداگر/ پاژەکی کە لە بواری سیاسییەوە گرینگن، شانیان لە شانی زنجیرەی دووفاقییەکان داوە: دە سەدەی بیستەم دا فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیسمیش دووفاقی بوونی والا/ عەین لەو زنجیرە دووفاقییە زیاد دەکا. لیۆد دەڵێ گرینگ ترین دوو فاقێتی کە لە تەنیشت ئەو دووفاقییانە

قیت بووەتەوە، سەرتریتی٣٢/ نزمایەتی٣٣ بووە. بەو جۆرەی پیشتر زانین، ئەوەی وەبەر لایەنی نێرینە ی ئەم دابەش بوونە دەکەوێ، بەسروشتی دابەش بوونەکە دا پێی گەیشتین کە بایەخی هەیە و بە پێچەوانە لایەنی مێیینە هیچ بەها و بایەخێکی نییە. لیۆد وەک دێریدا، سیخۆس و کلێمانت هەر چەشنە جووڵەیەک بۆ بەرئاوەژوو کردنەوەی ئەم دووفاقییە ڕەت دەکاتەوە، چوونکە ئەم جووڵەیە" بە شێوەیەکی کایە کارانە٣٤" دە کەشێک دا ڕوو دەدا کە بەر لە هاتنە مەیدانی، لە لایەن نەریتێکی هزرییەوە ئامادەکاری بۆ کراوە کە جووڵەکە تەمای حاشا لێ کردنی هەیە(MR١٠٥). لیۆد زۆر گەش بین تر لە هاوتا فڕەنسەیی یەکانی بە ڕێی نوسخەی خۆیەوە دەربارەی هێمای دوو فاقییانەی پێکهاتەهەڵوەشێنی دا، ئاوا کۆتایی پێ دێنێ: "فەلسەفە لە ڕێگای پەراوێزخستنی جنسی مێیینە، ئایدئاڵەکانی ئاوەزی پێناسە کردووە. بەڵام فەلسەفە دە ناخی ئەم پەراوێز خستنە دا، هەڵگری سەرچاوەیەکە بۆ تێرامانی ڕەخنەگرانە ی لەو ئایدئاڵانە و خواست و حەزەکانی خۆی(MR١٠٩).

فەرهەنگۆک

١- Destruktion

ئەم وشە ئەڵمانییە تایبەتە بە فەلسەفەی هایدگێر و هەر دە وتارەکەدا شی دەکرێتەوە.

٢- Double movement

٣- Plato’s Pharmacy

٤. Memory

٥- The written word

٦- Picture frame

٧- Intentionalit□t

٨- Thrown projection

تەعبیری"تێکەوتن"، " تێ کەوتوویی" لەوانەیە بتوانێ تایبەتمەندی بیرکردنەوە و لە دووری ڕزگاری بوونیشی هەڵگرتبێ. مرۆڤ پاش تێکەوتنی دە شوێنێک، خێرا دەست دەکا بەبیر کردنەوە و بەهیوای ڕزگار بوونە.گەڵاڵە دیسان هەر تەعبیرێکە بۆ دازاین. دازاین ئەو بوونەیە دەگەڵ خۆی گەڵاڵەی پێیە. بۆ بەکردەیی کردنی ئەم گەڵاڵەیە بیر لە دواڕۆژ دەکاتەوە.

٩- Control

١٠- Reduction

دوو شێوە دابەزاندن هەیە. دابەزاندنی ئەنتۆلۆژیک و دابەزاندنی مێتۆدۆلۆژیک. دە دابەزاندنی مێتۆدۆلۆژیک دا، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە یا شرۆڤەکردن دەچەتەوە سەر مێتۆدێکی دیاری کراو. بۆ نموونە، مێتۆدی هێرمێنۆتیک یا مێتۆدی زانستی سروشتی( ماتماتیک، فیزیک). دە دابەزاندنی ئەنتۆلۆژیک دا، هێندێک جەوهەر هەن و پێدراوەکان و لێکۆڵینەوەکان دێنەوە سەر ئەو جەوهەرانە و بە پێی ئەو جەوهەر یا گەوهەرانەیە کە توێژینەوە یا لێکۆڵینەوەکە درێژەی پێ دەدرێ. دێرەدا مەبەست لە لە-دابەزین نەهاتوو ئەمەیە دوو ئەمری ناتەبا یان دژبەر بە گوێرەی ناتەبابوون و دژبەربوون، دەچنە پێشەوە و هیچ کامەیان نابێتە جەوهەری ئەوی تر و هەردووکیان سەربەخۆ دەمێننەوە.

١١- Repudiation

١٢- Language of concepts

١٣- Agency

١٤- Meditations

١٥- Transcendental:

خودا لێخۆش بوو، مامۆستا هەژار دە " هەنبانە بۆرینە"دا بۆ وشەی "والا"، باز و مفتوحی داناوە. هەر دووک هاوتا بۆ وشەی ترانسێندێنتال دەبن. ترانسێندێنتال مێتۆدۆلۆژیکە و ئەنتۆلۆژیک نییە، بۆیە نابێ ماناکەی سنووردار یا شوێنمەند بکرێ. پێم وایە "والایانە"،"والاخوازی"،"والا" دەتوانن بێنە نیو مەیدانی دەکار کردنی وشەی ترانسێندێنتال.دەکرێ "والایی خوازی"،"والایی" و "والایی یانە"ش ڕاست بن.

١٦- Unavoidable

١٧- Communicative action

١٨- Deconstructivist suspicion

١٩- Toleration

٢٠- Lingering impression

٢١- Mutation

٢٢- At once remedy and poison

٢٣- Motivated repression

٢٤- Choreographies

٢٥- penis envy

٢٦- Original predominance of masculinity

٢٧- Lack

٢٨- Excess

٢٩- Narcissistic self-sufficiency

٣٠- Self-contradiction

٣١- Idėe fixe

٣٢- Superior

٣٣- inferior

٣٤- Ironically

Author Information
Nancy J. Holland
Email: nholland@gw.hamline.edu
Hamline University
U.S.A

هەواڵنامەی کوردی

# بەرەی ٤
# شێکاری و شێعر


بەرەی ۴/ حەمەی کەریمی | ۴۲

مۆتاسیۆنی سووژە و تێپەڕاندنی بە ناچاری دیالێکتیکی نامەوجوود/عەبدولقادرنیازی | ۴۳

شیعری بەرەی چوار و دەرکەوتنی دۆزەخ/ عادڵ قادری | ۴۶

لە شارەوە بۆ شیعر/ سەلاح موحەمەدی | ۴۹

دیسکۆرسی «شار» لە شیعری بەرەی چواردا/ هوشیار بابایی | ۵۳

شێعر | ۵۵

شێعرەکانی قەرەنی ئەحمەد ئاقایی | ۵۶

دەنگی گریان لە پێستم دێت/ بەیان عەزیزی | ۵۸

شێعرەکانی سەلاح موحەممەدی | ۶۰

شێعری عەتا وەلەدی | ۶۱

ژمێریاری حەمامە ترافیکەکانی شار / حەمەی کەریمی | ۶۲

شێعرەکانی هۆشیار بابایی | ۶۳

کە من درێژەی پیاوێکم بە فونتی۴۴/محە ممە د موە فە قی | ۶۵

شێعری ئارام فەتحی | ۶۷

نامناسیتە وە و تە نیایی/ شە ریف مورادی | ۶۸

بەشێ لە شیعری (تۆ بە)/ جەمیل مورادی | ۶۹

# " بەرەی ٤ "

## ڕەوتی، ( لادان و سەیرووورەت)

### حەمەی کەریمی

١- پێش دەرکەوتنی شیعری بەرەی "چوار" ، شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێوان شێعری فارسی و شیعری کوردستانی باشوردا لە هاتۆچۆدا بوو، هەر ئەمەش وایکردبوو شیعری کوردستانی ڕۆژهەڵات جگە لەوەی وەک پاشکۆی ئەو دوو ئەدەبە دەربکەوێ و هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی نەبێ، لە حاڵەتی "بەینابەینی" دا بمێنێتەوە و توانای دەربازبوونی لەو دۆخە نەبێ و خەسارتر لەوەش ئاسۆی ڕوانینی گەیشتن بێت بە شاعیرانی دەرکەوتەی ئەم دوو ئەدەبە ، هەر ئەمەش دیسانەوە جۆرێک لە سیاسەت بردەیی کردبوو بە بەشێک لە تایبەتمەندیی شیعری نوێی کوردی.

٢- خاڵێکی گرنگ و بەرچاو کە ڕەوتی "چوار" ی شیعری هاوچەرخی کوردی لە ڕەوتەکانی پێش خۆی( لە سوارە و پاش سوارییەکانەوە بگرە تا بەدیارکەوتنی خۆی و یان باشتر بڵێم درووستبوونی ئەو گۆڕانە ئەساسیەی کە دواتر بە ناو" بەرەی چوار" هاتە کایەوە ) جیا دەکاتەوە، جگە لەو پارامێتر و تەکنیکانەی کە وەک پاکێجێک لە زۆربەی دەقە شیعرییەکانی سەر بەم ڕەوتەدا بوونی هەیە، وەکوو ( "چەند فۆرمی ، تەکەسوور و تەعلیقی ڕەوایەت، داڕشتنی تەسویری ئایزنشتاینی و دیترمنیستی لە دەقدا، ساختی فەزای کاتکراو و پچڕ پچڕ ، بە سانتراڵیزەکردنی زمان لە ناو دەقی شیعری و ڕەهاکردنی لە هەر چەشنە تێڕوانینێکی ئامرازیانە، بە کارهێنانی زمانی محاورە و ئەدەبی زارەکی و ئایرۆنی و پارۆدی ، لێکترازان و خاپوور کردنی دیسکۆرس و کانتێکستی زاڵی کەلان ڕەوایەتە زمانی و واتاییەکان، بەرجەستەکردنەوەی شار بە هەموو جومگە و ترافیکەکانیەوە لە دەقدا ) ،جگە لە کۆی ئەم پاکێجە کە دەکرێ وەک هەندێ لە پارامێترە ئەساسییەکانی شیعری ئەم ڕەوتە باس بکرێ ، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا خاڵی جیاواز و بەرچاوی ئەم شیعرە کە دەکرێ بە خاڵی جیاکەرەوش ناوی ببەین، " ئەو پێناسە و دید و بۆچوونە جیاوازە یە کە بە نیسبەت شیعر" وە هەیبووە و لە ساتەوەختی دەرکەوتنیەوە ، بە لادان لە شیعری پێش خۆی وەکوو هەر ئەمرێکی نوێخوازانە، توانی ناسنامەیەکی تایبەت بە نیسبەت شیعری ڕۆژهەڵاتەوە دەستەبەر بکات.

٣- شاعیری ئەم ڕەوتە باش لەوە گەیشتوو بە مەبەستی گەیشتن بە حەقیقەتی شیعر دەبێ سەییال بێ و هاوکات لە نێوان کەشف و داهێناندا لە باڵانسدا بێ و لە گەڵ ئەوەشدا بە دوو چەمکی " نەفی و تەئیید"ش کار بکات، لەو شوێندا کە خەریکە ڕەخنە لە بابەتێکی خۆی دەگرێ و دژ بە خۆی ئەوەستێتەوە، دەبێ گەرای ئەمرێکی نوێتر دانێ و پێشنیاری تازەتری بۆ شیعرهەبێ، دژ بە ساختارە چەقبەستووەکان بوەستێ و تەنانەت پرسیار لە شتە بەڵگە نەویستەکانیش بکا و لە هەمانکاتدا خوێندنەوە و ڕەخنەی لە ئێستا و ڕابردووی هەبێت، ئەمە ڕەنگە خەسڵەت و جەوهەری هەیر چەشنە نوێخوازی و ئەدەبێکی ئاوانگارد بێ، کە دواتر و لە حاڵەتی سەییال بوونیدا نەک تەنیا بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە ئاوڕ لە خۆی دەداتەوە بگرە لە حاڵەتی گەڕان و سەیرووورەتیشدا دژ بە ڕابردووی خۆی و ئێستاشی دەوەستێتەوە.

شیعری ڕەوتی چوار لە گەڵ خۆیدا هەندێ پێشنیار و ئیمکاناتی جیاوازی ئاراستەی شیعر کردوە کە تاکوو ئێستاش کاریگەریی هەبووە لە سەر نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو و هەندێ لەو کەسانەش کە پێشتر لە ڕێباز و ڕەوتی تردا خۆیان بینیوەتەوە و تەنانەت ئەوانەش کە هەر ئێستا خەریکن لە پێشنیار شیعرییەکان و ئیمکانە زمانی و تەکنیکەکانی ئەم شیعرە ئەرتزاق ئەکەن و دەبەنگانە حاشایشی لە دەکەن. بەمەوە " بەرەی چوار" بۆ ئەوەی هەڵگری گەرای ئەمری نوێتر و پێشنیاری تازەتر بێ بۆ شیعر، پێویستە بەردەوام لە ڕەوت و سەیرووورتدا بێ.



**ئاماژەوتێبینی:**

لەهەفتەنامەی (سیروان ژمارە۸۸۵)دا یادداشتێکی من بڵاوبووە لەژێرسەردێڕی(شێعر و نا بەرەی چوار)، کێشەی من لەگەڵ وشەی (بەرە)، وەک لەوتارەکەش داهاتووە کێشەیەکی مەعریفییە نەک کێشەیەکی شوێنـــ کاتی، بەواتایەکی تر ئەگەر بەرە وەک جیبهە ومەیدانی شەڕەگەرەک پێناسەبکەین وەک ئەوەی وا لەمابەینی لایەنە سیاسی وکۆمەڵایەتی وتەنانەت ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دادیتراوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ لەگەڵ بەرە هاوڕانیم(نەلەپانتای ئەدەب دا نەلەهیچ بوارێکی تردا).وێڕای ئەوەیکە بەرەی چواری شێعری کوردی هیچکات پاکتاوکردن وسڕینەوەی بەرەکانی تری شێعری کوردی بەماف وئەرکی خۆی نەزانیوە. بەڵام ئەگەر(بەرە) وەک نەسل ورەوتێکی ئەدەبی(نسل چهارشعرکوردی) بەپێناسەو موختەساتی تایبەت بەخۆی سەیری بکرێ دەبێ بڵێم کەئەوەنەبەتەنیالەبواری ئەدەب دا، کەلەپانتای جیهانیش دائاساییەونکۆڵی لێ ناکرێ.

ئەویادداشتەش کەلەبەردەستە پتردەڕوانێتە سەر تایبەتمەندییەکانی زمانی وکەلکەڵەکانی شێعری بەرەی چوار،

(مۆتاسیۆنی سووژە و مانۆوری زمان لەشێعری بەرەی چواردا) تێپەڕاندنی ناچاری دیالکتیکێکی نامەوجوود

شێعرئەگەرچی تاحزووری فیزیکی خۆی لەدونیای زەینی وڕووحی خوێنەروبەردەنگ دادەسەلمێنێ، بەردەوام لەجەغزوبەستەری زەینی وتاکەکەسی شاعیرداMانۆڕدەدا، بەڵام لەگەڵ سەلماندنی حزووری خۆی، توانایی ڕووحی وزەینیشی بەمرۆڤ بەخشیوە. شێعرتێکنۆلۆژیای فکرەولەڕەهەندی زمانەوەدەبێ بەردەوام زاوزێ بکاوتویخ باوێ.مێژووی شێعری کوردی ڕەنگە تائێستائەوەندەبەرفرەوان نەبووبێ کە بزۆزییەکانی زمان تابەرزترین پلەوپایەی خۆی نیشان بدا وەلی بەومانایەش نییە کە تائێستاخاوەنی ئەوبزۆزیانەنەبووە.

بەوپێشەکییەکورتەدەمهەوێ باس لەڕەوتێکی شێعری بکەم کەبە بەرەی چوارناسراوە.ڕەوتێک کەئەگەرچی لەباری عاتفی وسۆزوهەستەوە، دڵسۆزی شاعیران ولەباری زانستییەوە، تیۆروتکنیکی لەپشت بووە، سەرەڕای ئەوەش بێ کێشەوگرفت نەبووەونییە.کێشەوگرفتەکانیش پتردەرکین تاژوورەکی.

بۆیەدەڵێم دەرەکی چونکەلەلایەن زۆریەک لەوانەی واهێشتاش بەڕوانگەیەکی پاستۆڕاڵ وئۆستوورەیی ودەمارگرژانەلەئەدەب دەڕوانن، نەتەنهاوەک شێعروتەنانەت وەک ژانرێکی ئەدەبیش وەرنەگیراوە، کەگەرەکیانە هەرلەڕەوتی ئەدەبی کوردیش بیهاوێنەدەرەوە. ئەوانە لایان وایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای مامۆستایانی شێعروئەدەبی کوردی لەنالی ومەحوی وسەیفولقوزات وهەژاروهێمنەوەبگرەتاسوارە ومەلەکشاو... ئەدەبی کوردی شاعیری بەخۆیەوەنەدیوە هەربۆیە لایان وایە هەرچەشنە ئاڵ وگۆڕسازکردنێک لەزمان دا ودەرخستنی دیکەی تکنیک وپوتانسییەلەکانی ومانۆڕدان لەسەریان گوناهی کەبیرەیەو شاعیری ئاوانگاردوپێش ڕەویش بکەری ئەوگوناهە. دەبێ ئەوەبڵێین کەئەگەرچاشنی شێعری کوردی سەردەمانێک ناسیۆنالیزم ودڵداری وهیجران وعیرفان و...بوو، شێعری ئاوانگاردبەهیچ شێوەیەک خۆلەوبازنەیەدانابەستێتەوە وتائەوجێ دەرەتانی هەبێ دەڕوانێتە پاژ ووردەپاژەکان وکەلکەڵەکەڕەوانی وتاکی وکۆمەڵایەتییەکان لەکاناڵی تیۆروتکنیکەوە. ئەگەر خوێنەری کوردهێشتابەوقەناعەتەنەگەیشتووە کە خۆلە هزری ناسیۆنالیستی ودڵداری خێڵەکی وعورفی دوورەپەرێزکاوخۆی لەچوارچێوەی هزری نوێ وئەندێشەی مۆدێرن دابدۆزێتەوە، ئیترئەوەناکرێ وەک پاڵنەرێکیش بۆنکۆڵی کردن لەڕەوتێکی نوێی ئەدەبی، لێی بڕواندرێ.دیارە لەوبەستەرەدا پترلەوەی بیرۆکەی دابەزاندنی ئەدەب بەتایبەت شێعرهەبێ، دەبێ بنەماکانی پێشکەوتوویی وگەشەی بنچینەتیۆری ومەعریفییەکانی کۆمەڵگا پتەوتروبەبڕشت تربکرێن.ئەوەیکەشێعری مۆدێرن وبەرەی چوارتائێستاش نەگەیشتۆتەشەئن وپلەوپایەی خۆی ڕێک دەگەڕێتەوەسەرئەو کێشەیە کەخوێنەری کوردحەولی خۆدەربازکردنی لەودۆخەنەداوە.کێشەیەکی دەرەکی ترکەدەبێ باسی لێ بکرێ نەبوونی ڕەخنەگری جیددیە کەنەک لەئەدەب دا کەلەبوارەکانی تریش دانەڕووی خۆی نیشان داوەنەئەگەرلەلایەن چەندڕەخنەگری بێ لایەن کەوتۆتەبەرباسیش، ڕۆژی خۆشی بەخۆیەوەدیتووە. ئەوئارێشەیە(معطل)وای کردووە کەلەبری ڕەخنەگروخوێنەری جیددی پتر خودی شاعیران قۆڵ لە ڕەخنەوتاوتوێ هەڵماڵن کەئەوەش لەجێگای خۆیدا هەندێ کێشەی لێ کەوتۆتەوە.

ئەونووسراوەیە نەدەیهەوێ ڕەوتەشێعرییەکانی تر ڕەت

کاتەوەنەدەیهەوێ بێ ڕێزی وپاکتاوبکانەدەشیهەوێ شێعروشاعیری بەرەی چوارلەڕەخنەموبەڕاکا.کێشەی سەرەکی ئەم نووسراوەیە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەوتێم وبەک گڕاوەندە کەخۆی بەسەرعەقڵانییەتی خوێندنەوە وشرۆڤەی کۆمەڵگاوخوێنەری کورددا چەسپاندووە. بەدڵنیاییەوەتەقەللا ودەخۆنووسانی شێعری بەرەی چوار ئەومەبەستەی هەیە کەئەڵبەتە پتردەخزمەتی گۆڕینی شێوەڕوانین بۆچەمکەکان ودەرخستنی لایەنەتکنیکییەکانی زمان دایە،بۆیە گارد و هەڵوێستی شاعیر، بەروپترلەوەی بیهەوێ پلەی خۆی دابەزێنێ تەنیابۆگەیاندنی پەیام وپێوە ندییەکی تاک لایەنە، خۆی دە کاتە سووژە وبۆئە و مەبەستەش هەست بەمۆتاسیۆن(جهش)وشکاندن وڕووخاندنی بنەماچەقبەستووەکان دەکاتاماهییەتی وشە ڕووەو ئاقارێکی ڕووناکبیرانە وشارستانی بگوێزێتەوە. باس لەشارستانییەت کەدێتەئاراوە بەمانای دوژمنایەتی وشەڕەناوچە لەگەڵ فەزای لادێ نییە بەڵکووباس کردن لەشارە هەم وەک مەکان هەم وەک فەزایەکی ئاڵۆزوپڕلەپێشکەوتوویی وگەشە وسەد ئەڵبەتە بێ عەداڵەتی، ڕەخنە گرتن لەچلۆنایەتی ماناپەیداکردن ودامەزرانی شارلەشێعری ئەوکۆمەڵە شاعیرەدا بەدڵنیاییەوە دەکرێ وەک ئێلێمان گەلێکی شێعری بێتە ئاراوە. قۆنتەڕاتچی هەمووئەو وێران کردن وداڕشتنەوەنەبەتەنیاکۆنێش وئیدەئالیزمی ئیڕادی وداڕووشاو و ڕووتینی خودی شاعیرکەزەینییەت وشێوەڕوانینی سەییال ولەهەمان کاتیش داپلۆڕاڵیەتی.

شاعیری بەرەی چواربەحوکمی ئەوشێوەڕوانینە ئانارشیستەو بەرامبەربەوپڕەنسیپانەوەدەوەستێ کەهەمووحەول وتەقەللایان دەخۆدامانەوەوئۆتیسم وئینفعالی زمانییە.

زمان لەشێعری بەرەی چواردا نەلەئەکتیوبوون وبوێری خۆی، کەتاڕادەیەکی یکجارزۆرلەدیالکتیکی نێوان خۆی وکۆمەڵگابێ بەش کراوە، سەرەڕای ئەوەش سەرچاوەی لەوپڕۆتستۆوئۆپێڕاسیۆنە گرتووە کەدەڕوانێتەمێژووی ئەدەب ودیالکتیک لەگەڵ ئەو(دابڕان)کەشاعیرلە بە ستێنێکی پێشنیاردەر وداهێنەرانەدائاراستەی دەکا.

وەک وترا ئەگەرچی شێعری بەرەی چواری کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان تاڕادەیەکی یکجارزۆرلەدیالکتیکی نێوان خۆی وکۆمەڵگابێ بەش کراوە بەڵام ئەوەهیچکات نەبۆتە زەمینەسازی ئەوەیکە خۆی لە

شێوازی کەشفی زەرفییەت وچەمەوازی(انعطاف)،وداڕشتی فۆڕم وناوەرۆک بەپێناسەی نوێ وبایەخ دانبەعەقڵانییەتی خوێنە رونێوئاخن کردنی خۆی بەتکنیک وگەمەگەلی بە هێزی وەک ئایرۆنی وپاڕۆدی وگرۆتسک وشێوازی ڕەوایەت وپۆلی فۆنی وچەندناوەندی وچەندزمانی وپێرسۆنا

وهتد....کە تائێستابە وشێوەیەنەدیتراون، بدزێتەوە.

بەرجەستەترین خاڵی مانیفێستی نەنووسراوەی شێعرلێرەدا ئەو ئازادییە کاریزماتیکەیە کەشاعیردەزمان دا بەرجەستەی دەکاتەوە.

سە روکاری خوێنەرلەدەقی شێعری بەرباس دا پترلە نووسراوە، لەگەڵ پەیڤ ووتووێژی دیمۆکراتیکییە. گادامێرکوتەنی؛لەوەهادەقگەلێکی شێعری دابەردەوام پێویستی بە زەرووڕەتی هەڵکشان وداکشان(نوسان) هەستی پێ دەکرێ بۆئەوەی پڕۆژەی دەرک باشتربەئەنجام بگا وچەمکی چێژیش هاوکات تێئۆریزەبکرێ . دەرکی ئەوحەقیقەتە بێ گومان سەرچاوە لە گەمەی دوولایەنەی دەق وخوێنەردەگرێ، هەربۆیەخوێنەری ئەودەقەئەگەرگەمەباز نەبێ پێویستە گەمەزان بێ.

بەرهەمی هەمووئەوهەڵوێست وڕووبەڕووبوونەوەلەگەڵ زمان(لەلایەن شاعیر)ودەق(لەلایەن خوێنەرەوە)، تەعامولێکی ئیجابییەلەگەڵ شێعروخولقاندنی فەزایەکی دیمۆکڕاتیک وپلۆڕاڵ وشارستانی.

بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەگەرخوێنەروبەردەنگ لەگەڵ ئەوشێوە شێعرە بەهاوڕایی وتەعامولیش نەگەن، دەگەڕێتەوە سەرئەو هۆیەکەگەلی کوردهێشتانەتەجرەبەی مەکانێک بەنێوی شاری هەبووە نەتەجرەبەی ژیان وڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەزایەک بەنێوی شارستانییەت ومەدەنییەت.ئەوکێشەیەش زۆرجاربەرۆکی شێعری بەرەی چواری گرتووە. زەینییەت وبیرۆکە وشێوە ڕوانینی شاعیرلەگەڵ زمان وبەهادان بەعەقڵی خوێنەر، زۆرجارلەبری تەعامولێکی دیمۆکڕاتیک لەگەڵ شێعرلەلایەن خوێنەری کورد، ڕەفزوئینکاروحاشای لێکەوتۆتەوە.

ڕەزاعەلیپووربەدووکتێبی(قاڵییەک دەناسم لەهەرچی گوڵیەتی ماندووە وکتێبی کڕاکە),کەماڵ ئەمینی بەکتێبی(قاڵاویانی قەفەسێکی خاڵی),جەمیل موڕادی بەکتێبی (خەونباز)وشوعەیب میرزایی بەدووکتێبی(کراسێ نەماوە دووریتی تیانەگریم وکتێبی شەوێ بێ ئەم شارییەشڵپاوەوعەتازامارە وگورگەکانی خانمی١٩٦٨) ئەوچوارشاعیرە بوونەکەتائێستابەشێوەیەکی کۆنکرێت ئەوحەول وتێکۆشانەیان سەلماندووە هەرچەندوێڕای ئەوان شاعیرگەلێکی تریش بەشێوەگەلی جۆراوجۆرئەو جەسارەتەیان سەلماندووە ولێرەولەوێ شێعری بەهێزیان ئاراستەکردووە کەلەونووسینەداناکرێ فاکت ونموونەیان لێ بێنینەوە.

بەهەرحاڵ دەبێ بڵێم کەلەشێعرودەقی شاعیرانی بەرەی چواردا،

ئە وبەک گڕاوەندە وای کردووە کەزمان وێڕای خسڵەتەکانی ئاماژەپێکراو، سەربەخۆیی خۆشی پاراستووە.

سەربەخۆیی کەدەڵێم مەبەستم لەوئۆتۆنۆمییە غیرەت مەندانەیە کەزمان لەڕێی خودئیرجاعییەوە تەکلیفی دال ومەدلوول وخوێنەر دیاری دەکا.خوازە وئارەزووی خوێنەرلەوەهادەق گەلێک دا هەرلەلایەن زمانەوەبیچم دە گرێ.دەمهەوێ بڵێم شێعری ئەوڕەوتە نەشێعرێکی مەنتقی ولۆژیکی کە بناغەکەی لەسەرمەنتق ولۆژیکی شێعری دامەزراوە(شێعری لۆژیکی =شێعری تاک لایەن) ، لۆژیکی شێعری(هەڵگری ئانارشیزم وگەمە وتکنیکی زمانی بەهەمووئەولق وپۆیانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا).

بەهەرحاڵ ئەگەرنەختێک قووڵترلەوبابەتەبڕوانین دەتوانین ئەوەش بڵێین کەلەوشێوازە شێعرییە دا یالێکتیکی زیندووی سۆبژە وئۆبژە(خوێنەروزمان) بەتەواوی ڕەنگ دەدۆڕێنێ وتەنیالایەنی ئۆبژەی شێعرەکەمانۆردەدا.

زیندوومان ونیشات وجموجۆڵی زمان گرینگترین وسەرەکی ترین بەرهەمی ئەوتەعامولەن. واقیعی شێعرودەقی ئەدەبی ونووسەرەکەی لەگەڵ ئەوەیکەلەگەڵ خوێنە رهاوچەرخن بەڵام پاوان کراوی مێژوویەکی سنووردار وخاوەن ئێکسپایێرنین، وێڕای ئەوەش شێعری ئەم ڕەوتەبەهۆی ئەوخسڵەتە زمانیانەی کە پێشترباسیان لێوە کرا بەردەوام خاوەن مێژووی تایبەت بەخۆیانن کە ئەوسەرچاوە مێژووییەشی لە زاتی خۆی داهەیە.خسڵەتی خودئیرجاعی وسووژە بوونی زمانی شێعری ئەو ڕەوتە ڕێک لەوتایبەتمەندییە شازەداشاراوەیە کەلەفەزایەکی پلۆراڵ وپۆلی فۆنیک چاوەڕوانی دەکرێ.

هەربۆیە دەقی شێعری لەوڕەوتەدا نموودی ئەودیاردەناسییەی شارە(وەک فەزا و وەک مەکان) کەنەتا ئاستی ئارمانگەرایی وئیدئالیزمی خوڵقێنەرەکەی نزم دەکرێتەوە نە قۆرخ کراوی دەرک وتێگە یشتن وشیکارییەکی تاک لایەنەوبۆنبەست وداخراوە.تەنانەت ئەگەردەقی شێعری لێرەدا بە داهێنانی ناخودئاگای نابغەیەکیش بزاندرێ، پێویستە بۆخوێندنەوە ودەرکی لانیکەم بەودەرئەنجامەستاتیکییەش گەیشتبین کەحەقیقەت لێرەدابەهەرشێوەیەک بێ خۆی ڕاگوێزی ئەندێشەی خوێنەردەکا.

بەهەرحاڵ ئەوەی تائێرە وترا ڕەنگە تەواو مانیفێست یاپێڕەوی داڕێژراوی ئەوڕەوتەنەبێ، بەڵام لەبیروڕای تاکەکەسی نووسەری ئەونووسراوەیەش جودانییە.

وەک نووسەری ئەم نووسراوەیەوکەسێک کەلەبواری شێعرداچالاکی هەبووەوهەیە، چێژی هەرەزۆرم لە وبالانس وتەعامولەدا دۆزیوەتەوە کەئاماژەیان پێ کرا. لام وایە جەوهەری سووژە بوونی زمان ئە وبوێری وجەسارەتەیە کە خوێنەریش موبتەلای خوێندنەوەودەرک وقەرائەتێکی بوێرانەوئەکتیودەکا.لە وبە ستێنەدا دەقی شێعری دەخۆگری ئێستایەکی بێ زەمانە(اکنون بی زمان)کەگادامێرباسی لێوەدەکا.پرسی داهێنان لە شێعری ئەم ڕەوتەدا بە یەقین مەنێش وخووخدەیەکی زمانی هەیە کە نێوبژێکی بە هێزە لە نێوان جیهانی کۆنکرێت وجیهانی زەین وئەندێشەی خوێنەر.دیارەلەوتارێکی کورت دا ناکرێ لەوەزیاترباسەکەبکرێتەوەبەڵام لەکۆتایی دا، دەبێ بڵێم وەک تاک،

لەلایەکەوە نکۆڵی لەشوێن دانەری ڕێژەیی ئەدەب بە گشتی(بە تایبە ت شێعر) وکۆمەڵگالەسەریکترناکەمولەلایەکی تریشەوە لام وایە ئەدەب(دیسان بە تایبە ت شێعر)، ئەگەر پێش کۆمەڵگارەوتی خۆی نەپێوێ، بێگومان بەپاشکۆ و شوێن کەوتوو وجێماوی کۆمەڵگاشی نازانم . هە ربۆیە لام وایە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە شێعرییە ڕەنگە هاوکات بێ لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی ڕیفۆرم خوازی لەئێران دا،بەڵام ئەوەبەومانایەنییەکە سەرهەڵنەدانی ڕیفۆرم خوازی، سەرهەڵنەدان یانەزۆک بوونی ئەوڕەوتەشێعرییەشی لێ دەکەوتەوە.لانیکەم سەرهەڵدانی ڕەوت وبەرەی چواربەرلەهەمووشتێک، بەپێی ئەودیالکتیکەبووە کەئەدەب لەگەڵ خۆی دەرکی کردووە نەک لەکۆمەڵگای ئانۆمیک وهەڵپەسێراوی کوردی(*)..

هەروەک لەسەرەتای ئەو یادداشتەدائاماژەی پێ کرا، شێعرتکنۆلۆژیای فکرە ودەرکی ئەوزەرووەتە بووبەهۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە شێعرییە لەلایەن هەندێ شاعیری نوێخوازکەدەرکی ئەوپڕۆسەیان کردبوو.ئەوەیکەلەئێستاوداهاتوودا چۆن وەردەگیرێ پتردەگەڕێتەوەسەرعەقڵانییەتی خوێنەری کورد، کە پێموایەپێویستە هەموو ڕەوتەئەدەبییەکان بخوێنێتەوەو لەوئینفعالەبێتەدەرکەتائێستابەرۆکی گرتووە.

پانوشتها؛

۱ هنروزبان/هانس گئورک گادامروپل ریکور/ترجمه مهدی فیضی/رخ دادنو/چاپ اول۸۸

۲ تک گویی فرجامین/گزیده مقالات مسعودیزدی/گام نو/چاپ اول۸۶تهران

۳ آنارشیسم؛سیاست شاعرانه/هربرت رید/ترجمه حسن چاوشیان/نشراختران/چاپ اول۸۵

۴ ارغنون/شماره۱۴/درباره شعر/ وزارت فرهنگ وارشاد/چاپ دوم تهران۸۶

* بڕوانە هەفتەنامەی سیروان ژمارە۹۲۰(عەقڵانییەت وشێعری مۆدێڕنی کوردی) لەنووسینی عەبدولقادرنیازی



عادڵ قادری

# شیعری بەرەی چوار و دەرکەوتنی دۆزەخ

## (وردبوونەوەیەکی فەلسەفی-ئەدەبی لە ماناکانی بەهەشت و دۆزەخ/نیشتمان و غوربەت)

شیعری ئێمە زۆری بەبەرەوە ماوە تاکوو وەکوو پانتایەک لە ئەزموونی سووژەی شەقەکراو و "شارنشین" چاوی لێبکەین، ئەم حاڵەتە بۆ بەشی هەرە زۆری مێژووی شیعری نوێی ئێمە راستە. هۆکارەکانی ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرگرییەکی تەواوی من لە چەمکی"چاوەڕوانی" (١)expectationsبەخەونی دەرکەوتنی نوێتری ئەزموونی تازەتر، وابەستەی ئەم خاڵەشە کە رەهەندەکانی ئەزموونە شیعرییەکانی ئێمە بەکەمترین حاڵەت تیۆریزە کراون و لایەنە تازە و کۆنباوەکانی شی کراونەتەوە، بەداخەوە زۆربەی هەوڵەکان لەم بوارە گشتی بێژییەکی هاوبەش و پێداگرییەکی چەندپاتەکراو لەسەر کۆمەڵێک ئاماژە و بنەمای تیۆریکە، هەمووومان لە دیسکۆرسی ئێستای شیعری بەرەی چوار دەشێت ئەمەمان قبووڵ کردبێت کە لە دواجار دا "دەق" سەرچاوەیە و تیۆری تەنها ئیمکان و شیمانەکانی دەقی هەنووکە بۆ "دەق"ی داهاتوو کەشف دەکات و دەیخاتە ڕوو. دیارە لەم تێڕوانینە دا شیعر نە چوارچێوەیەکی کلاسیکی و نەریتی پێناسەکردنی بۆ بە گریمانەگیراوە و نە هەندێک باس و خواسی تیۆریک و پێناسەی گشتی پاساوهەڵگر(٢)justified بە بەری دا کراوە. بەڵکوو شیعر "ئەگەر بە دەربڕینێکی ناچاری زمانییەوە بیڵێم": رووە نادیار و لاشعوورەکەی وجوودی سووژەی ئێستای ئێمەیە لە فۆرمێکی زمانی گشتی دا. واتە گریمانەی سەرەکی و بنەمایی پشت ئەم وتانەی من ئەوەیە کە شیعر نە ریسالەتێکی دیاری بۆ دەسنیشان دەکرێ و نە پێناسەیەکی جێگیر و تەنانەت پارادایم (٣)paradigmیش وەردەگرێت بەڵکوو شیعر لە دواجار دا لە هەناوی دەق دا خۆی مانیفێست دەکات و دەقیش ئەوەندەی نیشانەیە بۆ بوونی شیعر ئەوەندە خودی شیعر نییە ئەگەر لاکانیانە بێژمی. ئا لێرەدایە کە چاوەڕوانی، سەودای داهاتنی شیعریتر و ئەزموونی تازەتری لەسەر دایە. وەکوو دیارە شیعر لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە رووە زمانی و وجوودییەکەی دا دەرکەوتنی زەق و دیاری خۆی لە ئەزموونی بەرەی چوار یان باشترە بڵێم "ئەزموونەکان"ی بەرەی چوار دا مانیفێست کرد. پێشتر شیعری ئێمە سەرەڕای هەموو هەوڵ و توانست و گەشانەوەکانی(زۆرتر لە رووبەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی دا هەڵبەت و کەمتر لایەنی شیعر وەکوو جیهانێکی خۆبژێو) لە ژێر سێبەری ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆری ئایینی و چەشنێک لە حیکمەتی ئیسلامی و دیسکۆرسی ناسیونالیزم(کە لە خۆگری نەریتگەلی کوردانە و حەزی نوستالژیک بۆ سرووشت و چەشنێک رەسەنایەتی رەشماڵانە و خێڵەکییانە بووە؛ بەگشتی بەو پێناسە و فامە ئایدۆلۆژیک و تەنگەبەرەی کە لە ناسیونالیزم و نەتەوەخوازی هەیبووە) "کرانەوەیی" و لادان و شکاندنی تێدا قەتیس کرابوو. شیعری بەرەی چوار دەرئەنجامی وشیاری بووە لەبارەی پێشینەی کەلەپووری شیعری پێش خۆی، وشیارییەک کە بە پلەی یەکەم دا لە ئاستە وجوودیی و سایکۆلۆژییەکەی هاتۆتە ئاراوە، نەک تەنها لە ئاستە تیۆری و مەعریفییەکەی دا. واتە سووژەی شیعریی ئەم شێوازە شیعرە ئەوەندە "هەست" و "ئارەزوو"(٤)desireیەکی وجوودی بۆ فامی وجوودی خۆی بزووتووە، ئەوەندەش لە تیۆرییەکان (هەم بۆ فامی جیهان و مەعریفەی نوێ و هەمیش بۆ فراونکردنی فۆرم و تەکنیک و پێکهاتە شکێنی لە دەق دا) کەڵکی وەرگرتووە، هەرچەند بێگومان ئەم حاڵەتە هەموو ئەزموونەکان ناگرێتەوە. لە رووبەرێکی پاژتەوەرانەتر(جزءمحور) دا ئەگەر باسی کەم دەڵێم: سووژەی شیعری لەفامی خۆی بۆ شار(بۆ نموونە ئەزموونی سوارە و شیعری شار) ورد بۆتەوە، و هەوڵی دا خۆی بە مەعریفە و تیۆری نوێ وشیار بکاتەوە. بەگشتی ئەزموونی سووژەی کوردی لە شیعری بەرەی چوار لەو خەون و مۆتەکە وجوودییەوە سەری هەڵ دا کە من پێی دەڵێم وشیاریی دۆزەخ. یەکێک لە لایەنەکانی سووژەی کوردی هەر بەم ئاراستە گشتییە دا ئەزموونکردنی غوربەتە. غوربەت لە ئەدەبی کلاسیک و نوێی ئێمە دا چەمکێکی نادیار و "غەریب" نەبووە بەڵام مانا و شکڵەکانی جیاواز بووە و ماهییەتی هەر کامەیان بە پێی پێگەی فامە وجوودییەکەیان هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش لەناو ئەو ژینگە وجوودییەی کە وشیارییان مەجالی فامی بۆ رەخساندووون.

غوربەت لای شاعیرانی کلاسیکی ئێمە لە باڵاترین حاڵەتی دا دابڕان و "هیجران"ێک بووە لە یاری ئاسمانی یان زەمینی(کە یاری زەمینیش لایەنێکی میتافیزیکی و ئایدیالیستانەی هەبووە و دەتگوت دەرکەوتەیەکە لە "جەمال"ی ئیلاهی و لە دواجار دا شارێگەی فامی یاری ئاسمانی(پەروەردگار) بە سەرزەمینی یاری زەمینی دا دەڕۆشت)، غوربەت لای سوارە و لە شیعری شار دا دوو ڕەهەندی هەیە یەکەمیان ڕەهەندێکی نوستالژیکی شیعریی و چێژ بەخشە و دووهەمیان هەڵاتنە لە فەزایەکی نوێ بە ناوی شار کە ماهییەتی پێوەندی و فۆرمی ژیان و خۆشەویستی و تەکنیکەکانی ئازاری دەدەن، لە ڕووی دووهەمەوە سووژەی شیعریی بەرەی چوار ڕاست پێچەوانەیە واتە سووژەی شیعریی لەبەرەی چوار لەو فەزا دووکەڵاویی و پڕهەرا و تکنیک و ئاڵۆزە هەڵنایەت بەڵکوو هەموو ریسک و تاڵی و ناباوی و دژەباوی و سووکی و چرووکی و داڵغە و خەم و عەشق و هەرزەگی و...بەگشتی ئەو شتەی کە من پێی دەڵێم"غوربەتی تازە"دەبینێت و لەناوی دا دەست دەکات بە ژیان و بوون، خۆی بەرەوروی دەکاتەوە و ڕەوایەتی دەکات. بۆیە ئەم بەرەیە سەرەڕای هەڵگرتن و کرانەوە بەرەوڕووی ئەم غوربەتە تازەیە، لەخۆگری لادان و دابڕانێکیشە لە فۆرمە ناسیونالیستییەکەی غوربەت، واتە ئەو بنەمایانەی کە دیسکۆرسی ناسیونالیزم بۆ پێناسەیەکی تەنگەبەر و سادە و وێنەیەکی بێخەوش و بەهەشتییانە لە نیشتمان دەیخستە روو شکا، وێنایەک لە ئاوێنەی نیشتمان و غوربەت وەکوو دوو شوێنی بەرهەست و عەینی ئیتر کەوتە پەراوێزەوە و ڕەخنە کرا. نیشتمان ئیتر ئەو شوێنە نەبوو کە هەستی غوربەتی تێدا نەکەی، نیشتمان ئەو جیهانەیە کە هەموو هەست و ئەزموون و وجوود لە کاتی وشیاری و ناوشیاری دا ڕەنگی دەگۆڕێت، نیشتمان لەم ئەزموونە دا ئیتر تەنها بە واتای شوێنێک نییە کە داگیر کرابێ و دەبێت لە دەستی غوربەت سازان و داگیرکەران دەربهێنرێت بەڵکوو ئاماژەیە بۆ نادیار و ناشوێنێک، بو ئەو هەرێمە دەروونی و وجوودی و ناکۆتایانەی کە پڕن لە پرسیار و غوربەت و ریسک و شکان و مردن.

وەک دەبینین لەم دێڕە شیعرانە دا ماناکانی نیشتمان و دەرکەوتنی غوربەت لە کۆمەڵێک نیشانەی زمانی و فۆرمی دەربڕین و ئاخافتن دا گۆڕانیان بە سەر هاتووە؛ نیشتمان لێرە دا ئیتر بەهەشتێکی ئایدیال نییە بەڵکوو دۆزەخێک لە وشیاریی "نەوت" و گڕ:

ئەی کە نەوتێ نەبوو
تا نیگەرانی بێنەوتی
نیشتمان بم
تا چرایەکی
حەرام بم بۆ
مزگەوت و
مەدرەسە فێری ئەلف و بێی
عەرەبی کەم!
:[ ئەلف تا ی
هازا گوی و
هازا مەیدانی دونیا و
دینم درزێکە وەک بینین:
یا کەریم
گمەگمێ لە گومبەزی دەروونمەوە دێتە دەرێ
تۆ بڵێی سەیزادەکەی سەراوی کام قامیشەو
لە تووووورەوە تا
سووووور ترم ئەکا لە تۆ
شاعێر ترم ئەکا لە خۆم و
خواااا ترم ئەکا لە تەنیایی

**جەمیل موڕادی، موناجات**

یان لەم دێڕانەی خوارەوە کە بەرئەنجامی ئەزموون و فامێکی تازەیە لە "زەمان" و نازەمانییەت و نانیشتمان و هەموو ئەو شتە تازانەی کە دەشێت پاش "نا"یەکی غەریب و وشیاری دۆزەخییانەی سووژەوە سەری هەڵدابێ:

زەمان تاقورس تربێ
شەهیدحەریفی سەری خۆی نابێ/
من زەوی بووم وگشتی
تۆشەهیدبووی وزەوی
گشتیی زەمان بوو و نیشتمان
.....
شەهیدبوونە لە کەوش دا
سەفەرە لەئەبرێشەمی زەمان دا و
خەون بەکڵاوێ کەشەهیدنەیبوو و
نیشتمان لەسەری نا
قادر نیازی، زەمان بیرەدا نەڕۆشتووە

هەر وەکوو لەم دێڕانەی کۆتاییش دا دەبینین مانای نیشتمان ڕەخنەکراوە و مانایەکیتر لە نیشتمان و هاوپێوەندە واڵاکەی(شەهید) خراوەتە ڕوو. نیشتمان ئیتر شوێن نییە لەم ئەزموونە دا، نیشتمان ئەو هەرێمانەیە تا ئێستە بۆی نەڕۆشتووین "وەکوو زەمان"!

نیشتمان پێدەچێت عینجە و فینجەی شاعیرێک بێت کە شار... خەونی لێ تێک داوە/چووە!۵ ئەو خەونانە بێ کە پێدەچێ حەسەن دیبێتی۶، یان قەفەسێک بێت بەمانای قالاو۷ یان غوربەتی ئەو شاعیرانە بێت کە بۆ بێتاقەتی شاعیرن۸ یان... وەها فامێک لە نیشتمان لە ڕەهەندە گشتییەکەی دا گەیشتن بەم تێگەیشتنەیە کە ئیتر سەزەمینێکی کۆنکرێت و لەژێرپێ ناشێت و ناتوانێت "بەهەشتی سەر ڕووی زەمین بێ...ئاوی



کایەوە. وشیاریی دۆزەخ و دۆزەخی وشیاریی هەناوی سووژەی شیعریی ئەم بەرەیەی گڕاوی کردووە.٩

لە کۆتایی و لەم باسە کورتەدا دەشێت بڵێم مانا و فۆرم و شکڵەکانی غوربەت و نیشتمان یەکێک لەو تەوەرانەیە کە دەبێ لە ئەزموونی سووژەی شیعریی کوردی دا تیۆریزە بکرێت و بخرێتە روو چوونکوو ئەگەر بەدەر لە پرۆژەیەکی تیۆریزەکردن و خوێندنەوە و تەئویل و دواتر رەخنەکردن ئیش بکەین تووشی غوربەتێکی زیاتر و کارەساتبارتر بە ناوی غوربەتی خوێنەر دەبین کە لەگەڵ ئەم سووژە شیعرییە دا ناکۆک و نابووگە. ئەمەش جەوهەرێک بە ناوی بزۆزیی و دینامیک بوون و نەوەستان لە هەناوی شیعری ئەم بەرەیە دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

-١چاوەڕوانی بەم واتایە لە لایەن دامەزرێنەران و هۆگرانی رێبازی کونستانش دوو لایەنی هەیە لایەنێکی زەمانی و لایەنێکی تاکی و فەردی لە هەر دوو لایەنەکە داکۆکیکەری تازەتربوونەوەیە. چاو لە "رامان سلدن، پیتر قیدسون ترجمە عباس مخبر، نظریەهای معطوف بە خوانندە؛ ،ص ٧٤- ٧٧" بکەن و هەروەها "کتێبی کورستان، وەرزنامەیەکی تیۆری، ئەدەبی، کولتووری، ژمارە ٢، هاوینی ٢٠٠٣ل ٣٢١

-٢بۆ باسێکی تایبەت و پسپۆرانە لەسەر چەمکی پاساوهەڵگریی و پاساوەرگریی و هەروەها وەکوو کلاوڕۆژنەیەک بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ هەندێک تیۆری زانستی-فەلسەفی بەمەبەستی تیۆریزەکردنی ئەزموونی بەرەی چوار چاو لە وتاری"آیا معرفت، باور صادق موجە است؟نووسینی ادموند گیتیە، ترجمە؛ شاپور اعتماد" بکەن لە گۆڤاری "ارغنون، فلسفەی تحلیلی،چاپی دووهەم، ژمارەی ٧و٨، زستانی ١٣٨٦ ل ٣٢٠".

-٣پارادایم لێرەدا بەو واتا زانستییەی(کە لە زانستی فیزیاوە هاتووەتە ناو باسە فەلسەفییەکان) کە تووماس، ئێس، کوهن باسێ دەکات واتە رەوتێکی

لەبەستێنی زەمان دا دێتە ئاراوە و شکڵێکی جێگیر لە دیاردە یان شتێک دەدا بە دەستەوە، بێگومان شیعر لە جیهانی مودێرن دا هەڵگری وەها تێروانینێکی کراوەی بواری فەلسەفەی زانستیش نییە و لە شیعری کوردی رۆژهەڵات دا بەرەی چوار لە ئەزموونی سەلماندن و گەشاندنەوەی ئەمە دایە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم باسە و پارادایم چاو بکەن لە کتێبی" کوهن، توماس، اس. ساختار انقلابهای علمی، ترجمە عباس طاهری، نشر قصە"بخش فلسفە علم پویا ل ٢٧تا٥٣

-٤ئۆنتۆلۆژیای ئارەزو و پرۆسێسیوسەکانی بە سوژەبوون، وتارێکی ئینتەرنێتی ئەبووبەکر جاف کە لە کەلتوورمەگەزین دا بلاو بۆتەوە.

٥و٦و-٧ئاماژەیەکی شیعرییانە بۆ سێ دەفتەرە شیعری بە عینجە و فینجەوە چ شار؛ ساڵح سووزەنی و کڕاکە؛ رەزا عەلی پوور و قالاو یانی قەفەسێکی خاڵی، کەماڵ ئەمینی.

-٨ ئاماژە بۆ یەکەم دەفتەرە شیعری تازەی سەلاح موحەمەدی"بۆ بێتاقەتی شاعیرم".

-٩هەروەکوو لە شوێنیتر و بەوتاریتریش باسم کردووە لایەنی بووناسانەی ئەم ئەزموونە و تەنانەت کۆی ئەزموونی شیعریی ئێمە ئاوری لێنەدراوەتەوە و من لە پرۆژەیەکی تاکەکەسی دا و لە سەر چەند شاعیری دیاری ئەم بەرەیە ئیشم کردووە و وتارگەلی دوور و درێژم نووسیوە کە بەشی زۆریان هێشتا بلاو نەبوونەتەوە. پێشتر لە یادداشتێک بە ناوی "ئەزموونی نوێتر خواز و گەڕان بە دوای هەرێمەکانیتری بوون" کە لە رۆژنامەی هیچ دا بلاو بۆتەوە ئەم بۆشاییە تیۆریک و فیکرییەم لە پانتای خوێندنەوە و رەخنەی ئەزموونی شیعریمان دا بەگشتی ئاماژە پێداوە، پێویستە بڵێم شاعیرانی ئەم بەرەیە لەوە زیاترن کە ناویان لێرە دا هاتووە و من تەنها ئەو شیعرانەم کە لەبەردەست بووە بۆ مەبەستی باسەکەم هێناومەتەوە، ئەگینا ئەم بەرەیە شاعیرانی زیاتری هەیە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان کتێبیان چاپ نەکردووە و دەقەکانیان بە ئاسانی نابینرێنەوە.



# ل‌ە شارەوە بۆ شیعر



## تێڕوانینێک بۆ چەمکی مەدەنی لە شیعری نوێی کوردیدا.



سەلاح موحەمەدی

کاتێ وشەی شیعر بە کار ئەهێنین مەبەستمان دونیایەکی پڕ لە ئیمکانی زمانیە، دونیایەک کە دواجار لە پڕۆسەیەکی داهێنەرانەدا زەین و جیهانبینیی شاعیر ئەخاتە قووڵایی خۆیەوە.پێم وانییە هیچ دەق و خاوەن دەقێک بتوانن مکورانە بڵێن سواری شەپۆلی شیعر بوونە؛لە راستیدا دەقی کارا و پڕۆفشناڵ ئەتوانێ ئیمکانی زمانی بخاتە پڕۆسەیەکی بازنەیی خۆبونیاتنەرانەوە.واتە شیعرئەتوانێ قووڵایی ئیمکانی زمانی و زنجیرەی ناکۆتای وشە و زمان بە شێوەیەکی جوانتر بخاتە روو.بەردەوام بیرە سواو و رۆژانەییەکان،ئایدۆلۆژی و روانینە یاسامەندەکان کاریان بۆ چەوتاندنی زمان و پشت گوێ خستنی پانتای گەورەی زمان و رووماڵکردنی رۆژانەیی زمان بە سیمایەکی رووکار و کەم بایەخ کردووە.
کەچی ئەوە شیعرە یەکەم بەرەنگاری بێ بایەخ کردنی زمانە، زمانی شیعرییە کە هیچ عورفیاتێکی سایکۆلۆژیانە نایگاتێ و بەردەوام مەودایەکی زۆر لە پێشەوەی زمانی عورفیدایە و بە واتای راستەقینەی شیعر بە بارگاوی کردنی زمان بە ستاتیکا و تەکنیکی زمانی ، زمان لە پلەی بەهادار و شایستەی خۆیا دائەنێت. کەواتە بە یارمەتیی شیعر و بارودۆخی شیعر لە جیهانبینیی ئێمەی شاعیردا و واقیعی چەند و چۆنی هەستکردنی کۆمەڵگای ئێستای کوردستان بە شیعر، تەوەری شار و شیعر یان روونتر بڵێین چەمکی مەدەنیی شیعر شرۆڤە ئەکەین.
بێگومان یەکەم فیشەک کە بە ناوچاوانی شیعرەوە ئەنرێ، بە ستاندارد کردنی زمانی شیعر و پێناسە کردنی کلیشەیی شیعر ئەینێت و تووشی دەیان دەردی وەکوو ئایدۆلۆژی ، عورفی بوون و ئیفلیجی زمانیی ئەکات کە لە ئاکامدا بەرهەمی شیعریی ستاندارد بە شێوەیەکی بەربڵاو و کوشندە لە خۆی ئەخاتەوە ؛ لە بەرانبەردا تا دێ دەقی تێژبینانە و پڕۆفشناڵی ئەخاتە پەراوێزەوە.

بە رووەکەی تریدا کە رووی بەردەنگ و خوێنەرە ، رێژەی خوێنەری چالاک و تێژبین کە خوازیاری دەقی تەکنیکی و جیاوازن کەم ئەبێتەوە و رێژەی ئەو بەرهەمانە کە بایەخی تەکنیکی و هونەرییان لاوازترە زۆرتر ئەبنەوە و کڕیارەکانیشی لە دووتوێی شەهوەتێکی ناهونەرییەوە ئەبنە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرهەم هاتنەوەی دەق و زمانی بە کلیشە و ستاندارد کراو؛ واتە ئەو جۆرە دەق و خوێنەرانە وەکوو تەواوکەری یەکتر ئەبنە هۆکاری بەردەوام خرەفاندنی یەکتر. ئەمە بە واتای باند و دەستە بازییەکی کوێرانەی ئەدەبییە و" هەندێجار ئەتوانین بەرهەمە کولتوورییەکانی ئەم تێڕوانینە عەشیرەییە وەکوو هونەر هەژمار بکەین ، بەڵام بە گشتی وەکوو پیشەی دەستی بەرجەستە ئەبنەوە و لەوە زیاتر تێناپەڕێن.١". لێرەوە هیچ هەوڵێک بۆ نادیدە گرتنی قۆناغەکانی شیعری کوردی لە ئارادا نییە و نامانەوێ بەرهەمی هەموو شاعیرێک دوورپێچی حوکمێکی دوور لە رەوشت و ئیخلاق بکەین؛ گومانی تێدا نییە شیعری کوردی بە گشتی پێستر خاوەنی ئەزموونی سەرکەوتووش بووە و چەندێن قۆناغی باشی بڕیوە؛ بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا بەرپرسیارێتیی سەر شانی شاعیر کەم نابێتەوە بەرانبەر بە دەقەکەی؛ رەنگە کەم بن ئەو شاعیرانە کە بە شەهامەتەوە دان بە ناتەواو بوونی ستایل و ستانداردی فەشەل هێناوی خۆیاندا بنێن و لانی کەم ئەگەر خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا گۆڕانکاری ناکەن ، هیچ نەبێ هیوایەتی نوێگەری و ئەزموونی تازە لە کەسانی دیکەدا نەکوژن. بۆیە ئەگەر شاعیرێک بیر لەو وتار و دیسکۆرسانەی دەور و بەری نەکاتەوە و کاربۆشکاندنی هەیبەت و شکۆی حەکایەتەکان نەکات و کاردانەوەی هونەری و تەکنیکی لە بەرانبەریاندا نەنوێنێ، ئەبێ گومان لە شاعیر بوونی خۆی بکات ـ ئەگەرچی شاعیری پڕۆفشناڵ وەکوو سروشتێکی ئەکتیڤانە بەردەوام گومانی لە شاعیربوونی خۆی هەیە ـ

؛بەڵێ غیاب و کەمرەنگ بوونی چەمکی مەدەنی و شاریانە لە ئارادایە.کەمتر لە دوو دەیەی پێش ئێستا بەرەیەکی نوێ لە شاعیران بە کەڵک وەرگرتن لە خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی و گەیشتن لە تیۆرە باشەکانی ئەدەبی جیهانی توانییان کۆمەڵێک درز و کەلێنی شیعری کوردی پڕ بکەنەوە و هاوکات بە خوێندنەوەی فەلسەفە ، دەروون ناسی و کۆمەڵناسی و ... ئاستی شعووری ئەدەبی و جیهانبینیی خۆیان بەرز بکەنەوە و بە شێوەیەکی ژیانکراو لە هەندێک لە دەقەکانیاندا وەکوو کاریگەری بەرجەستەی بکەنەوە. کەچی پەیوەندیی نێوان لقی و دیالکتیکی نێوانی ئەو بوارانە کە خۆی لە خوێندنەوەی کولتووری و کالچرالیستیدا ئەبینێتەوە کەمترین بابەت بوو بۆ وررووژاندنی واقیعیێ دیاری وەکوو هاونشینیی شیعر و مەدەنیەت و هەست کردن بە شارنشینی؛ بە داخەوە زۆربەی دەقەکان سەریان لە پۆلی فەلسەفە و زمانەوانی، نمایشکردنی دال و مەدلوول و چەندین بابەتی دیکە دەر هێنا و بە هۆی توندڕەوی و دووبارەیی بوونەوە بە هۆکاری هێواش بوونی ڕەوتی داهێنەرانەی شیعری کوردی دەرچوون بە جۆرێک کە بەردەوام هەر کارتە و بەتاڵ ئەبێتەوە بە ئاراستەی ستایل و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. لە هەمان کاتدا کە پڕچەکن بە تەمهید و تەکنیکی نوێی شیعرییەوە، تا رادەیەک وەکوو بە جێهێنانی ئیرادەت بە سەلەف کار ئەکەن. گەلێکی زۆر دەستەواژەی بە روخسار پاستۆراڵ و لە ناخەوە لادێیی لە دەقەکاندا کۆدی جیهانبینی و کردنەوەی فەزاکانن ؛ تا ئێستاش لە ژێر درەختێکا ، بە سەر شاخێکەوە، لە ژێر هەورێکا ، بە دەم زریان و شنە باوە ، لە جادەیەکی دوورە شاردا قەتیس ماون و ئەمانە بوونەتە جوگرافیای خەیاڵیی نێو شیعرەکان و— ئەگەرچی بە گریمێکی پڕ لر چەندییەتیشەوە تەنانەت — ئێستاکەش بولبول و گورگ و کانیاو لێمان ئەوەڕن.

بەڵام ئایا ئەمانە لەمسکراوی شارن و وەکوو بەشێک لە ژیانی مەدەنیمان بەردەوام ئەزموونی ئەکەین؟ ئەو تێگەییشتنەمان لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێ کە بۆتە هۆی دروست بوونی بەربەست لە بەردەم پڕۆسەی نووسین لە شاردا؟

ئەگەر واتا خوازی و گرنگیدان بە ناوەڕۆک هۆکاری مانەوە بن لە عورفیات و زمانی بە ستاندارد کراوادا ، ئەتوانین بڵێین نەدیتن و گرنگی نەدان بە بینراوەکان لف و هاوکاری واتاخوازی و ناوەڕۆکە ؛ بەم واتایە کە لە هەر دەقێکی شیعریدا ئەزموونی زمانی و تەمهیدی شاری بە دی نەکرێ ، جیهانبینییەکی چوارچێوەداری لە پشتەوەیە ؛ جیهانبینییەک کە پڕە لە حەکایەتی گەورە و تاک ڕەهەند و ڕێگە بە بابەتی تازە بۆ بە پراکتیکی کردن لە ڕێگەی شیعریەتەوە نادات؛ واتاخوازی و چوون بەرەو قووڵایی لە زماندا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ میتافیزیکدا هەیە ، واتە دیسکۆرسی هەرە گەورە تا ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردیدا بە ئابدارچی و سەرۆکی شیعریشەوە بڤە میتافیزیکیەکانە کە غیابی ئەزموونی تازە و و بەکار نەبردنی تەکنیک و ڕێکاری نوێی لێئەکەوێتەوە و هەر وەک چۆن میتافیزیک مرۆڤی کۆیلە و بە قەفەزکراوی ئەوێ و روخسەتی ڕەهەندی جیاواز و ناعورفیی پێنادات ، ڕێژەی بینین و هەستەوەری بۆ هەموو شتێ لە ئاستی هەمان تاک ڕەهەندی و تەنانەت پلوراڵی ناتەندروست و گشت خوازدا ئەهێڵێتەوە؛ ئەگینا چۆن دەیان دەقی شیعری ئەخوێنیتەوە بەڵام هەست ناکەی خاوەن دەقەکانیان لە شاردا ژیاون؟ چۆن ئەو هەموو فەزایە لە ئەتمۆسفێری سەیالی شاریدا کاردانەوەیەکی کجا مەرحەبای هاوچەشنی ... و شەقیقەی بە نیسبەتی شارەوە لێئەکەوێتەوە؟ بێگومان ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ بنەمای سەرتاسەر بینی عەقڵی تاکی شاعیر و نا شاعیری کورد و بە جۆرێک لە ناخودئاگادا ریشەی کوتاوە کە بومبارانی ڕۆژانەی دیاردە گلووباڵییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە سەرییەوە نییە؛ ئەگەرچی لە کۆمەڵێک کەرەستەی نوێ و شارییانە کەڵک وەربگیردرێ، هیچ دەرکەوتەیەکی نییە جگە لە ڕەهەندە کۆن و تەنانەت عەشیرەییە پلوراڵییەکەی ٢. بە ناوهێنانی وشەی شار کۆمەڵێک بابەتی وەکوو مۆد، پەروەردە ، بیناسازی و سینەما و... بەرجەستە ئەبنەوە و مرۆڤ لە ناوەڕاستی پانتایەکی ئینفۆرماتیکدا بوردمانی ریکلامی ئەکەن ، کەچی بە سەر هەرەزۆری شاعیرانی کوردەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ خوڵقاندنی شیعری شاری نەبووە.

شار ئیمکانێکی پڕ لە پارادۆکسە ، ئەگەرچی لە رواڵەتدا ئاساییە بەڵام ژیانی مرۆڤی شاری پڕە لە رەنج و قەیران؛ لە زۆربەی دەقە شیعرییەکاندا نە ئاسەواری شار دیارە و نە قەیران، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەردەوام جۆرێک مەیلی ئینکار و نادیدە گرتنی نیشانەکانی شار لە ئارادایە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆتە هۆی دروست بوونی سووپەر ئیگۆیەکی سامناک بۆ دووری کردن لە دیالکتیکی شیعر و شار.ئەو ناخودئاگایەی کە شاعیری کوردی لە فەزای سیڤیلی مودێڕن دوور خستۆتەوە بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ کوشتنی دەرفەت و ئەزموون و لە ئاکامدا شانازییەکی کلیشەیی لێئەکەوێتەوە.

بگرە ئەمانە و سەدان دێڕی دیکە سەبارەت بە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی شاری بنووسین هیچ لە گرنگی و پێویستیی دیالکتیکی شار و شیعر کەم ناکاتەوە.ڕەخنەمان لەو دەقە شیعریانە گرت کە تیایاندا هەست بە بوونی شار ناکەین و فۆرم و بنەما و فەزاکانیان دیالۆگی زەینی و عەینی لەگەڵ شاردا ناکەن؛ هاوکات کۆمەڵێک دەقی دیکە هەیە کە بە شێوەیەکی رووکەشکارانە بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێ دەستەواژە و دیاردەی شاری هەوڵ ئەدەن زمانێکی شاری و فەزا و فۆرمێکی شاری بەرجەستە بکەنەوە ؛ بەڵام بەم شێوەیە نە ئایندە خوازیی یۆتۆپیای سەقەت دەستەبەر ئەبێ و نە دیستۆپیای مابەینی گشتییەتی شار و خودی شاعیر. گرفتی



سەرەکی یان غیابی شارە ، یان بوونی شار بە شێوەیەکی کارتۆنیی هاوچەشنی دیموکراسی و پەروەردەی کارتۆنی و ...؛ کێشەی سەرەکی لە بینینی واقیع و بە بینراوکردنی جیهانی واقیعەکاندایە"تێگەییشتنە گشتگیرەکانی ئێمە لە جیهان بەردەوام پابەندمان ئەکەن بە لە بەرچاو گرتنی بنەرتێکی گشتی و سەرانسەری بۆ بنەمای هەموو شتێک و لە ئەنجامدا وردەکارییەکانی ئەزموونی خۆمان لە شتەکان و تەنانەت خودی شتەکانیش بە ئاسانی نادیدە ئەگرین ... و بەم شێوەیە عەینییەتە بەرجەستەکانی جیهانی خۆمان نادیدە ئەگرین"٣.

بۆیە زۆربەی دەقەکانی شیعری نوێی کوردی نەیانتوانیوە رەهەندێکی سیڤیلیزە کراو و شاری بە شێوەیەکی جیددی لە پانتای بەربلاَوی زمانی کوردی دەربکێشن و دەقی رام نەکراوی لێ نمایش بکەن؛ رەنگە هەندێ کەس بە بەکارهێنانی وشەی لووس و بوورسی هەوڵ بۆ پەردە پۆش کردنی ئەویدیی گەورەی دەروونیان بدەن و لەو رێگەوە ژێستی براگەورەیی بۆ خوێنەر و شاعیرانی دیکە بگرن؛ بەلاَم ئێستا زمانی تاکی ئاسایی لە رێگەی پرۆگرام چەت و تۆڕە کۆمەلاَیەتی و بە گشتی فەزای سایبرییەوە زیاتر زاراوەیەکی مەدەنی و شارییانەی گرتوتە خۆی و ئەگەر توندرەوانە نەبێ لە زۆربەی جۆک و نوکتە و پەیوەندییەکانی دیکەدا ئەدەبییەتێکی مەدەنیانەتر ئەبینرێت. لە بەرانبەردا زۆربەی دەقە شیعرییەکان سەرقاڵی ئیلیتیزمێکی دووبارەیی و سواوی هەمیشەیین.

لە راستیدا بەم پێناسەوە لە زۆربەی دەقە شیعرییەکان، ئاساییە ترافیکی خوێنەری شیعری نوێی کوردی بۆ ئەم ئاستە پڕ شەرمەزارییە دابەزێ.

گوزەر نەکردن لە ستاندارد و بنەما سنووردارەکانی شیعر هۆکاری قەیرانی دەق و خوێنەرە و دیوی شارستانی و مەدەنیەتی شیعری خستۆتە پەراوێزەوە. ئەگەرچی هەندێ دەقی نوێی شیعری کوردی رەچاوی چەند سەنتەری و فرەرەهەندی ئەکەن و چەندین کارتی یاری ئەخەنە بەر دەست ، بەلاَم زۆرجار ئەو کارتانە بۆ بێتاقەتی دەرکردنی خودی شاعیرە نەک هاوبەش و دابەش کردنی جیهانی شاعیر و شار؛ زۆر جار بە کارهێنانی وشە و نیشانەی شارییانە بۆ دوانەکەوتنێکی رووکەشە لە کاروانی شار نەک سەر قافڵەییکردنی پرۆفشناڵیی زمان بە بەکگراوندێکی مەدەنی لە شیعردا. شیعری نوێی کوردی بە بانگەواز و ریکلام ناتوانێ خوێنەرە سووتاو و ئاف کراوەکانی ئاشت بکاتەوە؛ مادام شاعیربە کردەوە و واقیع لە شاردایە، پێویستە لە رێگەی تەکنیک و یاریی زمانیی تێکەڵ بە ستاتیکاوە خۆی لە زاراوەی خوێنەر نزیک بکاتەوە؛ راشکاوانەتر بڵێم: پێویستە زمانی سەر شەقامیی خوێنەری سەر شەقام بە شێوەیەکی تەکنیکی و ستاتیکایی لە رێگەی دەقی شیعرییەوە بە خواردی خودی خوێنەر بدرێتەوە.زمانی سەر شەقام بە هۆی تەوژمەکانی ژیانی مودێرن و کولتووری بەکارهێنەرانەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەتوانین بڵێین رۆژانە لەگەڵ گۆڕان و لەت لەت کردنی زەینییەتەکاندا زاراوەی نوێ دروست ئەکات؛ هەر چەشنە مۆد و کەرەستەیەکی مودێرن کولتوور و لەحنێکی نوێ ئەخولقێنێ و هەر تاکێکی شاری بیەوێت لە بەرانبەری بابەتە نوێیەکان و ئەو کولتوور و زاراوانەدا کە خۆیان ئافرێنداروی بابەتە نوێیەکانن خۆراگری بکات پەراوێز ئەخرێت.کەوابوو شاعیرێک کە خۆی لەو بارودۆخەدایە پێویستە

له ڕێگەی توانای زمانی و زانستی شاعیرانەی خۆیەوە بە شێوەیەکی جوانیناسانە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا مامەڵە بکات. هاوکات کار کردنی تەکنیکی لە سەر زمانی سەر شەقام ئەتوانێ زاراوەی نوێ و دەستەواژەی نوێتر تەزریق بکاتە نێو شەقام و ستاتیکای زیرەکانەی خۆی سواری زەینیەت و جیهانبینیی خوێنەر بکات.

” ئەگەر بمانەوێ خوێندنەوە بۆ جۆر و شێوازێکی تایبەت لە بەرهەم هێنانی کولتووری گشتی بکەین،بێگومان لەم بابەتە تێئەگەین کە پاڵنەرەکانی بە کارهێنان چ کاریگەرییەکی گرنگیان بە سەر چییەتی و چۆنیەتیی بەرهەمی کولتوورییەوە هەیە ” ۴. کەوابوو جیا لە حاشا هەڵنەگریی بەهای هونەری و شیعریەتی شیعر، فەزا و ئەتمۆسفێری شاری پاڵنەرێکە بۆ بەرهەم هێنانی شیعر لە جیهانبینیی مەدەنی و شاریدا. کاتێ زەینی مرۆڤی شاری بە هۆی سەرقاڵ بوونی ڕۆژانەوە ڕێگە بە دروست بوونی هیچ سەنتەر و ڕەهەندێکی موتڵەق و دیاری کراو نادات، کاتێ حەقیقەتەکان بەردەوام لە یەکتر کۆپی ئەکرێن و مرۆڤ لە ناسینەوەی حەقیقەتی ڕەسەندا تووشی هەڵە ئەکەن، لە ئەنجامدا جیهانبینییەکی یەک پارچە دروست نابێ و بەردەوام زەینییەتی فرەیی شێوازی تێروانین و بیرکردنەوە داگیر ئەکات. کاتێ لە تاکسییەکدا دانیشتووین یان سەیری تەلەفزیۆن ئەکەین، هاوکات و بەردەوام لە چەندین فەزا و بیرکردنەوەی ناهاوسەنگدا قەرار ئەگرین و



زەینمان بەردەوام لە بابەتێکەوە بۆ بابەت و فەزایەکی دیکە باز ئەدات کە بە باش یان خراپ سروشت و تایبەتمەندیی مرۆڤی شارییە و لەوانەیە بەم پێوەرەوە پەیوەندیی چەند زاراوەیی زمانی سەر شەقام و جیهانبینیی چەند پارچەی مرۆڤی شاری کە بەردەوام ئامادەی کاریگەری وەرگرتن لە دیاردە نوێیەکانە، ئاشکرا ببێت. تاکی مەدەنی بە هۆی خێرایی ژیانی شارەوە ناتوانێ کۆبەندییەک لەو هەموو فەزا جیا جیا و پچڕپچڕە بکات. پێش ئەوەی کە بە تەواوەتی لە فەزایەکدا نوقم ببێ باز ئەدات بۆ فەزایەکی دیکە و بەم شێوەیە هەموو فەزایەک بە ناتەواوی ڕەها ئەکات. کەواتە چۆن شاعیرێکی ئەم سەردەمە کە بە شێوەی زەینی و عەینی دانیشتووی شارە ئەتوانێ پێچەوانەی بارودۆخی ژیانی خۆی و دەوروبەری شیعر بنووسێ و لەو هەمووە ئاڵۆزییە تێنەگات؟ چۆن ئەکرێ لە گشتیەتێکی پارادوکسیکاڵی وەکوو شاردا شاعیر بە ستاندارد و ستایلێکی دیاریکراو و کلیشەییەوە دەقی شیعری بخولقێنێ و پێشکەشی خوێنەرێکی شاریی بکات؟ بێگومان دیالکتیکی نێوان شارو شیعری نوێی کوردی بە واتای خزمەتکاری و بە کۆیلە بوونی شیعر بۆ ژیانی شاری نییە، بەڵکوو بە واتای بەرپرسیارێتیی جیهان دۆخی دەقە بەرانبەر بە فەزای مەدەنی و شاری.

شیعری نوێی کوردی ئەتوانێ لە شاردا و لە دووتوێی قەیرانەکاندا بە جوانیناسییەکی ناعورفییەوە بەردەوام ئامادەی خۆ بنیاتنانەوە و خۆ پێشکەش کردن بێت؛ئەگەرچی خودی شیعر قەیرانە و هەرگیز بانگەشەی بۆ نەهێشتنی قەیران و سارێژ کردنی زامەکانی مرۆڤ نەکردووە، بەردەوام وەکوو چەقۆیەکی دوو سەر پەلاماری هەموو قەیرانێک ئەدات و ئەبێتە هۆکاری دروست بوونی قەیران؛کەوابوو ئەتوانێ دیالۆگی خۆی لەگەڵ شاردا بقۆزێتەوە بۆ دروست کردنی ئیمکانی نوێ و پانتایەکی گەورەتر.بە دەر لە لێک تێگەییشتنی نێوان شیعر و جیهان شاری ناکۆتای ئەم سەردەمەدا هیچ شتێک بە کڵاوی شیعری کوردی ناپێوێندرێت؛ ئەم جیهانە لەعنەتییە بەردەوام دەست وەرئەدات لە دازاینی خۆی و عونسورە ناتەباکان لە ناوەوەی خۆیەوە شووت ئەکات بۆ نسیان و فەرامۆشی.


خاڵ و سەرچاوەکان:

١.رابرت بروستاین.دموکراسی و هنر.ص ٣۵.ترجمه گروه شیراز

Tribal pluralistic٢.

٣. دیوید هال. از مدرنیسم تا پست مدرنیسم.ص ٧٣٣. گرداوری عبدلکریم رشیدیان

۴. دومینیک استریناتی.مقدمه‌ای بر نظریه‌های فرهنگ عامه.ص ٣٣٨. ترجمه ثریا پاک نظر



هوشیار بابایی

# دیسکۆرسی «شار» لە شیعری بەرەی چواردا

سەرەتا دەبێ ئەمە روون بکەینەوە کە شیعری بەرەی چوار نەک تەنها سەرهەڵدانی کاریگەریی لەسەر شیعری کوردی دانا و هەندێ ئەزموونی سەرکەوتووی پێشکەش کرد بەڵکوو لەسەر هەندێ ئەساس و بیر و بڕواو و جیهانبینی بونیاد نرا واتا ئێمە ناتوانین ئەم بەرەیە بەس بە تەکنیک و فۆرمی جیاوازەوە ببەستینەوە کە تەنها بە دەوری زەمەنی ئەدەبدا ئەسووڕێتەوە. شاعیر ناتوانێت بە بێ جیهانبینی جیاواز بە نیسبەت هەموو ئەو توخم و دیاردانە باسی گەمەی زمانی، پێکهاتە شکێنی و .. بکات. لەراستیدا شیعری بەرەی چوار بەر لەوەی دژ بە توخمە چەقبەستوەکانی شیعری پێش خۆی بێت، شۆڕشێکە دژ بە جیهانبینی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای خۆی. تۆ ناتوانی باس لە ئاشنایی سڕینەوە بکەی پێش ئەوەی دژ بە تەقەدوسەکانی جیهانی واقیع راوەستا بیت. ناکرێت پێکهاتەشکێنی بکەی بەر لەوەی هەموو سەنترالیزم و بیرێکی بونیادگەرانەت تێکشکاندبێت. تۆ ناتوانی ئایرۆنی و گاڵتە لە شیعری بەرەی چوار جێ بخەیت پێش ئەوەی گاڵتەت بە عەقڵ و ئاوەزی رۆحی دیکتاتۆرخوازنەی کۆمەڵگای نەریتخواز کردبێت. ئەمانە و زۆر شتی دیکە بۆمان دەرئەخەن بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەم بەرەیە خۆی لە واقعی کۆمەڵگا دوورخستۆتەوە، نەک دوور نەکەوتۆتەوە بەڵکوو لە تەنوورەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا هەڵوێستی ئەدەبیانەی خۆی هەبوە. راستە بەرەی چوار شیعری وەک شیعر چاو لێکردوە درێژەدەری مێژووی ئەدەب بوە و گێرانەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە بەڵام خۆ ناکرێ بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبەرچاو نەگرین. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە کە ئەدەب و کۆمەڵگا بە یەک ڕێبازدا دەچن بەڵکوو هەر وەک چۆن مۆدێرنیسمی ئەدەبی دژ بە رەوتی مۆدێرنیتە بوو لەم حاڵەشدا جۆرێک دیالێکتیک لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا لە ئارادایە.

پاش دوو دەیە لە تەمەمەنی سەرهەڵدانی شیعری بەرەی چوار و بڵاوکردنی هەندێ کۆمەڵە شیعری شیاو( ئەڵبەت نابێ نکووڵی لە هەندێ دەقی ناشیاو و برێجاریش تەنها ژێستێکی شاعیرانە بووە و بەس) کاتی ئەوە هاتووە هەوڵێکی جیدیانە بۆ خوێندنی بەرهەمە شیعریەکانی ئەم رەوتە شیعریە بدرێتەوە، بێگومان کاریگەری شیعری بەرەی چوار لەسەر کۆمەڵێک شاعیری گەنج داناوە یان دەتوانین ئاوا بڵێین کە لە ئێستادا زۆرن دەستەی ئەو کەسانەی کاری شیعر دەکەن و چاوێکیان لە ئەم رەوتە شیعریە نەبێت و ئەکرێ بڵێین کە دەربازبوون لەم رەوتە ئەستەمە. بۆیە رەخنە و لێکدانەوەی شیعری بەرەی چوار و جیاکردنەوەی دەق و نادەق پێویستە.

توخمی «شار» لە مێژووی ئەدەبی مودێرنی جیهاندا بەستێنێک بووە بۆ رەنگدانەوە و هەڵوێستی شاعیرانە. شار جیا لە شەقام و پاساژ و ...گواستنەوەی چەمک و رۆحیەت و ئەو توخمە پارادۆکسیکاڵەیە. لە ناو شیعری هەندێ شاعیرانی بەرەی چواریشدا شار تەنها شەقام و سەندویچ و کەل و پەلی ناو شارە و لە لای هەندێکیش بەدەر لەو شتانە بیرۆکە و رۆحیەتی شار بە هەموو پارادۆکسەکانیەتی. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە ناکرێت هەموو شاعیرانی ئەم بەرەیە لە یەک پەکەیجدا دابنێی و لە ناو خۆیشیدا هەنێ جیاوازی هەیە.

«بوودلێر» لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «نیگارکێشی ژیانی

مودێڕن»دا باس لەو نووسەر و چیرۆکنووسانە ئەکات کە روانین و بیروهزریان لەسەر ژیانی مودێڕن و هەڵسووکەوتی سەردەمیانە و هەست و ئەخلاقیات تەرخانکردوە و دەڵێت: مەبەستم لە مودێڕنیتە ئەو لایەنە گوزەرا و بەسەرهات و کوتوپڕەیە، ئەو نیوەی هونەرە کە نیوەکەی دیکەی نەگۆڕ و موقەدەسە. ئەو چەمکە مودێڕنەیە کە ئاوی پاک دەکاتە دەستی کلاسیکخوازەکان و بەم جۆرە کۆتایی بە بیرۆکەی سنووردار دێنێت. دیارە لێرەشدا لە شیعری بەرەی چواردا گواستنەوەی ئەو چەمکانەیە کە دەتوانێ قوڵنگ لە ریشەی بیرۆکەی شیعری پێش خۆی بدات.

ئەتموسفێری شار دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی کۆمەڵێک رووداوی سەیر و هەندێ داهێنان و کەشف لە بەستێنی ژیانی مۆدێڕندا و شێوەیەکی تایبەت لە ئەدەب پێکدێنێت. هەندێک توخمی شاری دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤی سەردەم و بە دوایدا ئاڵووگۆڕە بنەڕەتیەکان روو ئەدات. باسکردن لە شیعری شار نە فەخرە و نە ئەرێنیە و نەک نەرێنی بەڵکوو ئەمە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و روانینی شاعیر بە نیسبەتی دیاردەکان.

وەک دەزانن لە شیعری شاعیرانی بەرەی چواردا بە گشتی کۆمەڵێک شوێن وەک ئوتوبان، شەقام، شوێنە گشتیەکان هاتوون کە لە لای هەندێک شاعیروە تەنها وەک ناو ئاماژەی پێکراوە بەڵام لە هەنێک شوێنیشدا وەکوو چەمکێک ناوزەدکراوە. بەم پێیە شیعری شار ئاوا ئەبێ تەنها بە فیزیکی وشەیەکەوە بیبەستێ

رۆحیەتی شار بدرێت

ئەمە بزانین کە هە

کۆمەڵێک وشە و

نێوئاخنی دەقەکەی

باس لە مرۆڤی

سەردەم لە شار بە

مانا مۆدێڕنەکەی

دەکات. شار

بە مانا قووڵ و

فەلسەفییەکەی ئە

شوێنەی کە بە قە

بێرمەن» لە کتێب

مۆدێڕنیتە» باسی لێ

دەڵێت «مۆدێڕن بوو

شاری یانێ ژینکردن

پڕ لە توخم و د

لێکدژ و مەتەڵئاسا، مودێڕن بوون واتە یەخسیری چنگی رێکخراوە بروکراتیکەکان زەبەلاحەکان کە توانای چاودێری و زۆربەی کاتەکانیش توانای لەناوبردنی هەموو کۆمەڵگا، بایەخ و گیانەکانە». بەم پێیە وەک «بوودلێر» دەڵێت نەقاشی ژیانی مودێڕن وێناکردنی تەواوی ئەو شتانەی کە مرۆڤی سەردەم بەرەو تەنیایی و مەسخ بردوە واتە شاعیری نواندنی شار نابێت تەنها شارێک نیشان بدات کە هیوا و بەختەوەریەکانمان بەڵێن ئەدات و بەدی دێنێت و بە جۆرێک فێتیشمێکمان بەرانبەر شار و دیاردەکانی دەورووبەری بێت یان بە پێچەوانەکەی هێندە لە توخمی شار رقمان بێت کە هیوای گەڕانەوەمان بۆ کەونارا بێت.

شیعری شار تەوای لێکدژەکانی قبووڵ کردوە و ئەو ناتەباییە هەمیشەییە رەنگدانەوەی سرووشتی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە کە لە فۆرمی و شێوازی جیاوازدا پارادۆکسەکان رەسم ئەکات.

شیعرێک کە رەنگدانەوەی موناسبەتەکانی تاکی سەردەمە. خولقاندنی پێرسۆناو کاراکتەرگەلێک کە دەستەمۆی ژیان و مرۆڤی سەردەمن. بێ گومان نموونەی لەم چەشنە لە شیعری هەندێ شاعیرانی بەرەی چوار بەدی ئەکرێت کاتێ باس لە ناکۆکییەکانی «کارمەندێ» کە «سوێندی بە مووچەی مانگانەی ئەخوارد» یان «سەنەمێ» کە «نازانێ بوون غەمگینە/ نازانێ هەوا ناشادە هەمیشە»...





# شیعری بەرەی چوار

# قەرەنی ئەحمەد ئاقایی

**بەم لەشی چراخانی گوڵڵەوە**

تا شتڵی ئەومەرگە لە خوێنما پێدەگرێ
لێگەرێ ئەم مانگە لە چاوما
ئاوێنە بچرێتە رەگمەوە
ئینسانی برینێک
لە وەرزی کچانی گەرەک دا
رووبار و دڵتەنگی
هەناسەیەکی هەراسان
کە لە دارستانییەتەکانی سوور دەروێت :
ئەوەندە ئاسمانی
بەم لەشی چراخانی گوڵڵەوە
مەگەر سەربازێک بە پۆلۆکانی نێو سینگتەوە داگیرسێم
بۆ دەستەکانیشم لوورەیەک بخولقێنە
گورگ بە هەڵدراوی بگێرێتەوە
خەنجەری تەشەنەکردوو     تریفە لە واژە
لەدوور دا
رووبارێک رۆیشتن  رۆیشتوو  کە لە بەری دەروات
لێویشی دەنێتە سەر سنوور
لە ژێر سنووریش لێوی دادەنێت
تا هاوتەریبی هەڵفرین
باڵندەیی بباتە لێوارەکانی ئینسان
ئەو شوێنەی گەیشتن
حەلاجێک گەروو پیشکەشی تینوویەتی دەکات
زاوزێی ئاسایی روتبوونەوە لە خولیادا :
لێک ئاڵان ودەست لە ملانی جادە و دوور
تالعی باشوورێک
لە هەموو رەخەکانم دا ئیشکارۆ دەنگ هەڵدەبرێت
وەرزی سەربڕاوو
مەزلووم
خوێنی ساویلکەی سادە
کە لە پاسارییەوە دەچۆرێتەوە سەر پاساری
لێگەرێ ئاوێنە لە چاوما

رەگئاژۆی چرینی مەرگێک بێت
تەشەنەی پەرۆپۆی داڵاشێک
لە سەرپشتی ئەم شارە
عەسەب وردوخاش دەکات
مەرگێک کە هەنگاوەکانم دەخاتە خەڵتاندن :

بەفر لە سەرلەشی ئەم کەلاکە
مەگەر چەند دارستان دەتوانێ کەلاوە بروات
ئێوارە کە هەڵکات
گەڵا گەڵا سێبەری شاخ
بوەرنە سەرشانی شەقام و ساعات و بەفری مۆر
(بەفری مۆر
بۆ ئەوەی هەناسەی جادەکان رەنگ بکات
بەبرینی ئەم شیعرە زیادکرا   بباریێت )
بوەرنە مەقام و
ئەم هەمووە سۆزانییە لەدەنگی چەقۆدا چ بژەنێت
( ئەم هەمووە سۆزانییە
بەفری مۆر
کە لەمەودای نێوان دێرەکاندا کرێوەی دەکات)
بوەرمە    رکێفی هەناسە    توندترکەی
ئەم مەرگە وێرغەیە بئاژۆی
هەتاکو پێدەشتی پەنجەرە لەچاوما دەربێنم
ئەو دیوی ئەم زەجرە هەڵمژمە نێو سینگی ئەم دیوی زامدارم
و
لە پیاسە لەگوناهی سەرم دا  هاوارێک دانیشم   خوێناوی
قارەمانێک کە دڵۆپە دەکات
لە گۆنا گۆمیلکە دەبەستێ
دەرژێتە نێو سینگم ژان دەکات
ژانی مانگ
- مانگ —
مانگی هەمیشە
کە دەستە دەم چەمییەکانی ژن
لە جەزردا دەخنکێنێت

هەواڵنامەی شیر

**مانگ**

مانگ
مانگی تەر
مانگی حاسێ لەحیلەیەکی سپی دا
مانگی رەش

کە لە گۆشەکانییەوە زولاڵ دەچۆڕێ
لە مێرگەجاڕی لەشی ژنێک
لە چۆڵی جادە هەتا وەرز دەچەمێتەوە
دەستێکم لە خوێندا خنکان وئاخ هەڵدەکات
بارانەکانم دەگەشێنێتەوە
دیتن :
جەنازەیەک کە بگەڕێتەوە لەشەقامەکان رووبار بنۆشێت

سترانێک
گەمارۆی بەفرانبارێکی مەرگ تێچزاو
کە لە چۆمەلانەکانی دا
رەوە گورگێک ئینسان وتینوو غار دەدەن
رەوە گورگێک
کە لە پەنجە بەخوێنەکانیانەوە دەتکێن و
ژنانەیی لە گۆنای دایکا دەکێڵن
دەستێکیشم کە ماسیو
حاسێ لە نێو دەمارەکانت دا
خوازەیەک بۆ رووبار دەژیت

**بەفر**

ئەی دوو جار
- مەهی من تەنها مەهێکە —
لەحەوزی رووناک دا
ئەی دوور
بەم خەیاڵەی
مەرگ لەخوشینی ئەستێرەیەکدا جوانترین دەدرەوشێ
روانینت هیندەی چلە گیایەکی نێو گوڵدان
لە گۆشەیەکی ئەم باڵکۆنە
تەنیا بە شی رەوایەتێکی بریندار دەکات

زەمان
کە لە بەرزترین لقی ئاپارتومانەوە
خۆت هەڵوەرێنیتە سەر شەقام
وە لە قولاییەکانت دا رابردوو ئەی پایز چ دەژەنێت
کە هیچ واژەیەک نامتوانێ
پەنجەرە لە دڵتەنگییەکانت بکاتەوە
بو من کەبست بە بستی مەزرایەکانم کفن بەلۆزە و دەلورێنیت
بەفر
کلۆ کلۆ هیچ سێبوربیەک شک نابات
نەرگیسێک
کە لەلێوارەکانی زستان دەروێ و
بۆ جوانیی حاسێ لە ژێرسەهۆڵەکان دا
خوێنرێژی بەدەمارەکانی وەردەکات
بۆ من کە مەرگ.... ئاوازێکە
لە هەموو برینەکانی دا
قویەکی سپی هەڵنیشتووە
بەفر دەتوانێ تەنیا و لە چاوەکانت بباری
کە خورێنترین شوێنی رووبارە
وە خورێنترین شوێنی رووبار
لە هەناسەمدا گەرا بنێتەوە ئارەزوو دەکەم
ئەی دووجار - مەهی من تەنها مەهێکە -
لە حەوزی ڕووناکدا هەڵوەسراو

**ئانیما**

لە سەرم دا جادە
ئێوارە لە دڵتەنگییەکانی دا خەلوەت هەڵدەکورمێت
ئەم چاوانەی
چەند لاپەرە بانەمەر لە نێومشتیان دا
تەڕترو هەمیشەچۆل دەبارن

بیابانێک
لە روخساری دا بۆ جوانی
هەتا هەنگاوەکانی دەریا پڕە لە نادیار

ئاسۆ
کەشان بەشانی خوێنت قەیماغە دەبەستێ و
سەریشت
موبەمو سووراییەکانی بۆ گوللە باس کردووە دەزانم

هەنگاوەکانی دەریا :
جادەیەک باران وهەمیشە
گوێ لە شنەشنی لەشم دەگرێت

ئەو چاوانەی
قازوقورینگەکانی بە ئیسقانەکانم دا هەڵدەفڕن

# دەنگی گریان لە پێستم دێت

بەیان عەزیزی

پەنجەرەکان لە هەناسەمدا
تا کۆتایی
تا
شکابوون،
باڵندەکان لە بوغز و کراسەکەمدا
هەمیشەیەکی ڕاوەستاو
کە ماون.

کەسێک ویستی سادەیی من
- کە ناوی درەخت بوو — بشێوێنێت،
تەقە لە زەوی دەکات
فیشەک
لە ناوەڕاستی سینەمدا دەبێتە قەلب
کراسەکەم چۆڵ دەڕوا و
هەوا مەیلەوگریانە
من دەبێ پیر بمێنم
بۆ ئەوەی تۆ لە کارەسات بگەڕێیتەوە
دەریا بڕێژێتە ژوورەکەم و
برینەکانم فەرامۆش
بمرن .

مانگ نیوە بوو
بانگی منت کرد و بوومە بەرد
مانگ  شێوا بوو
بانگی منت کرد و بوومە دەرد
بەیانیان بیر لە تۆ دەکەمەوە
وەک زیندانییەک لە نانی گەرم
ئەم ڕۆژانە زام دەبم و
بیر لە تۆ دەکەمەوە
وەک سەربازێک لە جێی گوللە
دەبمە سوور و ناسوور و بە ئاودا دەڕۆم
بە ڕوخساری ژنێک بە جێماو
ئەو دەبوو
لەچکەکەم ئەم خیابانە ڕەش بکات
ئەو ڕۆژانەی بە دواتدا
دەرگاکان هیچ،
دیوارەکان دەگەڕام
هەوایەک لە جنسی گورگ و

سەعاتەکان دەترسام
ئاسمان بەهەڵە ڕۆی
دۆعاکان شێت دەبن لە بەرزایی و
بەیانییەکی بچووک لای کارەسات بەجێ ما
فریا نەکەوتین لە شیعرەکانتدا بە ختەوەرم کەی
یان کۆتایی هەواڵ
بگاتە نرخی زێڕ، زیو، نەوت و زەهرەمار و بەرمیل
کە هاتیتەوە
هەوا پێوە بدە
ئەم بارانە پێبکەنە
مەیدانەکان بژمێرە
ئیتر- هیچ —
حەساری خاڵی دەزانێت



درەخت — کە ناوی گریان بوو-
چەندە دەترسێ و
تەور خاترمان ناگرێ .

پێم دەڵێن تۆ فریای هەرگیز نەکەوتی و
منیش بەفرانبار
فێرنە بووم
شاڵ گەردەنێکت بۆ بچنم
لە پاییزەکانەوە هاتبێت
یان گوڵدۆزیی خیابان و جومعە
جومعە و هەوا و ژانەسەر
لە سەر مەلافەکەمان بکەم
پێی چەپم لە شەڕ بستێنمەوە و
جلەکانی ئەوساڵەت بدوورم
تەنها دەتوانم پەنجەکانم هەڵبکەم

# سەلاح موحەممەدی

-١
درەخت بە تەنیا
تاقەتی خیابان دەر ناکا.
بووتیکەکان
بە مانگی کارمەندێکەوە قومار ئەکەن؛
بارودۆخ لە کافەکانا
پەیوەندیی بە حاڵی کەسەوە نییە.
سپووری
قاقای ئەلکولیەکان گسک ئەدا و
خشەی مووچەکەی
بەم شەقاما دێ.
لە گەرماوی ئەم سویتا

غەریبیم دائەشۆرم و
خۆم بە یەکشەمە ساردەکانم
وشک ئەکەمەوە؛
تەمەننام بە سەر تەختەکەوە پاڵ کەوتووە و
تەنیایی بە چاوما دێتە خوارەوە.
خەیاڵم لە جگەرەوە
ئەکەوێتە سەر خەونەکانم و
پرخەم ئەسووتێنێ.

-٢
بێخەیاڵ خانم!
ئەم شارە بەرگەی ئێوارە ناگرێ.
کارمەندێ
سوێندی بە مووچەی مانگانەی ئەخوارد،
کەچی سێ  چوار مناڵ
داماوتر بوو لە جاران

چ بگاتە کوڕێ
نەیتوانی هیچ مەلافەیەک
بە شیعرەکانی گەرم بکا و
ئێستا
داڵە شوورەییەکەی
بە سەر دەستیەوە
ماوەتەوە.

# عەتا وەلەدی

هەر کام لە ئێمە
لەوانەیە، لەتێ دەستی بە سووچێ
گەرمیی
گیرفانی پاڵتۆکەی باوکیەوە جێماوە
بەر لەوەی هەناسەکانی دایکی لە مێخەک و ساردا
بچنەوە،
پاسکلێ بۆ هەمیشە لە مندا
پارکە و
بێدار،
حەپەساویی چۆلەکەیەک
لە دەستەکانی پیاوەی دراسێمانەوە
بە قەراخی بیرەوەرییەکانی ئێمەدا
هێشتاش خوێنی لە بەر ئەچێ
زەوی،
بە شەودرەنگانێکی گەنجیمانا
هێشتا لەتر ئەدات و
نەختێ سەرمان لە سەرمان سڕ.
نەختێ گوڵەی وشکەبوو
لە دەفتەرێکا
و لە هەر گێڕاننەوەیەکدا
نیوەی بیرەوەرییەکان سپی
ئەچنەوە
لە سووچێکی تەمەنا
تۆز دایگرتووین.
وێنەیەک بە دوو پوونسەوە
لە زەیندا ژەنگی هێناوە
لکاو بە بەشێ لەو بەری زەینمانا
وێنای ناکەین و تۆزێ
لێڵ
بە خەوەنەکانمانەوە،
تا ئاسمان
نەختێ ماویە
با ڕەدووی باڵندە بکەوین
ئێرا
شوێنێکی متمانە نییە
بۆ خەون بینین.
ئێمە
بە دوای بادا چووین،
نە وێستگە لە ئێمەدا
کۆتایی ڕێگایە و
نە شەمەندەفەڕ بۆ گەیشتنێ،
بەف ئانتینەکانی شاری داپۆشیوە
لە سپییەوە
هەواڵەکانی جیهان نابیسین
وTV ێک پڕ لە بەفرەک و قاڵاو



# ژمێریاری حەمامە ترافیکەکانی شار

حەمەی کەریمی

ئەمبینی؟
جوگرافیای سوورەتم
موچاڵەتر لە سوورەتی ( الغاشیە)
لەو دەستە غاشیانەی تاسەکانیان
بە ناوی ژن و ئەڵلا وە هەڵخست
" بسم اللە"
بازیکەن دوکمەی کراسەکەی
باز بدەن بە سەر خۆشەویستی و نیگایدا
تۆ لە نیگاتا کە ئەتڕاونی بۆ هیچ ئەتڕوانی
ئەو هەموو — نیگا- لە خۆتا کە بار کردوە هەمار کردوە

وە ( اقسم لا بهذالبلد)
بە تۆیش کە شەوانی ترافیکیت خەڵوەتە لە کچ
کەچی ژن و کچە بەم شیعرە پەیڤێکن کورتە باڵا
یان زیندوو بوونێکت وەک پێستت پێویستە

من تەرجەمەی کەسێکم لە خۆما چوارمشقی دانیشتوو
هەر لە خۆما ئەفسووردە و خەتخواردوو
لە خۆیترما زەمیری فەتیرێکم سەرتا سەر ترافیک — ترافیک — ترا
بۆ دیوار م کۆتاتر بوو لە دیوارەکەی " یونس" ؟
یان کەچیی قیبلەم بە کچێکا تەواو نابم هێشتا کە پیاویشم
" قەلب" ت بە منی دەریا بسپێرە من کە دەستم یەکبارە رووبارە
پێغەمبەری بەحر و بەڕ
سۆنامی ئەمواج نەسیبی موسافرانی ئەم دۆزەخە بکە
ئەی شاعیرانی بەرەی دۆزەخ و بەرزەخ
" هاوڕێیان سڵاو ئێوارەتان باش "
سووتەمەنیەکانی قەعری دۆزەخ
ژیانتان باش .

سوێند بە" یونس و مەتا "
سوێند بە عەسر و خۆرئاوا

( ان الانسان لفی ...... فی فت)
کەس نا نا کەس
هەر خۆی پێمیەوت
ساڵەکان و رۆژەکانت بقاپێنە
خۆت نا کەوشەکانت بە تاقەوە بنێ

پێڵاوەکانم بە فەلسەفەوە نا
فەلسەفەی چی ؟
ئاڵمان و لەندەنیش دایاننا هەر خۆیان نا
بە فیلسووفە قەبەکانیانەوە
بە نەوەکانی" نیچە و کچە زۆڵەکانی مارکسیشەوە

خومارم
" وانیار"
خومارتر لە تەنیاترین ساتە ترافیکیەکانی تۆ
خومارتر لەو شەوانەی بە کورە سۆزانیەکانا تێتپەڕاند

سوێند بە ( یونس و مەتا )
ئەم شارە هەر بووە وەها بووە
هەروا بووە و هەروا دەڕوا( کاڵە نارنجەکانت کاڵە )
لادە لە نێوان من و خۆتا
پەردەکەت لادە
ئەم پەردە بە چ کارت دێ
جارێتر لە خۆتا بمبارێنە

خانە خەراب؟
ژمێریاری حەمامە ترافیکەکانی شار
ی خیابانە ئوتوکراوەکان ئێستا بژمێرە flaneur
ئەو کورانە بژمێرە چرکەیەک تیاتا نەخەوتن
ئەو خانمانە بژمێرە بوون بە پێخەسوەکانی هەشتی مارس
بژمێرە ژمارەکانی موبایلەکەت
ژمارەی مامۆستای فەلسەفە و ریازی
مودیری ئیدارە و کارمەندە بێکارەکانی

خۆشت لە فەلسەفە و ریازی ؟
پاسکاڵ و دیکارت
عالەمیان گا

( خۆم و تارەکەم شەو هەتا بەیان)
من سۆز ئەکەم بۆ لەیلا و ئەویش بە بزەیەکەوە
دووکەڵیک بۆ سەفاهەتم رێکدەخا
( خۆت و عوودەکەت شەو هەتا بەیان)
لێدە بۆ هاورێکەت توند لێی دە و خەلاسی بکە
لەو دەردانەی کە ئەم دەردانە پێیاندا
ئەو شەوە شەواڵوانەی تیایاندا گۆڕ خەوت

" وانیار"
لامەسەب ؟
ئاپارتمان هەڵکشای
لە ناکاو تەپ داکشای
داکشاوتر لە بورجە خەرابەکانی حەلەب
کەوتووتر لە کچە زەیتوونیەکانی شەنگال
تەنیاتر لە تەنیاترین شەوانی ترافیکییت

خانە خەراب ؟
" وانیار"
ئەتزانی ئالوودەی دەردی
ئالوودەی کچێکی فۆبیا
شاعیرێکی پارانۆئید
هەوای هەوایەکی کوێستانی لە بەرتا بوو
کڵاوەکەی " چارلی" ت لە سەرنا
بە ژێستێکی " تارانتینۆ" ئاسا
پاپیۆنەکەی " رامبۆ" بە سنگتەوە
قنج و قیت
دەرکەوتی
شیعرێکی هیچا و هیچ بووی هیچتر لە شێعرەکان " ڤێرلین"
گەیمێکی ناشارەزا بووی لە مەنتقی قەرەباڵغی ئەم بازاڕی عوکازەدا

( ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت؟ گوڵم)
دەبمە فلانووری خیابانە ئوتودراوەکانی شارەکەت دڵم

تکایە ئاغاکان
ئەم سکانسە بۆ بێ دەنگی
( سکوتی از جنس سکانسهای سکس بر انگیز )
( از جنس سکوت سگهای الصاقی)

# هۆشیار بابایی



(١)
لە سەرەتای «بوون»/نا گریمان ناشوێنک
دڵم لە ژوورەکە دائەنێم و پەیکێک بەسڵامەتی ئەم قیامەتە
و...
شەڕ دەست پێئەکات
ئەو کات جەنگمان هێنایە ماڵ و لەگەڵیا خەوتین
باکوورترین شوێنی لەشت «ئۆگاندایە»
سەربازی گەمژە بێ تفەنگ، مەشقی مەرگ ئەکات
ئەم وڵاتە هەتا نوختەیەکی بۆ دانەنی ناکەوێ بڕۆ دیڕێک تر
خوارەو خوارتر لە ناخی جەستەیەکی رزیو
بگرە لیمۆ یان چاکلەتێکی بێ تاوان
گوناهمان کرد بژمێرە رۆژەکانت تا ئەو پەڕی سنوور
:تاوانی من ئەوە بوو هەمووتان «ئەبولبەشر» بوون من نەبووم!
بووم بە مشتێ حەبی چاوەڕوان
کە مردن لە تەنیشت خۆما رائەکێشم
ئەوەتا «بوون» یکە و لە منا ببە
هێشتا کەسێ لە دڵما نازانم چەن تار ئەژەنێ

(٢)
مەدلوولی ئەم شیعرە دەستێکە بۆ نەگووشین
بێتاقەتی مۆنالیزایەکە بباریتە سەر دەفتەرەکەیا
دەم/یکە
بە ئێسقانەکانی خانمی نهۆمی چوارەوە خەو نابینم
یان لانیکەم
نامبینێ
- تۆ لە جنسی سەلیبیەکانی و رەنگت رەنگی قاوە
لە لاپەڕەی فاڵێکی حافیز ون بووی.
یان نەهایەتەن ناشوێنێ لە پەنجەرەما عوبوور ئەکەی
تۆ ڤیزایەکی کۆنی لەش سپیت سۆزانیەک کە پێستت ئێش ئەکات

:سەیرکە لە هەر ئەنگوستێکی هەزار قوڕ بە سەرمان ئەبارێ

(۳)
کچانی خاکەلێوە
کارت پۆستاڵە سەوزەکانیان بۆ ماندێلا ئەنێرن و
بەیانی بە کابووسی باوە هەڵدەستن
بەیانیت باش درەختی سوور
کە ئاشتی لە لوولەی تفەنگەکانەوە سەما ئەکات
هەینی بۆنی گورگی تۆپیو ئەدات
تۆ زاتی پاکی موقەدەست بمکە قەڵەم دەوری کەمەرتا
بمکە ئاو هیچ نەبێ شانت
بکەوە قاچاخ لە قاچەکانی ژنی فالوپ و موقەدەس
دوایین هەواڵ:
«ئێستە شەنگال بەرد لە کەپووی هەور ئەدات و
سەردێڕی رۆژنامەکان
پڕن لە ئاوی ساردی پرتەقاڵ و هەوای لیمۆ»
گرینگترین هەواڵ:
«لێرە پاییزە و هەوا خۆڵاوییە»
ئەڵێت: دایەگەورە بە مەنجەڵە بێ وانەکان پشتاوپشتی ئەم
خاکە
سپییەکەت ئەگووشێ
دیسان ئەو نالێت:
«لە خەزنەی گیرفانم دا هەرچی هەیە بڕی ئەم مانگە
ناکات»
- بە لەعنەت بێت پێویستیم بە سۆزانیەکی دلڕەقترە!

(۴)
مەینەتی پەرییەکانی « بۆدرووم» ئەبنە گێژەلووکە
ئەوە خودای زەریا
لە برژانگە سوورەکانی «ئایلان»ەوە
هەنجیر ئەچێنێ.
گوتت ئێرە هەتا خەونی باڵندەیەک زرێبارە
لە بالق بوونی هەرایەک ئەخرۆشم
مێشکم پاپۆڕێکە و
فیکە دەکات واگۆنی ژمارە ۳
فیکە لە زەنگۆڵەی منداڵی و دەستێکی نامیهرەبان
یان بەرەو مەغریب هەتا ئەستێرە دائەکەوێت
یان نیشتمان حەرفێکە، نوونێکە بە هەندێسەی نانێکەوە
مەرد بە! تەنیایی سەرینەکەم ئێش ئەکات...

(۵)
یەکەم: مەدلوول دەستەکانی من
تۆش ببە «دال»
داڵ دەگریی
منداڵ..................ئاوس
چەمک.................. خودی خۆت
دیسان هەر یەکەم: جادەیەک گەیشتووتە نەهایەتەکانی خۆی
ئێش ئەکێشی
وس س س س هەنار هاوار ناکات
لەگەڵ ئێوە نیم جەنابی «گا»
ئەزانم هەموو دونیا خەت خەتیە و ناوی تۆ بەدناوە



# کە من درێژەی پیاوێکم بە فۆنتی ٤٤

محەممەد موەففەقی

نە فریای ویرگوولێک ئەکەوم/ لەم دێڕا
نە جادەیەک بە رێنووسی کەوشەکانم
بەرەو هێشتاترین ناوەخت
پڕ لە هەوای هەروەها و
تەنیایی دڵتەزێنی گۆڕکەنەکان
کە ئەوەندەی هەمیشە و جارانێک لە دووریت
دووراوە بە شەهوەتی مردنمەوە
وەک تابووتێک پڕ بە حەسرەتی ئەم تەقویمە
کە بە رواڵەتی جومعەکانمەوە جێماوە و
سەر ئەکێشێ بە خەڵوەتی وێران و شەرجیما
بگرە مەرگیش هەر منێکە و
سەرگەردان بە سەگوەڕی ئێوارەوە
کە بێوەرییەکانم چاڵ ئەکات
بە پاڵ بێهوودەی ئەم دنیا و هەرچیما

تکایە ئەم پڵنگە لە سەر پەتووەکەم دەستەمۆ کەن
کە من قالاوێک لە بەختما وەیلانە
تکایە بە تەختەگاز و جنێوی نامووسی
بینە کابووسی ئەم جادە
کە باشترین هاورێکانمی لە گەڵ خۆی برد
بەرەو بەرەهووتێک پڕ لە قووڵ و موستەتیل و
مشتێک لە بەردەوامی ئەو هەموو بەردە
کە نموونەی دەردێکە لە خەروار

ئەگەر نەکرا هەر لانی کەم
کەمێک ترم بە درێژەی دنیاوە با بڕوات
بڕوات و لە پەنای قالاوێک و گیوومەوە
تا لە پڕێکا/ کراسەکەم هەڵواسێت
بە هێمای داهۆڵێک و وەیشوومەوە
ئەگینا مردن هەموو سێ شەممەیەک
بە هەرچی بارا دێتە خەوی کەوشەکانم
کە بۆنی ئەستێرە و هاوین ئەدەن
بۆنی گەڕانەوە بەرەو گۆڕێکی دەربەس

لە بەر تیشکی چرای قیامەتما
کە نوقمی تاریکە و زوڵمەتێک
لە وەرزی پێکەنینی گوڵە ڕێواس و مانگەشەو دا

گریمان هێشتا نامەکانم
پرسیارێکن لە با
کە هەواڵی کارەسات و کراسەکەم
ئەبەن بۆ ئەم پاییزە پڕ زامە و
کۆڵانێک پڕ لە بونبەست
کە لەوێ نیگەرانی سێبەرێکم لاواز
کە واز لە دەرک و دەروازەی دنیا دێنێ و/تەنگەتاو
پەنا ئەباتەوە بەر هەمیشەی شواڵەکەی
کە ئاماژەیە بۆ
من لە بەر کێ بمرم
تا لە ژێر باری ئەم هەموو گوناحە
خۆم کەر کەم؟
یا بەر لە کێ بمرم؟

کە سێبەری ئەم هاوینە و
سنەوبەرێک تا باڵات لە بەر کەم
کە بەختەوەر بم لەوەختێکا
ببمە باران و گوڵە بەڕۆژە
بۆ تەنیاییەکانی ئەم چەترە و
خۆرەتاوێک لە کراسەکەی تۆدا

پێدەکەنم و دنیا بەرەو پشت
پڕ بە عادەتی گریان و گلارەمە
پێدەکەنم و ئیتر هیچ باوەشێک
لەنگەرێک لە تەنیاییم ناگرێ
لامەسەب!

ئەبێ وەک سەگێکی ئاندولۆسی
لە رووی خۆم و تەنیاییما بوەڕێم

تا ئەم ئارەقە سەگیە بمگرێ
هەندێ جاربەڵام
ئەم ئارەقە ئەبێتە سەگی ئەسحابی کەهف و
هیچ ئەشکەوتێک بەرگەی خەوەکانم ناگرێ
کە پڕن لە کەڵکەڵەی دنیا و
خەمێکی باکووری
پولیس ئەڵێت:

ئەم سەگبابە هیچ ئارەقێ سەگی نەیگرت
ئەوەتا ئێمە گرتمان
کە دەمێک ساڵە سەرقاڵە
بە چۆڵ و ماڵ و پاڵ و حاڵ و...
سەیزادە هەرچی کەس!
تۆ بیت و شاڵەکەت/تۆ بیت و شواڵەکەت
لە دوای خۆت ئەم پاییزە و
بیابانێک بکێشە بە سەرتەنیاییما
: هەتیوا! شاڵەکەم گوناحە
شواڵەکەم پڕە لە پێویست و تامەزرۆ
: ئەی کە شیری ناو سوخمەکەت پڕچەورە و پاستۆریزە

کەلێسیۆم بە کاری چیم دێت

وەختێک ڕۆژەکانم بە بێ تۆ
پڕ ئەبن لە هەوای نیکۆتین و شێرپەنجە؟

یان بزوێنێک لە سەر دوا حەرفی دڵمەوە
کە پێناسەی تەنیاییمە و/شەڕوشۆری ئەم دنیا
تا ئاقیبەت سێبەرەکەم
لە بەرەکانی شەڕ کۆ ئەکەمەوە و
حەرامی ئەو پەرچەم و ئەگریجە ئەبم
کە قافیەی بەختێکە دوور بە دەم باوە
تا ئەبێتە دالدەیەک بۆ دڵ و دینم
دڵ و دینم کفرێکە یان سفرێکە؟
کە دەمێکە خەریکم بە کفری لەیلاوە
لە سفرەوە تا
هەزار و چەن مەجنوونی ئەم دنیا
بە دیار سێبەرێک لە بەرمەوە کە پیر ئەبم
ئەی کە نێوەڕۆکی شواڵەکەت/کفری خوایە و
هەموو پیاوێ ڕوو لە قیبلە غەیرەتی ئەکات
یان ئەعسابی من و منێک تر لە خۆما

خەت خەتی ئەکات
ڕرۆژێ حەشرا/کاندۆمەکان شایەتی ئەدەن
کە من تا بازاڕی قیامەت
ڤیرووسی ئەیدز و کابووسێکم
لە گۆشەی چەپی نامووسما شاردووەتەوە
بۆ ڕۆژێک لە سنووری مەبادا
تا حۆرییەک برۆنزەم بەرکەوێت
وەک کاولیەکانی لێواری کارائیب
کە بۆنی ڤودکا و گەرمای لەشیان
تێکەڵ بە ئێوارانی سانتیاگۆ و
گۆرانیەکانی ڤیکتۆر خارا دەبێت:
سەر دەمێکە لە خولیای ئەم حەلەزوونە/بەرەو قاف
من بێگومانێک لە ئەوەندە و حەوسەڵەم
یان لە دڵەراوکێی ئەم مەحکوومە/بەرەو تەناف
من بەرەبەیانێک لە سلوولی تاریک و کەڵکەڵەم
تا سەرم بە دارونەداری ئەم دنیا ئەسپێرم
برواکەن هێندە ڕەشم لە چارەی خۆما نووسیوە

ئازیەتبار بە هەرچی بار و نالەبارا
قەتارێکم بێ تاقەت/ بە تاقی دنیاوە
ترازاو لە هێڵی ئەم تەختە و
بەختێکی قەترانی

بەرەو وا
بەرەو دوا
بەرەو خوا و/خەوەکانی لەنگستێن هیووز
کە بارم پڕ بە غوربەتی ئەم دنیا
دوو سێ خولەک ئێوارەیە و
گیرفانێک لە گێژەبا بۆ قژی تۆ
تا لەم پاییزە گرمۆڵەدا حەشرێک بەرپا کەی
بە هەوای کەسێکەوە تا هەوەسێک
بە هەوای منێکەوە تا ژنێک
کە ماڵیان لە سەرەتای هاوینە و
دەموچاوی دەریاچەیەکە پڕ لە خوێ
کە جەزرومەدی کراسەکەی
ماسیگرەکان ئاشقی حەریر و
سەوانی پووشپەڕ دەکات

تۆ تەبعید کرای

# ئارام فەتحی

بۆ ئێوارەی رۆژێکی لۆچ
وەک چوارشەممەیکی چاوحیز
لە وەسەتی ئەم تەقویما/تا لەوێ
لە هاشووری گورگانە شەوێکا
تەنیاییەکانت ئەوەندە فاڵش بلوورێنیت
ئیتر هیچ سۆزانییەک فریای شواڵەکەت
و
هیچ گۆڕکەنێک فریای گۆرانیەکانت نەکەوێ
تۆ تەبعید کرای
بۆ نێو بەرەهووتی کراسەکەت
تا لەوێ ئیمان بێنی بە موعجزەی ئالزایمێر
بە رەساڵەتی تەنیایی
کە چارەنووسی دەسەکانت دیاری دەکات

ئێستە تاراوگەی تۆ
تەختێکە بە رێنووسی ڤیاگرا
بۆ زاراوەیک لە حەرام و
حەسرەتی ئێرزا بوونێک
یان تامەزرۆ بۆ سووژەی خیانەت و
تا بەردەوامی بەباچوونێک

سپاس بۆ چەپ کە هەموو لایەکمە و
لابەلا خەریکی لامێکم
لە دوا حەرفی دڵمەوە
کە دڵتەنگی پەڵەهەورێکە
بۆ سەر هەموو ئەو رۆژانەی
کە بەرپرسانی هەواناسی
شەرمەزاری چەترەکەم بوون
سپاس بۆ خاڵی سەر سوورمان
کە ئەگاتە فریای دەم و چاومان
کاتێ بزەیەک شک نابەین
کە بەرەورووی گاڵتەی مەرگ ئەبینەوە
لە هەواڵی رۆژنامەیەکدا بە کاتی کتوپڕ
هەندێک جار
سپاس بۆ هەندێک جار/کە ئەگەر نەبووایان
بە دەس هەمیشەوە تا بەردەوام چیمان ئەکرد
جگە لەوەی بۆ کادۆی لە دایک بوونم
تەنافێک و قورسێکی سیانۆر بێنی
تا ئەوەندە لەم دێڕا بمرم بۆت
کە تەنیا گۆڕێکی دووئیکس لارج
رووبەری تەنیاییەکانم داپۆشێت.

بەختەوەر بە ئەی غوربەت
لە منا بەختەوەر بە
لە منا ژیان بکە ئەی تەنیایی
لە منا گان
نان
کۆڵان بکە بۆ پیاسە
ببوورە ئەی مەرگ:
جگە ژیان هیچی ترم نییە
جگە دۆڕاندن
بەختەوەر بە ئەی بەفری من
مەترسە لە جەنازەی ئەم جادەیە بە کۆڵتەوە
ئەی پیاسەی من
داوای لێبوردن ئەی ئاو
من لە دیوارا ژیاوم
من لە دیوارا ڕووخاوم
من لە دیوارا بە زمانی بەرد
بە زمانی پەردە
پـەنجەرە
گریاوم



# نامناسیتەوە و تەنیایی

شەریف مورادی

نامناسێتەوە تەنیایی و
سەرلەنوێ
جادە بانگم ئەكات
لەپەنجەیەک گووشینتا گەرمترم
نیگام قەوارەیەک باڵاتەو
بمدوورە بە خۆتا
تاسبەی لەخۆما دادەنیشم
گۆشەیەکی ئەم سووچەم
د
ا
خ
ە
ن

ئەمبەری هەموو سووچە ناگرم
دایەرەم کەن
کەم
بێ سووچ بمنێژنەوە
بە دیوارێکا هەڵمواسن
پەنجەرە
(باڵ نەمکاتەوە
لەتێکم پاڵخەن بە دیوارا
لەتێکم ل ە ت کەن
بە سووچا
با دەنگ هەڵفرم بە قەراخێکا؟
ـ خاڵیم کە لەخۆم خاتوون
دەمێ
با بە سەرما هەرچێ دێت
بلەرزم
لەبەرپێتا یان لە جێتا

تۆزێک پاڵم کەوە
هەناسەم سوارکە لەخۆت
هەناسەسوارا!
ئێوارەیەکم پڕکەلەکالیسکەو
خۆت
خیابان درێژە یان کالیسکە؟
کالیسکە بەرزە یان قیرەتاو؟
درەخت توند ئەچێ یان کا!!!؟

ئەم نووسینە ناوترێ
زمان پاکوونێکەو ناوترێ
ئەتنووسم و نەوترێی
ئەتنووسم پاکبیتەوە لە زمانم
کەم شت پاکە لە دەممدا
وەختێ ئەڕۆی
بەشوێنتا خیابان پاک ئەکەم
خۆم لەگۆشەیەکا پارک ئەکەم
بێقەراریی
بێقەراری نانووسرێ زەردە زەرد
بێقەراری پارکت ئەکا
پاکوون خانم!
ئەوترێم یان پارک پاک پا
بە تەنیاییەوە شلۆقم
ئاموزگار نامبینێ و ئەتنووسم
بەدیوارێکا
پەنجەرە
ئەمجارە ئەمکاتەوە
پەردەکە لادە
پارکم کە لەخۆت
دەمێکە ئەم چرایەم داخستەوە

# بەشێ لە شیعری (تۆ بە)

جەمیل موڕادی

من عادەتمە
خێ بەمە عادەتەکان
دەس خەمە ناو زامەکانی عادەت
وەک ڕابردوو
که عادەتێکه دووره دەست
لە دوورەوە دەستت ئەگرێ
حاڵت ئەگرێ
حاڵت خۆش ئەکاتەوە
لە دوورەوە دەستی گرتووم حاڵی گرتووم
حەڵقی گرتووم
گووی تێکردووم
وای لێ کردووم وای لێکردووم وااای لێکردووم
وای لێکردووم دیتر بە وای لێکردووم بیر نەکەمەوە!
دووره‌و مەبە ئەی عادەت
ئەی دووری
بە کاتی دەم دەمێک لە دەمت بێنە
بە کاتی تەنیا
شەوێکم بۆ چراکە
شەو چراکە
شەراب
ئەگەر شیعر نەبێ لە خوێن ئەچێ
پێکێ تەنیایی
پێکێ هەڵپێکاندنی دەستەکانی تەنیایی
پێکێ
هەڵکولاندنی زامەکانی تەنیایی
پێکێ پەیاپەی پڕو خاڵیت بکاتەوە
پڕاوپڕ پڕوخاڵیت بکاتەوە
جەدوو عابای ڕابردووت ڕیکاوری کا
جەدوو عابای خۆشەویستیت دەربێرێ
بیتێرێتە بەر چاوت
ئەوەتا جوان جوان سەیری کە
جوان جوان بۆی بگری
جوان جوان گووی تێکە!

بۆگەنتر لە عێشق
ڕووداوەکانی دوای عێشقە
کێ ئەتوانێ بۆگەنیەکانی کۆ بکاتەوە؟

کۆ نابینەوە ئەی یار
وەره ئاڵاکەت هەڵکە
پێم بکێشە پێخەفێ دوو کەسیدا
بکێشە شەرێکی پێخەفیدا
ئەو سەربازانەی بێتەقە گەڕانەوە
عاشق نەبوون
عێشق دڵی گەرەک نە چەک
پەڕین دڵی گەرەک نە باڵ
باڵت کەرەوە
تا هاوینێ
بهاوێنمە لەشتەوە
شتێ لە منا گەرمە خوەشت ئەکا
شتێ لە منا ساردە وەشت ئەکا
ساردم مەکەرەوە ئەی یار
من لە پاییزا حیزم
تۆ لە سەرما حیزتری
حەزت لە هاوینەو هەوای هەناسەکانی دەم و
باز دەم و
بە دەم ئاسانە کە ئەیژم:
{خۆشم ئەوێی}...

ولاتەکەم
وازت نەهێنا لە وەیشوومەی مردن
لە کردن کە کردەوەی زەوینە

بمکەرەوە
لە گەرماوگەرمی کردنا
بمدەرەوە
لە گەرماوگەرمی مردنا

# شێعری تر

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر باتان بینی بیکوژن/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا | ٧٢
شێعرِی محەمەد مورادی نساری | ٧٢

# ئەگەر باتان بینی بیکوژن

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

هیچ شتێکی نوێ لەژێر رۆشنایی خۆر روونادات
" ئەگەر شەمسی تەورێزیت بینی بیکوژە
له مەولانا مەپرسە کێ هەتیوە
با یان مرۆڤ
ئەگەر باتان بینی بیکوژن
لە مەولانا مەپرسن کێ لە بری خۆر دێتەوە
مرۆڤ یان مرۆڤ
ماوەیەک دوای هەڵاتنی خۆر
دوای بەربوونەوەی شینایی ئاسمان
مرۆڤ بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە
چارەنووسی شەمسی تەورێزی چارەنووسی بایە
ئاسمان باران باران خۆی دەبەخشێ
زەوی مرۆڤ مرۆڤ دەبێ
مرۆڤ مرۆڤ
ئەگەر باتان بینی بیکوژن
هیچ لە خەونی سەرمەستان کەم ناکاتەوە
رۆژێک دادێ ئاسمان ئاڵودەی رەنگ دەبێ
زەوی بە چێژەوە دەڕوا
با با
هیچ شتێکی نوێ لەژێر رۆشنایی خۆر
روونادات
ئەگەر شەمسی تەورێزیت بینی بڵێ
ئاسمان لە رێگای هەورەوە دەگاتە دەمی کۆتایی
زەوی لە ماڵی با خەون دەبیاتەوە
ئەگەر باتان بینی
هیچ بە باران مەڵێن
هەتا مرۆڤ بە خەونەوە بەرنەبۆتەوە بۆشایی
لە باڵندە مەپرسە هەتاو بۆ سەوزە
لە درەخت مەپرسە هەتاو بۆ زەردە
لە مرۆڤ بپرسن شەڕ چەند دەبا
با بۆنی شەڕ دێنێ
مرۆڤ ریسوایی
هیچ بە مەولانا مەڵێن
لە خەمی با و ترسی مرۆڤ
زەوی خەو دەیباتەوە
ئاسمان باران دەیباتەوە
ئەگەر باتان بینی بڵێن
ماڵی شەمسی تەورێزی کوا
هەتاو هەتاو
بۆنی بەخشین دێ
مرۆڤ مرۆڤ
بازاڕی شەڕ دەگاتە دەمی کۆتایی
مەولانا بگرن

# محەمەد موڕادی نساری

تەنیا
تەنیا
تەنیا
وێنەی وەهارێ ک دی چیەو
گوڵەیل خوەی لە هۆرەو بردگە
تەنیا ژیانە ک دی چیە
ژیانە ک دی تمام بۆە و مەردم
واز نیارن
واز نیارن و هەر ڕووژ
ئێ جنازە دەس وە دەس کەن

[هەرسەی هەمیشە شوون دەسێگ خالیە
دەسێ ک لە ناکاو بگرێگەد
وە ئێ یەخە گ ها لە سینگد
گەرمەو بکەیگ]

تەنیا ژیانە ک گەرمەو نیەود
چۆ کاسبی لە ناو ئیلام
چۆ م ک لەی خیاوانەیل چووڵ و سەردە
خڕ خوەم و
منەی دەسەیلێ کەم ک دۆرن!
دۆر!
ئەمان لە هۆرەو نیەچن...

هەواڵنامەی

# چیرۆک

هەواڵنامەی کتێب

کتوپڕێک ئا / فریا یونسی | ٧٤
خوێن/ حوسێن شێربەگی | ٨٣
دەڵێ.../ ئەنوەر عەرەب | ٨٧
دووکانی خوێنڕشتن/ ئارام شێخ وەسانی | ٨٩
نەزانراوەکانی پێش ونبوون/ سیامەند هادی | ٩٣
باغچەی پاشا/ سەدیق ڕەسووڵی | ٩٩
تارمایی/ دابان عەتار | ١٠٣



# کتوپڕێک ئا

فریا یونسی



وتم کاکە ئەڵێ دوێشەو فێری ماشینت ئەکا وتی مەڵی کاکە دەی بڵێ کا زمانم نەدەهاتەوە گۆ وتم دادە کاکە ئەڵێ دوێشەو ئەچین فێری ماشینت بکا جا ئەهێڵێ منێش سوار ببم ئەزانی ئەهێڵێ منیش بهێڵم ماشینەکە بمبا فێرم بکات بە خۆیەوە هەڵگلۆفیم تاڵ بووم مەڵاشوم پڕ بوو لە تاڵی و هینە لەوانە بوو بمخنکێنم وتم دادە ئەوە بیری چیم ئەخەیتەوە پەنجەکانی ئەو نیوە شەوەت لە بیرە ماوە لە سەر ئەو سێبەرە نەگبەتەکەی سەر دیواری حەوشەکە هەڵقڕا کەچی دەنگم دیار نەبوو نەمابوو ویستم بڵێم ئەوەندەش بۆنی پیسی تیا بوو چی هەناسە بوو لە قوللـەکەکەی ژێر چەناگەما پێی ورد کردمەوە کە کپی کردم نەموت هەناسەم تاڵ و تەقەتەق بوو نە ڕێگەی دەمابوو هەڵخزێتە دەر نە پێشم قووت دەدرایەوە دەڵێی سێبەری دێوەزمەکەی دایە ببوو ئەوە نەبوو شەوانە بە حەقایەتە خزەکانی ئەها لەخەوی ئەکردین با ئەو دەستە هەمیشە هی ئەو ببوو ئەیگووڕاندبوو نقەم لێوەنەیەت وتم دە دادە نقەم لێوە نایەت مەترسە نا کەچی ئەو دەنگە هەر نەیدەهێشتبوو خەوم لێ بکەوێت هەر خواخوام دەبوو خێرا ڕوون بێتەوە وهەڵێمە نێو لێفە تووسییەکانی بەیانییەوە بۆ دایەش نەگێڕمەوە ها نەڵێم هەڕەشەیان لێ کردووم نقەم لێوە نەیەت نەوەکوو شۆرتەکەم بتەقێت و بزانن ئەوە ئەڵێم ناساغم ئەڵێم بڵێم خەوم بینیوە خەوتان پێوە بینیومەتەوە ئەها ڕەشمارێک پێوەی دابووم بۆیە بایی هەناسە چڵکنەکانیشم تەنەکە تەنەکە ژەهری حیز لە مێشکی پووتمدایە ئیستاش کەچی قەیناکە بێدەنگ ئەهاتبوومە دەر و سەری خۆم دائەخستبوو کە بێ چرپە خۆم ون بکەم لە درگاکانی کن دایەش دە دایەش بڵێ ئاگات لە زمانت بێ هەتیوە خێر نەدیوەکەم خەوم پێوە بینیوە دە ناڵێم چیتان داوە لە من وا زوو زوو خەوم پێوە ئەبینن ئەها ناچمەوە تاوڵە تێچووەکانی ئەو قەرەچیە تاڵانەی بەر ماڵی دادەم دە بشچم و لێشیان بپرسم مار لە خەوا چییە کەس جوابم ناداتەوە دەی کابرا تۆسنەکەی سەر ساجەکە نەبێ ئەگووڕێنێ بە ناو چاوما کە هۆی ئاگات لە زمانت بێ منیش ئەهێڵم بترسم خۆ من لە کەیەوە ئەها زمانم گۆ ناکا چۆن ئاگام لێی بێ هەراسان هەڕا ئەکەمەوە نێو حەسارە پیرەکەی ماڵی دادەم وەدەزانم دێوەزمە نەگبەتەکە شوێن زمانم کەوتووە دیانی لە دیانم تیژ کردووە کە بمپچڕێنێ ناڵێم چیتان داوە لە زمانم وا زوو زوو لە گۆی ئەخەن حەتتا باسی ئەو تەرمە بۆگەنەی ئەو دیو خێوەتەکانیش ناکەم و کارم چییە ئەو تیزابە نامەردە تا کوێی تواندووەتەوە تا چەنێکی کردووە بە چڵمەکە دەرپێکانی براون حەتتا جا من کارم چیە ئەوەندە نەبێ نێو لینگە دڵقاوییەکەیم پێ گوناح بوو وەک مۆم توابۆوە سە ر عەرزەکەی ئەو خوارەوە دە ئیتر هەراسان هەڕام کردە نێو حەسارە تاریکەکە و ئەدرێم بە نەرما ئەدرێم بە بەچکەیەکی دێوەزمەدا کە حەمووی سێ چوار سەعاتە گووراوە لە ژێر سینەی دادەوە کەچی نازانم بۆ هەر ژێر نابێتەوە خۆ هێشتا چڵمە نەختێ ئاوی دەڵەمەیە لە نزیک ناوکی دایکییەوە لە چی ئەترسێ پێی ناڵێم بیری خەو ئەکەومەوە فێنکایی خەوێکی خراپ دامئەگرێت چۆن سینەی دادەم خوا دایناوە بۆ خەو بە قەد سینەی دایەش زل نیە ها کەچی سینەی دایە نیە کە تامی شێی بنکی شەوانەی





ئەدا و بۆنی شیری کتریبە کۆنی لێ ئەهات وەیی سینەی دادەم تاڵە تاڵ خۆشە مەڵاشووم ئەخورێنێ ئەڵێم دادە تاڵ چ خۆشە چ خەوم لێ ئەخا ئەشا ئەخەوم دە مەڵێ کراسی تازەم بۆ کریوی مەڵێ تاقی بکەمەوە بزانی چۆن بە بەرت ئەکا ناهێڵم بوێرم بزانی لەشم بۆنی زیخی لێ دێ ناوێرم بهێڵم بڵێم هینە دایە لە ماڵ نە بوو ئێتر منیش ئەموت لە ماڵ نەبم وتبووم بچمە نێو زیخی کەنار ئەو چەمەکەی حاح لەو لای خێوەتەکانەوە خێرا خێرا گەرم دائەگەڕێ و لەوانەیە پیاو بکا بە هین ئەوە نییە چەنێک داغە لەوانەیە هەرچی کوێتە بیکوڵێنێ ناشوێرم بڵێم زیخەکە چۆن هەڵمدەگلۆفێت ئەڵێ تاقی بکەرەوە بزانم بە بەرت ئەکا ناوێرم بڵێم ئەکا ئەکا دە لەشم تامی کلکەتەشی گرتووە وتم دادە ئەها مژدیت بە کلکەتەشی ئەکردبوو دەی چوومە کن چەمەکەی حۆو خوارەوە ئاها کلکەتەشیت بۆ بگرم خەوم لێ ئەکەوت ماندوو ئەببووم سینگی تۆم دوروست ئەکرد کە خەوێکم لێ بکەوێنێت ئەو زیخە خوا داینیاوە بۆ خەوەکانم ئەزانی خەوتم دە لە خەوما خەوت پێوە دەبینیبووم ئەزانم چ مژدییەک بە کلکەتەشی ئەکەی هاتم بۆ ڕاوە کلکەتەشی کەچی کلکە تە شییە کا ن منیان ئەلێستەوە چۆن لە خۆمم هەڵکەندن و هاتم بۆت بهێنم کەچی کەم ببومەوەو هەر تۆسقاڵێکم لێ ئەمابوو ئەمویست فریات کەوم چ خەوتبوی و لە خە و تا کلکە تە شیە کا ن بۆنی زیخیان لێ بەرز هەڵئەستا ڕژایتەوە سەر



هینەکە یەعنی هەستایت وتت ئەو پەنجێرانە بۆ چەورن جا گریا دادەم چاوی ڕشتە پەنجێرەکانەوە و خۆی لە دەرەوە تووڕە کردبوو چەنێک وتم ئادەی لە کوێوە چەورە با بیانخۆین نەیبیستبووم خۆی رووت دەکردەوە و گریابوو وتی لە بەری کەم بزانم جوانم نەیوێرابوو وتی ڕەنگی ڕەشم لێ نایەت قیژاندم دادە دوگمەکانی مەخۆ دەی خۆ دیارە گوێت چەنێک پڕ ببوو لە خشەخشی دڵقی کراسە تازەکە و وتم دادە لە بەری مەکە ها ئەگینا دێشێ کەچی ئاگای لە دەنگم نەببوو هەڵات بەرەو کوێر بوونەوەی شیشەکان وتی تازە ئێتر ناتوانم و گریا دادەم قژی بێ ویژدانی نەجسنم خورا بە کونە وردەکانی نێو هەوادا ئاخ کە چاوی چەنێک لە تەڕ ئەچوو ئەرێ خلۆر دەبێۆوە نێو تەڕایی ڕوومەتی و دەستی ڕاستی چەنێک عەزیەتی ئەکردبوو هەر ئەیکوتا بە چوارچێوەی نانەجیبی پەنجێرەکەدا خێرا خێرا قامکە درێژەکەی ئەشکاندەوە، ئەتوت ئێتر نایەوێ وتم دادە قامکت گوناحە ها ئیتر وای لێ مەکە دەی نەیئەبیستم گوێم لە دەنگی پەنجێرەکان گرتبوو گوێم لە کپ بوونەوەی شیشەکان و ئاگام لە هەناسەی مێروولەیەک بە نێو نەخی قاڵییەکەوە ببوو هەڵاتم بەرە و پەردەکە وتم دادە گوناحە ڕووتە پەردەکان یەک دەهاتنەوە و چاوی چڵێسی کابرای ساجە بێ ویژدانەکەم ڕەشکردەوە جا دادەش بە تاریکیەکە بەزا وتم خۆت لە بەر ناکەیتەوە و کەوتمە نێو تڵیشی سینەی وتم ئۆخخەی ئەم خەندەقە چەنێک گۆشتە چ ڕیش بە پیاو شل ئەکاتەوە ماشینەکەی کاکە بانگی کردین دادە خێرا خۆی لە ژێر ڕیشم دەرکێشا و بەرەو قوژبنی پشت دەرگاکە ڕژا من هەر وێرام لە دەرگاکە دەرپەڕیم و بەرەو پیری هالاوی ماشینە تۆسنەکەی کاکە هەڵێم وتم کاکە فێری ماشینت کردین هیچی نەوت وتی زوو کە دەرگاکە بکەرەوە هەرچی گیانمە ئێشە هیچم نەوت وتم دەی خۆ ماشینەکە نایەشێ بۆ کوێ ئەیبەیتە ژوورەوە ماشینەکە هیچی نەوت پێش کاکە ئەمدیو دەروازەکە کەوت و کاکە وتی لە کۆڵت نێم لە کۆڵی نام و بە پیلکانە مە جبوورەکانا بردمیە سەر لە قوژبنەکەی دادەش لای نەدا و هەر ئەیوت ڕەقو تەقی دیار بوو ڕەقوتەق داگەڕابووم لە بۆنی دیوارەکان ئەتەزیبووم و خێرا خێرا کاس ئەبووم گوێم لە لیکی پەنجێرە چەورەکان نەمابوو هەر چاوم لە خورانێک ببوو لەو دەور و بەرە کەوتبوو کاکە لە خۆوە لە کۆڵی دەنابووم خۆ دێشا خەندەقەکانی منیش ئا هەر گەرماترم دەبووبێ ئەرێ حەزم دەچوبووە فێنکایی خەندەقێکی دوور لە کاکە ئاگام لە دەستم بوو دەمبردبوو پە نجێرەکەم پێ دەشکاندبوو هۆشم بە شیشە چەورەکانەوە بوو لاڵەیان دەکردبووە خوار و بێ هارە لە پەنجێرەکان بەر دەببوونەوە گەرما پڕ بە ژوورەکەی کردبووم و ئەمتوانیبوو لەمسەری ژورەکەوە دەستم بخزێنمە دەر قامکم لە گەڵای شۆڕەبیە گوناحەکەی کۆڵان بخشێنم مەچەکم بەم لە تاوڵە تاوانبارەکانی



زەمینە چۆڵەکەی دراوسێی ماڵی دادە ئەتوت گۆشتن ماڵی کاکــ ئەتوت ئێسقان نا ناوێرم بڵێم کاککە ئەڵێم کازاوای دایکم ئەبێ بڵێم کاشووی دادە کاقوززەڵقۆرتی نێو شۆرتەکەم کە هەر جووڵە جووڵیەتی ئەوە چییە ئەو گڕە مەلعوونەی سیگارەکەت ئاوقای بنمیچەکان دەکەی کە زبرانی ئەو گەچوخاکە یاخییە بلێسنەوە دەی ئەو گڕە مەلعوونە بەر بووبێتەوە دەی لە گەڵ گوناحی سووری چاوە داچەقاوەکەی ئەو شۆرەبیە خۆی بکا بە ناو شۆرتەکەمانا و بمانسووتێنێ خێرا ئامین دەموت و دەستم گوێی لە دەنگم نەمابوو خۆی ئەکرد بە ژێر شۆرتە کافرەکەما لەو حەموو ڕەقە هیچم دیار نەببوو چەنێکم لە ژێر شۆرتەکەمەوە لێ دزرابوو شۆرتەکەم پڕ ببوو لە هین چی پێ ئەڵێن ئەوە نیە ئەوەندە کولاتەیە لەوانەیە لە کەلوکونی پیاوەوە فیچقە بکا ئەوە نیە کاسم ئەکا کەچی گوێم پێ پڕ ئەکاتەوە لە با گوێم ئەخاتەوە بیری فێنکایی خەندەقەکان کاککە زیاتر لە کۆڵی ئەنابووم و بە چوار قوڕنی ژوورەکەدا بە ڕاکردن دەیگێڕام وتی دواییش فێنکت ئەکەمەوە کەرە خەندەقێکی خۆشم لە شکە لە ژێر خێوەتەکانا خۆی حەشار داوە لە هینم کا نا کا قوززەڵقۆرت  کافری باڵبڕاوی ژێر پرچەکانی ئەوێم بۆ پێم ناڵێت ئاگام لەو کابرا ساحەب سیخە و ساجەکەی بێت هەر ئەڵێ ڕەقوتەقی و تونتر ئەمگووشێ بە پشتییەوە دەنگی ئارەقەی پشتی دەبینم بۆگەنەکەی گەرەکێک کاس ئەکات جا قژەکانی سینگم ئەخووسێنێت کاکە تاڵ نەبوو کەچی ئەو ئێشە مەلعوونەی لەشی دەیخوراندم بێ ئەوەی خەوم لێبخات هەر ئەهاتوو شۆرتە لاوازەکەمی هارتر ئەکردبوو ورد ورد خۆی پێ دەشێلام و دەڕۆشت وای لێ هاتبوو پانتۆڵەکەشم بە خۆی دەزانی و دەکەوتە پرمەپرمی پێکەنین پێم وام لێ هاتبوو کراسەکەشم ئاگای لە هاسکە هاسکی حەمووومان بوو دەپاڕایەوە نەیکەین کافر وتی هەی جۆلانێ جۆلانێ دەی با فێنک بینەوە کەرە قژەکانی قاچم خووسابوون تفی نێو دەمم هەڵگەڕابۆوە نێو چاوەکانم و خەریک بوو وشک دەبووم وتم کاکە دەمبەیتە خەندەقەکەی کە وتت کە وتی ئیستا وتی سەگە بە سێ قاچەوە ئەڵێی دوا کەوتووی وتی هەڵێ قۆلەکانمی کێشا بەرە و قوڕنە تاریکەکە هەڵێم کەچی خۆی لە بەر قاچەکانما وێستابوو لا نەدەچوو لە بەر دەمما وتم ئاخر ناتوانم کافر هێشتا نەگەیشتبووە سەر زمانم لە دڵما ئەبوو کە نیشتە سەر زمانم وتم ئاخر ناکرێ کاکە ئەها بەرت پێگرتووم

کزوڵەی کردبوو کە پرم دابێتێ بیکەوێنمە ژێرم وتم کاکە گوناحی پان ئەبیتەوە لە ژێرما کەچی زمانم لکابوو بە مەڵاشووی تاریکما و قورسی دەکردم هەر دەمکەواند و زیاتر گوێم دەکرایەوە بنەڕێنم هەر دەکەوتبووم و ئاگام لەو کاسیە نەدەبوو دەزایە ژێر پێستم و ئارەقێکی قاوەیی پێ دەر ئەدام ویستم بڵێم ئەها چەنێک خووساوم پێت کەچی دەسەڵاتی دەنگم نەمابوو لێم ببووە هاسکەهاسک و لە گەڵ لیکە چڵکنەکەی تێکەڵتر دەببوو قسەکەمی ئەوەندە دەرخوارد دام و ڕیشی مەلعوونم کەوتە بۆگەنیوی خەندەقەکەی خوارەوەی کافری چەور کرد کە هەر وتی ئەو پەنجێرانە ئەبینی شکاندوون چەور کردنایە نەدەشکاندت و گوێم لە بۆنی پەنجێرەکان کپ ئەکرابوو بێم و بچم وتی سەگە هەر سێ قاچەکەت تێڵان و لەشم دەهات و زبر دەبوایە خۆش بوو چ چاوم لە تەزینی لووتم ئای گوێم لە شل بوونەوەی چاوم ئەرێ ئاگام لە هاسکەهاسکم دەمابوو وتاندی پێت خۆشە وتم غەیانەتە وتم دادە بزانێ کوێر و زەلیلم ئەکاتەوە پێستم هەڵدەقەنێ و کونکونم ئەکەنێت وتی پێت خۆشە وتم ئێتر ئاخری کەرەت بێ دادەم بزانێ نامبەخشێ لە گەڵ دایەش قسە ناکا وتاندی پێت خۆشە پێم خۆش بوو بڵێم نا و هەڵاتبێتم لەو کاوەکاوە بەدفەڕە کەچی دەنگم نەدەمابوو بە دەست هەناسە هەناسی زبرییەوە لە تاو برژان ئەملووراندبوو کەچی دەمم دەسەڵاتی پێم نەبوو نەمتوانی هەڵێم گوێم لە قاچم نەبوو ئیتر کەوشەکانمم نەدەبیست کتوپڕ ئا شل بوومەوە و کاکە هەڵات بەرەو پانکە سەوزەکە لەو قوژبنانە و خولانەی پێکردبوو کە ڕەنگی نەمێنێ ئاگام لێ بوو پانکەکەی تێ بەردابووم و دیم ئیتر کاکە نەببوو وتم ئیتر نالێم دێوەزمە نالێمەوە دێوەز دەنگم جیڕ ببوو وامزانی ژەنگم هێناوە بیرم کرایەوە کەمێک خەوم بینیبو ئەو دادەمە خەوم پێوە دەبینێ بوومەتە دێوەزمە ئەوێرم بزانێ لە خەوما ببوومە دێوەزمە و هەڵێم بەرەو قوژبنە حەیزەکەی دادە و ئەڵێم کاکە دێوەزمە لە

جێ دەهێڵێ و ئەچێتە بەر گڤەگڤی پانکە بێڕەنگەکە لەو دیو گڤەگڤ دەهێنێ و تێم بەرئەدات خێرا ئەترسم ئەڵێم ئیتر نالێم دێوەزمە ئەڵێ بوێستە و پشت لە پانکەکە بکە ئادەی ئەوێستم و پشت ئەکەمە لەشی گوناحی دادەم لەو دیو دیواری ژوورە داخراوەکەی کاکە ئەڵێ کەواتە دێوەزمە ها دەنگی چ بەرزە کاکە و خێسەی دادە بە درزی دیوارەکەدا دێتە گیانم دە بڵێم چی ئەزانم ئەڵێ سبەیشەو ئا لێرە ئەزانی ناتوانم بڵێم ئەزانم ئاخر چووزانم کەچی خەریکە گوێم هەڵدڕێ بە سەرمەوە ئەڵێ هەر وا بوێستە و ئەڵێ دەعبایەکی درندە خۆی کردبێ بێرەدا نەزانێ ئەکەوتە ناو پەڕەکانی ئا ئەم پانکەیەوە و پانکەکەم لێ نزیک ئەخاتەوە ئەڵێم چووزانێ ئەڵێ من خەریک بووم دوای یانزە مانگ دادەتم دەکوتا بێشەڕەفە باقڵ هاتبوو خۆمان لێ داگرێ ئەڵێ ئاخر من قامکە درێژەکەی دادەتم ئەویست هەمیشە پێویستم دەبوو تا ئیتر لە کوتانی بووبێتمەوە ئەوەندە نەکوترێ کەچی دادەت هەر ئەیوت نا ئەیوت دوایی زەرد هەڵدەگەڕێت و بۆگەنێکی لێ دێ ئەیوت کاس ئەکا وتانی بۆگەنی لێ دێ وتم نازام وتم دەعباکە هاتبوو ئاگای لە قامکی دادە بێ خەتا نەکا وتی ئەی نییە ختەیەکم لێکرد دەرنەچوو منیش ئیتر نەمتوانی کوتانم نەدەهات ئاخر چەنێک بیکوتم قینم هەستا و هەڵاتم بەرەو دەعباکە و هەڵدێ بەرەو شانە کزەکانم کافر ئەمگرێ ئەمباتە دەم پەڕرە شێتەکانی پانکەکە و سەرم تا قاروقینی پەڕرەکان ئەبا ئەڵێ نەمئەزانی هەر وا بە فشە لێم کەوتە بەر پەڕرەکان و ئیتر چاوم پێی نەکەوتەوە هەلاهەلا بوو لێم و کاکە ئەڵێ چ بە دەنگێکی ڕەقیشەوە هاوار ئەکا خوێنە ملعوونەکەی ئەزانی ئەڵێم چووزانم فیچقەی ئەکردبووە سەر پێستی دیوارەکە و حەموو عازای دیوارەکەی سوور ئەکردبوو ئەڵێ دوایی چوومەوە خەریکی کارەکەی خۆمان ببینەوە دادەت نەیهێشت ئیتر بیکوتم هەر ئەگریا ئەڵێ وتم هەر نەختێکم ماوە هەناسەم دامرکێتەوە و ئەڵێ وتبووم قامکەخنەیەکتم بەسسە و چەنێک دەنگی بەرزە





هەڵمێک دێوەزمەکە بە پەنجێرەکەدا لێی هەڵدەچێ و بەرە و خێوەتە نەگبەتەکان هەتاوێک ئەیبا دادەم ئەقریشکێنێ و پڕ دەبمەوە لە دادەم ئە گریم ئەڵێم دادە وتی با فێنک ببیەوە ئەڵێم وتی دێشێم هەڵاتبووم لە دەرگاکەوە هەڵاتبووم و خۆ ئەکردبوو بە ئاودەستە کاسەکەی نێو حەوشەکەیاندا کتوپڕ ئا چاوم چ پڕ ئەبووبێتەوە لە خۆم پشت درگای ئاودەستەکە خۆمێکی تر ئەلەرزێت بۆ دۆخینی پانتۆڵەکەی ئەگەڕێم بۆ دۆخینی پانتۆڵەکەم ئەگەڕێت نیە قاچەکانیشم دیارن ڕووت و بۆگەنن بۆنێک بە شانیەوە دەکەم ئەویش بۆن بە قژی خووساوی سینگمەوە دەکا ئەویش تماشام ئەکا منیش تماشام ئەکەم خۆمی نێو درگاکە لا دەکاتەوە من نا ئەو کزوڵەیەک دەکا ئەڵێی گوێ لە دەرەوە ئەگرێت من هەر بۆن ئەکەم سینگم تاڵ نییە خەوم لێ ناخات چاوم ئەڕنمەوە لە مووەکانی و دەینێرمە نێو ئاوێنەکە و تاری جاڵجاڵۆکەیەک بە دەوری سەرمەوە ئەبینم ئەری ڕەنگی گرتووە ئەڵێی هینم ویستم لە سەری پووتم هەڵیکەنم و هەڵیمە دەر تا لنگە و تلوو بۆی کەوابێتم ناوێرم حەتتا ناوێرم گەشەی دڵیشم بێ بەو حەموو شەوەی گلێنەکانمەوە هەر ئاگام لە ئەستێرەیە ئەبارێتە ناو کونی کۆنی مەستەراحەکە دایە ئەیوت کە ئەستێرە باری زوو موراتێکت بڵێ حاسڵ ئەبێ ئەڵێم خوایە پۆشتەم ئەکەیتەوە و پۆشتە نابمەوە ئەڵێم خوایە ژنە چڵمەکەی ئەو دیو خێوەتەکان زیندوو ئەکەیتەوە و ژنەکە هەر دیار نیە دەمێکە دیار نییە ئاگام لە نێو گلێنەکانمە خوشکی کورە قەرەچیەکە تیای ئەگری تیای خۆ دەرنێتەوە دادە ئەڵێ بتوانی چاوەکانی هەڵکۆڵی و لای چەمەکە لە نێو ئەو زیخە کوڵهاتەیەدا بینێژی ئاوی چەمەکە زۆر ئەکا ها ئەڵێتەوە چارەی چەم وایە هەر بە چاوی هەڵکۆڵراو زیاد ئەبێ ها جا دوای چەن ساڵانیش دار هەنجیرێکی لێ ئەڕوێ لەو ناوچە هەنجیرەکانی هەر حەمووی لە چاو ئەچن لەو چاوە ئەچن ئەوەندە تەڕ ئەبن ئەوەندە تەڕ ئەبن حەمووی بە شیری خۆیان ئەتەقن جا چەنێک لەو چاوەت ئەبێ چەنێک ئەتوانی ڕۆژی دەورییەک چاو بخۆیت ئەزانی هەڵدێم بۆی ئەچم دەستە بێ ویژدانەکانی بگرم ئەوەندە ئەو گلێنە گوناحە دانەچۆڕێنێت چ جوانە خوایە بتوانم خێرا بیگەمێ و بتوانم دەستەکانی هەڵبرم جوانتریش ئەبێ ئەزانی کەچی زۆر نزیک نابمەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و لە هەناسەی سوارم دێتە پێش بە جرتو فرتێکیش دێتە پێش ئەڵێی ئەو نەبوو ئەگریا لێم دێتە پێش و زمانم لێ دەرئەکێشێ زمانی چەورە و لە کلکەتەشی ئەچێت هەر جۆلانێ بە زمانی ئەکات من ناوێرم بوێستم زیاتر هەڵدێم ئەو ناوێرێ زیاتر بێ زوو ئەوێستێ

دواییش ئەگەڕێتەوە بە هەڵاتن دەگەڕێتەوە بەرەو خێوەتە ڕزیوەکان وەدووی دەنێم و ئەکەوینە نێو خێوەتی ساجەکە پشتی لێمە دەستم ئەنێرمە سەر شانی سووری لا ئەکاتەوە بۆ دەستم سەر سووری بن شڕ باوەڕ ناکەم دەممەیەم لە جێی خۆم شل ئەبمەوە و کزە بایەکی سەرحەپۆل دەممەیەنێت ئا ئەبمە جواناوی خۆم بە تەوێڵی ئاوێنەکەوە ئەری خۆ دیارە مەیپوم پێدەکەنێ تریقە تریق دە ستی ئەنێرێتە سەر تەوێڵم و جواناوی ئاوێنەکە پاک ئەکاتەوە ئەڵێ وەیە خەمت نەبێ وەیە من لەو قورمساغە خۆشترم پرم ئەداتێ ئەڵێ ئەها چ ناشرینم دە بمکووژە دەی و دەستم پێدەکا بە کوتان ڕووت نیە ڕووت نابێتەوە من ناتوانم نابێ بتوانم ساجێکی لێیە هەر ئەمترسێنێ زوو زوو زبرم دەکاتەوە و قژەکانی لەشم هەڵدەستێنێ ئەڵێم نا و هەڵدێم بەرە و نەختە هەتاوەکە ئەڵێ مەکە باوکم تەمێت ئەکا ها ئەڵێم نا ناتوانم ناوێرم بتوانم بڕبڕەم دێشێ ئەڵێ قەینا وەحەسێ جا ئەڵێ ها ئەو سەرینە بگرە و سەرینێک ئەکێشێ بەرەو دیوارە پەڕۆی خێوەتەکە و ئەڵێ وەحەسێ من جۆلانێ ئەکەم ئەڵێم نا و دەرپێکانی توورە ئەبن دائەخزێنە ژێر قاچە شێتەکانی و قاچە شێتەکانی هار ئەبن فڕێی ئەدەن بە سەر لووتما لووتم هەڵدەستێ و دڵم پڕ دەکاتەوە لە هین چی پێ ئەڵێن ئەوە نیە ئەوەندە کوڵاتەیە لەوانەیە دنیا داپلۆخێنێ ئەڵێم ئاخر ناتوانم ئەڵێ قەینا من ئەتوانم ئەوە نییە و ئاوقام ئەبێ سەرم پێ ئەخاتە سەر سەرینەکە و قژم ئەگرێ نەهێڵێ لە جێی خۆم بزووم خەریک ئەبوو هەر هەڵئەستێ و دائەنیشێ لەوانەیە نێو بەتاڵم کا ئەوێرم بڵێم ئەخنکێم کەچی ناهێڵێ دەنگم دەر بێ و سینەی ئەخاتە سەر لووتم خەوم لێ ناخا سینەی کەچی مەڵاشووم ئەکزێنێتەوە ئەڵێ ئەو شەوە لێرە بووی ئەری ئەو شەوە لێرە

خێوەتە ڕزیوەکان کەمێک هێشتییەوە کە ئاگای لە کۆکردنەوەیان بووبێت وتی نانا نەکەی نەیانخۆی کەمێکی ماوە بەیەنم پڕ ببوو لە سێبەری کلکە تەشی و لقێ گوڵی سەیرم لێ بەر ئەبێتەوە کە ئاگای لێ بێت هەڵوەری و دانەوێتەوە دانە دانەی پە ڕە کانی کۆ بکاتەوە و بزەیەک لە سەر لێوی کۆنی ئەوێستاندبوو هەر پەرێک و دەنکێ سێبەری کلکەتەشی تێ نەخەیت بیدەیتێ بیگلێنێت و بینێتە نێو لێوانی کۆنی من کراسە بۆگەنەکەمم داکەندبوو کە دادە چاوی لە خێوەتەکان ساندەوە کتوپڕێک قامیشەڵانەکەی ژێر باڵمی بینی سەرم دانەواند تا ئاگام لە ناوکم بێ وتبووم خوایە زوو پۆشتە بێتەوە کە سەرم بەرز کردەوە دادە لەوێ نەمابوو دادە نەمابوو بۆی ئەگەڕابووم کەچی هیچم نەدەناسیەوە کافر نەبێ نازانم لە شوێنێکی مێشکم کەوتبوو بە لووتا و خۆی ئەخوراند ئەتوت کازاوای دایە لە کەیەوە لەوێیە وتی بەو پیلکانە نەخۆشانەدا هە لگەڕێم تا بچینە ژوور لە ناو ماڵە خەفەتبارەکەی دادە چاوبەستێنێ بکەین وتم نایکەم وتی خۆشە ها بزانین کێمان زیرەکە چاوبێن لە چاوی یەکتر دەبەستین و جا خەریک دەبین دەستمان پێکرد چاو بێنەکە بە من ئەوێرابوو زوو زوو شەوی وای بیری چاوم ئەخستەوە نەمزانیبوو کافر چاومی خەریک کردببوو ئیشتیام لە بۆنە تاڵەکەی دادە بوو وتم ئۆخەی ئاخری منداڵیان ئەبێ ئیشتیام لە زیخ بوو هەڵیگلۆفم کەچی نەمهێشت دڵم بێ بهێڵم زیخەکە هەڵمگلۆفێ وتم دادەم خوا داینا وە بۆ ئەو زیخە بەس نیە ئاوی چەمەکەش زیا ئەکا ئازایە ئەوەندە ئەوێرێ چی بکات چاوی هەڵکوڵراوی ناوێ چەمەکە بەس نییە مەمکی زوو پڕ ئەبێ لە شیر لە جێی خۆی هەڵئەتەقێت چەمی شار شیری پیا ئەڕوات هینە شیر بە چەمی شارا ئەڕۆشتبوو چووزانم پەشیمان ئەبوومەوە وتم ئەی بێتو هەڵیگلۆفێ بێتو کلکەتەشییەکان بیلێسنەوە و نەختێکی لێ بمێنێ چی وتم دادە خوا داینا وە بۆنی شیری لێ بێ شیری لێ بێ وتبووم چەمە شیرەکانی دادە حەموو بەچکەکانی شاری تێر کردبوو وتی سەگە هی ئەو چاوبێنەیە گەوجی ئەوەندە شەوت کردوەتە چاوت ئاگات لە دادەت نەبوو نەهێڵی بێتە هەڵم و هەتاو بیبا وتبووم ئەها گوێم لە هێڵە هێلی خۆمە لە سینەی شکاوما هەڵناستێ بمباتەوە بۆ خۆی دە خوایە بمبەرەوە بۆ خۆت ئێرە ئەها چەنێک شەوە بە چاوبێن لە چاوم کرابوو چ تاڵیشە ئەها ئەمەوێ بگریم و ئەوەندە بنەڕێنم دادە دایە بۆ دیار نییە ڕاستە ئەڵێن ئیتر دایە نیە وتی چووزانم وتی ئەها ئیتر کەس لێرە نییە کەس لێرە نەماوە شەوەکەی سەرچاوم لادا کاکە بە دیار تلویزوێنە کرێوەکەوە ڕووت خەوتبوو تلویزوێنەکە چ کرێوەیەک بوو چ بەفرێکی تیا ئەباری ویستم هەڵێم کەچی بەفرەکە چاومی دزی شتێک دەجوولا لەوێ نزیک ئەکەوتەوە و دوور ئەکەوتەوە دەرئەکەوت و بزر دەبوو لە خۆوە وەمزانی سێبەری گوناحی دادەیە و سەرمایەکم ببوو بۆ گریان ئەگەڕام بۆ گەرمایەک نزیک پێستم ئەگەڕابووم زبر بوومەوە پێستم ئەببووە سماتە هەڵاتبووم کاکە وتی بۆ کوێ و هەر هەڵاتبووم وتی ئیستا دێنەوە کەرە وەرە فێنک ببین بە دوو قاچەوە هەڵاتبووم و ئەترسابووم وتم با کاکە نەزانێ ژێر ناوکم هەر سیخە گەرمەکەی لە بیرە و دوو درگا لە حەسارەکە نابینێ کە کرابوونەوە و لە پیلکانەکانەوە خلۆر بوومە نێو یەکیان دیسان پڕ بە ئاوێنەکە بووم وتم خۆسکە ئەمتوانی پۆشتە ببمەوە و تماشای خوارەوەم کردبوو چ گەچلیبوو نەراندم دادە کەچی دادە بە دەنگمەوە نەهات وتم تۆرە جاڵجاڵۆکەیە ئێرە خۆ ئاوێنە نیە وا ناتوانم لەرەیەک بتوانم لەرەیەک وەخۆ خەم و ناتوانم لە گەڵ دلقی ئاوێنەکە بە مەیوی بهارێمە خوار ورد ببمە نێو کونی کۆنی مەستەراح گوێم لە دلقی ئاوێنەکە بێ بتوێتەوە و ڕمبوکوت لە ئاوێنەکە هەڵدەستێ دادە خەوی پێوە بینیبووم لە ئاوێنەیەک دەچەقێم و ئەوتبوو من هەر لە خەوەکەدا گوێم هەبووە ئەویش پڕ بووە لە هارەی ئاوێنەکان ڕمبوکوتێک لە ئاوێنەکەدایە و دادەمێک لە بنکی چاوما سکی بەتاڵ بووەتەوە و ئەڵێ ئەزانیبووم پێت خۆش بوو فێنک ببیەوە نقەم لێوە نایا باسی دێوەزمەکەش ناکەم ناڵێم چۆن سکی دادەی پڕ کرد و بەتاڵی کردەوە ئەها دەمولوتی پیاو دەئاخنێ و زوو زوو پرم ئەداتێ لە نێو کونە کۆنەکەی مەستەراحەوە بە باوەش هە لمئەگرێت و چەن بچووکم لە باوەشیا چەن بچووک ببوومەتەوە ئەڵێ ئەو سەر کەنەکە خاوی دێوەزمەکەشی ئاوا بەست و وتبووی فێنکت ئەکەمەوە کەچی ئەو دەمی دەنا بە هەر دەمارێکی منەوە و ڕەحەت منی دەخواردەوە قەتیش بە گوێی ئەوی نەکرد ئەزانی دەڵێ شەوێک دێوەزمەکە خۆی چاوی لە حەموو شتێک بوو ئیتر قینی هەستا و ویستی لە فرتوفێڵی ئەو سەر کەنەکە ڕزگارم بکا کەچی خۆی تێکەوت و وتم کاکەش نایە بەر پەڕەکانی پانکەکە ئەزانی وتی مەڵێ کاکە و ویستی بڵێ ئیتر مەڵێوە کاکە هەناسەیەکی هەڵکێشا لە بنکی دڵییەوە هات ڕێک لە لای ناوکییەوە کاکە ئاوێنەکەی هاڕاند بە سەر و چاوما و ئەو دادەمەی لێ هەڵتەقاندم کە لە بنکی ئاوێنەکەوە هاتبوو ڕێک لە لای ناوکمەوە دەرکەوتبوو وتی دێشێم وتم کاکە ئیتر ناتوانم هەر دوو قاچم ماوە و هەڵات نەراندی دێشێم و هەڵات نەمئەتوانی شوێنی کەوم جاران بە سێ قاچەوە ئاخری ئەمگرت و ئێشم تیا نەدەهێشت ئیستا نابێ ناتوانم نابێ بتوانم ئیتر قلپ ئەبمەوە بە سەر کوتە شکاوەکانی ئاوێنەکەدا و دادەم بینی داببویە قوڵپەی گریانێک و قلپ ببوەوە لە ژێر چاوما وتم دادە ئەوە لە کوێی ئەها کە دایە باسی دێوەزمە ساردەکانی بۆ دەگێڕاینەوە دانە چیرەی تۆ بوو ئەری گەرەکێکی تێ دەگەیاندین کەچی ئیستا هێور ئەتوت بۆ هەر هەموو دێوەزمەکانی دنیا دەگریا دادە ئا لە کوتێک ئاوێنەی شکاوا گیری خواردبوو دەگریا دادە

پاییزی ساڵی ١٣٧٩

# خوێن

حوسێن شێربەگی

دەرگای ئەم ماڵە هەمیشە ئاوەڵا بووە، ئێستا چی؟ ئەمڕۆش هەروەک ساڵی ساڵان! دەیجا بە کۆڵانان‌دا دێم و دەگەمە بەر دەرگا، لە دەرگای ئاوەڵاوە خۆم بە حەساردا دەکەم: حەساری دەرەندەشت، باغ و باغچەیەک بوو! بەڵام ئێستا چی؟ درەخت و دەوەنی حەسار هەموو پیر و سەوزە و ئاڵفی باغچە، زەرد و وشک! بەهاری ساڵی ساڵان بۆتە پاییزێک، لەمڕۆدا پاییز ...
یادی بەخێر: هەرا و زەنا و قاڵمەقاڵم و جەنجاڵی ساڵی ساڵانی نێو ئەم ماڵە؛ دایک مابوو ... خوشک مێردیان نەکردبوو، برا هەر چوارمان هەر لەم ماڵەدا گەورە بووین و هێشتا هیچکام ژنمان نەهێنابوو. خاڵ و خاڵۆزا و مام و ئامۆزا و پوور و پوورزا؛ لاقێکیان لە ماڵە خۆیان و لاقێکیان لەم ماڵە بوو ... ئای ... یادی بەخێر ...
بەڵام ئێستا؟ کوندەبوو لێی دەخوێنێ ئەم ماڵە! دایک مرد؛ خوشک شوویان کرد و ڕۆیشتن؛ برا دوویان ژنیان هێنا و ڕۆیشتن؛ لەم ماڵەدا ماوینەتەوە من و بابم و کاکم ... هەی خوا بە قوربانی بەشت، سارات و چۆلگە و غەریبستانە ئەم ماڵە! ئەم ماڵە هەرگیز دەرگای گاڵە نەدەدرا؛ تا مردنی دایک ورۆیشتنی خوشک و برا ... بەڵام ئەمڕۆش هەر وەک ساڵی ساڵان دەرگا ئاوەڵایە و منیش بەبێ وێستان و ماتڵی خۆم بە حەساردا دەکەم.
خۆم بە حەساردا دەکەم و حەسار چ حەسار؟ ساراتێک. ڕێیەکە دەگرمە بەر و لارەوەلارەوە، شل‌ووێل و بێ‌واز بەرەو پلیکان دەچم. ئەو پلیکانانەی بەرەو ژوور هەڵدەکشێن و منیش بە دوای خۆیان‌دا ملکێش‌ملکێش بەرەو ژوور دەکێشن، بەڵام درز و قەڵشت و لاڕووخاوبوونی پلیکان و دیوار و غوڵامگەردش مۆڕەت لێ‌دەکەن و تەمەنی پیریی خۆت و خۆیت دێننە بەرچاو. چەند پلیکانێک سەردەکەوم و ڕادەوەستم. ڕادەوەستم و خولێک بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە. بۆچی هاتمە ئێرە و ڕاوەستام؟ بەشوێن چی‌دا هاتم؟ چیم وەبیر نایە، چەند پلیکانێکی دیکەش سەردەکەوم و دەگەمە غوڵامگەردشی سەرسەرەوە. پشووم سوار بووە ... لە کوێی سەردەمی لاوی و گەنجی؟ لە کوێی منالی و مێرمنالی؟ دە کەڕەت و بیست کەڕەت سەرەوخوار و ژێروژوورم دەکرد و کوا دەمزانی مانووبوون چییە؟ کوا هەناسەبڕکە و پشووسواربوونم دەبینی؟
نەء ... نەء ... پیرییە، پیری ... لێم وەژوور کەوتووە بەبێ ئەوەی تەقولباب بکا ... بەبێ لە دەرگادان لێم وەژوور کەوتووە. بەبێ ئیزن بۆتە میوانم ... میوان؟ چووزانی نەبوەتە خاوەن‌ماڵ؟ خاوەن‌ماڵ و خاوەن‌لەش و ڕوح و ماڵ و سامان و هەرچی هەمە و نیمە!
چەند پشوویەکی قووڵ هەڵدەکێشم، بزەیەک دێتە سەر لێوم و لە ژێر لێورا دەڵێم: چەنێ زوو؟ من و پیری؟ ... بێ‌ئەمەک و بێ‌چاووڕووە ئەم پیرەپیاوە ... ئەم پیرێژنە ... خۆ من هەر ئەم پار و پێرارە شێری جەنگەڵ و بەبری دارستان و گورگی بیابان بووم!!
قاقایەکی بەرز دەکێشم و دەرگای هۆدەکە دەکەمەوە: بۆنی وەتاغی شێ‌دار، بۆنی کەفەک و بۆنی شتی کۆنەی ترشاو... لە لاق دەکەوم و لە بن دیواری هۆدە پاڵ دەدەمەوە.
دیسان یاد، کونەلووتم وەخوروو دەخەن، گەرووم وشک دەکەن، تازە باوکم چاوی پێم کەوتووە، دەبێ بچمە ژووری؛ ئەگینا بە ڕێی خۆمدا دەگەڕامەوە!
باوکم کراس و ژێرپاتۆڵی سپی لە بەردا؛ پاڵی بە دیوارەکەوە داوە، قژی سەر و ڕیشی ماش‌وبرنجی، چای لە بەردەم، جگەرە بە لای لێوەوە لە من دەڕوانێ، بێ‌دەنگ ...
پیاو و پیاڵە و ناڵبەکی لێک‌دەکاڵێنەوە! باوکی بەساڵاچووی قژ ماش‌وبرنجی و کز و تێک‌قوپاو و پیاڵەی نێوقەد باریک و ناڵبەکی ڕەسمی شاعەباسی لە نێو دڵی‌دا ...
باوکم دەنگ هەڵدەبڕێ: ماندوو نەبی پاڵەوان، ئۆغر!!
بە ڕواڵەت ڕۆستەمی زاڵە، بەڵام لە نێوخۆی‌دا تێک‌قوپاوە، داڕماوە، دەنگیشی: تێک‌شکاوە، دەنگێکی گڕ و گیراو و پڕ خەفەت! چاوەکانی کز و لێڵ ...



تاقە بۆ چرکەیەک بوو، پەڕی! بە بەرچاومدا هەڵفڕی و ڕۆی! لەبەر بۆنی گەند و کەفەک و ترشاو، دەرگای هۆدەم گاڵە دا و بە ڕێی خۆمدا گەڕامەوە. هەر لە سەر دوایین غولامگەردشەوە، سیان‌سیان پلیکانم جێ‌هێشت و داکشام. بەرەو پشت بیناکە و بەرەو دەرگای حەساری پشتەوە، دەرگای حەساری گا و بزن و مەڕ. بە شوێن دڵۆپ‌دڵۆپی خوێنێک‌دا ڕۆیشتم؛ خوێن؟!

هەر دەرگای هۆدەم کردەوە بە قەرا سەتڵە ئاوێک، خوێن ڕژابوو! دڵۆپ‌دڵۆپ بە پلیکان‌دا شوێنی جێ‌هێشتبوو، بە شانی بینادا بەرەو حەساری پشتەوە و ... لە بەردەرگای حەساری پشتەوە ... دەمەوڕوو بە سەر عەرزی‌دا پان ببۆوە.

شانیم وەرسووڕاند و لە چاو و دەم و لێو و دەورەمل و ڕوخساری ورد بوومەوە، دەستم بەملا و ئەولای ملی‌دا هێنا، دەستم لە سەر شادەماری و لە سەر دەمولێوی ڕاگرت و ...

ئای قوڕبەسەرخۆم؛ ئای ماڵی کاولم، دەروجیران بۆ ناگەنێ؟ بۆ؟ ...؟ باوکە کێ تۆی کوشت؟ کاکم! ئەو ژنە!

دەستی ڕاستی بەرەو دەرگاکە بردۆتە پێشەوە، خوێنێکی زۆر لە لای قەبرغەی چەپی‌دا ڕژاوە، خوێن برێکی شۆڕاوگەی بەستووە. دەستەکانی خوێناوین.

خەڵک دەگەنێ. دادەنیشم و سەری دەنێمە سەر ڕانم. بە بانگوسەڵا دەگریم و دەیلاوێنمەوە: دیت باوکە، نەمکوت؟ ... کێ تۆی کوشت؟ ئەو ژنە؟ کاکم؟!

سەری باوکە لە سەر ڕانم، گریان و لاواندنەوەی بە بانگ و سەڵای من و وردەوردە دەنگی خەڵکیش بەرز دەبێتەوە:

«ئەو شەیتانە ... شەیتان ... شەیتان. لە کوێیە؟ فیت، فیتی ئەو شەیتانەیە. دەبێ ئەو شەیتانە بکووژن.»

جەنگەی نیوەڕۆ، لە سێبەری ژێر دارەکانی شانی جێ‌خەرمان نیوەڕۆژەمان دەکرد. پاروویەکمان خواردبوو؟ دووان یا سیان؟ من و بابم و کاکم. لەناکاو دەنگێکی ژنانە و سڵاوێک، سەرمان بەرەو دەنگەکە سووڕا: مەلایکەی بەهەشت بوو (کاکە هەروای پێ‌دەگوت) فریشتەی ئاسمان (وتەی باوکم لە وەسفی ژنەکەدا)!

: سەلام. میوان ڕاناگرن؟

باوکم سەری هەڵبڕی، ورد لێی ڕوانی و: میوان بەخێر بێ!

کاکم لێی ورد بۆوە و: میوان خۆشەویستی خوایە ...

ژنە ماتڵی خولقێکی دیکە نەما و لە سەر سفرە دانیشت و دەستی کرد بە خواردن! وەک مناڵ و خێزانی ماڵێ!

لە پاش نان‌وچایی خواردن، بابم لە سەر کەوڵە نان بە دەم جگەرەکێشانەوە خەوی لێ‌کەوت و بە لادا هات. من خەریکی کەوڵە نان خڕکردنەوە بووم و کاکم بەرەو ئەستێری پشت دارەکان چوو، ژنەش بە لایەکی دیکەدا بەرەو ئەستێر بوو ... چوومە نێو لکوپۆپ و گەڵای درەخت و دەوەنی دەوری

ئەستێرا!! کاکم لە لای ڕۆژهەڵاتی ئەستێردا، ڕووت بۆوە، بەتەنها توونکەیەکەوە چووە نێو ئاوەکە و بەرەو نێوەڕاستی ئەستێر ... لەپڕ ژنەش لە لای ڕۆژئاوای ئەستێرەوە بە تۆپی تاقە کراسێک، چووە نێو ئەستێر و بەرەو نێوەڕاستی ئەستێر ...

کاکم دوو شەقاو بەرەو نێوەڕاستی ئاو، ژنەش سێ هەنگاو بەرەو ئەو، کاکم دوو سێ هەنگاوی دیکە و ژنەش چوار پێنج شەقاو بەرەو ئەو ...

لە نێو لکوپۆپ و گەڵای درەختەکاندا تف لە دەممدا وشک بوو، گەرووم وشک بوو، کەوتمە هەناسەبڕکە و چاوم لە کاکم و ژنە بڕیبوو ...

نێوانیان گەزێک بوو، خۆیان لە ئاوەکە هەڵکێشا و قیتوقۆز لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستان! چاویان لە چاوی یەک بڕی، بزەی شیرین لە سەر لێوەکانیان. زبانیان بە لێویاندا دێنا و لەپڕ دەستیان گەیاندە دەستی یەکتر و ...

لەو ئاوە وەرنە دەرێ ملشکاو؛ شەرم و شوورەیی بکەن.

دەنگی باوکم بوو! ژنە پاشەوپاش کشاوە بۆ قەراغ، بۆ ئەو لایەی باوکمی لێ ڕاوەستابوو؛ بەڵام کاکم خۆی نوقمی ئاوەکە کرد و لە لای ڕۆژهەڵاتی ئەستێرەکەوە لە ئاو هاتە دەر.

چەند خولەکێکی دیکە هەموومان دیسان لە دەوری کەتریبە ڕەشە بووین بۆ چاخواردنەوە.

باوکم لە ژنەی پرسی: کێیی؟ لە چی دەگەڕێی؟

: هەژارم ... لە کارەکەری ماڵان و هەر کارێکی بتوانم ..

باوکم: نەتکوت کێیی؟

ژنە: دەستی لێمەدە، مەپرسە! خوا دەزانێ ...

باوکم: ژنمردووم، لە ماڵێدا کەیبانوومان نییە، خۆم و ئەم دوو کوڕە ... دەبیە کارەکەر و بنەی ماڵمان؟

کاکیشم تێوەچوو: جا بۆ نایە؟ زۆریشمان پێ خۆشە!

ساڵەوەختێکی ڕەبەق ماڵ و نێودێ و ژیان بووە مەیدانی شەڕی ڕووس و ئەمریکا و قسەوباسی خەڵک.

باوکم لە دیوەخانی ماڵێدا خۆی بە عەرزدا دا و دەیناڵاند، نەخۆش، ئای نەخۆش!

کاکم زووزوو زاخە و هۆڵ و تەویلە و کاری مەزرا و دەرەوەی بەجێدەهێشت و ... بۆ ماڵەوە!

کوێخا «ئەول»ی پیاوماقووڵی دێ دەیکوت: باشتر وایە باوکتان بەرماڵبەشان لە مزگەوت کونجی قەناعەت بگرێ؛ نەک لە دیوەخانی ماڵێدا ...

باوکم و کاکم هەر لێک مۆڕ دەبوونەوە و مشتومڕیان بوو؛ ژنەش لە بنچاوڕا بە دزەدزە خۆی لێ مات دابوون.

تەرمی بابم لە حەسارێدا کەوتووە، دەمەوروو، وەرێدەسووڕێنم و ژنێک لە نێوماڵی خۆمانەوە باڵنجێک دێنێ و دەیخاتە ژێر سەری. پیاوێکیش بەرماڵێک دێنێ و پێیدا دەدا.

کوێخا عەبدول دەڵێ: دەبێ هەرئاوا بێ تا پیاوی دەوڵەت دێ و دەیبینێ.

لە باوکم دەڕوانم و لەو خەڵکە، جاروبارەش لە کوێخا دەپرسم: کوێخا چی بکەین؟

کوێخا: دەست ڕادەگرین، تا پیاوی دەوڵەت بێ.

ڕوو لە کوێخا وەردەگێرم و چاو دەبڕمە خەڵکی نێو دێ کە هەموویان بن دیوار و بن دیوار دانیشتوون یا لە دەوری تەرمەکە چپەچپ و سرتوخورتیانە ... بەرەبەرە کەلیمەی شەیتان ... شەیتان هەستا:

«یانی هەروا ئەم خوێنە بە فیڕۆ بڕوا؟ یانی شەیتان و ئەو هەتیوە هەروا بیخۆن؟ ئەی کوشتنی شەیتان ئەرکی سەرشانی موسوڵمانان نییە؟ ئەی قساسی بکووژ، ئەویش بکووژی باب؛ عەولادی خۆی بێ، ئەرکی پیاوی موسوڵمان نییە؟ بە خودا ئەوە شەیتان و ئەو هەتیوە لە بن سێبەری دارەکانی دەوری ئەستێرەکە لە کەیف و نهەنگی خۆیان‌دان ... ئەی ئێمە بە چی موسوڵمانین؟ ئەی ئەم ئاوەدانییە پیاوی تێیا نییە؟»

حەشامەتی نێو دێ لە سێ بەش دوو بەشی بەرەو سارات و مەزرا و ئەستێر وەرێکەوتن. حاجی خانمی سەرسپی ژنان نەڕاندی: خوا لەونی لە گشتتان گۆڕیوە، خەرەفاون، کەیخوا ئایر ئەکوژێنێ، ئێوە ئایر ساز ئەکەن ... داکەون. ئەو ژنە بێتاوانە، بێکەسە، ئەو کوڕەش ... ئێمە نازانین ... با دەوڵەت ڕوونی کاتەوە!

حەشامەت ڕۆی: ئەو شەیتانە دەبێ بکووژرێ، ئەو هەتیوە غەیانە دەبێ قساس کرێ ... شەیتان .. قساس ...

ڕووم کردە کوێخا: مامکوێخا چ کەردەن بم؟

: وەدوایان کەوە، لەگەڵیان بە، مەیەڵە خوێن بکەن ... مەیەڵە خوێن بڕێژن ...

وەشوێن حەشامەت کەوتم و کە پێیان گەیشتم نەڕاندم: «بابی من کوژراوە ... خاوەنخوێن منم، قساس و ڕەزا بە دەست منە ... چما کاکم بکووژە؛ با دەوڵەت حوکمی کات، چما ئەو ژنەیە؛ با دەوڵەت حوکمی کات ... کەس هەقی نییە! خاوەنخوێن و وەلیدەم منم، من لە هەقی خۆم دەبوورم، کەس چیلکەی تێوەرنەدا ...

کەس جوابم نەداتەوە، هەر نازانم گوێیان لێمە یان نا؟ حەشامەت بە هەرا و زەنا و هەڕەشە و من بە دوایاندا.

کوێخا بە باوکمی دەکوت: سۆفی، دەست لەو کارە بەردە، ئەو ژنە لە تەمەنی کوڕەکەتدایە، بۆ ئەو دەشێ ...

بابم دەیگوراند: من بێژنم، کوڕ ژن ببێ و من نەمبێ، بە پیاوم نازانن، نانم نادەنێ، بەرگم بۆ ناشۆن. نانی ئەو ژنە من دەیدەم، بەرگی من دەیکرم، بە شەرعی خودا و پێغەمبەر مافی منە، بەشی منە، خودا بۆ منی ناردووە ...

حاجیژن بەو ژنەی دەکوت: شەیتانی شەیتان، باب و کوڕت بە گژ یەکا کردووە، ئایرت کردۆتەوە، سەرت هەڵگرە و بڕۆ، تا ئەم دووانە یەکیان یەکیانی نەکوشتووە بڕۆ، لەم گوندە بڕۆ،

شەیتان ... شەیتان ...
ژنە وڵامی دەداوە: بێ‌کەسم، بێ‌ئەنوام، هیچ کەس و هیچ کوێم نییە ... بڕۆم بۆ کوێ ... ئەم باوک و کوڕە خۆیان بە لایەکی‌دا بخەن ... خۆیان یەکیان دەس‌بەردار بێ ... من هەرکامیان بن ڕەزام ... قسەم نییە ...
کاکم بە بابمی دەکوت: عومری پیرەبزنێکت ماوە، ژنت ناوێ، دەست‌بەردار بە، بۆ منی پێ خۆشە. من مارەی کەم تا مردن کوڕ و نۆکەر و خوڵامتم ...
باوکم وتی: قەزام لە تۆ ... تا لە گۆڕت نەهاوم هیچم لێ نایە ... ئەو فریشتەیە خوا لە ئاسمانەوە بۆ خۆمی ناردووە، بە نان و ئاو و جلوبەرگی خۆم ڕامگرتووە، نان و ئاوی تۆش من دەیدەم. بەشی خۆمە ... ژنی خۆمە ... دەستم گەیاندوێتێ ... بۆ منی پێ خۆشە ... دەرکەوە، لە ماڵم بڕۆ ...
حەشامەت هەر دەنەڕێنن: شەیتان ... شەیتان ... کوڕی خراپ بە لەحنەت ... بە لەحنەت ... قساس، قساس ...
لەناکاو کەسێک دەنەڕێنێ: هۆو داسە چییە؟
دەگەینە سەر داس، داسی خوێناوی و لیترێک خوێن، دوایەش دڵۆپ‌دڵۆپ خوێن بەرەو جێ‌خەرمان و ئەستێرەکە و ... بە شوێن دڵۆپە خوێن‌دا دەگەینە سەر ئەستێر...
ئەستێر؟ ئەستێر نا؛ حەوزی خوێن ... تەشتی خوێن، تەرمی کاکم لە نێوەڕاستی ئەستێردا، سەروچاو و لووت و دەمی لە نێو ئاوەکەدایە، دەستەکانی لەم‌بەراوبەری بوونەتە دوو باڵ، لاقیشی بە حەواوە ... لە نێو حەوزی خوێن‌دایە تەرمی کاکم. دوو سێ کەس خۆیان لە ئەستێر دەهاون و تەرمی کاکم دەردێننەوە، قەبرغەی چەپی هەڵدراوە، لای چەپی ملیلە سەر شادەماری هەڵدڕاوە، کاکم بەو داسە کوژراوە! بەو داسە کوشتوویانە ... بەو داسە خۆی کوشتووە!
خۆم دەدەم بە سەر تەرمەکەی‌دا، دەم دەنێمە نێو دەمی و دەنەڕێنم: برارۆۆۆۆ ... برارۆۆۆۆ... کاکە کێ تۆی کوشت؟ باوکم؟ ئەو ژنە؟ ...
کەسێک هاوار دەکا: شەیتان گوژتوونی، شەیتان، شەیتان .. کار کاری شەیتانە ... کاری خۆیەتی ... دەبا بڕۆین بیدۆزینەوە ... با شەیتان بە سزا بگەیەنین ... دەبێ لە هەرکوێ بێ ئەو شەیتانە بدۆزینەوە و بیگوژین ... شەیتان هات خوێنی بە پا کرد و ڕۆی ...
سەری کاکم دەنێمە سەر ڕانم، بەکوڵ، بەهاوار، وردەوردە دەیلاوێنمەوە: برارۆ ... برام ڕۆ .. کاکە کێ تۆی کوشت؟ باوکم؟ حەشامەت بۆ دۆزینەوەی ژنەکە، بەرەبەرە لێم دوور دەکەونەوە، دەنەڕێنم: ئەو خاتوونە بێ‌تاوانە، کارتان پێی نەبێ، خاوەن‌خوێن منم؛ کەس خۆی تێ‌وەرنەدا ... مافی منە ... من ئەو دوو تەرمەم پێ هەڵناگیرێ؛ نەیکەن بە سێ ... شانی من توانای قورسایی دوو تەرمیشی نییە، نەیکەن بە سێ ... ئەو خاتوونە بێ‌تاوانە ... بێ‌تاوانە ... ئای باوکە! ... ئای کاکە... باوکەڕۆ ... برارۆ...
هۆدەکە بۆنی ترشاوی دۆشاوی لێدێ، هەموو شتێ کەفەکی هێناوە. دیوار لاڕووخاون و کەش‌وهەوای هۆدە و حەسار و کۆڵان پڕ لە زەنای خەڵکە: شەیتان، شەیتان! قساس ... قساس هۆدەکە دووکەڵی جگەرە سیخناخی کردووە و من لەوە پیرتر و بەبێ دەسەڵات‌ترم بەری ئەم دەنگە بگرم، لەوەش بێ هێزترم سێ تەرم بە شانم هەڵگرم ... ناتوانم ....



هەورامی کتێب

# دەڵێ...

ئەنوەر عەرەب

دەڵێ: «دایکم و نەنکت دەستە خوشک بوون، دوای ئەوەی بۆ سەردانیماڵە باوان گەڕامەوە، دووگیان بووم، زگم هێندە گەورە ببوو، هێندە گەورە ببوو خاڵت عاشقی بوو، ئەو ڕۆژە ماندوو و شەکەت لە دیوەخان ڕاکشابووم لە خەو و نیوەخەودا هەستم کرد کەسێک دەستی بە زگم دا هێنا. هێزی چاو هەڵێنانم نەبوو، کاس و وڕ بووم، شتێک وەک چێژ و ماندوویی ئاوێتەی یەک بوون و نەیانهێشت من لە سەر جێی خۆم ببزووم. دواتر زانیم خاڵت بووە. ڕۆژی دواتریش چاوی لە زگم نەدەبڕییەوە، ئەو ڕۆژە قەسرییەکی خزم لەبەردا بوو، هات و دەستی بە سەردا هێنا و کوتی: دادە زۆر سەیرە! دەمتوانی توند دەستی بگرم و شەقەزللەیەکیش لە پەناگوێی ڕاکێشم و پێی بڵێم ئەوە زۆڵی سەگ دوێنێش هەر تۆ بووی وات دەکرد، بەڵام هیچم لێ نەکرد دایکم پشتی لێمان بوو نوێژی دەکرد، سووکێ دەستیم لە سەر زگم لابرد و خۆم کشاندەوە.» دەیکوت: «هەر ئەو شەوە دایکم خەونێکی دی، خەونێکی پیس، هێندە پیس کە شەرم دەکەم بیگێڕمەوە.»

دەڵێن دایکی خەونی دیوە خاڵم ئیشتیای لێم بووە، هێندەی ئیشتیا لێم بووە، خۆی بۆ ڕانەگیراوە و بە چەقۆیەکەوە زەفەری بۆ خوشکی خۆی بردووە، پاشان زگی هەڵدڕیوە، دەبینێ ژیشکێکی تێدایە، خەونی دیبوو وڵات نوقمی خوێن ببوو، هەر خوێنە و بە دارودیواردا فیچقە دەکا. دەڵێن دەقیژێنێ و لە خەو ڕادەچڵەکێ، خوێن بەرچاوی دەگرێ و خۆی بۆ ڕاناگیرێ، هەر ئەو شەوە چۆتە جەستەی کوڕەکەی و دەستی بە بینەقاقایەوە ناوە هەناسەی لێ چنیوە. دەڵێن ژنی وا بەسام کەم بوو...

دەڵێ: «ئەو شەوە خەونت دی، خەونێکی زۆر پیس، شڵەژابووی، عارەقەی شین و ڕەشت دەر دابوو. هەستای و منت لە خەو هەستاند. وەک مێژۆکە هەڵدەلەرزی هەموویت بۆ گێڕامەوە بە پاک و پیسییەوە. وەبیر خەونەکەی دایکم کەوتمەوە، بێزم لێت هەستا. پێش ئەو وانەبووم. قەت وا نەبوو بێزم لێت هەستێ. کاتێ قسەت دەکرد سیمای ژیشکێکم لە تاریکی دا دەهاتە پێش چاو؛ قڕوقەپۆزێکی ناحەزت هەبوو، بۆنێکی پیست لێ دەهات. نازانم چۆن لە ڕووت هەڵات ئەو قسانەم بۆ بگێڕییەوە، تفم لێ کردی، شەرم دایگرتم، زۆر لە غەزەبی خودا ترسام، بۆ دەبێ ئەوە چارەنووسی من بێ.» دەڵێ: «خودا ڕوحمی پێکردی من سام و ئازایەتی دایکمم نەبوو...»

دایکم دەیکوت: «پاش ئەوەی تۆ خەوتییەوە، لێوەلەرزەیەکم گرت سەیر، تف لە گەرووم دا ویشک ببوو، لە هەیبەتان زمانم لە گۆ چووبوو، چوومە پاڵ باوکت و توند لە باوشم گرت. باوکت پرخەی دەهات خەو بەسەر منیش دا زاڵ ببوو، هەر ئەو خەونەی تۆ بۆت گێڕامەوە بە جۆرێکی پیستر بە نەنکتەوەم دی. ئەوەندەی بێزم لە تۆ هەستا بێزم لە نەنکیشت هەستا. دەمدی چۆن لە نێو جێدا خۆی گرمۆڵە کردۆتەوە و چاوم لێ دەکا. دەتکووت پیرە ژیشکە، هەر ئەو بۆنە پیسەی تۆی لێ دەهات، کەترە سەگ. وامزانی هەمووی ڕاستە، دەمویست بڕۆم و لە ناو جێ دا بیخنکێنم. نەموێرا یان چاوم قورس ببوو نازانم، خەریک بوو دەڕشامەوە، لە ناو جێ دا تلم دەخوارد ودەمنووزاند. باوکت هەستی بە شتێک کردبوو، بە ئەنیشکی تێی کوتام و پێی کوتم "چی بووە ژنەتیو بۆ ئاورت گرتووە" بە لاڵەپەتەوە هەموو خەونەکەم بە پاک و پیسەوە بۆ باوکت گێڕاوە. باشم لە بیر نەماوە چیم پێکوت، ترسا بووم لە هەموو شتێک ترسا بووم، لە غەزەبی خودا، لە باوکت، لە تۆ، لە نەنکت، بێزم لێدەکردن بریا سەد بە بریای خودا برێک ئازایەتی دایکمم ببایە، بریا سەد بە بریای خودا زمانم لاڵ بوایە و ئەوانەم بە باوکت نەکوتبایە.» دەیکوت: «خەونەکەی تۆ و خەونەکەی خۆمم لێ تێکەڵ ببوو، نەمدەزانی چی بە سەر چییەوەیە. هەر هەموویم بەڕاست گرتبوو هەر وەک چۆن دایکیشم بەڕاستی گرتبوو، زۆرە زۆر دەگریام و هاوارم دەکرد. باوکت تێی دەکوتام و دەیکوت چی بووە بەو نیوە شەوە بۆ شێت بووی، چی قەوماوە دڵم تۆقی دەنگ بکە، باوکت هەر ئەو شەوەی وا بۆم گێڕاوە دەتکوت لەو ئاسمانەوە بەریان داوەتە خوارێ، پیس ترسابوو، لێوی شین شین هەڵگەڕابوو، چاوی زەق کردبوو و دەستی دەلەرزی. سوێندی خوارد هەر ئێستا دایکی زیندە بەچاڵ کا و دواییش تۆ.» دەیکووت: «یا خوا زمانم لاڵ بێ ئێستاش نازانم باوکت چۆن لە قسەکەی من حاڵی بوو منیش دەستی شکاوم هیچ حەولێکم نەدا تێی گەیێنم....

دەڵێن کاتێ باوکی چۆتە دیوەکەی دایکی لە تاوان هۆشی بەخۆیەوە نەبووە وڵاتیش تاریک و تنۆک چاوچاوی نەدیووە،



لاقی لە شتێ گیراوە و هەڵکەوتووە، گۆیا کەوتۆتە باوەشی دایکییەوە، هەر لەو ئان وساتەش دا دایکی خەونێکی پیسی دیوە خەونێک کە تێیدا ئامێزی بۆ پیاوێکی رووت گرتۆتەوە و ئاە و ئۆفەکەی تا دیوەکانی تریش چووە....

دەڵێ: «خۆ باوکت هۆشی بە خۆیەوە نەبوو، لە تاوان نەیزانی چۆن هەستا و چۆن ڕۆیشت، لە بیری نەبوو پێشتر لە گەڵ من خەوتووە، هەر وا بە ڕووتی چووە جەستەی دایکی؛ لە پڕدا هەڵکەوت خودایە هاوار خودایە نازانم ئەو کەترەسەگە بۆ وای کرد خودایە گووم خوارد باوەشی بۆ باوکت کردەوە و... باوکت لەو دەمەدا شەرم دایگرت، هەرچی کرد نەیتوانی لە باوەشی بێتە دەرێ.»

دەڵێن نەنکی لە خەونی دا پیاوێکی رووت دەخزێتە پاڵی و توند لە باوەشی دەگرێ و هەڵی دەگلۆفێ....

دەڵێ: «کاتێک لە خەو هەستای بەیانی بوو، گۆیا لە بیرت نەمابوو دوێ شەوێ ئەو خەونە پیسەت بۆ گێڕابوومەوە. بۆیە دەتویست جارێکی تر بۆمی بگێڕییەوە. لەو دەمەدا ترسابووم، یەکجار پیس، دەمگوت تۆ بێچووە شەیتانی دەبێ بە لەعنەت کرێی؛ دەبێ وەک سەگ بتتۆپێنن. دەمگوت تازە ئەو ماڵە ماڵ نابێتەوە و پیسایی هەمووی داگرتووە، دەبێ لێرە بڕۆین، دەبێ ئەو ماڵە ئاگر تێبەردەین و بڕۆین.» دایکم ئەوانەی بە من نەدەکوت دەیکوت: «ئەوانەم بە باوکت کوتووە...»

دەڵێن کاتێک دایکم زگی بە من پڕ بووە، دایکی خاڵمی خنکاندووە. دەڵێن دایکی بێزم لێ دەکا و قەت نەیویستووە بمبینێ، دەڵێن ناوی ناوم بێچووە شەیتان و وتوویەتی: «با ئەو بەچکی زۆڵە قەت بەو ماڵەدا نەیە، با بە بۆگەنی ئەم ماڵەم لێ گڵاو نەکا، ئەوە توخمی بابە سەگەکەیەتی.» باوکم کە بەو قسەیەی زانیوە سوێندی لە خەسووی خواردووە، گۆڕی ئەو گۆڕ بە گۆڕەبداتەوە و سووکایەتی بە ئێسک وپڕووسکی بکا. دەڵێن باوکم زۆر شتی بە راست دەگرت رق ئەستووری وا نابێتەوە.

دەڵێ: «ئەو شەوەی وا تۆ ئەو خەونە پیسەت بە منەوە دی، لە شەرمان خۆم بۆ ڕانەگیرا، دەمویست بڕۆم و خۆم ئاور تێبەردەم، بریا بە بریای خودا ئازایەتی دایکمم هەبوایە، بە گریان و نووزە نووزەکەم باوکت وەخەبەر هات، یا خوا ئەژنۆم شکێ.» دەتکوت: «کاتێک باوکت لە دیوەکەی دایکی نەگەڕاوە، چووم لە کەلێنی دەرگاوە چاوم لێ کردن، ئەستەغفیروڵڵا خودایە گیان تۆبە! بە رووتی لە نێو باوەشی دایکی دا دیتم لێوم گەست و بە چەپۆک لە سەری خۆم دا. زانیم کە شووم بە شەیتان کردووە، لە خۆڕاوە نەبووە دایکم خەونی وای بە تۆوە دیووە.» دەتکوت: «بریا سەد بریا دایکم لە جیاتی ئەوەی کاکم بکووژێ زاواکەی دەکوشت.»

دەڵێن دایکی دوای کوشتنی خاڵم بەردەوام خەونی بە منەوە دیوە و گریاوە، پاشان دەست دەکا بە تووک و نزا لە من و باوکم. ئەوە بۆتە کاری شەو و ڕۆژی، تەنانەت لە نوێژکردنیش دا زۆرجار دیتوویانە جنێوی داوە و وەک سەگ بە لەحنەتی کردووین، دەڵێن دوای ئەوەی بیستوویەتی باوکم هەڕەشەی لێ کردووە، لە ترسی هەڵدانەوەی قەبری کوڕە جوانەمەرگەکەی لە پەنای کێلەکەی کەپرێکی ساز کردووە و بە شەو و بە ڕۆژ پاسەوانی دەدا. دەشڵێن دوای ئەو کارەساتە نان و ئاوی بۆتە گریان و قژ ڕنینەوە، وابوو کە پرچ بە سەرییەوە نەماوە. دەڵێن لە ژێر کەپرەکەی دا هەمووی بۆ دایکم دەگێڕاوە پاک و پیسی. دەگریا و جنێوی دەدا، دەگریا و دۆعای لێ دەکردین. دایکیشم سوور هەڵدەگەڕا، شین هەڵدەگەڕا، لێوی خۆی دەکرۆشت و دەگەڕاوە بۆ ماڵێ...

دەتکوت: «تا ئەو دەمەی بێزم لێ نەدەکردی، بەزەییم پێت دا دەهات. خەونەکەی تۆ بوو وای لێ کردم، خەونەکەی تۆ بوو بێزمی هەستاند. کاتێ بەیانی بەرەو لام هاتی ترسام، ترسام نەکا چارەنووسم هاوشێوەی خەسووم بێ، بۆیە قیژاندم و باوکتم لە خەو هەستاند.» دەتکوت: «باوکت لە ژوورەکەی دایکی گەڕابۆوە هێندە پەشۆکابوو هەر لە بیری نەبوو کە نۆبەی تۆیە بێتە جەستەت. لە شەرمان پشتی تێکردم و خزایە نێو جێگاکەی، من نەموێرا هیچ بڵێم. زمانم لە گۆ چووبوو، بۆ خۆی کوتی؛ دەیکوت ئێستاش نازانم کوشتم یا نا، عارەقەی ساردی دەردابوو هەستم پێ کرد، دیسان هیچم نەکوت، بۆ خۆی دەستی پێ کرد، کوتی وەک چەقە پێمەوە نووسابوو، بە شەرمەوە قسەی دەکرد، تاوێک هەنیسکی دەدا تاوێ دەگریا تاوێ دەیناڵاند.» کوتت: «بە رووم دا نەداوە نەمکوت بۆ لە گەڵ دایکت... زۆر ترسابووم بەڵام بێزم لێ نەدەکرد.» دەتکوت: «هەر تۆ هاتییە ژوورێ کە خەونەکەتم بۆ بگێڕییەوە، من قیژاندوومە، باوکت لە خەو راچڵەکیوە و وای زانیوە خودایە تۆبە گووم خوارد ئەستەغفیرەڵڵا تۆ هاتوویە جەستەی من.» دەتکوت: «باوکت زۆر شتی بەڕاست دەگرت، بۆیە کاتێ ویستوویە بۆت هەستێ، وەبیر دوێشەوێ کەوتۆتەوە و هەر لە جێی خۆی ویشک بووە و لە شەرمان سەری لە ژێر لێفەکەی دەرنەهێناوە. گۆیا لە عارەقەی شەرما خنکاوە.» دەتکوت: «کاتێ من دەمقیژاند نەنکت ئێستاش خەونی بە پیاوێکی ڕووتەوە دەدەی پیاوێکی ڕووت کە خەریکە هەڵیدەگلۆفێ.» دەتکوت: «نەنکت قیژەی منی بە قیژەی خۆی زانیوە، ئۆخژنی گرتووە و لە جێ دا مردووە.» دەشڵێن کووشتوویانە.

# دووکانی خوێنڕشتن

ئارام شێخ وەسانی

- نەگەڕایەوە؟
- هەرگیز
- خۆشت دەویست؟
- نازانم؟
- بیری دەکەیت؟
- زۆر
- بیرت لەوە نەکردووەتەوە کەسێکی دیکە بێنیتە ناو ژیانتەوە؟
- با... نا... نازانم.
" دەی، من تا ئێستەیش نازانم دەبێ چۆن بیر بکەمەوە و چی بکەم!"
- هێشتا دەتوانم پرسیار بکەم؟
- نا، حەز بە وەڵامدانەوەی پرسیار ناکەم. پێم خۆشە، خۆم بۆ خۆم قسە بکەم. ئەگەر تۆیش گوێ دەگریت، ئاساییە. بۆ من ئاوا باشترە. هەندێک پرسیار، وەک شۆردنی برین بە خوێ بە ئازارن.
- کەواتە بمبوورە، لە پرسیارەکانم...
خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکێک بووم. نا، چیرۆک نەبوو، یاداشت بوو. لە بەرخۆمەوە گوتم:" قسەی پووچ، هەمووی هەر نووسینە و هیچی تر."
کوڕەکەم زۆر پرسیار دەکات و منیش داماوم. ئەگەر درۆی لەگەڵ نەکەم، دەبێ شتی دیکەی پێ بڵێم. جلەکانمڕەشی تۆخن. هێشتا لەزۆرشت تێناگەم. دەبێت لە ژیاندا چی بکەم؟ ئاخۆ تا کەی بەرگەی ئەم دۆخە دەگرم؟
بڕوانە، خەریکە منیش پرسیار دەکەم. کاتێک خۆم پرسیار بکەم، بۆ بهێڵم تۆ پرسیار بکەیت؟ منیش دنیایەک پرسیارم هەیە؟
- کەواتە، شت زۆرە لەبارەیانەوە قسە بکەیت. پێویست ناکات پرسیارت لێ بکرێت. تێدەگەم و نیگەران مەبە! بە بێدەنگی گوێت لێ دەگرم.
" ڕۆژێک لە ژووری خەوتن ڕووی لە دیوار کردبوو. پێی وابوو لەپشتی وەستاوم، وەلێ من لەناو هۆڵ ئیشم دەکرد.
"باوکم دێتەوە؟"
"ڕەنگە ڕۆژێک..."
دێمە نزیک دەرگە و سەرنجی وەستانی دەدەم. دەستم بۆ سەرم دەبەم بیخورێنم. ئانیشکم بەر دەرگە دەکەوێت. ئاوڕ دەداتەوە.
" تۆ دەزانی، کەی دێتەوە؟"
"نا، بەس هیوادارم بێتەوە."
شەوە، ماڵ خامۆشییەکی زۆری پێوە دیارە. ئەمشەو تەلەفزیۆنەکەیشی پێ نەکردووە. قیت وەستاوە. زۆر کەم خۆی دەجووڵێنێ. دەمی داخستووە و لە دیوارێکی سپی ڕاماوە. دەزانم بیر لە چی دەکاتەوە.
"واتا بە شەو نایەتەوە؟"
" ڕۆڵە شەو بۆ خەوتنە، نەک بۆ ئەو هەموو پرسیارە!"
وێڕای ئەوەی تەواو گەورە بووە، بەڵام لە ڕەفتاردا هەر منداڵەکەی جارانە. سپێدان زوو هەڵدەستێت و سەیرێکی پەنجەرەی ماڵەکەی بەرانبەرمان دەکات. دواتر بە پەلە دەچێتە سەربان و لە ئاسمان دەڕوانێت. چەندان جار گوتوویەتی:" لە سەربان باشتر ئاسمان دەبینم."
منیش وەک گاڵتە جارێک پێم گوت: لە ژوورەوە سەیری ئاسمان بکەیت، پانکە دەبینیت...
شڵەژابوو. دەیویست شتێک بڵێت.
" باوکی ئاسۆ؟"
" ئێ..."
قسەی نەکرد. خۆم ئاسایی پیشان دا.
تووڕە بوو. تەنانەت جنێوشی دا. نیگەرانی بووم. نازانم دۆخەکە وەک خۆی بگێڕمەوە. ڕۆیشت و سەری نزم کرد.

تێگەیشتم، دەبوو داوای لێبوردن بکات، وەلێ نەیکرد.
لە کۆڵانیش ڕستەیەک فێر بووە، هیی پیرەمێردەکانە.
"هەموو بەیانییەک لە ئاسمانەوە چاکە دەڕژێت."
من ئەو قسەیەی بۆ بکەم ئاسمانی لێ دەبێتە کونەمشک، بەڵام قسەی پیرەپیاوێک بە مێشکییەوە دەنووسێت. بە قسەی هەموو ژنێکیش هەڵدەچێت. نازانم بۆ وایە.
هەندێکجار دێت قسەی جادووگەرێک بە من دەفرۆشێتەوە. نا، جادووگەر نا، منیش شتەکان تێکەڵ دەکەم، منداڵێکی مریشکفرۆش... بەس نازانم ئەویش ئەو قسەیەی لە کوێوە هێناوە.
"خودا باڵندەیەکی سوور بکاتە خێر، دنیا باش دەبێت."
هەموو خەون و خەیاڵی ئەوەیە لە ئاسماندا باڵندە ببینێت. نا، بیانژمێرێت. هەر لە منداڵییەوە هۆگری هەندێک شت بووە، ناتوانێت وازیان لێ بهێنێت.
" کوڕەکەم تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتووە.جار جار دەڕوات بۆیەی سوور دەکڕێت و لە بەرگی کتێبەکانی دەدات."
هەندێکجار بە دڵی ئەو قسە دەکەم:
" باڵندە کوا دەوێرێت بە ئاسمانی شاردا بفڕێت!"
" تۆ ئەم قسانە لە کوێ فێر بوویت، بەرد نەبارێت!"
"هم..."
(شەو شاد!)
دێتەوە ناندین، وێڕای برسییەتی، ئاوێک دەخواتەوە و دەچێتە دەرەوە.
" بۆ کوێ؟ وەرە(نانەکەت) بخۆ!"
"زوو دێمەوە."
هەندێک شەو زوو دەخەوێت. ئەگەر نیگەران بێت، ناچێتە سەر جێخەوەکەی، بەڵکوو لە شوێنی دانیشتن پاڵ دەکەوێت. هەڵسوکەوتی سەیرە. خووی بەوە گرتووە، پێش ئەوەی دنیا تاریک دابێت، سەیرێکی جانتای کتێبەکانی بکات!
"ئەمڕۆ بەیانی بۆ کوێ چوویت؟"
" دایکە دەخەوم. سبەی وەڵامت دەدەمەوە."
چەند پەڵەیەکی خوێن بەسەرجلەکانیەوەدیارە. هیچ بە لایەوە گرنگ نییە. هەناسەبڕکێیەتی، وەک ئەوەی کەسێک دوای کەوتبێت، وا دێتە سەری، بچێتیەکێک لە مریشکەکانی کۆڵان سەر ببڕێت.
" باشە ئەو مریشکفرۆشە ڕۆژانە لە پێش دووکانەکەی جۆگەلەی خوێن هەڵدەستێنێ، چۆن لە خوێن نەترساوە! دەزانن خوێنی مریشک زۆر سوور نییە؟ دەمەوێت زۆر سوور بێت، حەزم لە خوێنی سووری تۆخە."

بۆ هەمان شوێن دەگەڕێتەوە. هیچ شتێکی لێ نییە، بۆیە دەترسێت. سەیری پەنجەرەی ماڵەکەی بەرانبەریان دەکات، وەک خۆیەتی. دیسان وەک هەمیشە دەچێتەوە سەربان، لە بەرخۆیەوە دەڵێت:" ئاسمان بەس ئاسمان، سووری تۆخ تۆخ..."
دەچێتە ژووری خەوتن، دەنگێک دێت. دەچێتەوە سەربان. دەبینێت ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە. دەستێک بە چاوەکانیدا دەهێنێت و باشتر سەرنج دەدات. پۆلێک باڵندەی سوور دەبینێت. دەمی لە خۆشیان دەکرێتەوە و چاوەکانی دەگەشێنەوە. دڵی خێرا لێ دەدات. هەست دەکات هەموو شتێک سوورە. ئاسمان، باڵندە، جلوبەرگ، کتێب، پەنجەرە و خانوو...
" هەستم کرد شتێک بووە، ناڵەناڵێک دێت."
" ئەم کوڕەی من ڕۆژ تا ئێوارە دەسووڕێتەوە، شەوانەیش دەست بە ورێنە دەکات."

٢
ماڵیان دەگوازرێتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

" دایکە، بە خوا ئەم کولانە زۆر خۆشە!"
سەیرە، ڕۆژانە ڕێگەیەکی دوور دەبڕێت و بۆ کۆلانی پێشووی دەگەڕێتەوە. ئەمجارە دۆخەکە جیاوازە. لێرە، ناتوانێت بچێتە سەربان، تا لە ئاسمان بڕوانێت. هەر ئەوەندەی پێ دەکرێت، سەیری پەنجەرەکە بکات.
"ئەوە لە کوێ بوویت؟"
"لە کۆلانە کۆنەکەی ئێمە مریشکفرۆشێک هەیە."
" ئێ..."
" تۆیش باش دەزانیت، ئەوەی سەری مریشکەکان دەبڕێت، هاوڕێمە. ئێ چووم ماڵئاوای لێ بکەم. خۆ ئێمە ئێستە ماڵمان لەوێ نەماوە..."
" وریابە کتێبەکانت دەدڕێن."
" دایکە پێش ئەوەی بدڕێن، پێم بڵێ، باشە؟"
دایکی بیر دەکاتەوە. ناڕوونییەک هەیە! مرۆڤ خانوو دەگۆڕێت، ئێ چیی تر؟
تەماتە، باینجان، پەتاتە و چەندان شتی دیکەم تێکەڵ کردووە. حەز لە خواردنە ئاڵۆزەکان دەکات.
" دایکە، قاچەکانم ژان دەکەن."
" برۆ سەیرێکی کتێبەکانت بکە و بخەوە."
قاچەکانی تەزیون، ناتوانێت هەستێت. لە هەمان شوێن دەخەوێت.
" تۆ بۆ من ئازار دەدەیت؟ ئێرە کەی شوێنی خەوتنە!"
چێشتەکە ئامادە دەبێت. دیسان ورێنە دەکات.
" من خوێنم دەوێت. زۆر نا، بەڵام هەتا بکرێت با سوور بێت. دەمەوێت بەم خوێنە باڵندەکانم ڕەنگ بکەم. دایکە، باڵندەکانم لە کوێن؟ نا... نا، ماڵمان ناگوازینەوە. لای مریشکفرۆش بووم. دایکی من خراپ نییە. باوک چیە، هەی لە قەبری باوکتان بەم!"
بە پێی ڕاستە، قۆڵی دەجولێنێ. خەبەری دەبێــتەوە.
چێشتەکە دەخوات و دەیەوێت بچێتە دەرەوە.
"دیسان بۆ کوێ دەڕۆیت؟"
" برادەرێکم هەیە، مریشکفرۆشە، بڕیارە شتێکم بداتێ، دەچم و دێمەوە."
"ئەی تۆ نەتگوت، قاچەکانم ئازاریان هەیە؟"
"نا، ئێستا زۆر باشم."

٣
"دایکە ڕۆژێک دێت ئەم خانووەیش چۆڵ دەکەین؟"
" لە کوێ بوویت؟"
" هیچ، چووم سەردانی هاوڕێیەکم کرد."
چاوەکانم داخستن. بە نیگەرانییەوە پێم گوت:
"لای مریشکفرۆش بوویت، ها؟"
" ئەوە کەسێک لێرە بووە؟"
ڕاچڵەکیم، ئاورێکی خێرام دایەوە و کەمێک شڵەژام."
" گوتت چی؟"
"ئەم گڵاسە بەس بۆ مێوان بەکار دێت!"
گەڕامەوە نادین و گڵاسەکەم خستەوە ناو کەوتنەر. تاسام. هەستم کرد لەوە زۆرزانترە کە پێشبینیم دەکرد!
" وامزانی پیسە، بۆیە هێنامە دەرەوە."
سەری دەخورێنێت و دەچێت لە بەرانبەر تەلەڤزیۆن دادەنیشێت. سەیری فیلمێکی ترسناک دەکات. ڕەنگە دە جار ئەم فیلمەی بینیبێت! پێی خۆشەسەیری بکاتەوە، هیچ جارێکیش نەیویڕاوە تا کۆتایی بەردەوام بێت!
" (( گردەکانیش چاویان هەیە.))"
"ئەم کەناڵە هەفتانە ئەم فیلمە دووبارە دەکاتەوە. وەرە ئەم هەفتەیە لەگەڵ من تا کۆتایی سەیری بکە؟"



وەڵامم نەدایەوە و ماڵەکەم جێ هێشت.
لە ناوەڕاستی فیلمەکە، تەلەڤزیۆن دەکوژێنێتەوە. شەقێک لە کۆنترۆڵ هەڵدەدات و بەر دیوار دەکەوێت. باترییە بچووک و باریکەکانی دەردەپەڕێت. دەچەمێتەوە و باترییەک هەڵدەگرێتەوە. بە هەموو هێزی خۆی لەناو دەستی دەیگوشێ…
"باتری بسووتێت، دەبێت بگوشرێت، تا ڕۆژێکی دیکەیش ئیش بکات. "
هاواری کرد، "دایکە؟…"
خانووەکە دەنگی دایەوە. پێش ئەوەی بیر لە ڕۆیشتن بکاتەوە، کەمێک بێدەنگ ڕاما… لە بەرانبەر تەلەڤزیۆن خۆی بینییەوە. فیلمەکەی بیرکەوتەوە. ترسا، ڕۆیشتە دەرەوە…
"دایکە!… دایکە!"
٤
" لە کوێ بوویت؟"
"ئەی تۆ؟"
" چووم هەندێ شت بکڕم، لای دووکانەکەی کۆتاییکۆڵان."
"هاتم بۆ ئەوێ، لەوێ نەبوویت."
" ڕەنگە ئەو کاتەی تۆ هاتبی، من ڕۆیشتبم، ئەی تۆ؟"
"منیش لەوێ بووم."
"چۆن، ئەی بۆ تۆم نەبینی؟"
"ڕەنگە ئەو کاتەی من هاتبم تۆ ڕۆیشتبی."
تەلەڤزیۆنەکە ئیش دەکات.
گڵۆپە سوور و سەوزەکان داگیرساون. دەرگەی بەفرگرەکەی کردەوە، گڵۆپە زەردەکە سەرنجی ڕاکێشا! ئاورێکی دایەوە…
" ئەوە میوانێکمان هاتبوو؟"
" نا، بۆ پرسیار دەکەیت؟"
"مەگەر میوانێک بێتە ماڵمان، ئەگینا نەمدیوە، ئەو هەموو گڵۆپە دابگیرسێن !"
" نا، هیچ نییە، هەر ویستم بزانم هیچیان نە سووتاون."
"دایکە، باوکم لە کوێیە؟"
"بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت؟"
" ئەگەر بێتەوە، بە یەکەوە دەچینەوە خانووەکەی پێشوو؟"
" هێندە بیر لە کۆڵانەکەی پێشوو مەکەرەوە، باشە؟"
" دەزانی بەیانی و ئێواران، باوکی ئاسۆ لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە سەیری منی دەکرد؟"
" تۆ لە کوێ سەیرت دەکرد؟"
" پێش دەرگەی دەرەوە."
" هیچ نییە، ڕێکەوت بووە."
" نا، حەز دەکەم، بچمەوە هەمان ماڵ، بزانم ئێستایش هەر سەیرم دەکات؟"
گوتم هیچ نییە، هێندە کەللەڕەق مەبە!
"ئێستا دەچم…"

" ماندوو دەبی، ئەو کۆڵانە لێرەوە زۆر دوورە."
"کێ گوتی؟"
"چی کێ گوتی؟ بە کوردی قسە دەکەم، ڕۆڵە. هێندە دایکت ئازار مەدە!"

٥
" لە کوێ بوویت؟"
" چووم تەماشای پەنجەرە گەورەکەم کرد، بەڵام باوکی ئاسۆ لەوێ نەبوو."
"خودایە، زۆر سوپاس."
"سوپاس بۆ خودا؟"
"ئم"
هەستم کرد سنوور دەبەزێنێت، ویستی قسەیەکی خراپ بکات، گوتم: "قسە نەکەیت!"
یەکسەر بە شەکەتییەوە چووە ژووری نووستن. دوو جێگە ڕاخرا بوون گڵۆپە سەوزە بچووکەکەیش پێ کرابوو.
" کەسێک لێرە بووە؟"
" بۆ پرسیار دەکەیت؟"
" ئەوە نییە دوو جێگە ڕاخراوە؟"
" ئێ… ئەوە جێگەی من و تۆن!""ئێ… من کەی هێندە لە نزیک تۆوە خەوتووم؟"
"ئێ … جارێک لە نزیک من بخەوە!"
" ئێ… ئەو دۆشەکە هیی من نییە؟"
" ئێ… لە ئێستاوە با هیی تۆ بێت."
بە زەردەخەنەوە پێم گوت: گڵۆپەکە بکوژێنەرەوە. وەرە نان بخۆ، هێندەیش خۆت ماندوو مەکە. ئێمە ئەو کۆڵانەمان جێ هێشت.
" بۆ؟"
" خەڵکی گەڕەک دەریان کردین."
"دایکە، ئەی باوکم بەمە دەزانێت؟"
"نا"
" کە هاتەوە من خۆم هەموو شتێکی پێ دەڵێم."
"باش"
"کەی دێتەوە؟"
"کێ؟"
" ئێ باوکم!"
"ئمم"
"همم"
٦
(ڕۆژێک دەرگەی حەمامم کردەوە. تۆقیم، ناسیمەوە، مریشکفرۆش لەوێ بوو، خۆی نا، کەللەی سەری… هەتا توانام هەبوو، هاوارم کرد و قیژاندم. ئێستایشی لەگەڵدا بێت کوڕەکەمم نەدۆزییەوە… )

# نەزانراوەکانی پێش ونبوون

سیامەند هادی

(١)

- هەموو جارێک دەیگوت (ئێمە نازانین بۆچی دەژین، خوێندنیش تەواو بکەین وەک خوشک و برا گەورەکانمان دەبێت لەماڵەوە بێکار دابنیشین. خوێندن ناهێڵێت کار بکەین، کاتێک خوێندنیش نەمانگەیەنێتە کارێک، ئەی کەی بیر لەوە بکەینەوە خۆمان دروست بکەین؟).

- جا (ئاریان) کەی دەزانێت بەو شێوەیە قسە بکات؟ ئەو منداڵە و ئەوانە کەی لە قسەی ئەو دەچن؟ من کە بۆ ئیشێک دەینێرم بۆ شوێنێک، کە دێتەوە نازانێت بە تەواوی قسەکانم بۆ بگێڕێتەوە.

- ئەوەندەش منداڵ نییە بیر لەو شتانە نەکاتەوە، ئەویش گەنجە و بیر لە دوارۆژی خۆی دەکاتەوە.

- دوارۆژی چی؟ ئەو تەمەنی شانزە ساڵە.

- بۆچی شانزە ساڵ ناتوانێت بیر لە دوارۆژی خۆی بکاتەوە؟

- ئەو ئێستاش نانەکە نەخەینە بەردەستی ناتوانێت نان بخوات، دوارۆژی ئەو چییە، ئێمەش هەر وەک ئەو نین؟

- دیارە ئەو نایەوێت وەک ئێوە بیر لە دوارۆژی خۆی بکاتەوە.

- بۆ ئێمە بیر لە دوارۆژی خۆمان ناکەینەوە؟ ئێمەش بیر دەکەینەوە، با ئەویش وەک ئێمە بیر بکاتەوە.

- دوارۆژی ئێوە چییە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە دەزانن چ دوارۆژێک چاوەڕێتان دەکات؟

- ئێمە ئەوە چۆن بزانین، کێ دەزانێت دوارۆژی چۆن دەبێت؟ ڕەنگە ئێستا دوای ئەوەی لە ماڵی ئێوە چوومە دەرەوە، ئۆتۆمبێلێک لێم بدا و بمرم.

- ئەو دوارۆژە ناڵێم، ئەگەر بمێنن دەزانن چ دوارۆژێکتان دەبێت؟

- جا کێ دەڵێت دەمێنین؟

- مانای ئەوەیە هەمووتان دەمرن و کەس چەند ساڵێکی تر ناژی؟

- ئەگەر بشمێنین هەر وەک ئێستا دەبێت، هەر وا دەژین ئەگەر خراپتریش نەبین.

- ئەی بۆچی ناڵێیت ژیانمان باشتر دەبێت؟

- هەرچەند تەماشای ئەم وڵاتە دەکەم، لەوە ناچێت بەرەو باشتر بڕوات. ئەوەی دەگوزەرێت دوارۆژێکی خراپتری بەدوادا دێت.

- کوڕەکەی تۆ لەبەر ئەوە ڕۆیشتووە، تا چارەنووسی خۆی بگۆڕێت و وەک ئێوە نەژی.

- (زانیار) تۆ نزیکترین هاوڕێی ئەویت، کەواتە دەزانیت کە ڕۆیشتووە؟

- ئەی ئەوە نییە دیارنەماوە، یان دەبێت ڕۆیشتبێت، یان شتێکی بەسەرهاتووە؟

- چی بەسەرهاتووە؟ ئەو کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و پەیوەندیی بە هیچ شتێکەوە نەبووە.

- بڵێم چی، لەم دواییانەدا چەند جارێک لە قوتابخانە لەگەڵ دوو سێ قوتابیدا بوو بە دەنگەدەنگی و من نەبوومایە پەلاماری یەکترییان دەدا.

- لەسەر چی؟

- ئاریان جنێوی بەم حیزبانە دەدا و باسی شەڕی ناوخۆی دەکرد، ئەوانیش حیزبی بوون و وەڵامیان دایەوە و بوو بە دەنگەدەنگیان.

- جا کوا ئاریان پەیوەندیی بەو بابەتانەوە هەیە، کەی ئەو ئاگای لەو شتانەیە؟

- چۆن ئاگادار نییە؟ من خۆم ئاگام لە قسەکانیان بوو.

- جا ئێستا کەی وەختی ئەو قسانەیە، ئەو چ پەیوەندییەکی بەو حیزبانەوە هەیە؟

- منیش زۆر جار پێم دەگوت ئاگات لە خۆت بێت، ئەم حیزبانە بە تەنها لەسەر ئەوەی قسەیەکیان پێ وتراوە، چەند کەسێکیان کوشتووە.

بۆ سەرتاشخانەکەی سەرکار.
- ئێستا سەرکار دەزانێت ئێمە لە چ حاڵێکداین، ئەویش وەک ئێمە بێتاقەتە. ئەو ڕۆژە لێرە بوو لە خەفەتدا ئاگای لە خۆی نەبوو، شتێکی بزانیایە پێی دەوتین.
- دایکم ڕاست دەکات ئەویش وەک ئێمە وایە، لەم ماوەیەدا ئەویش چووە بۆ لای هەموو ئەو کەسانەی کە ئاریانیان ناسیوە، بۆ ئەوەی بزانێت کەس هیچ هەواڵی دەزانێت.
- کەسی چی، ئاریان جگە لە زانیار کوا هاوڕێی تری هەیە؟
- چۆن هاوڕێی نییە، ئاریان کۆمەڵێک هاوڕێی هەیە.
- کۆمەڵێک هاوڕێی چی؟ یاریگەکە چەند نزیکە، من نەمدەهێشت بچێت بۆ یاریکردن، ئێستا دەزانم هەفتەی دوو جار سەردانی سەرکاری کردووە. باشە تۆ بۆ ڕێگە دەدەیت هەموو ڕۆژێک بچێتە دەرەوە، ئەی هەموو شەوێک نەتدەوت ئەمرۆ هەر لە ماڵەوە بووە؟
- کوڕێک لەو تەمەنەدا چۆن لە ماڵەوە زیندانی دەکرێت؟ چوونەدەرەوەی ئەو چ زیانێکی هەبووە؟
- چۆن زیانی نەبووە، ئەی ئەوە نییە بووە بە هاوڕێی ئەو هەموو کەسەی کە نازانین کێن؟
- جا ئەوە چ پەیوەندییەکی بە دیارنەمانی ئاریانەوە هەیە؟
- چۆن پەیوەندیی نییە؟ یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە نایناسین، ئەوی خستۆتە سەر کەڵکەڵەی ڕۆیشتن بۆ ئەورووپا.
- جا کێ دەڵێت چووە بۆ ئەورووپا؟
- ئەی ئێستا لە کوێیە؟
- ئێمە چۆن بزانین ئەو ئێستا لە کوێیە؟

(٤)

- چی بوو ئەو کوڕەت دۆزییەوە کە وتت ناوی چی بوو؟
- ناوی (شکار) بوو. بەڵێ قسەم لەگەڵ کرد.
- ئەم شکارە کێیە، چۆن ئەو کوڕەی ناسیوە؟
- لە سەرتاشخانەکەی سەرکار یەکتریان ناسیوە.
- ئەی تۆ چۆن زانیت ئەو کوڕە هاوڕێی بووە؟
- ئەو ڕۆژە بە ڕێکەوت لە بەردەم سەرتاشخانەکەوە تێپەڕیم، سەرکار بانگی کردم و هەواڵی ئاریانی پرسی. دواتر باسی ئەو کوڕەی کرد و وتی: زۆر جار لێرە یەکیان دەبینی و دەچوونە دەرەوە و پێکەوە پیاسەیان دەکرد. سێ ڕۆژە دەچم بۆ سەرتاشخانەکە، تا ئەم پاشنیوەڕۆیە هات بۆ ئەوێ و پێکەوە قسەمان کرد.
- وتی چی؟ هیچ هەواڵێکی نازانێت، لای ئەو باسی هیچی نەکردووە؟
- ئەو وتی: هەفتەی یەک دوو جار یەکمان دەبینی، لەو ماوەیەدا پێش ئەوەی دیارنەمێنێت زۆر بێتاقەت بوو.
- ئەی پێت نەوت بۆچی بێتاقەت بووە؟
- با پێم وت بۆچی بێتاقەت بوو؟ ئەو وتی: هەموو جارێک دەیوت ئێمە لەم وڵاتەدا هیچ دوارۆژێکمان نییە و خۆشمان نازانین بۆچی دەژین و دەمانەوێت چی بکەین.
- تەماشاکە ئەمانە ئاریانیان لێکردین بە فەیلەسوف، کەی ئاریان دەیزانی بەو شێوەیە قسە بکات؟
- لای ئەو کوڕە وا قسەی کردووە، من بڵێم چی.
- ئەی لای ئەو باسی ئەورووپای نەکردووە؟
- ئەو وتی: نەیوتووە دەچم بۆ ئەورووپا، بەڵام ڕۆژێک لەناو بازاڕ کوڕێکمان بینی، ئیتر ئەو چوو بۆ لای ئەو کوڕە و بە منی وت تۆ برۆ من تۆزێک ئیشم بەو کوڕە هەیە.
- ئەو کوڕە کێ بووە، ئەو نەیناسیوە؟
- با شکار وتی ئەو کوڕەم دەناسی، زۆر جار وتویانە ئەو کوڕە قاچاخچییە و خەڵک دەبات بۆ یۆنان. ناوی (مەریوان)ە و بە مەرەتەتەر ناسراوە.
- جا ئەو کوڕە چۆن بدۆزینەوە؟
- دۆزیمەوە، ناونیشانەکەم لە شکار وەرگرت و ئێوارە لای فولکەی خانەقا بە پرسیار دۆزیمەوە.
- باشە ئەو باسی چی کرد، وتی ئاریان دەناسم؟
- ئەو ناوەکەی نەدەزانی، بەڵام کە وەسفی ئاریانم بۆ کرد، بیری کەوتەوە. ئەو وتی: من ئەو برایەی تۆ ناناسم، بەڵام دوو جار هات بۆ لام و دەیویست بیبەم بۆ یۆنان و لەوێوە خۆی بڕوات بۆ وڵاتێکی تر، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر مناڵ بوو، پێم وت با کەسێکی گەورەت ئاگادار بێت، ئینجا لەگەڵ خۆم دەتبەم. دووەم جاریش کە پێی وتمەوە، هەر هەمان وەڵامم هەبوو، ئیتر نەمبینییەوە.
- کەواتە لەگەڵ ئەو نەڕۆیشتووە؟
- ئەو وتی: ئەگەر من بمبردایە پێم دەوتن.
- باشە ئاریان ئەمانەی چۆن دۆزیوەتەوە؟ ئاریان لە کوێ قاچاخچی دەناسێت؟ هەمووی خەتای سەرتاشخانەکەی سەرکارە، ئەگەر هەموو ڕۆژێک نەچووبێت بۆ ئەوێ، لە کوێ ئەو هەموو کەسەی دەناسی؟
- تۆ هەر لەخۆتەوە قسە دەکەیت، سەرکار بڵێ چی، ئەم خۆی دەچوو بۆ لای ئەو. ئەی ئەوە نییە (ئالان) دەڵێ لەگەڵ ئەو کوڕە نەڕۆیشتووە؟ من ئێستاش بڕواناکەم ئاریان چووبێت بۆ ئەورووپا.
- تۆ قسە نەکەیت باشترە، ئەگەر دایکێکی باش بوویتایە، نەتدەهێشت ئەو کوڕە ئاوا بەرەڵابێت و ئەو هەموو کەسە بناسێت.
- ئەی تۆ زۆر ئاگات لێی بووە؟ ئەو کوڕە چییەتی بۆ بەرەڵایە؟ لە تۆ زیاتر کەسم نەبینوە قسەیەک بە ئاریان بڵێت.
- دایکە بەسە ئێستا کەی وەختی ئەم قسانەیە، دیسان دەستان کردەوە بە شەڕکردن؟
-ئالان تۆ واز لەو قسانە بێنە، بڵێی ئەو قاچاخچییە درۆ نەکات و ئاریانی نەبردبێت و پارەکەی لێ وەرنەگرتبێت و شتێکی بەسەر نەهێنابێت؟

-باوکە چۆن وا دەکات؟ ئەو قاچاخچییە ڕەنگە تا ئێستا سەد کەسی وەک ئاریانی لەگەڵ خۆی بردبێت، خۆ ئەوانیش پارەیان پێ بووە.
- ئەی ئێستا ئاریان چی بەسەرهاتووە؟

(٥)

- مام عەلی وتی: ئەو کاتەی وتیان ئاریان دیارنەماوە، هەفتەیەک دەبوو نەهاتبووە ئێرە. دواهەمینجار کە بینیم وابزانم شەوی هەینی بوو، لێرە لە دوکانەکەی من لەگەڵ دوو کەسی تردا دانیشتبوون و قسەیان دەکرد.
- شەوی چی، کەی ئاریان شەوان دەچێتە دەرەوە؟
- مام عەلی وای وت، بڵێی ئەو پیاوە درۆ بکات؟
- کەواتە ئەو شەوانەی کە دەتگوت چووە بۆ لای زانیار بۆ سەعیکردن، چووە بۆ دوکانەکەی مام عەلی.
- من بڵێم چی؟ ئەو دەیگوت دەچم بۆ لای زانیار، خۆ دوای ناکەوم و بەدوایدا بڕۆم.
- تۆ هەر قسە مەکە، هەمووی خەتای تۆ بوو ئەو کوڕە وای لێهات. باشە ئالان مام عەلی نەیگوت ئەو شەوە ئاریان لەگەڵ ئەو دوو کوڕەدا باسی چییان کردووە؟
- ئەوەم پێگوت، ئەو وتی: گوێم لە قسەکانیان نەبووە، بەڵام دەیگوت ئاریان زۆر بێتاقەت دیاربوو، لەسەر یەک جگەرەی دەکێشا.
- جگەرەی چی، کەی ئاریان جگەرە دەکێشێت؟ کەواتە بۆ جگەرەکێشان چوونەتە ئەو دوکانە؟
- مام عەلی وایگوت، بڵێی ئەو پیاوە درۆ بکات؟
- نا ڕاست دەکات، بەڵام بۆچی مام عەلی ڕێگە بەو منداڵانە دەدات لە دوکانەکەی ئەودا جگەرە بکێشن؟
- ئەو چی بکات؟ دوکانە و خەڵک سەردانی دەکات، خۆ ئەو بە زۆر نەیگوتووە جگەرە بکێشن.
- تۆ دەتزانی ئاریان جگەرە دەکێشێت؟
- من هەرگیز نەمبینیوە ئاریان جگەرە بکێشێت، بەڵام ڕۆژێک کە ویستم پانتۆڵەکەی بشۆم، تەماشام کرد پاکەتێک جگەرەی تێدابوو، کاتێک ئێوارە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، وتم ئەو پاکەتە چییە؟ ئەو وتی ئەوە هیی هاوڕێیەکمە و برا گەورەکەی بانگی کرد، بەپەلە پاکەتەکەی دایە دەست من. - تۆش یەکسەر بڕوات پێ کرد؟
- ئەی چی بکەم، ئاریان هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکردووم.
- ئەی بۆ لای من باسی ئەوەت نەکرد؟
- وتم با کێشە دروست نەبێت، بڕواناکەم ئاریان جگەرە بکێشێت، مام عەلی هەر لە خۆیەوە قسە دەکات.
- ئەوە نییە ئالان دەڵێت مام عەلی وتویەتی جگەرەی کێشاوە، بڵێی مام عەلی ئاریان نەناسێت؟
- مام عەلی وتی: ئاریان و چەند کوڕێکی تری گەڕەک، زۆر شەو دەهاتنە دوکانەکەی من و جگەرەیان دەکێشا و پێکەوە قسەیان دەکرد.
- نازانم بۆچی ئاریان بە شەو چۆتە دەرەوە؟
- باوکە ئێستا ئەوە چ پەیوەندییەکی بە ونبوونەکەیەوە هەیە؟
- چۆن پەیوەندیی نییە، چوونەدەرەوە بە شەو مەترسیدارە، ئەوەتا بزانە ئەو کوڕە چی بەسەرهات.
- باوکە ئاریان شەو لە ماڵەوە بوو، بەیانی زوو ڕۆیشتووە و دیارنەماوە.
- بڵێم چی، ئاگام لە خۆم نییە چی دەڵێم.

(٦)

- من کە قسەم لەگەڵ زانیاردا کرد، باسی ئەو شتانەی نەکرد، بڕواناکەم ئەوە ڕاست بێت.
- زانیار ڕووی نەهاتووە ئەوە لەگەڵ تۆدا باس بکات، بەڵام کاتێک من قسەم لەگەڵ کرد، ئەو وتی: ئاریان لەگەڵ کچێکدا یەکترییان خۆشدەویست.
- باشە ئاریان بەو شەرمنییە خۆشەویستی چی؟
- ئەو وتی: من ئاگاداربووم، بەڵام ئاریان لای من زۆر باسی ئەو کچەی نەدەکرد. وتی: زیاتر (توانا) ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بووە؟
- توانا کێیە؟
- هاوڕێی (ئاریان)ە، ماڵیان سێ کۆڵان لە خوار ئێمەوەیە.
- باشە ئاریان چۆن لە سێ کۆڵان خوار ئێمەوە هاوڕێی هەیە؟
- پێکەوە لە یەک پۆلن و زانیار دەڵێت زۆربەی کات دوای تەواوبوونی قوتابخانە، بە یەکەوە دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە.
- ئەی توانا وتی چی؟
- سەرەتا نەیدەویست باسی ئەو بابەتە بکات، بەڵام وتم زانیار هەموو شتێکی پێ وتووین. ئیتر ئەویش باسی پەیوەندییەکەیانی بۆ کردم.
- ئەو کچە کێیە، لە کوێ بینیویەتی؟
- ئەو کچە ناوی (نیان)ە و ماڵیان کۆڵانێک خوار قوتابخانەکەی (ئاریان)ەوە بووە و هەموو ڕۆژێک کە لە قوتابخانە هاتوونەتەوە، بەو کۆڵانەدا ڕۆیشتوون.
- باشە ئاریان چۆن وێراویەتی شتی وا بکات، ئەی لەوە نەترساوە باوکی یان برایەکی ئەو کچە بەو پەیوەندییە بزانن؟
- توانا وتی: پەیوەندییەکەیان لە کاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا دروست بوو، هەر بە تەنها سڵاوکردن و پێکەنین و ئەو شتانە بووە، تا ئێستا بە یەکەوە قسەیان نەکردووە.
- هیچ نییە جا ئەوە کەی خۆشەویستییە؟
- توانا دەیگوت: ئاریان زۆری خۆشویستووە و بەردەوام لە خەیاڵیدا بووە. نامەیەکی جوانیشی بۆ نووسیبوو، ئەگەر ماڵیان نەگوێزایەتەوە بەنیاز بووە بیدا بەو کچە.
- جا ئاریان لە کوێ دەزانێت نامەی خۆشەویستی بنووسێت؟
- نازانم، ئەو وتی: نامەکەی نووسیبوو، بەڵام ئیتر کچەکەی نەبینیوەتەوە.

- ماڵی ئەو کچە گواستویانەتەوە، کەواتە لەو گەڕەکە نەماون؟
- توانا وتی: دوای ئەوەی قوتابخانە تەواوبوو، دە ڕۆژ بەسەر پشووەکەدا تێپەڕی بوو، ئاریان هات بۆ ماڵەوە بە شوێنمدا. زۆر بێتاقەت بوو، وتی چەند ڕۆژێکە بە بەردەم ماڵەکەیاندا تێدەپەڕم و نایبینم. من کوڕێکم دەناسی ماڵیان پێچ ماڵ لە خوار ماڵی ئەو کچەوە بوو، پرسیارم لەو کرد، ئەو وتی ئەو ماڵە گواستویانەتەوە و لەم گەڕەکە ڕۆیشتوون.
- ئەی چوون بۆ کوێ؟
- توانا وتی: ئەو وتویەتی نازانم چوون بۆ کوێ. وتی: ئیتر ڕوومان نەهاتووە زۆر پرسیار بکەین.
- کەواتە هیچ نەبووە، پەیوەندییەکەیان تەواوبووە.
- توانا دەڵێت: ئاریان هەر کۆڵی نەداوە و چەند جارێک هاتووە بە شوێنمدا و هەر لە خۆمانەوە هەر ڕۆژەی دەچووین بۆ گەڕەکێک و بە کۆڵانەکاندا دەسوڕاینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کچە بدۆزینەوە. هەرچەند پێم دەوت چۆن دەتوانین بەو شێوەیە بیدۆزینەوە؟ بەڵام ئاریان نەیدەزانی چی بکات و زۆر خەفەتی دەخوارد و ئەم هاوینە تا ئەو کاتەی وتیان دیارنەماوە، هەر جارێک بمبینیایە باسی ئەو کچەی دەکرد.
- بڵێی ئەو کچە ماڵیان نەچووبێت بۆ شارێکی تر؟
- نازانم، تواناش وتی: دوای گەڕانێکی زۆر بە گەڕەکەکاندا، ئاریان وتویەتی ڕەنگە لەم شارەدا نەبێت.
- دەترسم ئاریان ئەوەی زانیبێت کە ئەو کچە چووە بۆ شارێکی تر و ئەویش چووبێت بەدوایدا بگەڕێت، ئەو پارەیەشی بۆ ئەوە بردووە.
- باوکە چۆن شتی وا دەبێت؟ شاری تری چی، ئەوە هەژدە ڕۆژە ئاریان دەیارنەماوە.
- ئەی بڵێم چی، ئەی باشە ئێستا ئاریان لە کوێیە؟
(٧)
- ئالان چی بوو، ئەو کوڕە نەیگوت لەسەر چی لەگەڵ ئاریان شەڕیان کردووە؟
- ئەو کاتەی زانیار باسی شەڕەکەی ئاریان و ئەو کوڕەی بۆ کردم، ناونیشانەکەم لێ وەرگرت و ماڵەکەیانم دۆزییەوە.
- زانیار درۆ دەکات، کەی ئاریان قەت شەڕی کردووە؟
- تۆ قسە مەکە، با کوڕەکە تێمان بگەیەنێت چی بووە؟
- دایکە زانیار درۆ ناکات، ئەو کوڕە ناوی (شیروان) بوو، ئەویش باسی شەڕەکەی بۆ کردم.
- ئەو (شیروان)ە کوڕی کێیە و ماڵیان لە کوێیە؟
- نازانم کوڕی کێیە، بەڵام ماڵیان لە سەروو باخی گشتییەوەیە.
- باشە ئاریان بۆچی گەیشتۆتە ئەو شوێنە؟
- ئەو کوڕە لەگەڵ ئاریان و زانیاردا لە یەک پۆلدان.
- ئەی نەیگوت لەسەر چی شەڕیان بووە؟
- ئەو وتی: کۆتایی ساڵ بوو لە وانەی بیرکاریدا بابەتێکمان تەواو نەکردبوو، ئەو بابەتەش بۆ تاقیکردنەوە داغڵ بووە. ئیتر ئاریان لە پۆلدا بە مامۆستای بیرکاری وتووە با پاشنیوەڕۆ بێینەوە بۆ قوتابخانە و ئەو بابەتە بخوێنین، ئیتر مامۆستاش بە قسەی (ئاریان)ی کردووە و بە قوتابییەکانی وتووە هەمووتان سەعات سێ لە قوتابخانە ئامادەبن.
- جا ئەوە چ پەیوەندییەکی بە شەڕی ئەوانەوە هەیە؟
- (زانیار) وتی: کە لە قوتابخانە هاتینە دەرەوە، ئەو (شیروان)ە هات و بە (ئاریان)ی وت: تۆ لەخۆتەوە بۆ دەڵێیت با پاشنیوەڕۆ بێینەوە بۆ قوتابخانە؟
- ئەی (شیروان)یش وتی لەسەر ئەوە شەڕمان کردووە؟
- بەڵێ ئەویش باسی ئەوەی کرد، زانیار وتی: ئیتر پەلاماری یەکتریان داوە و قوتابییەکانی تر کەوتوونەتە نێوانیانەوە و نەیانهێشتووە شەڕەکە درێژە بکێشێت. شیروان وتی: شەڕەکە هیچی وا نەبوو، من مشتەکۆڵەیەکم کێشا بە چاوی ڕاستی ئەودا و ئەویش شەقێکی تێهەڵدام و ئیتر قوتابییەکان لە یەکتریان جیاکردینەوە.
- ئێستا بیرم کەوتەوە، نیوەڕۆیەک ئاریان لە قوتابخانە هاتەوە، بەرچاوی سوور بووبووەوە، وتم: ئەوە بە چی واتلێهاتووە؟ وتی: هیچ نییە کەوتم.
- جا خەڵک بکەوێت بەرچاوی دەدات بە زەویدا؟
- من چی بکەم؟ ئەو خۆی وایگوت.
- تۆش خێرا بڕوات پێ کرد؟
- ئەی لە کوێوە بزانم شەڕی کردووە؟
- جا تۆ تا ئێستا چیت زانیوە؟
- باوکە ئێستا کەی وەختی ئەوەیە، ئەو شەڕە چ پەیوەندییەکی بەدیارنەمانی (ئاریان)ەوە هەیە؟
- چۆن پەیوەندیی نییە، ئەی کێ دەڵێ ئەو کوڕە بۆ تۆڵەکردنەوە شتێکی لە ئاریان نەکردووە؟
- باوکە شەڕی دوو مناڵی وا چییە، تۆ بیبەستیتەوە بە دیارنەمانی ئاریانەوە؟ شیروان وتی: لە کاتی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵدا خۆم چووم ئاریانم ئاشتکردۆتەوە.
- نازانم بڵێم چی، ئەی باشە ئەو کوڕە بۆ دیارنەماوە؟

پاش بیستویەک ڕۆژ لە ونبوونی، بەیانی زوو پۆلیس تەرمی (ئاریان)یان لە قەراخ شار بە کوژراوی دۆزییەوە. ئالان دوای ئەوەی ئەو پیتە (ئێن)ە ئینگلیزییەی دیوی ناوەوەی سەر مەچەکی چەپی (ئاریان)ی ماچ کردبوو، کە بە داخکردن نووسرابوو، لە دادوەری پزیشکی هاتبووە دەرەوە و بە گریانەوە وتبووی (خوایە ئەو برایەم چی کردووە، تا دوو چەقۆ بکەن بەسەر سنگیدا و فیشەکێک بنێن بە ناو دەمییەوە و شاخوێنبەری دەستی چەپی ببڕن؟).

# باغچەی پاشا

سەدیق ڕەسوڵی

باغچەی پاشا لەو بەر ئاوە . لەو بەری چۆماننوسەر لە پەنا هێندێک شاخ ڕاوەستاوە چاویلکەکانی دەسڕێ . چاو لەو بەری دەکا . پەنا کانی سۆفی ژن لە تەنیشت دار بەڕویەکی پیری کەنەفت ، چنار ڕاوەستاوە . دەڵێ تازە لە چۆمان هاتۆتە دەرێ . داودەلینگی تەڕە وادیارە لە بوارێکی تەنکی ئاوی ئەو بەری کانی سۆفی ژن بە پەنا هێندێک شاخدا کۆڵبەرەکان بە دزی سەربازێکی باریکەی بەلوچ .

نوسەر چاوێکی لە باغچەی پاشا کرد بە ئالای هەرێمی کوردستانەوە . لە بن دار سێوێک پشیلەیەک سەری ناوەتە سەر کلکی . نوسەر لە پێشدا بیر لەوە دەکاتەوە پارەی دەوێ بۆ چاپی ڕۆمانەکەی. پێی سەیرە ئەو کچە تیوە لەو بەری لە پەنا ئەو مزگەوتە سێسەت هەزاریدا بۆ پەراندنەوەی ئەو پشیلەیە . چنار پێی دەڵێ

: سوڵتان سەلیم دەگاتێ ئەوکات هیچت دەست ناکەوێ .

نوسەر دەگاتە سەر چۆمی سوڵتان سەلیم و سوارەکانی دەگەنە سەری . سوڵتان بە خەنجەرو برنویەکی دەسک قولەی لە شاندا . جگەرەیەک بە لا لێوەوە . دەست هەڵدێنێ بۆ ڕاوەستانی نوسەر لەو لاترەوە لە بەر سێبەری مزگەوت چنار خۆی ماتداوەچاوی لێتانە. سوڵتان لە گیرفانی سێسەت لیری زێڕ دەداتە دەستی نوسەر بۆ هێنانی ئەو پشیلە ئەبلەقەی ژێر دارسێوەکەی باغچەی پاشا لەوبەری ئاوە . پاشا دوو کچی هەیە شانازو خەرامان ئاواڵ دوانە نین بەڵام زۆر لێک دەچن . نوسەر دەست بۆ پشیلەکە دەبا . شاناز لەو بەری باغەوە دێتە دەرێ . پەڵە هەورێکی مات بەو ڕۆژە خۆشەی بەهاری چاوێک لە نوسەر زۆری پێ سەیرە . دەستێک بە چاویلکە شکاوەکانی لە چاودا ماوە . عافرەتێکی ڕوت لە پەنا هێندێک داری هەنار گوڵی کردوە . بە دەنگێکی نەرم کوتی تۆ فارسی دەزانی . نوسەر دەستی بە سەری هاڵۆزی دادێنێ . چاو لە سینگ و بەرۆکی ڕوتی شاناز کتێبێکی شێعری بە دەستەوە . نوسەر چاوێک لە کتێبەکەو دەست و مەچەکی سپی شاناز دەکات . پێی دەڵێ

: ئەوە دیوانی شێخ ڕەزایە .

شاناز بە نازێکەوە لەشی وەردەسوڕێنێ بۆ لای نوسەری کەس نەماو تۆزێک پاشە کشە دەکات . تازە بیری دێتەوە پشیلەکەی لە باوەشدایە . شاناز دەست بە سەری پشیلەدا دێنێ : شێعرە فارسیەکانم بۆ وەرگێڕیەوە سەر کوردی. نوسەر هەنگاوی بەرەو دوا دەنێ : ئەگەر ئیجازە بدەی شەوێ دێم .شاناز بە گاڵتەوە پرسی : چنار بۆ کوێ دەبەی نوسەر هەڵدەبەزێتەوە . چاوێک لە پشیلەکە دەکا . بیر لە سێسەت دراوی زێڕی سوڵتان سەلیم دەکاتەوە . پشیلە دانانێتەوە . دەیهەوێ بە لایەدا ڕاکات .خەرامان لە پشتەوە توند دەیگرێ . نوسەر هەستی بە سەر خۆشیەکی زۆر سەیر کرد . لەشی ڕوتی خەرامان چێژێکی نامۆی دەداتێ هەستی کرد لەشی لە فڕیندایە . شاناز کتێبەکەی دەداتە دەستی . خەرامان دەستی نوسەر دەگرێ دەیباتە لای دار گێلاسێکی ویشک بەو بەهارە . بە نوسەر دەڵێ : چی لە باغەوانی دەزانی . نوسەر چاو لە لەشی ڕوتی ئەوان دەبێتە هەستێکی ئەوەندە نامۆ بە خۆرایش باغەوانیان بۆ بکات . پێیان دەڵێ : لیسانسی کشت و کاڵم هەیە . ئاوا دەبێ نوسەر لە باغچەی پاشا دادەمەزرێ .

**میوان**

میوان لە دووی مانگی خاکەلێوە بە ژوور دەکەوێ . کچی پوریانە . ماڵیان لە بانەیە . موبایلێکی ئەپڵی بە دەستەوە . جانتایەکی بە شانەوە . بە چاوی ئاماژەی کرد بێدەنگ بم . دەبێ دەنگێ نەکەم دەیناسم و دەزانم نێوی چنارە . پاشا لە دیوی سەرێ بەخێر هاتنی کرد . لە دیوێک لەولاترەوە نەهار دەخۆین . چنار باسی مار دەکات نابێ لێی بترسی . لەو کاتەدا پشیلە بە ژورێ دەکەوێ .هەمان پشیلەی خۆی

باسی دەكرد. ئەو هەموو پارەیەی دەیدا بۆ هێنانی . حەتمەن هاتوە بۆ برنی ئەو پشیلەیە . ئەو دوو خوشكە باسی ترسی خۆیان لە مار دەردەبڕن . شاناز كوتی : پێم وایە ئەو مارە بە شەو دەگەڕێتەوە باغچەی پاشا دوو دەرگای هەیە. یەكیان بە لای شاخە ڕەشدا دەكرێتەوە . یەكیان بە سەر ماڵێدا . پاشا دوای شام میوانەكەیان ڕێنوێنی دەكات بۆ لای باغچە . لە دەرگای حەسارێدا دەچنە نێو باغچەی پاشا دوو كانی چكۆلە ئاوی دەدەن . خەرابات و خەراجات . چنار لە پەنا كانی خەرابات توشی مارە دەبێت . دەستی بۆ ڕادەدێرێ . مارە بە دارە مێوێكرا دێتە سەرێ و لە سەر شانی چنار دەنیشێتەوە . پاشا زۆری پێ سەیرە دەبێ . بێ ترس دەتوانێ دەست بە سەری مارە دا بێنێ . چنار باسی دۆستایەتی لەگەڵ سروشتیان بۆ دەكات . لەو كاتەدا پشیلەكەی باغچەی پاشا لە پەنای دێتە سەر پاشوو سەیری من دەكات . چاوی لە من



بز دەکاتەوە . چنار بە دوربینی موبایلەکەی سێلفیەکی خۆی و پشیلەکە دەگرێ . پشیلە لە لای ڕاستی و مار لە سەر شانی چەپی . سەرسام لەو وێنەیە.لە گۆشە نیگایەکی بلیند لە سەر پەلی دار بەڕوویەکی پیری کەنەفتی بێ بەروو ...
هەر یەکی چۆرێک ئاوی کانی خەرابات دەخۆنەوە . پاشا پێم دەڵێ : بەیانی مێوەکان دەبرییەوە . شاناز لە بن گوێمدا بانگم دەکا بۆ ئەو بەری باغچەی پاشە تاقە پشیلەیەکی لییە . ئێواران لەگەڵ پاشا هەتا سەر چۆمان دێ بۆ گەڕان و چاو لەو کۆڵبەرانە دەکات . خەریکی پەڕانەوە بە دزی سەربازەکە هێندێکی پارە بە دەستەوە . من بە پشت ئەو سەربازە بەلوچەدا سەردانێکی ئەو بەری ئێرانم کردەوە .
بە خۆمم کوت :بە تایەک گوێز بپەڕمەوە باشترە. دەهەزار دەدەم بە سەربازە . لەو بەر تایەکەم دادەنێم . بە دەنگی سوڵتان سەلیم هەڵبەزیمەوە . توند گوێم دەگرێ . بە دوو سێ سواری خۆی دەڵێ . بیهێننە مزگەوت ، بزانم بۆ ئەو پشیلەیەی نەهێناوە . سوارەکانی هەموو پیاوی کەڵە کەڵە ، بە شەمشیروو تاپڕی دەسک قولە بۆم هاتنە خوارێ . سوڵتان سەلیم زۆر توڕە یەخەم دەگرێ
: پێت وایە کێی ؟
: نووسەرم ، دەمهەوێ ڕۆمانەکەم چاپ کەم
سوڵتان سەلیم دەست لە بەر کەلەکەی دەنێ: تولە سەگێکی چکۆلەت لە دیوەکەی خەرامانا نەدی ؟
: نەچومە دیوی خەرامان
: ئەو شەوەی شێعرە سکسەکانی ئرەج میرزات بۆ دەکردە کوردی .
: تولە سەگێکی بۆر بوو
: ئەگەر بۆم بێنی پارەی پێنج ڕۆمانت دەدەمێ هەتا لەو بانەیە چاپی کەی
: باغچەی پاشا دوو تولەی وای لییە . لە نێو دیوەکانی شانازوخەرامانا لە هاتوو چۆدا .
: ئێوارێی هەینی یازدەی خاکە لێوە لە دیوەکەی خەرامانتوشی هەر کامیان بووی.
سوڵتان سەلیم نازانێ خەرامان دوو خاڵی ڕەشی لە سەر شلکی ڕانیەتی . سولتان سەلیم نازانێ من لە یەک سات و کاتدا لە دوو جێگادا دەتوانم لەگەڵ هەر دووکیان بم . هەر چەندە ئاقل وەری ناگرێ کەسێک . بەڵام من دەتوانم سوڵتان نازانێ من ئەو فەندوو فێڵە لەو دوو خاتوونە ڕێزدارە فێر بوم .
لە شەوێکی فێنکی بەهاریدا سوڵتان سەلیم لە نێو دێی چۆمانەوە منی گێڕاوە بۆ پەڕاندنی سنوور . بۆ بەزاندنی چۆمەکەی چۆمان . لە سەر چۆمی چنار بانگم دەکات . چنار بۆ لام دێت . زۆری لێ دەترسم لەو تاریکی و چۆم و ترسی سوارە چەکدارەکانی سوڵتان سەلیم . ئەو هەڵاتن و هاوارو دادی چناری باریکی ماڵ وێرانی بابان نەماوی . لە گۆمێک دەدەم لەولای دار گوێزەکان . بە دوامدا لە گۆمەکە دەدا . دەچمە بن گۆمەوە بە دوامدا دێتە بن گۆمەوە . لەشی وەک ماسیەکی لوسی لە بەر دەستان تێم دەهاڵێ . لە بن گۆمەکەدا پێم دەڵێ: منیش نوسەرم منیش چیرۆک دەنوسم . منیش ڕۆمانم بە دەستەوە .
: چنار تۆ چیت لە من دەوێ .؟

**میوانی**

میوانی لە دووی بانە مەردا بەرێوە دەچێ . تۆ لە بەر باغچەی پاشا دەستت ناوەتە بەر چاو لەو بەری دەکەی سولتان سەلیم و سوارەکانی وەبەر دمی سەربازوو سەرهەنگ و سەروان و خەڵکێکی زۆرو هێندێک کۆڵبەری ماندوو سێ سوار چاکی بە دواوە . بە سواری ماینێکی حودودەوە گوڵینگی لە زێروو لەغاوی لە قورقوشم . یاڵی ئەبریشەمی خاو . تۆ چاو لە چنار هەڵناگری لەولای ئەوانەوە بە ماتە مات لە پەڕینەوەدایە . بڕیارە بێت و شێعرە فارسیەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ شانازوو خەرامان زۆر حەزیان لە شێعری وایە . خەرامان دوو شێعری هەیە کە خۆی هۆنیویەتیەوە . سەروای شێعرەکانی نێوی شانازە . تۆ هەر دوکیانت بیستوە . جیاوازی توو چنار لەوە دایە . لەو بیستنە دایە . بڕیارە چنار بە پشت تۆ دابێت و ئەو پشیلەیە دەست داتێ و بێ ئەوەی کەس بزانێ لە تاریکی شەودا بە پەنا کانی خەراباتدا دەرباز بێت . بڕیارە تۆ گرینگی ئەو پشیلەیە بزانی . دەزانی سوڵتان سەلیم بە هیچ قیمەتێک لەو نەهێنیە ئاگادارت ناکات . چنار بە دەرگای لای دەرێ بە ڕوی شاخێکی بەرزدا دەکرێتەوە . لە پەنا چۆمی بە سەر ماینەکەیەوە دەتناسێتەوە . بە تانە پێت دەڵێ : کوڕە ئازاکەی گیرۆدەی باغچەی پاشا دوو مینی لییە . یەکیان لای دەرگای دەرێ . ئەو دەرگایەی بەڕوی شاخەکاندا دەکرێتەوە . ئەو دەرگایەی بڕیارە چنار پێیدا بێتە ژوورێ . سوڵتان سەلیم وەک دیاریەک دەیهەوێ ئەو دوو مینە بەتاڵ کاتەوە . ئەوەڵ مین لە خوار کانی خەرابات لە پەنا دار هەنارێکی پیری کەنەفتی ، کەللا . ئەو باغچەیە دوو دار هەناری لییە . بەڵام تاقە پشیلەیەکی لییە . ڕۆژ هەتا ئێوارێ دێت و لە بن ئەو دار هەنارە پەککەوتەیە لە سەر کلکی نەرم و نیانی خۆی ڕادەکشێ . سولتان دەستی هەڵدەکات . وەک جادووگەرێکی لێزان و پسپۆڕ باڵی دەکاتەوە . بە گاڵتەوە هەروا ڕوی لە تۆیەو هەستی لە سەر ئەو پشیلە ئەبڵەقەیە .
: ئەگەر پیاوی ترسە نۆکتان لە نێو دایە دوو هەنگاو

بکشێتەوە .
تۆ دوو هەنگاو دەکشێیەوە هەتا چاوت لە دەرگای خوارێی باغچە بێت . نەکا چنار بە سەر ئەو مینە پەڕێ . سولتان سەلیم بۆ مینە دادێتەوەو لە چاو تروکانێکدا مینە بەتاڵ دەکاتەوە . لە سەر بەری دەستی دادەنێ . پاشا بە موبایلێکی کۆنی سامسۆنگەوە وێنەی لێدەگرێ . وێنەیەکی تارو لێل لە سەر دەستی سولتان . ئەوانی دیکەش وێنە دەگرن و گرتە هەڵ دەگرن . تۆ لە بازە وێنەیەکدا دیاری ئاوڕت لە سەر دەرگای ئەوبەری تەنەکەیە ، دەترازێ . زۆرت پێ سەیر دەبێ پشیلە لە بەر ئەو دەرگایە هەڵ کوشماوە . تۆ پێی شاد دەبی . سولتان سەلیم ئەو شادی و خۆشیە لە چاوی تۆدا هەست دەکا بەڵام نازانێ لە بەر چیە . چنار دەست دێنێ دوور لە چاوی ئەوانە پشیلە دەباتە دەرێ لە دووی مانگی بانەمەڕدا . لەو بەری کۆڵان لە پشت دەرگا خەرامان توند دەستی پورزای خۆی دەگرێ . پشیلەی لێدەستێنێ . نازانم ئەو چەتیوە باریکە دەڵێی چیلکەیە بە چ زمان و فێلێک پشیلەی لە خەرامان وەردەگرێ لە بەر تریفەی مانگدا بە بەری کانی خەرابات لەو لای باغچەی پاشا تەنیا پشیلەیەکی لێیەو بەس . ئەویش ئەو چەتیوە دەڵێی تاژیە لە چۆمیداو پەڕیە بەری مزگەوتی گەورەو بە نێو کۆڵبەرەکاندا پەڕیە نێو ئیستی شێنێکی سپی دووهەزارو حەفدەدا خۆی گەیاندە بانە دەوری مەیدانی جەهاد چوە موسافیرخانەیەکی چکۆلە دیوێکی چکۆلە .دەرگای کردەوەو هاتە ژوورێ بۆنی دوکەڵی سیگاڕوو عەترە هەرزان بابیەکەی تۆی ناسیەوە . چرای هەڵ کرد پشیلەی لە باوەشدا چاوی بە تۆ دەکەوێ . زۆری پێ سەیر نابێ .
لێرەدا چنار ماندوو شەکەت پێت دەڵێ :
: تۆ چت لە من دەوێ ؟

## خنکان لە خەرابات

خەرامان بانگی کرمە سەرێ . دیوێک بە شوشەی وردی شینەوە . خەرامان ڕوت لە سەر چرپایەکی دار گوێز بۆ لای خۆی بانگ هێشتنم دەکا. دەست دەنێتە نێو دەستم . لە سەر پەنجەرە خۆم لە گیانی ڕوتی دێتە نێو باوەشم ئاماژەیەکی کورتی خەرامان بە سولتان سەلیم بن دارەکان لای کانی خەراجات بۆ چرکەیەک ڕاوە دەستێ .
: بزانە ئەو کابرایە بۆ لەو پشیلەیە دەگەڕێ
پێم دەڵێ : ئەو پشیلەیەمان لە چیرۆکێکی چنار هێناوەتە دەرێ جۆرێک سەر بەخۆیمان پێداوە .
پێم دەڵێ: تۆ پێت خۆش نییە ڕۆمانەکەت چاپ کەی؟
لە خوارێ لە باغچەی پاشا شای و هەڵپەڕینە . ئاورێکی گەورە کراوەتەوە . شەڕابی سۆفی خدر دەگەڕێ و سولتان سەلیم لە بەر ئاور دێت و دەچێ . سەی عەلی سەردەشتی و قادر مامەندی سۆرانیان بەرداوەتەوە عوسمانە سوور نایەی بە دەستەوە ، برایمە ڕەش بە نایەوە لە تەنیشتی و زیکۆو فەرمان لەولای ئەوانەوە . پاشا لە سەر چرپایەکی گەورە شانازو خەرامان لە تەنیشتی ئەوانەوە دوو سێ کچی دیکە ڕوو لە شای دەکەن . سولتان هەرچی دەگەڕێ چاوی بە جەنابی پشیلە لە باوەشی چناردا لە میوانخانەیەکی چکۆلەی هەرزان. لە دیوێکی تاریک چنار لە خەوڕادەپەڕێ پشیلەی هەروا لە باوەشدایە . لە بن گوێی پاشادا دەڵێم
: دەتوانم لەگەڵ هەموی ئەوانە هەتا بەیانی شەڕە بەند بکەم
پاشا بە دەنگی بەرز هاوار دەکا . خەلک ئاوڕی لێدەدەنەوە . پاشا منیان نیشان دەدا
: ئەگەر ئەو پیاوە جەنابی نوسەر بتوانێ لە شەڕە بەنددا لەگەڵ ئەو گۆرانی بێژانە هەتا بەیانی بیلێ ئەوە هەرکام لە کچەکانی منی بوێ خەلاتی بێت .
پاشا نازانێ دوێنێ شەوێ هەرکچ و لە دیوی خۆیدا لە نیوە شەودا لە سات و کاتێکی میزاندا لەگەڵ هەردووکیان ڕاپەڕیوم . هەر دوکیانم بە یەک میزان کێشا خوارێ . لە گۆشەنیگایەک دا لینگیانم لە تەختی خەوتنیان کێشا خوارتر ، تۆزێک خوارترو ئەولاتر .
لە پێشدا سەی عەلی بە کەواو پاتۆلێکی شینکیەوە پرلۆنێک لە سەر میکرۆفۆن دەگرێتە دەست و لای ڕاستی ئاورەکە ڕاوەدەستێ گۆرانی بە نایەو زەرب و زیکۆو فەرمانەوە دەست پێدەکات . سەی عەلی سێ چوار بەندم لەگەڵ دەڵێ جێگای خۆی دەدا بە ئاوات میراوای . سەید پێم دەڵێ : بەڕاستی مامۆستای لە بەر شەهامەتت گۆرانیم لەگەڵ کوتی . ئاوات میراوای دەنگ هەڵدێنێ چاوم بە چنار دەکەوێ پشیلە ئەبلەقەکەی لە باوەشدایە . لە پەنا کانی خەرابات مات و دڵتەنگ ڕاوەستاوە . بە گۆرانی ڕووی تێدەکەم
: چنار تۆ چت لە منی نوسەری بێکەس دەوێ ؟
خنکان لە خەرابات لێرەدا تەواو نابێ . درێژەی هەیە .
بوون لە خەرابات
کانی خەراجات کانیەکی چکۆلەیە لە خوار باغچەی پاشا . دوو گوڵی لە سەرە ، یەکیان سوورو یەکیان زەرد . لەوێڕا ئاڵای هەرێمی کوردستان بە جوانی دیارە دەشەکێتەوە . سوڵتان سەلیم بە دوو سێ پیاو بە دوایەوە . کۆت و شەڵواری ڕەشی لە بەردا . چاویلکەی ڕەشی لە چاودا . کڵاوی شەبکەداری تەورێزی لە سەردا . بانگی نوسەر دەکا .
: تۆ شوێنی ئەو پشیلەیە دەزانی ؟
لە مەڕ گرینگی ئەو پشیلەیە دەپرسی . لە بەر چی بە دوایەوەن . سوڵتان سەلیم بانگت دەکاتە سەر کانی خەراجات و سێ پڵە خوێنت نیشان دەدا لە پەنا دار سێوێکی پیری ڕیوەلەی زەرد هەڵگەڕاوی بێ بەروو بوم . باسی کچەکەی

خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە . ئەو پشیلەیە بۆنی پیاوکوژەکەی هەڵگرتوە. ئەو پشیلەیە وەک وروحی ئەو وایە .
: تۆ دەزانی لە کوێیە . دەزانی خەرامان ئەو پشیلەیەی لە کوێی شاردۆتەوە .
بیر لە چنار دەکەیەوە . لە میوانخانەیەکی چکۆلەی دەوری مەیدانی جیهاد شاری بانە خۆی مات داوە . پشیلەی ئەبلەقی لە باوەشدا خەوتوە . بیر لەو ملوانکەیەکی شین دەکەیەوە . بیر لە کتێبی ملوانکەی شین دەکەیەوە لە باغەڵی چناردا سێ چوار پەڕی چیرۆک تێدایە . بە خودکاری شین نوسراوە . لە گیرفانی دیکەی کولۆنجەکەیدا وێنەی پیاوێکی کەڵەگەتی تێدایە . ئەو وێنەیەت نەدیوە . سوڵتان سەلیمیش ئەو وێنەیەی نەدیوە . خەرامان و شاناز ئەو وێنەیەیان دیوە . لە وێنەکەدا پیاوێک لە پەنا کانی خەرابات بە خەنجەرێک لە بەر کەلەکەو بڕنویەکی دەسک قوڵە لە شاندا .
شەوێک لەگەڵ هێندێک کۆڵبەر بە لای کانی سۆفی ژن لە بەر دێی چۆمان دەپەڕنەوە . تۆشی چنار دەبی لەگەڵ سێ چوار موسافیر بە قاچاغی دەپەڕنەوە . تۆ دەیناسیەوە . پشیلەکەی لە باوەشدا . تۆ بە کۆلەبارەکەتەوە . ئەسبابازی منداڵانەیە. لێی دەگەڕێیەوە پێی دەڵێی : چنار بۆ کوێ دەچی . دەگەڕێتەوە بە دەنگترا دەتناسێتەوە . دەست خۆشی لێدەکات . لە بەر یاریدەدانی . تۆ شەرتی خۆتی بیر دێنیەوە . شەوێک هەتا مەلا بانگدانی بەیانی میوانی لەش و لەتەری ناسک و باریک و سپی و سۆڵی بێت . چنار بێ یەکو دوو فەرموی پەنای دار سێوەکەی خوار کانی خەراباتت دەکا . تۆش بێ ئەوەی بیر کەیەوە بۆ خوار ئەو کانیە میوانی گەردن و ماچ و گۆرانی هەناسەی ماندووی . ئەو شەوە وێنەی گیرفانی کلۆنجەکەت نیشان دەدا . پێت سەیر نابێ . تۆ کەی بڕنوی دەسک قوڵەت دیوە هەتا لە شانی کەی . کەی چەقۆ یان قەڵەمبڕت بە دەستەوە بوە هەتا خەنجەر لە بەر پشتێن دابێ . باغچەی پاشا دوو دار سێوی تێدایە . سوڵتان سەلیم دەیهەوێ ئەودار سێوە پیرە هەڵبڕێ . لە جێی ئەو دارە هەڵوچە بچەقێنێ . چنار لە سەر وشەی چەقاندن هەڵدەبەزێتەوە . وێنەکەی لە باغەڵ دەخاتەوە . هەست دەکەی شاناز لەو بەری کانی خەرابات ئەلان تێراوە . لایەکی زیاتری باغچەی پاشا دوو دیواری نزمی هەیە .بە بەرد داندراوە . دوو وەستا دایان ناوە . یەکیان خەڵکی سیامەیە ئەوەی کەیان بلەسەنییە . تۆ پاڵ بە دیواری وەستا کەریمی خەڵکی بلەسەنەوە دەدەی. چنار ئاماژە بە مانگ دەکا . تۆ چاو لە ئەستێرەیەک دەگێڕی . چنار بڕیارە چیرۆکی لەشی ساردی جندۆکەیەکی بزۆزی سەر ڕێوی دەم و چاو باریکەت بۆ بگێڕێتەوە . هەست دەکەی خەرامان بە دووربینی موبایلەکەی گرتەیەکی کورتت لێدەگرێ .

## کانی خەراجات بە بووکی دەچێ

دەچێ بۆ لای باغچەی پاشا توشم دەبێ شاناز توورە ئاتەکی کەواکەم ڕاوەدەشێنێ . دەڵێ : دەفەیەکی چەرم سپی زۆر باشم هەیە . شێخ مارفی گەورە لێرە جێی هێشتوە . هەتا لە ڕێی خودا بگاتە دەستی کەسێک بتوانێ جوان و لە بار بیژەنێ . وەرە سەرێ خۆی لە قەرەی دە . شایەد سەرکەوتو هاتیە دەرێ . دەفە دەبێتە ئی خۆت. پێی دەڵێم : خاتونی بەڕێز من چیرۆک دەنوسم . باسی نوسراوەیەک شێعرێک چیرۆکێکی کورتی کرد لە سەر چەرمی بۆرو و تەنکی دەفەیەکی تۆزێک چلکنی بە ئالقەوە . پێی دەڵێم ئەگەر خەریکی ئەوانە بم ناتوانم فریای باغچەی پاشا دوو جامی لێیە بۆ ئاو خوارنەوە . یەکیان شوشەیەو لە سەر کانی خەرابات ئەوەی کەیان گڵە لە سەر کانی خەراجات تۆزێک چوکەیە . ئاوەکەی بەشی دوو نەمامی قەیسی دەکاو بەس . شاناز دێنمە پەنا ئەو کانیە . دەفەکە لە پەنا نەمامی دار قەیسەکە دادەنێم و لاقی هەڵدەکات . دەڵێ : بەیانی هەڵەنگوتم . لاقی درێژ دەکەم بۆ لای خۆم لادەکاتەوە شاناز بۆنی عەترێکی توندی لێدێ و خەرامان بۆنی ئودکلۆنێکی نەرم و سوکی لێدێ . سوڵتان سەلیم چاوی پێتان دەکەوێ بە سواری ماینەکەی بە دوو قەڵەمباز دەگاتە لاتان و ماندوو نەبینیتان دەکا . چاوم بە جانتاکەی شاناز دەکەوێ بە نەمامی دار بەهێیەکی هەڵواسیوە. ئەوە دار سێوی دوو هەمە . موبایلەکەیم بیر دێتەوە . گرتە شاراوەکەی ئەو شەوە لە بەر تریفەی مانگ . کاتی چاکە بۆ شتنەوەی. دەست و بەجێ دەست دەبەم و پاکی دەکەمەوە . موبایل لە جێی خۆی دادەنێمەوە . سولتان سەلیم ئەو جار لە دوو تۆڵەی ئاواڵ دوانە دەپرسێ . بە سوار ماینەکەی وێرغە دەڕوا هەتا ئەو بەری باغچەی پاشا لەو بەری خەڵکی چۆمان چاو لە باغچەی پاشا دوو ماری لێیە . یەکیان ئەو ڕۆژە چنار گرتی و لە سەر لپی دەستی بردیە دەرێ . ئەوەی کەیان لە سەر جوتی خۆی لەگەڵ چنار دەبێتە دوژمن و هەتا ئەوبەری چۆمان بە شوێنی کەوت . شاناز لەو مارە لەو تاقە مارە هەڵبڕاوە لە جوتی خۆی ناترسێ . شاناز ئەو دوانیوەڕۆیە ئەو برەی بە فیتویەک بانگێشتن کرد بۆ لای خۆی ڕوت دەستی دادەستم هەتا لە خەراجات مەلەیەکی فێنک بکەین بە یاریدەی یەکتر بە جامی شوشە ئاوی فێنکی بن کانی خەراجات بە یەک دادەکەین . شەڕە ئاو دەکەین . پاشا لە دووڕرا چاومان لێدەکات .سولتان سەلیم لەگەڵ سوارچاکەکانی دەست هەڵدێنن . لە دووڕرا سوڵتان ماندوو نەبینیم لێدەکات . ڕوی ماینەکەیم تێدەکات . ماین دێتە سەر پاشوو . ئاوایە کاروبارو ژیانی ئەو دەورو پشتە .

# تارمایی

دارابان عەتار

کەللەی زل و قژە لوول و تێکچڕژاوەکەی نا, سێبەرەکەی کەوتبووە سەر دیوارەکە. سمێڵی گەورەو بابڕو قەترانی نا, دەنگە نەرم و ترسناکەکەی بوو دەبیسترا.ڕیشە درێژو پڕەکەی نا, ئەو مقەستەی پێی قەڵەم کرابوو.نێوان کەزیەکانی نا,پەراسوە ناسکەکانی ئافرەتەکەیان کون دەکرد.شەربەتی هەنار نا,خوێنی ساویلکەیی ئافرەتەکە بوو دەرژایە سەر زەویەکە.وەکو جاران خۆشم دەوێی نا,بەپێچەوانەوە ماڵئاوایی نەدەبیسترا, هەستی پێدەکرا.قۆڵەکانی ئافرەتەکە چیتر بەهێزنا,خاوبوونەوەیان نیشان دەدا. وەک چەندان جارە نا , یەکەم جاربوو بۆنی نائومێدی دەکرا.پشیلەیەک لەنەوسان نا, لەترسان ڕا , خۆی نا, سێبەرەکەی بوو دەبیندرا, هەڵکورمان نا, غاری دەدا.دەنگی گمەی کۆترێک نا, ناڵەیەکی جەرگ هەژێن , لەدندوکی کوکوختیەکەی ئەو دیو پەنجەرەکە نا, لەقورگی ئافرەتەکەرا ,دەنگی دەدا.بکوژەکە باوکی ئافرەتەکە نا , ئەوەی باوەڕ ناکەی لەدەستی ڕوویدا.پۆلیس دوای ڕووداوەکە بکوژەکە نا, براو باوکی ئافرەتەکەیان لەژوور نا. هەموو هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی پەنجەمۆر یان شوێنەوار یان هەرشتێکی تر لەسەر جەستەی ئافرەتەکە نەدۆزرایەوە. دەتوانم بڵێم جەستەنا,کوتە گۆشتی بەردەستی قەسابیش نا, کوتە گۆشتی ناو گوشێکی هەلاهەلا. نائومێدی لەچاوی ئافرەتەکەنا,بەتەئکید نا,ڕوحی ئافرەتەکەی ئازار دەدا. من نا, تۆ یان هەرکەسێکی تر نا, کێ چوزانێ لەوانەیە ئەو ئافرەتە بەمردوویش لەهونەری گومان تێنەگەیشتبێ و هەربەسادەییی نا, بگرە بەساویلکەیی مابێتەوە. من , ئا من ئاگادارم کە جوانی نا, قسەی قەڵەو وەهەڵنان, لەدڵی کورەکەنا, لەدڵی ئافرەتەکەدا چ متمانەو عیشقێکیان دروست کردبوو. هەستی بەفڕین دەکرد کاتێک بیری لەئەگەری درۆبونی نا, هەرگیز نەیدەویست لەگەڵ ئەو ئەگەرەدا یەکانگیربێ, بەڵکو ئەگەری ڕاستێتی قسەکان دەکرەوە ئەو هەستەیان لەلادروستکردبوو. زۆربەی جار جوانی نا, درۆ و قسەی قەبەو بەڵێنی زل, ساویلکەیی بەشێکی زۆر لەئافرەتەکان

دەقۆزێتەوەو بەرەو عەشقێکی ڕووت نا, بەتەواوی مانا تەسلیمی دەکا. ئەو ئافرەتەش یەکێک بوو لەو قوربانیانەی دەستی ساویلکەیی , بەڵێ ساویکەیی. هەستدەکەم چیرۆک نا, کەسەرێک دەنووسمەوە. بەوویستی خۆم نا, بەفەرمانی ئەو تارماییەی لەناوکەللەمدا ئۆقرەی لەخۆی بەتەنیا نا,ئۆقرەی لەمنیش هەڵگرتوەو تورە نا, هەڵچونێکی تۆقێنەری تێدا دروستکردوین. ئەم چیرۆکە نا بگرە ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە دەنووسم و دەینێرم بۆ پێشبڕکێیەکی ئەدەبی. لەپێناو بردنەوەی خەڵات نا, لەپێناوی داننان بەتاوانەکەدا. دەشێ کەسێک بوونی نەبێ لەو تاوانەدا, بەڵکو من ئەنجامدەری بم.دەستی خوێناویم نا, خەیاڵی خوێناویم شایەدە. هەرهیچ نەبێ بەڕاستی نا, لەخەیاڵی مندا تاوانێک بەهۆی مقەست و چەقۆ نا, بەوشەی ئا ڕوویدا.کێ دەڵی ئەگەر من ڕێگای وەها کارێکم نەدابا ڕوویدابا. ئەوەی هۆشی قانگداوم پرسیارێک نا, زیاتر نزیکە لەدانپێدانانێک, یان ساغکردنەوەی تاوانێک. بەڕاست,ڕووداوێک لەو شێوەیە ڕوویداوە؟ من چۆن چۆنی ڕاستی ئەو ڕووداوەم زانیوە؟ سەرم ژان دەکا دەمەوێ شتێکم بیربکەوێتەوە. شتێک نا, چەندان شتم بیردەکەوێتەوە. وەلێ هەرچەندە چەندان لێکدانەوەشیان بۆ بکەم ناتوانم گرێیان بدەم لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا.ئەو کوڕەنا, گەنجێکی قژ لوولی ریش درێژی سمێڵ فش نا, گەنجێکی باریکەلەی لوسکەی لەشێوەی هیچ کەسێکی تر نا, لەشێوەی خۆم, بەڵێ لەشێوەی خۆم, لەژوورێکدا لەگەڵ هەمان کچ نا, نازانم, لەگەڵ کچێکدام و باسی بابەتێکی هەستبزوێن دەکەین. دووبارەو سێ بارە هەمان وێنە نا, چەندان وێنەی جیاوازتری من و ئەو کچە , لەناو ئەلبومی وێنەدا بێ جولە نا, لەخەیاڵی مندا لەجولەدان. دەڵێی لەوشوێنانەدا نا, لەسینەمادانیشتوم. فیلمێکی ئەڤینداری نا, ترسناکیش نا, زنجیرەیەک ڕووداوی ڕاستەقینە پەخشدەکرا. لەهۆڵدا نا, لەکەللەی مندا. دەبێ تا ئاشکراکردنی تاوانەکە من دەستگیربکرێم لەجێگای باوکو برا بێتاوانەکەی ئە ئافرەتە. دەزگای هەواڵگری نا, دەستەی

هەڵسەنگاندی چیرۆکەکان دەبێ پۆلیس ئاگاداربکەنەوە لەمن. دەبێ ئەوەندە ویژدانیان هەبێ ئەو بێتاوانانە بەربدەن. ئەو بریارەیان بریارێکی دادپەروەرانەیەو مرۆڤبوونیان دەسەلمێنێت.وەلێ دەبێ لەوە ئاگاداربن مرۆڤ بوونیانە تووشی هەڵەی دووەمیان نەکات و بەهۆکاری ترس لەناوبانگیان , یان رِق بەرامبەر ئەو کارە نامرۆڤانەی من یان هەر هۆکارێکی ترەوە بێت چاو لەبەهێزی ئەم چیرۆکە بپۆشن ئەگەر شیاو بێ بۆ خەلات و ئەوان شەرم بکەن بڵێن خەلاتەکە بۆ کەسێک دەرچووە وا لەزیندانە لەسەر فلانە تاوان. چونکە جوانی دارِشتنی چیرۆکەکە بەهێزی دەقەکە دەسەلمێنێت نەوەک کەسایەتی چیرۆک نووسەکە وە تاوانی نووسەرەکە لەدادگا یەکلایی دەکرێتەوە نەک لە پێشبرکێیەکی ئەدەبی. دەبێ نرخی هەرشتێک بەپێی شتەکەبێت. با لەچیرۆکەکەم دانەبرِێم و ئەو رِووداوەتان بۆ تەواو بکەم کە تەمای نووسینی نا , ناچاری نووسینیم. ئێستا نیوەشەوە, رێک نیوەشەو لەجیاتی بخەوم و پشویەک بدەم دوای ئەوەی کاتێکی زۆر لەکاربووم. ئەو تارماییە وازم لێ ناهێنێت . نازانم ئەوە چۆن لێکبدەمەوە. بیستوومەو خوێندوشمەتەوە کاتێک کەسێک بۆیەکەمجار دەستی دەچێتە کوشتنی مرۆڤێکی تر, تارمایی کەسە کوژراوەکە وازی لێناهێنێت. بەڵێ لەچەندان چیرۆک و رۆماندا خوێندوومەتەوە, کە بکوژ یاشێت بووە یا لەتاو ترسی ئەو تارماییە خۆیداوە بەدەستەوەو بەبێ لێکۆڵینەوە گوتویەتی وەرن بمگرن من کوشتومە.نازانم ئەو چیرۆکانە دەبنە بەلگە بۆ ئەوەی وازنەهێنانی ئەو تارماییە لەمن مانای ئەوەبێت من ئەو تاوانەم کردبێت, یان ئەوانە چیرۆکن و درۆیەک زێتر نین. سەرم لێشێواوە نازانم بۆچی هیچم بیرناکەوێتەوە؟! بەبیرم نایات من کوشتبێتم لەکاتێکدا چەندان وێنەی خۆم و ئافرەتێک دێتە پێش چاوم کاتێک بیر لەو رِووداوە دەکەمەوە . بەلام لەهیچ وێنەیەکیان نەخوێن دیارەو نەشوێنەواری تورِەییەکیش. سەیرە! ئەی بۆ ئەو هەستە خراپەم هەیە کەهاتنە خەیالی ئەو ئەو وێنانە بەو رِووداوەوە دەبەستمەوە؟ لەکاتێکدا هۆکارێکی تریش هەیە بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە پەیوەندی من بەو تاوانەوە کەمتر دەکاتەوە, ئەویش ئەوەیە : دوای ئەوەی خوێندمەوە پێشبرکێیەک هەیە بۆ چیرۆک دوو شت پالیان پێوەنام بۆ نووسینی چیرۆکێک بۆ ئەو پێشبرکێیە: یەکەم: حەزی یەکەم بوون و خۆبەپالەوانی گێرانەوە نیشاندان لەبەرامبەر ئەوانی تردا, ئەو حەزەش یا مرۆڤ لەناو دەبات , یا هەربەرِاستی سەریدەخات لەهەلومەرجێکی وادا نەوەکو سەرکەوتنێکی رِەها. دووەم: لەپێناوی ئەوخەلاتەی لەو پێشبرکێیە دیاری کراوە , چونکو منێکی قەرزار برێک پارە پەیدابکەم و قەرزەکانمی پێبدەمەوە خراپ نابێت.مادام توانای نووسینی چیرۆکم هەیە بائەو رێگایەش تاقیبکەمەوە بۆ پەیداکردنی پارە. لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لەفەلسەفاندن و قسەی قەڵەو نیە وەلێ دەبێ دان بەو راستیەدا بنێم حەزی یەکەم بوون ئەوەندە گەورەترە لەمندا ئەگەر پارەشی تێدا نەبووایە دلنیام هەر خەوم دەزرِاو خەریکی نووسینی چیرۆکێک دەبووم بۆ بەشداریکردن. لەگەڵ بوونی ئەو هۆکارانەش پرسیاری ئەوەی بۆچی دەبێ باسی هەمان ئەو تارماییەو چیرۆکی هەمان رِووداو بنووسمەوە؟ ئەو هۆکارانە لاوازدەکاو سورم دەکات لەسەر ئەوەی بەئێوەی دەستەی هەڵسەنگێنەران بڵێم : تکایە لەبەر ویژدانی من نا, لەبەر ویژدانی خۆتان بمدەنە دەستی پۆلیس و ئەو بێتاوانانە



رزگاربکەن ,تاساغبوونەوەی تاوانەکە , یان هەرهیچ نەبێ تائەوکاتەی تەنیایی و ناخۆشی زیندان هەندێک شتم بیردەهێنێتەوە. ئەو ڕووداوانەی دروستم کردون نا, ڕوویانداوە نا, واهەستدەکەم ڕوویاندابێت و ڕاستەقینەبن. نازانم چ شتێکە ئەو هەستەم لەلا دروستدەکات , هەرچۆنێک بێت دەچمەوە سەرگێڕانەوەکانم:ترسێکی زۆر لەدڵی بکوژەکەش, ئا بکوژەکەش و لەدڵی باوکو برای کوژراوەکەش دروست ببوو.پۆلیس پێش ئەوەی لەلێکۆڵینەوەکانی بگاتە بنبەست, هەرسەرەتای ڕووداوەکە باوکو برای کوژراوەکەیان قۆڵبەست کردو ڕاپێچی زیندانیان کردن و دەستیان بەلێکۆڵینەوە کرد. دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دەریانخست ئەو ئافرەتە سکی هەبووە بەبێ ئەوەی شووی کردبێ قورەکە زیاتر خەستبۆوە بۆ باوکو براکەی. پۆلیس هیچ مەجالێک , یان گریمانەیەکی تریان نەهێشتەوە بۆ گومانێکی ترو تاوانەکەیان لەسەر باوکو براکەی ساغکردەوە. وە بەهیچ جۆرێک کەسێک نەیتوانی ئاشکرای بکات کێ سگی ئەو ئافرەتەی پڕکردوە ,چونکو زۆر شارەزایانە کۆرپەکە نا, تەنانەت منداڵدانی ئافرەتەکەش دەرهێندرابوو . ئافرەتەکە لەلای هیچ کەس باسی پەیوەندیەکەی نەکردبوو. ئەگەر لەلای کەسێکی تر باسی پەیوەندیەکەی کردبا هەرهیچ نەبا گریمانەیەکی تر دەهاتە ئاراوە.لێرەدا کاتێک گەشتمە ئەو دێرە پرسیارێکم بۆ دروستبوو : بۆچی نابێت برای یان باوکی ئەو ئافرەتە ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت؟ تۆ لەکۆمەڵگایەکی زۆربەی کوشتنەکانی لەسەر شەرەف, یاسا نا, کورەی مەعشوق نا, بەڵکو باوکو برا یان خزمە نزیکەکانی ئافرەتەکە ئەنجامی دەدەن.ترسێکیشم بۆ دروست بووەئەویش لابردنی تاوانێک لەسەر زۆرینەی ئەوانەی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن و لەوانەیە هەلی بردنەوەی خەڵاتەکە زۆر لاواز بکات, چونکە هەڵسەنگێنەران تەنها تەکنیک هەڵناسەنگێنن و ناوەڕۆکیش هەڵدەسەنگێنن.کاتێک ناوڕۆکێک پێچەوانەی ڕەوتی باوەوە بخوێننەوە لەوانەیە وابزانن تۆ لەو نووسینەت هیچ ئامانجێکت نیە تەنها دەتەوێت خۆشەویستی بێزراو بکەیت. وەگوێ نەدەنە ئەوەی بەدەست خۆم نیەو ناتوانم ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی ویستی ئەوان دابڕێژم بەڵکو خۆشم مەحکومم بەنووسین. نازانم بۆچی و هۆکارچیە والەمن دەکات ئەو ڕووداوە ئاوایی بگێڕمەوە. هەرچەندی دەمەوێ بەشێوەیەکی تر بیگێڕمەوە ناتوانم.

بەم پێیەش گریمانەی هەبوونی دەستی من لەو تاوانەدا زیاتر دەبێت. دوای ئەوەی ڕۆژێک ئەو ئافرەتە لەگەڵ دایکی و خوشکە گەورەکەیدا دەچن بۆ بازاڕ بۆ کرینی جلی جەژن . لەناوەڕاستی بازاڕدا و لەناو ئاپۆڕای خەڵکیدا ئەو ئافرەتە بەردەبێتەوە و لەهۆشی خۆی دەچێت.دایکی و خوشکەکەی زۆر مشەوەش دەبن و خەڵکێکی زۆر لێیان کۆدەبێتەوە.لەو کاتانەدا هەموان دەبنە دکتۆر تەنانەت ئەو دەستگێڕەش کەلەتەمەنیدا نەیزانیوە پیتێک بخوێنێتەوە هاواردەکات:بیبەنە ئەو دوکانە بەرامبەر فێنککەرەوەکە درێژی بکەن و قاچەکانی بەرزبکەنەوە ئەوە زەختی دابەزیوە. لەوکاتەی چەند کەسێک هەڵیان گرتبوو یەکێکی تر هەڵیدایێ :ئەرێ دایە ئەو کچە پەرکەمی نیە؟ دایکەکەش بەگریانەوە : ناوەللە قەت وای لێنەهاتوە.دوای ئەوەی تۆزێک ئاوپرژێنی دەموچاوی دەکەن بەهۆش خۆی دێتەوە.سەیرێکی ئەو قەرەباڵغیەدەکات و هەستدەکات سەری بەگێژەوەدێت چاوەکانی دادەخاتەوە. چەند هێڵنجێکی بەهێز لەهەناویەوە هەڵدەقوڵێ و لەپڕ دەرشێتەوە بەجۆرێک پیرێژنێک لەو لاوە لەبەرخۆیەوە دەڵێ چەند گوناحە شیری بەردایکی هەڵێنایەوە.ئافرەتێکی تەمەن چل ساڵان سەرلەبن گوێی دایکی دەنێ و دەڵی مزگێنیم دەوێ دڵنیابە سکی هەیە.دایکەکە مۆرەیەکی لێدەکا: ئەوە چ دەڵێی ؟ هەی سەربەهەش, ئەوە کچەو شووی نەکردە. ئافرەتە چل ساڵانەکە لەگەڵ ئەوەی دڵنیایە لەقسەکەی بەڵام وەکو ئەوەی شورکێکی لەلوتی بدەن سەر لەبەرخۆی دەنێ و بەشەرمەوە داوای لێبوردن دەکاو دووردەکەوێتەوە, کاتێک لەقەرەباڵغیەکە دووردەکەوێتەوە لەژێرلێوەوە دەڵێ:خوایە بمان پارێزی دنیا چی لێ هاتوە !کچەو سکی هەیە.دوای ئەوەی ئافرەتەکە بەهۆش خۆی دێتەوە دەیبەنەوە ماڵەوە . بەڵام دایکی ئافرەتەکە قسەی ئافرەتە چڵ ساڵانەکەی لەبیر ناچێتەوە هەرچەندی دەیەوێ باوەڕ بەخۆی بێنێ قسەکەی ڕاست نیە, وەلێ هێڵنجی گەورەو قڵپ وقۆی ڕشانەوەی بەردەوام و تێکچوونی بەبۆنی پیاوان دایکەکە زیاتر لەترس نزیک دەکەنەوە.زیاتر دڵنیای دەکەنەوە لەڕاستێتی ئەگەری هەبوونی سکی کچەکەی.ڕۆژێکیان دایکەکە کچەکەی دەباتە دکتۆر بەبیانووی ئەوەی نەخۆشە,بەڵام بۆمەبەستی ئەوەی دڵنیابێتەوە لەوەی سکی هەیە یان نا.دوای ئەوەی سەرەتا خۆی دەچێتە ژوورەوە لەدکتۆر و بەفێڵێک ئاوا لەدکتۆر دەگەیەنێت ئەوە کچیەتی و ماوەیەکە سوڕی مانگانەی تێپەڕیوەو نەکەوتۆتە سەرخوێن جا دەیەوێت پشکنینێکی سکی بۆ بکا تادڵنیابێ لێی و بۆی بکاتە هەواڵێکی خۆشی لەناکاو بۆی.دکتۆرەکەش بەو قسانە باوەڕدەکات و شوێن قسەی دایکەکە دەکەوێت.دایکەکە خۆی بەتەنها دەچێت بۆ وەرگرتنەوەی پشکنینەکەو کارمەندی تاقیگەکە پێی دەڵێت پیرۆزە سکی هەیە.دایکەکە چاوی پڕدەبێت لەفرمیسک و ئاهیکی سارد هەڵدەکێشێت.کارمەندەکە بەواق وڕماویەوە سەیری دەکات.دایکەکە دوای گریانێکی زۆر فرمێسکەکانی دەسڕێت و دەچێتەوە سەرەوە بۆلای کچەکەی.کچەکەی: ئەوەچیە دایکە گریاوی؟!بۆ دەردی خراپم هەیە؟ دایکەکەش هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ نا کچی خۆم هیچت نیە گووتیان هیچی خراپی نیە لەخۆشیان گریام. بابڕۆینەوە.

کچەکەی:ئەی نابێت بچینەوەی لای دکتۆر؟! دایکەکە:پێویست ناکات,لەتاقیگەکە پێیان گوتم پێویست ناکات و هیچی نیە. کچەکەی دەباتەوە ماڵێ و دوای گەیشتنەوە دەستدەکات بەلێپێچینەوە. ئافرەتەکە ترسێکی زۆر ناخی دەتەنێ و نایەوێ وەڵامی هیچ پرسیارێکی بداتەوە,لەبەرئەوەی بەڵێنی بەخۆشەویستەکەی دابوو کە ئەوە بەنهێنی دەهێڵێتەوە. دوای ئەوەی ناتوانێت هیچی لێ دەربێنێت,پیاوەکەی ئاگاداردەکاتە وە.باوکو براکەی ئافرەتەکە لە ژوورەوە زیندانی دەکەن و دەکەونە ویژەی تاوەکو ناوی ئەو کەسە بدرکێنێت,بەڵام ئەو وەکو بەردێک هیچ قسەیەکی لەدەم نایاتە دەر.بەردەوام دەبن لەئازاردانی,تاشەوێک بەیارمەتی خوشکەکەی هەڵدێ و خۆی دەگەیەنێتە خۆشەویستەکەی. لەهەمان ژوور کەپەیمان و بەڵێنی هەتاهەتاییان بەیەکدا. لەهەمان ئەو ژوورەی ماوەیەک پێش ئێستا ئەو کوڕە دوای ئەوەی بەهەرفێڵێک بووە هەندێک شەڕاب دەرخواردی ئەو ئافرەتە دەدا و سەرخۆشی دەکات.خۆشی دەخواتەوەو سەرەتای کارەساتەکان لەڕۆژێکی ساردی زستاندا بەمەستی دەستپێدەکەن.ئەو کارەدەکەن کەهەرگیز ئافرەتەکە تەمای کردنی نەبوو پێش هاوسەرگیری .دوای ئەو کارەش هەر لەهەمان ژوور هەردووکیان پەیمانی بەیەکەوەبوون و وەفای هەتا هەتایی بەیەک دەدەن, دوای ئەمەش ئافرەتەکە هیچی لەدڵدانامێنێ و ئەو ڕووداوە لەبیردەکات.تائەو کاتەی دایکی لێپرسینەوەی لەگەڵیدا دەکات ئینجا دەزانێت چ کارەساتێک چاوەڕێیەتی.بەڵام تائەو کاتەش دەدرێتەبەر نووکی مەقەست و بەچەقۆ هەلاهەلادەکرێت ئەو هەر لەسەر پەیمان و وەفاکەی خۆی دەمێنێتەوە..ئافرەتەکە لەژوورەکەدا دانیشتبوو بەکوڵ دەگریا.پیاوە قژ لوول و ڕیش درێژە شێواز ئەمریکیەکە نزیک دەبێتەوەو دەڵێ :گوڵی من تازە تۆ هی منی.تۆ دایکی منداڵمی ڕێگەنادەم بەهیچ شێوەیەک هیچ کەسێک ئازارت پێبگەیەنێت.تاماوم بەخوێن پارێزگاریت لێدەکەم.ماچێکی سکی کردوو بەردەوام بوو:مەگری بۆ ئەو کۆرپەیە خراپە. تکایە ناتوانم گریانت ببینم.ئافرەتەکە هەست بەپەناگەیەک دەکات و تۆزێک ئارام دەبێتەوە.سەربەسینگی پیاوەکەوە دەنێ و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت.پیاوەکەش دەست بەقژەخاوەکەیدادەهێنێت و درێژە بەقسەکانی دەدات:دڵتەنگ مەبە هەر ئەمشەو دەڕۆین.مادام بەکەست نەگوتوە ئەو کارەت لەگەڵ مندا کردوە کەس نازانێت لێرەی و ناماندۆزنەوە. هەرئێستا خۆمان کۆدەکەینەوەو دەڕۆین.دەڕۆین بۆ دوورترین جێگا.دەڕۆین بەرەو شوێنێکی ئارام و ئاسوودە بەیەکەوە دەژین.تاقیامەت بەیەکەوە دەبین.ئافرەتەکە هەناسەیەک هەڵدەکیشی :قوربانت بم شازادەم.پاشای خەونەکانم. تاقیامەت هی تۆم.پیاوەکە سەیری مقەستەکەی دەستی دەکات هە مان ئەو مقەستەی چەند خولەکێک بەرلەئێستا سمێڵی پێ ڕێکدەخستوو, توونداندا ئافرەتەکە بەخۆیەوە دەگوشێ .ئافرەتەکەش وەکو جوجکیک لەژێربالی دایکیابێت ئاوا سەربەسنگیەوە دەنێ و خۆی بچوک دەکاتەوە لەباوەشیدا و لەژێر لیوەوە دڵێ:خۆشم دەوێی و بەردەوام دەبێت لەدووبارە کردنەوەی ئەو قسەیە.پیاوەکەش بەشێوەیەکی زۆر هەستبزوێن پەنجە بەلێوەکانی ئافرەتەکەدادەهینیت و دوای چەند چرکەیەک توند دەمی دەگرێت. کەللەی زل و قژە لوول و تێکچرژاوەکەی نا, سێبەرەکەیکەوتبووە سەر دیوارەکە. سمێڵی گەورەو بابرۆقەترانی نا, دەنگە نەرم و ترسناکەکەی بوو دەبیسترا.ڕیشە درێژو پڕەکەی نا, ئەو مقەستەی پێی قەڵەم کرابوو.نێوان کەزیەکانی نا,پەراسوە ناسکەکانی ئافرەتەکەیان کون دەکرد.شەربەتی هەنار نا,خوێنی ساویلکەیی ئافرەتەکە بوو دەڕژایە سەر زەویەکە. وەکو جاران خۆشم دەوێی نا,بەپێچەوانەوە ماڵئاوایی نەدەبیسترا, هەستی پێدەکرا. قۆڵەکانی ئافرەتەکە چیتر بەهێزنا,خاوبوونەوەیان نیشان دەدا. وەک چەندان جارە نا , یەکەم جاربوو بۆنی نائومێدی دەکرا.پشیلەیەک لەنەوسان نا, لەترسان ڕا , خۆی نا, سێبەرەکەی بوو دەبیندرا, هەڵکورمان نا, غاری دەدا.دەنگی گمەی کۆترێک نا, ناڵەیەکی جەرگ هەژێن , لەدندوکی کوکوختیەکەی ئەو دیو پەنجەرەکە نا, لەقوڕگی ئافرەتەکەڕا ,دەنگی دەدا. بکوژەکە باوکی نا , ئەوەی باوەڕ ناکەی لەدەستی ڕوویدا.ئەوە ئەو تارماییە چیە بەرەو ڕووم دێت؟ ئێوە نایبینن؟!من چیم کردوە؟ ئەو تارماییە بۆ واز لەمن ناهێنێت؟ تکایە پێم بڵی من بووم تۆم کوشت ,ئەی تارمایی؟ ئەگەر وانیە بۆچی تەنها دەوری من دەدەی؟!دەبێ نەبووبیە تارماییەک و خۆت نیشانی تەواوی خەڵکی ئەم مەملەکەتە نەدەی ؟ وەک هیمایەم بۆ ساویلکەیی یان خیانەت,نازانم ناوی چی لێبنێم.ئەی ئەو کەسەی دوای من ئەو چیرۆکە دەخوێنیتەوە,تۆ وەڵامم بدەوە, سەرهەڵبڕە بزانم تۆش ئەو تارماییە دەبینی؟تۆش ئەو ئافرەتە ساویلکەیە دەبینی کە وا قژە خورماییەی بەشێوەی کەزی بەپشتیدا هاتۆتە خوارەوەو لەخوێن وەردراوە وەکو فڵچەی نیگارکێشێکی مەست.دڵۆپێک خوێنی مەییو بەلالێویەوەیەو لەژێرلێوەوە دەڵێ:خۆشم دەوێی.سەیری ناوچاوی تۆش دەکات؟!گوێت لێیە دەڵێ خۆشم دەوێی؟! ئێوەش ئەو خوێنە ئاڵە دەبینن بەپشتیدادێتە خوارەوە و بەردەوام لەبەری دەڕوا؟ ئەو پارچە گۆشتانە دەبینن؟ دەست لەنووسین هەڵدەگرم و نووسینەکەتان بۆ دەنێرم.تکا دەکەم دوای خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە ڕادەستی پۆلیسم بکەن.ئەگەریش من ئەو ئافرەتەم نەکوشتبێ,کەبیرم نەماوە,هەرهیچ نەبێ من بەگێڕانەوەی ئەو چیرۆکە جارێکی تر کوشتوومە,ئەگەر هەرخۆیشی تەنها ئەمجارەو لەم چیرۆکەدا نەکوژرابێ. تکایە وازبێنە.. دووربکەوەوە..دەپێم بڵێ... ت..ک.ا..ی...

# کارگای چیرۆک


بەبەردبوون / دابان عەتتار | ١٠٨
دوودڵی / شەرمین ساڵحی | ١٠٨
لاسقی لاولاو / رزگار لوتفی | ١٠٩
.... / ئاوات ئەحمەدی | ١٠٩
قاڕ قاڕ / جەبار شافیعی زادە | ١١٠
تێل درووی شێرپەنجە / مریەم قازی | ١١١
فیدایی - ئەفسانەی سەردەم / ناسر فەتحی | ١١٢


هەواڵنامەی کتێب

## بەردبوون - دابان عەتتار

چاوپێکەوتنێکم هەبوو،دەبوایە حەتمەن لەماوەی نیوکاتژمێریتر بگەمە ئەوێ. ماشێنەکەم لەڕێگادا پەکی کەوت. کاتم نەبوو بەدیاریەوەبم. ڕێگاکەش ئەوەندەی نەمابوو. دەرگاکانم داخست وبەپێیان ملی ڕێگاکەم گرتەبەر. لەشەقامەکە پەڕیمەوە لەنزیک شۆستەکەوە گەنجێک کەوتبوو هەموو ئەوناوە خوێن بوو. وادیاربوو ماشێنێک خۆی پێدا کێشابێ و لەجێی ئەوەی هەڵی گرێتەوە بەجێی هێشتبوو. دەشێ ئەوە کاری ماشێن نەبێ ومرۆڤێکی تر بەگوللەیەک کەللەی پژاندبێت. لەبەر ئەوەی تائەوکاتەش بەجوانی سەرم نەسوڕاند تەماشایەکی بکەم .هەردوگریمانەکە دەشێ ڕاستبووبن. دەشێ گریمانەی تریش هەبووبێ بۆ ئەو ڕووداوە. چەند دەنگێکی جیاواز کەوتنە مقۆمقۆ لەناوەوەم . یەکێکیان دەیگوت: ئەوە مرۆڤیکە کەوتوە ناتەوێ بچی بەلایەوە؟ چەندان دەنگی تر ئەو دەنگەی یەکەمیان دەچەپاندو بێدەنگیان دەکرد بۆنمونە: کات درەنگە ئەوکارەت لەدەست بدەی منداڵەکانت نزیک دەخەیەوە لەمەرگ. یان دەنگێکی تر دەیگوت کاکە خۆت توشی کێشە مەکە، پۆلیس مرۆڤایەتی وشتی وانازانێت لەوانەیە تاوانەکە لەملی تۆ بپێچن، سەیری ئەوهەموە خەڵکە ناکەی هەریەکەی خۆی مەژغوڵی شتێک کردوەو کەس ناوێرێت توخنی بکەوێت. خۆت مەکە بەفریادرەس ومنداڵەکانت بێ باوک بکەی. چیت داوە لەکێشە؟ دەنگی یەکەم زۆر بەکزی و بەشەرمێکەوە دەڵێ هەر سەرت بسوڕێنەو سەیرێکی بکە. بەڵکو شتەکە ئاسانتر بێ لەوەی کەبیری لێدەکەیەوە.ناوێری سەرت بسوڕێنیت، سەر لەژێر خۆت دەنێی وبەردەوام دەبیت لەڕۆیشتن. ناتەوێ بڵێی ئای مرۆڤ چیت لێ بەسەرهاتوە. هەستدەکەی لاشەکەت تێپەڕاندوە فرمێسکێک لەچاوت دێتە خوارەوە دەتەوێ پشت لەهەموو بەرژەوەندی و ترسەکان بکەی وبسوڕێی بۆلای لاشەکە وە خەڵکەکەش ئەو خەڵکەی دەوروبەریشی ڕیسوابکەی کە چۆن دەتوانن دیمەنێکی ئاوا ببینن و لێی بێدەنگ بن. بەڵام ئەوەت لێ ناوەشێتەوەو بەردەوام دەبی لەڕۆیشتن. دەگەیە شوێنی مەبەست بیرت هەرلای لاشەکەیە. پێش ئەوەی بچیتە ژوورەوە بۆ چاوپێکەوتنەکەت تەلەفۆنێکت بۆدێت. دڵت دەکەوێتە تەپەتەپ: بەڵێ؟ چی ؟ چۆن . لەمۆبایلەکەتەوە گوێ بێستی دەنگێک دەبیت: ئێستا تەرمێک مان لەشەقامی سەد مەتری دۆزیەتەوە، لەمۆبایلەکەی ئەو ژمارەیەی تۆی تێدایە نووسراوە کاکەم فەرهاد. پێش چاوت تاریک دەبێت وەک ئەوەی گورزەیەکی کەئاسن دروست کراو بەتۆقی سەرت کەوتبێ. بەردەبیەوە سەر زەویەکە

## دوودڵی - شەرمین ساڵحی

مۆ با یله که ی هەڵگرت و بۆ چەندەمین جار ژمارەکەی گرتەوە... وڵامێک نەبوو..! شۆفێرەکە ڕایگەیاندبوو کە کێشەی فەنی پێش هاتووە و لەوانەیە تا چەند کاتژێر بخایەنێ. دوودڵ بوو لەوەی بگەڕێتەوە یان وەکوو مۆسافرەکانی دیکە چاوەڕێ بکات. ناچارمۆبایلەکەی لە جانتاکەی دانا و وێسگەکەی بەرەو ماڵەوە بە جێهێشت.کاتژمێرەکەی باسی لە درەنگانی شەو دەکرد. لە بەر خۆیەوە دەیکوت:ڕەنگە" خەوی لێکەوتبێت"ئەمڕۆ ماندوو بوون وەڕەزی کردبوو.. با خەوەکەی لێ لێ تێک نەدەم.ئەچمە ماڵی سارا..! " سارا نزییکترین هاوڕێی بوو." ئەو تا درەنگان ناخەوێت..!بە شۆفێری تەکسیەکەی وت :ڕێگایەکەی بگۆڕێ..

کاتێ گەیشتە سەر کۆڵانەکە،سەیری کرد هەموو چراکان کووژاونەتەوە.ئیدی نزییکتر نەبوویەوە.تەکسییەکی دیکەی گرت و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە.کلیلەکەی بە ئەستەم لە نێو ئەو هەموو شتوومەکا ،کە پێچابوویەوە بۆ، خۆگەیاندن بە "کۆنگرەی بەرگری لە مافی ئافرەتان" کە بانگهێشت کرابوو؛دەرهاورد و درگاکەی کردەوە.

بە پلیکانەکانا وەسەر کەوت.هەنگاوەکانی لە هۆڵەکە نزییکی دەکردەوە. دەنگێک هاتە گوێی! ،پێی وابوو،هەمان فیلمەکان جارانە کە هیچ حەزی لێی نەبوو...درگاکەی کردەوە!

ناڵەیەک لە ،ژووری نووستنەکەیەوە ئەهات.جانتاکەی فڕێ داو بە چەن هەنگاوێک خۆی گەیاند. سسسسس سارا...!!!!

# لاسقی لاولاو- رزگارلوتفی

موبایلەکەی هەڵگرتو بۆ چەندەمین‌جار ژومارەکەی گرتەوە؛ وەڵامێک نەبوو. لەگەڵ هەر ژومارەگرتنێکدا دەتکوت یەکێک پشتەملی گرتووەو ناوچاوانی بەدیوارەکەدا دەکوتێت. موبایلەکەی فڕێدایە سەر تەختە خەوە دووکەسییەکەو گوڵەسەرەکەی کردەوە. کاتێک بۆ دوایین‌جار وەرگەڕایەوەو چووەوەبەر ئاوێنەکەو کەژی جلەخەوە نارنجییەکەی ڕێک کردەوە لەناکاو دڵۆپێک خوێن تکایە سەر سینگی و بەئارامی خزایە ناو درزی مەمکەکانی. دەستبەجێ پەشۆکا. دەستی هەڵێناو نایەبەر لووتیو بەئاوێنەکەدا چەقی؛ لە لاشانییەوە ژن و پیاوێکی بینی لەسەر تەختە خەوە دووکەسییەکەی پشتەوەی ڕاکشاون‌و وەک لاسقی لاولاو لێکئاڵاون.

## ئاوات ئەحمەدی - ....

خو ێنێکی
گەرم بەسەر
سەر و چامدا وردە
وردە دەهاتە خوار و وەکوو
دەلاقەیەکی سوور بەسەر شینایی
ساردی ئاسمان دادەخرا. نیوکاژێرێک
لەمەوپێش بوو، منیش وەکوو هەموو ئەوانەی بە
زیڕە و هاوارەکانم ئاوڕێکیان داوە و ڕۆشتن دەڕۆیشتم،
زیڕە و هاواری خەڵکم دەبیست و ئاوڕێکم دەدایەوە و
دەڕۆیشتم. نیوکاژێرێک لەمەوپێش بوو ڕاوەستابووم، لە هات و
چۆی گەرم و گوڕی ئۆتۆمبیلەکانم دەڕوانی، چاوم بەسەر چرای سووری
چوارڕێگاکە دەخشاند و ڕەشایی سەرشەقامەکە وەکوو چۆمێک لە تاریکی
خۆی دەنواند، هێورهێور لاقم لەسەر یەکەم هێڵی سپی دانا، وەکوو پردێکی لەرزۆک
و وەکوو ڕێبوارێکی ترسنۆک یەکەیەکە و تنۆک‌تنۆک لاقم لەسەر دادەنان و دەڕۆیشتم.
چەن چرکەیەک بەبێ ئەوەی خۆم بزانم چم بەسەر هات تێپەڕ ببوو و لە قەراغی شەقامەکە کەوتبووم و چراش سەوز بوو. خوێنێکی سوور بەسەر سەر و چاومدا وردەوردە دەهاتە خوار و وەکوو دەلاقەیەکی سوور بەسەر شینایی ساردی ئاسمان دادەخرا. دەستم لەنێو خوێنەکەمدا دەگلاند و دەمقیڕاند. فرمێسکەکانم لەنێو خوێنەکەمدا ون دەبوون و چەن ڕێبوارێک بە گومانێکی سەیرەوە چاویان لێ دەکردم.

بیست خولەکێک لەمەوپێش بوو. هێورهێور ئارام بوومەوە. خوێن لە هاتن ڕانەدەوەستا و ئامبۆلانسیش لە چراسوورێکدا مابووەوە. چەن کەسێکیش لە دەورم کۆ بووبوونەوە. پیاوێک لەوێ پەیتا پەیتا لە کاتژمێری دەڕوانی، لەوانەی بوو کە بەردەوام دڕەنگیانە و بەردەوامیش چاوەڕوانیی کەسێک دەکەن، پەیتا پەیتا چاوی لە کاتژمێر دەکرد و ئەوەی چاوی لێ نەدەکرد هەر ئەمن بووم. کابرایەکی دیکە هات و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی سووربوونی چرا ببێت، بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە هێڵە سپییەکان بەسەر ڕەشایی شەقامدا تێپەڕی. چەن کەسێکیان تێم ڕامابوون. ماوەیەکی کورتی پێ چوو. وردەوردە پشتیان لە من هەڵکرد و وەڕێ کەوتن.

دە خولەکێک لەمەوپێش بوو. دوایین هەناسەم هەڵکێشا. ڕووداوێکی نائاسایی لە ژیانی چەن کەسێک بووم بۆ نیو کاژێر. ئەمن مردم. تەرمەکەم لەسەر شەقامەکە کەوتبوو. ئامبۆلانسیش لە سوورایی چرای نێوان چوارڕێگاکە ڕزگاری بوو. دە خولەکێک لەمەو پێش بوو. دەلاقەی سوور بۆ هەمیشە بەسەر شینایی ساردی ئاسمان داخرا. سوورایی ئەم دەلاقەیەش لە سوورایی چراکانی سەر ڕێگاکان تا هەتایە نادیارە.

قالاوەکان بانگیان کردبووم یان لە خۆوە بۆ لای دارەکە ڕۆیشتبووم نازانم. ڕەنگە لەو شوێنە هیچ قالاوێ نەبووبێت. ڕەنگە هیچ درەختێکیش نەبووبێت. تەنانەت منیش کە ئەم چیرۆکەت بۆ دەگێڕمەوە. لە سێبەری درەختەکەدا هەڵبەت ئەگەر درەختێ هەبووبێت، دەلاقەیێکی چێوی بوو. لەو دیو دەلاقەکەدا تۆ بووی کە سەیرت دەکردم یان ژنی دراوسێ بوو نازانم. ڕەنگە ژنی دراوسێ پێشتر لەم چیرۆکە مردبێت و تەنها چاوەکانی بۆ ڕوانین مابێتن.

لە نێو چاوانیدا دوو ماسی هەبوون. دوو ماسی زەرد کە چەشنی هەتاوی هاوین دەدرەوشانەوەو هەرکات کە دەمویست سەیریان کەم دەیانویست چاوەکانم کوێر کەن هەتا نەتوانم هیچ شوێنێک ببینم.

دوو ماسییە زەردەکە لە یەلدا کچی دراوسێمان دەچوون کە بەم زووانە ببوونە دراوسێمان. ڕەنگە ژنی دراوسێ پێش مردنی بۆ لای یەلدا ڕۆیشتبێ و ئەویشی لەگەڵ خۆی بۆ ناو گۆڕێک بردبێ.

ئەگەر ژنی دراوسێ، ئەگەر ژنی نەحلەتی دراوسێمان یەلدای لەگەڵ خۆی بۆ ناو گۆڕێک بردبێ چی؟

تۆ لەم شوێنەی چیرۆکەکەدا دانیشە، لە درەختەکە ڕامێنە و گوێ بۆ ئاوازی قالاو ڕاگرە، من دەبێ بڕۆم گۆڕەکە هەڵکەنمەوە.

هەرکە یەکەمین مستی خۆڵەکە لادەدەم

یەلدا دەبینم کە لە ئامێزی ژنی دراوسێ خەوی لێکەوتووە. ژنی دراوسێ پێدەکەنێ. هەموو ددانەکانی رزیون. خوێن لە لێوەکانی دەرژێ. هاواردەکەم: یەلدا... یەلدا... یەلدا!!!!!!!!!!!!!

**-هیوا ئەمین‌نژاد کوڕێکی تەنیایە بەڵام ئەم تەنیاییە نەبووەتە هۆی ئەوە کە لە خوڵقاندنەکانی‌دا، لە ئافراندنی —بۆ نموونە- فیلمێکی ٣٠ دەقیقەیی یان ١٠ دەقیقەیی یان فیلمێکی بڵیند، ڕەنگ‌دانەوەیەکی وەهای هەبێ کە ئینسانەکان هان بدات بۆ تەنیایی سووچنشینی. بە پێچەوانەوە، کە بمانهەوێ بە وردی سەرنج بدەین، باسی هەنێک تەعامول دێتە ئاراوە کە مرۆڤی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی‌دا، سەیری ئەو تەعامولانە ناکات. سەیری پێوەندی مرۆڤێک کە دوور کەوتووەتەوە لە کۆمەڵگەکەی خۆی و ئەو مرۆڤەی کە خەریکە لە شوێنێکی دیکەوە دەور لە کۆمەڵگە دەداتەوە، ناکا. —بۆ نموونە- سەرنجی هیوا لە سەر کەسایەتییەکی وەکوو سەید محەممەدی سەفایی، وەهایە کە هەموو فۆرموولەکانی کۆمەڵگە تێکدەشکێنێ کە ڕەنگە تا ئێستا وەکوو کەسێکی لەودە سەیری کرابێت. بەڵام هیوا ئەمین‌نژاد دێ بە پێی ئەو تەنیاییە کە خۆی بوویەتی، واقعی ئەو کەسایەتییە دەنوێنێت کە سەید محەممەدی سەفایی هەیەتی، و قارەمانێکی وەکوو زۆربای یۆنانی لێ دەر دێنێ و زۆر بە حاسانی ئەو لایەنە قارەمانانەی سەید محەممەدی سەفایی دەخاتە بەر چاو کە تا ئێستا چکام لە ئێمە وا سەرنجەمان نەداوە. ئافراندنی تۆ تا ئێستە لە کارەکانتدا بەم شێوە بووە. ئەم تەنیاییە تا ئێستە وەها ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە. ئایا ئەمە بە بیرۆکە فکرەوەیە و وەک سەبک و ئیستیلێکە لای تۆ، یان باشترە بڵێم ڕەهەندێکی دیاریکراوی هزرییە لە کارە هۆنەرییەکانی تۆدا؟ یان نا، بە پێی نەستێکی ناوشیار و ناخۆدئاگا ئەم شێوازە لە کارەکانی تۆدا دروست بووە؟**

من پێم جالب بوو کە تۆ ئەمەت وت، چونکە تۆ یەکەمین کەس نیت کە ئەم شتە بە من دەڵێیت و هەموو جارێکیش بۆ خۆم ئەم پرسیارە دروست ئەبێ کە ئایا من بە ڕاستی تەنیام؟ لە فستیڤاڵی وان بووین کە فیلمی ”ماڵاوا ئانالۆگ“ نەمایش کرا، پاش تواو بوونی فیلمەکە، کۆڕێکی لێدوان داندرا بۆ وەڵام و پرسیار لە سەر ”ماڵئاوا ئانالۆگ“، فیلمسازێکی تورک دەستی بەرز کردەوە و پرسیارێکی کرد. ڕێک باسی ئەم شتەی کرد و وتی: ”من چوار ڕۆژە تۆ ئەبینم و ئاگام لە هەڵس‌وکەوتەکانتە لە ناو فێستیڤاڵدا و... بە گشتی وام هەست دەکرد کە ئینسانێکی زۆر ئارام و تەنیا و گۆشەگیری، بەڵام کە فیلمەکەتم بینی، فیلمێکی پڕ لە ئێنێرژی، پڕ لە ژیان و پڕ لە ڕیتمم بینی و من ئەم دژوازییە بۆم سەرنجڕاکێش بوو“.
پێشم سەیرە کە ئیستە تۆش وا دەڵێیت. ڕەنگە تەنیایی لە نێو کارەکانی من‌دا، جۆرێک خووخدەی تاکەکەسی خۆم بێت کە تۆ -کە بە من نزیکی- ئەمە دەرک بکەی. یا ڕەنگە ئەوەش بم کە دەور و بەرییەکان دەیڵێن. زۆر کەسی دیکەش پێیان وتووم ”تۆ بۆ ئەوەندە گۆشە گیری، بۆ ئەوەندە حەزت لێیە بێ خەبەر و نادیاربی و... ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە بۆچی گۆشەگیرم، بۆ من هونەر هەمیشە چەشنێ لە پیرۆزی و پاکی بووە، پێم خۆش نییە بڵێم ئەمە شتێکی باشە یان خراپە، یان بیکەم بە دروشم و شوعارێک. من پێم خۆش بووە کە ئەو پاکی و بێ‌گەردییەی هونەر، سینەما، روحی خۆم و پاکی بیرکردنەوە و ئیدەکانم، هەمیشە لە لای خۆم بمێنێتەوە. لە بەر خاتری ئەوە گۆشەگیری ئێختیار ئەکەم، بێگومانیش گۆشەگیری تەنیایی دێنێ. چونکە هەرچی تا ئیستا دیومە، هەمیشە هەر بێزار بووم لەو هونەرمەندانەی کە مقۆ مقۆ و هەرا و زەنا و جەنجاڵ دروست ئەکەن و هەر بە پەڕاوێزەوە خەریکن، کە هەر پڕن لە قیژە و هاوار و هیچیتر. بێ ئەوەی سانتیمترێک قووڵایی لە کارەکانیاندا ببێ. ڕەنگە بۆ ڕاگرتنی دنیای خۆم و بەرهەمەکانم، پێم خۆشە لە گۆشەیەک، لە سووچیک بژیم و ئەم گۆشەیە، ئەم سووچەم خۆش بوێت. چونکە بە چەشنێک ڕێز و خۆشەویستی هونەر لە لای من دەهێڵێتەوە و نایکا بە دووکان و بازاڕ. هەمیشەش داهاتی ئەم تەنیاییە کار بووە تا دوروشم و ئالوودە بوون بە هزری گشتی و شوێن ڕەوت کەوتن و... من ئەو کاتانە تەنیام کە لە نێو ئەو جۆرە کۆبوونەوانەدا دەبم. ئەو کاتە بە ڕاستی هەست بە تەنهایی و غەرینیەکی سەیر دەکەم. بەڵام وەک وتم، خۆم قەت هەست ناکەم تەنیام. چونکە بەردەوام ئیدەم هەیە، بەردەوام دەنووسم، بەردەوام عەکاسی دەکەم، بەردەوام فیلم دروست دەکەم و هەستیش دەکەم زۆر زۆر سەرحاڵم و خۆش خۆش دەژیم.

**-لە دڵی کارەکتەرەکانتدا ژیان دەکەی، واتە ئەمە شتێکە کە من زۆر جار لە تۆدا دەیبینم. چونکە جاری**

**وایە لە شوێنێکدا بیری شتێک دەکەویتەوە، باسی کارەکتەرێکت دەکەی. من ڕۆژێک لە ڕۆژان شێعرم بە بۆنەی تۆوە خۆش ویستووە، دوای ئەوە داستانم بە بۆنەی تۆوە خۆشتر ویستووە. ئیستەش لەگەڵ داستان ژیان دەکەم و هەرگیز لە خۆمی ون ناکەم. هەمیشە هەرچەن کەم داستانیشم لە تۆ خوێندبێتەوە بەڵام داستانەکانت بۆ من بوونە هۆی ئەوە کە خۆشەویستییەک بۆ داستان و مەتن و دواجاریش هونەر، لە دەروونمدا دروست بکەم. ئایا داستان ئیستاش لە تۆدا ئەو خۆشەویستییەی ماوە؟ ئایا داستان لە گەڵ ئەو خۆشەویستییەیدا، هیچ کاریگەرییەک و هیچ تەئسیرێکی لە سەر سینەمای تۆ هەیە؟ ئەم پرسیارە هەمیشە دەغدەغەی من بووە و چەن جاری دیکەش کە پێکەوە تەنیا بووین لێم پرسیوی. ئایا داستان توانیوێتی یارمەتیی سینەمای تۆ بدات؟**

بێ‌گومان زۆر یارمەتیی داوم و بەڵای منەوە ژیان بە بێ داستان نابێ. چونکە هەموو شتێک داستانە. داستان، ئەوەندە لە سەر ژیانی ئینسان تەئسیری هەیە کە تۆ لە هەرشتێک، حەتتا لە سادەترین شتەکاندا، کە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبیتەوە، دەبینی ڕەوایەت وجوودی هەیە، گێڕانەوە وجوودی هەیە، داستان وجوودی هەیە. بەڵام وەک چیرۆکنووس، پێویستە بڵێم کە من لە دنیای واقیعدا، هێشتاش چیرۆکنووسیم بە جێ نەهێشتووە. ڕەنگە دەرکەوتنی کارە سینەماییەکانم بووبێتە هۆی ئەوە کە من وەک کەسێکی فیلمساز بناسن نە وەک کەسێک کە داستان دەنووسێ. تەنانەت ڕەنگە کەم کەس بزانێت کە من کتێبێکی چیرۆکم چاپ کردووە یا لە سەر چیرۆک کارم کردووە. بە بڕوای زۆر کەس لە دۆستان و نزیکانم، کە پێیان وایە سینەمای من جیاوازە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە من دگمەن فیلمسازێکی کوردم کە ئەدەبیات دەناسم و لە سەر ئەدەبیات کارم کردووە. خۆی ئەم ئەدەبیاتە هۆکارێک بوو کە سینەمای من، سینەمایەکی جیاواز بکات. نەک ئەوە لە فیلمەکانمدا داستان و گێڕانەوە ڕۆڵێکی زۆر بنەڕەتی بێت. ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە من زۆرتر حەزم لە سینەمای بەڵگەیی —موستەنەد- کردووە و زۆربەی فیلمەکانیشم موستەنەدن. بەڵام ئەمە زۆر بۆم سەرنجڕاکێش بووە کە کاتێ ڕییەکشێنەکانی(پەرچەکردار) بینەرەکانم دەبینم، دەڵێن موستەنەدەکانت پڕن لە داستان و فیلمە داستانییەکانیشت بەڵگەیی‌ئاسان. ئەمە لە ژیانی مندا داهاتی دوو شتن. من سەرەتا بە ئەدەبیات و داستانەوە دەستم پێ کرد و دوایی دەستم کرد بە وێنەگری و هەمیشە ڕوحیەیەکی وێنەگرانە لە کارەکانمدا بووە کە لە گەڵ ئەوە کە فێری ڕەوایەت دەبووم، منی وەک موستەنەدسازێکیش ڕاهێناوە. بێگومان سینەما ئەم دوو شتەیە. جوانی‌ناسیی وێنە و جوانی‌ناسیی گێڕانەوە و ڕەوایەت و ساختار. ئەوەیە من هێشتاش بەردەوام لەگەڵ داستاندا دەژیم، داستان دەخوێنمەوە و داستانیش دەنووسم. بەڵام هەندێ هۆی تاکەکەسی هەیە کە ڕەنگە جارێکە حەز نەکەم داستانەکانم زۆر بڵاو ببنەوە.



**-باسی جوانیناسیت کرد. جوانیناسی تۆ، جوانیناسییەکی تایبەت و جیاوازە لە کارەکانتدا. تۆ خەریکی بە پێناسەیەکی نوێوە فیلم بە ئێمە نیشان دەدەی. ئاماژەت بە خاڵێکی زۆر گرینگ کرد. وتت ئەو کەسانە کە فیلمەکانی من دەبینن، دەڵێن پڕە لە داستان، بێ ئەوەی داستانێکت گێڕابێتەوە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە لە جوانیناسی هونەردا. یانی تۆ لە زێهنی بەردەنگەکانتدا بە جۆرێک لە جۆرەکان -Defamiliarization یا ئاشناییسڕینەوە بکەیت. ئاوا هەمیشە بینەری فیلمەکانت بە خۆت قەرزار دەکەی، بە تایبەت ئەگەر ئەو بینەرە مرۆڤێکی کورد بێ. ڕەنگە ئەوانەی کە کورد نین لە سووچێکی دیکەوە تماشای فیلمەکانی تۆ بکەن، بەڵام کوردێک کە فیلمی تۆ دەبینێ، بە خۆیدا دێتەوە کە بۆچی من تا ئێستا ئەم شتەم نەدیوە؛ بۆچی من تا ئێستا -بۆ نموونە- سەید موحەممەدی سەفاییم ئاوا نەدیوە و نەناسیوە. یان کاتێک کە تماشای فیلمی ماڵاوا ئانالۆگ دەکەین، دەبینین تۆ کەسایەتییەک دەهێنیە بەر دووربین و گێڕانەوە کە ڕەنگە —ئێغراق نەبێ ئەگەر بڵێم- لە ناو هەموو دێهاتێکی کوردەواریدا، یەک دانە لەو کەسایەتییە بوونی هەیە و تا ئێستا ئێمە سەرنجمان نەداوە و کەس تا ئێستا بۆ داستانی ئەو کەسایەتییانە نەگەڕاوە کە دەبێ داستانی چی بێ؟ بەڵام تۆ و دووربینی تۆ بێ ئەوەی —جاری وایە- هیچ داستانێکی لێ بڵێت بۆ داستانی ئەو کەسایەتییانە دەگەڕێن، بێ ئەوەی کەسێکی لێ بێ باسی هیچ داستانێک بکات. چونکە داستان هەروا کە خۆت زۆر باشتر دەزانی، سەرەتایەکی هەیە و ئەنجامێکی هەیە، بەڵام لێرە بێ هیچ سەرئەنجامێک دەست پێ دەکا و دەبینین سەرەتای داستانی ماڵئاوا ئانالۆگ، ئەو پیاوە کە بێدەنگە و —لە واقیعدا- بێدەنگیی پێکراوە، لەوێ نییە. دەڵێی داستانەکەی تۆ باسی کەسێکی دیکەیە، باسی کوڕێکە کە دەیهەوێ بە دووربینێک کە فرۆشتنی زێڕی ژنەکەی و قەرز و قۆڵە کڕیوێتی، بژیوی خۆی و ماڵ و منداڵی پەیدا بکات و ئەم داستانەش —بەوەدا کە کوڕە ناتوانێ زۆر سەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا- بە نێوی فیلمەکە و مۆتیڤێک کە تۆ بۆت لە بەرچاو گرتووە، نزیکترە. بەڵام ئەوجی داستانەکە هەموو موعادڵەکانی بینەر —ی چالاک- دەگۆڕێت و لەوێوە حەیرانبێژێک —کە بە ڕای من بەوەدا کە فۆرمووڵی حەیران بە گێڕانەوە پێکهاتووە، ئەم کەسایەتییە دەتوانێ نمادی ڕاوی یان بگێڕەوەرێک بێت و تۆ ئەم نمادە- دەکەی بە داڵغەیەک لە زێهنی منی بەردەنگدا و کارێک دەکەی بیر لەوە بکەمەوە کە ئەمە ئیتر کێیە لێرەدا دەرکەوت و بگەڕێم بۆ داستانەکەی. ئەوەی وەک شگردێکی تۆ جێی سەرنجە ئەوەیە کە تۆ هەڵبژاردن و وەرگرتنی باری مانایی داستانەکەت دەهێڵیتەوە بۆ بەردەنگ خۆی و کارێک دەکەی کە ئەو خۆی داستانی بۆ دروست بکات. بۆیە تا ئەو جێگەی کە من سەرنجەم داوە، هەر زێهنێک —یان بەردەنگێک- داستانێکی بۆ ئەو داستانە دروست کردووە. جا ئەو تێبینییانەی کە تۆ لە فیلمەکەتدا، لە بەرچاوی دەگری -کە من لە چەندایەتی و چۆنیەتییان دڵنیام، بەڵام پێم خۆشە خۆت وەڵامی ئەمە بدەیتەوە- ئایا زانستێکی لە پشتەوە هەیە؟ زانست یان پێکهاتەیەکی جوانیناسییانەی لە پشتە؟ ئاخۆ وەک فیلمسازێک چەندە هەوڵت داوە بۆ ئەوەی کە دانیشی ئەم پێکهاتە جوانیناسییانە بە پێی ڕۆژ و بەرە جیاوازەکان ئاپدەیت —یان بەڕۆژ- بکەیتەوە کە لە گەڵ مرۆڤی ئێستای کورد بیگونجێنی. هەروا کە ماڵئاوا ئانالۆگ —بێ ئەوەی هەوڵی تۆ بۆ ئەوە بووبێ- خۆی پەیامێکە بە چەندین بەرە و دەتوانم بڵێم جێی بە خۆدا چوونەوەی ئەو نەسلەیە کە نەیانزانی چییان بە سەر هات. ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە نێوی فیلمەکە خۆی پەیامێک، ئاماژەیەکە کە لە جیهانێکدا کە تەواو دوور کەوتووینەوە لە ئانالۆگ و خەریکین بە تەواوی و بە هەموو هێزمانەوە نوقمی دیجیتاڵ دەبین، بەڵام ئێمە هێشتا هەموو —یان هیچێک- لە داستانەکانمان بۆ بەرەکانی دوای خۆمان نەگێڕاوەتەوە. ئایا پێکهاتەی جوانیناسانەی هیوا ئەمینن‌ژاد هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە لە ناخیشدا ئەو باسە —و ئەو ڕوانگەیە- بۆ بەردەنگ دروست بکات؟**

ئەزانی چۆنە؟ من پاش ئەوەی زیاتر لەگەڵ هۆنەردا ئاشنا بووم -بە تایبەت ئەدەبیات- هەوڵم دا تا ئەو جێگەی بتوانم شاکارە ئەدەبییەکانی دنیا بخوێنمەوە و بیانناسم و ئەو ڕەخنە و شیکارییانەی کە لە سەرییان نووسراوە بخوێنمەوە و لێکۆڵینەوەی خۆم هەبێ لە سەرییان. ئەم هەوڵەم لە هۆنەرەکانیدیکەش -بە تایبەت لە نەقاشی و وێنەگری و سینەما- دا، بەڕێوە برد. من بۆشاییەکی زۆر گەورەم دی لە هونەری کوردی یان باشتر وایە بڵێم لە هونەری کورددا. ئەویش ئەوە بوو کە هونەرمەندی کورد کەم بیر لە خۆی دەکاتەوە و زۆر ئاسایی کەسانێکی چاولێکەرن. بۆ نموونە فیلمسازەکانمان هەوڵ دەدەن وەکوو فیلمسازێکی خەڵکی فەڕانسە فیلم دروست بکەن، چیرۆکنووسەکانمان وەکوو گوڵشیری داستان بنووسن و چووزانم شاعیرەکانمان —ئەگەر زۆر باش و جیاواز و دەگمەن بن- لە ژێر کاریگەرێتی شاملوو و یەدوڵڵا ڕۆئیایی و شتی وا شێعر بنووسن. گەرچی ئاساییە کە هەموو هونەرمەندانی دنیا

له یەکتر تەسیر وەرئەگرن. بەڵام نەک ئەوەی دەقاودەق بە زمانی ئەوان، بە گۆشە نیگای ئەوان و بە سەبک و شێوازی ئەوان بەرهەم دروست بکرێتەوە. من بە پرسیارێک گەیشتم، کە ئەسڵەن ئێمە شتێک بە نێوی هونەری کوردیمان هەیە؟ ئەمە داڵغەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ من. تەنانەت ، دیم بە داخەوە لە هونەری هاوچەرخمان‌دا هۆوییەتی ئێمە خەریکە دەچێتە ژێر پرسیار و کاتێک بە ناخی بەکگراوندی هونەری خۆمان‌دا گەڕام، هەندێک شتی زۆر مەزنم بینی کە جێی سەرسوورمانی هەر کەسێکە کە هۆگری هونەرە. وەکوو حەیران کە ئەو کارەکتەرەی وا تۆ باسی دەکەی، مام خدر، حەیران بێژێکە کە ئیتر حەیران ناڵێت و بە خاڵێکی دروست ئیشارەت کرد. لە بنەڕەتدا ئەو فیلمە داستانی مام خدرە بەڵام من بە دژە قارەمانێک کە بۆی دەتاشم، ئەو پەراوێز بوونەی، ئەو تەنیا بوونەی، دووچەندان دەکەمەوە.

من فکر دەکەمەوە هونەرمەندی کورد کەم بیر لە خۆی ئەکاتەوە. زۆر کەم کۆمەڵگەی خۆی دەناسێ. زۆر کەم کاری کردووە بە تایبەتی لە شێوەی ڕەوایەت کردن‌دا. دەتوانم بڵێم چەن هەزار ساڵ لەوە پێش ڕەوایەتێکمان بووە کە لە شێوازی خۆی‌دا شاکار بووە. ئەو گێڕانەوە و ڕەوایەتە، گەرچی موئەلفەکانی دیار نین، گەرچی توێژینەوەیەکی وەهای لە سەر نەکراوە، گەرچی زۆر زۆر غەریزین بەڵام وەها لە زمانی سروشت و بە زمانی سروشت قسە دەکا کە جێی سەرسوورمانە. بەڵام ئیستا من لە هونەری هاوچەرخدا، شتێک بە ناوی ئینسانی کورد نابینم کە پێناسە کرابێ. ئەمە دەغدەغەیەکی زۆر گەورە و گران بوو بۆ من، بۆ نموونە کەسایەتییەک وەکوو سەید موحەممەدی سەفایی، هەموو کۆمەڵگە بە گشتی وەک ئینسانێکی موتریب تماشایان دەکرد و تەواو. بەڵام من لەو ئینسانەدا هەنێک جوانی‌ناسیم بەدی دەکرد کە دەتوانم بڵێم گەلێک هونەرمەند بەو موئەلفانەوە کە سەید موحەممەدی سەفایی نزیک بە ۴۰-۳۰ ساڵ لەوە پێش بوویەتی، ئیمرۆ بە نێوی هونەرمەندانی ئاوانگارد لە ئێران و دنیا نێویان دەبەن. بەڵام چونکە سەید موحەممەدی سەفایی بێ‌ساحەب بووە؛ چونکە کورد خوێندەواری و خوێندنەوەی لە سەر هونەر نەبووە؛ چونکە کەس بەو شێوە نیگایە نەیڕوانیوەتە هونەر. بۆ نموونە ئەوە بڵێم، سەید موحەممەدی سەفایی یەکێکە لە داهێنەرانی مووسیقی ئێجرایی یان پێرفۆرمێنس، بەڵام هیچ کەس ئەم شتەی نەزانیوە و بیری لەم لایەنە بەهێزانەی ئەو هونەرمەندە مەزنەی نەکردوە. من خۆم تەنانەت بە شێعری ئاوازەکانیشی رادەچڵەکێم. ئەوەندەی کە لە بیرم دێ هەر کاتێک سی‌دییەکانی ئەم هونەرمەندەم لە جێیەک دەبینیی خەڵک قاقا پێ دەکەنین، بەڵام من خەمێکی قورس و دەروونی دایدەگرتم. دوایی کە ویستم فیلمێکی لێ دروست بکەم و توێژینەوەم لە سەر کرد، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەم ئینسانە لەوپەڕی تەنیایی‌دا بووە. فیلمی "دایرەی شادی ڕەنجەکان" باس لە ئینسانێک دەکا کە هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە خەڵکی شاد بکات ، ئەو زۆر داهێنەرانە بەزمە عارفانەکان و فولکلۆری ئاوێتەی یەک کردووە نوێکارییەکەشی لەوەدایە کە ئەم کابرایە زکر دەکا کاتێک گۆرانی دەڵێت و گۆرانی دەڵێت کاتێک زکر دەکا. وەهاش دەچێتە نەستی مرۆڤەوە و وەها زیندوو ئەم بەزمە دەگێڕێت کە من پێم وایە زۆر کەم هونەرمەندێکی کورد پەیدا دەبێ ئەم موئەلفەی هەبێ. واتە هەر گۆرانی‌بێژێکی خاڵی نییە و دەتوانم بڵێم وەک خوڵقێنەرێک (مولف) دەر دەکەوێت کە مووسیقایەکی زۆر جیاواز دەخوڵقێنێت بە سەبک و شێوازی سەربەخۆی خۆی. من پێم وایە ئێمە لەو پتانسێلانەمان زۆر هەیە، بە مەرجێک کە بگێڕەوەری ڕاستەقینەی دەروون و کۆمەڵگەی خۆمان بین. من پێم وایە کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندە سووژەی ئەفیوونی و جوانی‌ناسی زێهنی و ئابسترەی تێدایە کە زۆر زیاتر لە ئامریکای لاتین دەتوانین لە سەر ئەم بنەمایانە خەریکی خوڵقاندن بین. دەبینین لە ئامریکای لاتین، مارکز، خوان ڕۆڵفۆ، شاعیران و سینەماکارانی لە سەر ئەم جوانی‌ناسی و فانتازیاییەی خۆیان بە جددی کار دەکەن، ڕێزی لێدەگرن و جیهانی دەکەنەوە و جیهانیش لە ئاستیان سەر دادەنوێنێ. بەڵام بە داخەوە هونەرمەندی هاوچەرخی کورد، لە خۆی هەڵدێت، وەکوو خەڵکی کاری هونەری دەکا نەک وەک خۆی.

-باسی ئافراندنت کرد. بە ڕستەیەکی ساکار بڵێ ئافراندن چۆن دەبینی؟ تۆ ئافراندن بە چی دەزانیت؟ بە چی دەڵێی ئافراندن؟

بە ڕستەیەکی سادە و ساکار پێت بڵێم: ئافراندن تەنها لایەنی هاوبەشی نێوان خودا و مرۆڤە. تەنها کاتێک ئینسانێک شتێک خەڵق دەکا، ئافراندنێک دەکا، لە خوا دەچێ. تەنیا لەو کاتەدایە کە پێوەندییەکی مەزن لە نێوان ئینسان و خودا دروست دەبێت. مەبەستم لە خودا لە بارە دینییەکەیەوە نییە، مەبەستم خالەق و داهێنەرە ، کەسێکە کە ئافراندن دەکات، خەڵق دەکات. تەنیا ئەو هونەرمەندانە کە ئافراندن لە کارەکانیاندایە، بەم پلە لە هەست دەگەن و ئەمەش چێژێکە کە بە هیچ لەزەتێکی دیکە ناگۆڕدرێتەوە.

**-ئیستا بچینە سەر باسی سینەما. پێم خۆشە یەکەمین بروسکەکانی سینەما لە خۆتدا باس بکەی. لە کەیەوە بروسکەی سینەما لە تۆ درا. کەی بڕیارت دا. -گەرچی دەزانم بە هۆی زۆر شتەوە هەر لە سەرەتای منداڵیتەوە لەگەڵ شێعر و ئەدەبیاتدا تیکەڵ بووی، بەڵام- چۆن بوو کە بیرت لە سینەما کردەوە و لە چ برگەیەک لە ژیانتدا ئەم شتە ڕووی دا و بڕیارت دا کە دەبێ شوێن سینەما بکەوی؟**

پێم وابێ ساڵی ۶۹ بوو، شەوێک تەلەڤیزیۆنی ئێران فیلمی

ڕێگای یەڵماز گۆنەی نیشان دا. گەرچی زۆریشی لێ سانسۆڕ کرابوو، بەڵام لەو ئانوساتەدا، ڕێک خەریک بوو بە جۆرێک ژیانی ئێمەی دەگێڕایەوە و ئەو هەڵسوکەوتەی نیشان دەدایەوە کە ئەو کات، بە جۆرێک بنەماڵەی ئێمەی تێدا بوو. لە "ڕێگا"دا چەند زیندانیەک مەجال درابوون کە چەن ڕۆژێک بچنەوە نێو بنەماڵەکەیان و ئەو کارانەی کە پێویست بوو، ئەنجامی بدەن و بگەڕێنەوە بەرەو زیندان. ئەو فیلمە وەها تەئسیری لە سەر دانام کە بە بێ ئەوەی تەنانەت بزانم دەرهێنەرەکەی کێیە و نێوی چییە و تەنانەت بزانم کوردە، بە بێ ئەوەی بزانم کە ئەم فیلمە زۆر سەرکەوتنی گەورەی جیهانی بە دەست هێناوە، هەمیشە لە زێهنمدا مایەوە. ساڵانێک دوای ئەو شەوە بوو چوومە خولی فێرکاری فیلمسازی لە سەر سینەمای یەڵماز گۆنای قسە کرا و حەتتا کە وتیان فیلمی یۆڵ، من ناوی فیلمەکەم لە بیر کردبوو، کە بۆیان نمایش کردین و بینیم ئەم فیلمە فیلمی فیلمسازێکی کورد بووە، بە تەواوەتی منی خستە ژێر تەئسیری خۆی، بە تەواوەتی عاشقی سینەمای کردم و زانیم کە سینەما چەند دەتوانێ تەئسیرێکی مەزن لە سەر ئینسان دانێت و چەند دەتوانێ لە گێڕانەوەی کێشەکاندا یارمەتی مرۆڤ بدات...

**-پرسیارێکی کەمێک کلیشەیی: سینەمای کوردی هەیە؟**

ئەم پرسیارە زۆردووپات کراوەتەوە، من پێم وابێ هەتا شتێک نەبێ، باسی ناکەن. بەڵام ناشمەوێ لە خۆوە، خۆمان بخەڵەتێنین و بە خۆمان بڵێین ئێمە خاوەنی ژانرێکی سینەماییین لە دنیای ئێستەدا.

**-تۆ وەک خۆت، کێ بە سەردەمداری ئەم سینەمایە دەزانی؟**

بێگومان یەڵماز گۆنەی تەئسیرێکی زۆری بووە و جیا لە ئەو، کاک تەیفووری بەتحایی کە یەکێک لە یەکەمین دەرهێنەرە کوردەکان بووە لە بواری فیلمی بەڵگەییدا، کە بەداخەوە زۆر کەم ناسراوە و فیلمی نان و ئازادی ئەو لە ساڵی ۱۳۵۸ی کۆچیدا لە دەورانی شەڕی سێ مانگەی کوردستان، دیسان یەکێکی دیکە لەو فیلمانە بوو کە زۆر کاریگەریی لە سەر من هەبوو. فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە توانی زۆر تەئسیری بێ لە سەرناساندنی کێشەکانی کوردستان بۆ کومەڵگای جیهانی ئەو دەم.

**-بە بڕوای تۆ، لە دوای ئەو کەسانەوە، وێستێک بە سەر سینەمادا نەهاتووە؟**

ئەگەر بێتوو مێژوونووسەکان لە سەر ئەم بابەتە ڕاست بنەوە؛ سینەمای کوردی زۆر پێشتر لە یەڵماز گۆنەی وجوودی بووە. بێگومان بە هۆی هەنێک بابەتی سیاسی، ئەم سینەمایە، سینەمایەک بووە کە هەمیشە لە هەر وڵاتێکدا، چ لە تورکیە چ لە ئێران، -کە ڕۆژهەڵات و باکوور خاوەنی سینەمایەکی پێناسەدارن-، لە ژێر کاریگەرێتی سینەمای ئەو وڵاتانەدا بووە. واتە لە هەر جێگەیەک کە سینەما لە هەرکام لەو وڵاتانە گەشەی کردووە، سینەمای کوردیش پێ بە پێی ئەوان گەشەی کردووە. بەڵام نازانم بڵێم خۆشبەختانە یان بە داخەوە، سینەمای کوردی هەمیشە دوای سینەمای موئەلف کەوتووە. هەمیشە بە دوای سینەمای هاوچەرخ و هونەرمەندانی ئاوانگاردی ئەو وڵاتەوە بووە. گەرچی زۆرجار بە خۆم دەڵێم خۆزگە وا نەبوایە. واتە کاتێک دەتوانین بڵێین سینەمای کوردی، کە خاوەنی هەمووی لایەنە سینەماییەکان بێ. سینەمای کوری نەوەد لە سەدی، شوێن سینەمای موئەلف کەوتووە و هێشتا سینەمای بەدەنەی نییە، ئەکتەری کارای نییە و زۆر شتی دیکەی نییە. بۆیە دەڵێن سینەمای ئێران، چونکە زۆر بە ئاسایی هەموو قۆناغانی خۆی بڕیوە. لە سینەمای کلاسیکەوە، هەر لە سەرەتاوە کە فیلمی (کچی لوڕ) دروست ئەکرێ تا ئەڕوا بۆ سینەمایەکی کارا، بەدەنەی بووە، فیلمی گیشەی بووە، سینەمای بەڵگەیی و داکیۆمێنتاری بە جیاواز بووە، بەڵام فیلمسازی کورد و سینەمای کوردی هەر لە سەرەتای بوونیەوە تا ئێستە هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لەگەڵ سینەمای موئەلف بێ، لەگەڵ سینەمای ئاڵتێرناتیڤی ئەو وڵاتانەی بێت کە ئاماژەم پێکرد و ئەمە خۆی جێگەی لێکۆڵینەوەیە. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو قسانە، من پێم وایە کە سینەمای کوردی، سینەمایەکی سەرکەوتوو بووە و تەنانەت ئەگەر زۆر جار وێستێک کەوتبێتە کاریەوە، چەشنێک پێست دڕاندن بووە. کە دوای ئەوە، خۆی سەر لە نوێ دروست کردۆتەوە. واتە ڕەنگە هەر لە دەورەی هاوچەرخەوە پێتی بڵێم،



ئێمە هەتا ٦-٧ ساڵ لەمەوپێش زۆر زیاتر فیلمسازەکانمان لە فستیڤاڵە گەورەکان دەرکەوتوون، فیلمی زیاتر بەرهەم دەهات، کە هەندێک کەس پێیان وا بوو تاو و تەبە. بەڵام من پێم وا نەبوو. گەرچی ئەو سینەمایە، سینەمایەکی ئێجگار ناوەرۆکخواز و زۆر دوور بوو لە تکنیک و زۆر کەم لە کاری فیلمسازەکاندا تکنیک بەدیدەکرا. وێستێکی تێ کەوت و ئیستا دەبینین کە سینەماکارانی کورد هاوکات کە هەم بابەتی باش هەڵدەبژێرن، لە باری تکنیکیشدا گەشەیان کردووە. واتە زۆر جار ئەم وێستانە یارمەتی داوین، ئەم پشووە بووەتە هۆی ئەوە کە پێستە کۆنەکانمان بدڕێنین و خۆمان ئاپدەیت بکەینەوە تا بە هێز و توانایەکی باشتر بێینە نێو مەیدان.

**-تۆ لەو کەسانەی کە فۆڕمت بە بێ ناوەرۆک ناوێ؟ ناوەرۆکیشت بە بێ تکنیک یاخود فۆڕم، هەر قەبووڵ نییە. ئایا ئەم شتە من باش بۆی چووم یان نا وا نییە؟ چەنێک لە کارەکانتدا گرینگی بە تکنیک و فۆڕم دەدەیت؟**

تا ڕادەیەک، مەبەستم لە تکنیک لەو وەڵامەی پێشوودا، ئەو تکنیکە نمایشییانە. بەڵام ئەگەر باسی فۆڕم بکەین، قسەکەی تۆ تا ڕادەیەک وایە. من پێم وایە کە فۆرم و ناوەرۆک دەبێ هاوهەنگاوی یەکتر بن. فۆرم و ناوەرۆک دوو دووانەن کە دەبێ یەکتر کەشف کەن و هەر کات ناوەرۆک بە فۆڕمێکی باشی خۆی گەیشتووە، شاکارێک خەڵق بووە و هەروەها هەرکاتیش فۆڕمێکی تایبەت توانیوێتی ناوەرۆکێکی دیاریکراو بێنێتە بەر چاو، دیسان ئەو بەرهەمە سەرکەوتوو بووە. من پێم وایە ئەم دووانەیە، لە یەک جیا ناکرێنەوە و هیچ کامێکیان سەرتر لەوەی دیکە نییە. ڕەنگە زۆر بەرهەممان دیتبێ کە ناوەرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێشی بووە بەڵام چونکە فۆڕمی نیشان دان و فۆڕمی پێکهاتەکەی، فۆڕمێکی کلاسیکی کۆن بووە، نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و پێچەوانەی ئەوەش: ڕەنگە هەندێک بەرهەمی هونەریمان هەبێ کە فۆڕمێکی نوێی لە گێڕانەوە و ساختاردا هەبووە، بەڵام بابەتێکی شیاوی ئەو فۆرمەی پەیدا نەکردووە و هەر وەک فۆڕمێک ماوەتەوە، نەک وەک بەرهەمێکی هونەری.

**-من جار و بارێک بە ئەنقەست پرسیاری کلیشەیی ئەپرسم، لە بەر ئەوەی تۆ ئەو کلیشانە بدڕێنی. چەندە لەگەڵ ئەم قسە هەیت کە دەشێ هونەرمەند ڕۆڵەی زەمانەی خۆی بێت؟ زۆر جار ئەم پرسیارە کلیشەییە لە هونەرمەندێک دەکەن و ئەگەر ڕاست بین لەگەڵ خۆماندا، دەبینین ئەم باسە چەنێک لە هونەر دووری کردوونەتەوە و پێملی خواستەکانی کۆمەڵگەی کردوون. ڕای تۆ سەبارەت بەم خاڵە گرینگە چییە؟**

پێم وایە ئەم بابەتە بۆ هونەرمەندی کورد جیاوازە. چونکە هونەرمەندی کورد کاتێک لە سووچێکەوە دەکەوێتە ژێر باری هەنێک بەرپرسایەتییەوە زۆر بێچارە دەنوێنێت. واتە خاوەنی مێژوویەکە کە هەرگیز ڕەوایەت نەکراوە. خاوەنی هونەرێکە کە قەت نەهاتووەتە گۆ. ئەبێ بگەڕێینەوە بەرەو ئەو هەموو کارە کە نەکراوە: لە سەر مێژوومان، لە سەر کەسایەتییەکان، لە سەر جوانیناسیمان، لە سەر ساختاری کۆمەڵگە و لەسەر کێشەکانی. من پێم وایە هونەرمەندانی کورد لە سەر ئەو دووڕیانەن کە ئایا ئەو بەرپرسیارەتیەی وا پێشینیانیان نەیانبووە و گوێیان نەداوەتێ، ئەم لە ئەستۆی بگرێت یاخود ڕەوایەتگەری زەمانەی خۆی بێت . کە لێرەدا ئەم دوو ڕوانگەیە دروست دەبێ کە ئایا من دەبێ ڕەوایەتی خۆم بکەم؟ ڕەوایەتی هاوچەرخی خۆم بکەم؟ ڕەوایەتی دەغدەغەکانی ئینسانی هاوچەرخی کورد بکەم یا ڕەوایەتی ئەو مێژووە ونبووە بکەم؟ من پێم وایە ئەگەر هونەرمەندێک ئەوەندە سەرکەوتوو بێ بتوانێ لە نێوان ئەو دوانەیە، پردێک دروست بکات و لە هەر هەمووی زیاتر، باسی ئەم بێچارە بوونەی خۆی بکات کە لە نێوان ڕابردوو و ئیستای خۆیدا ماوەتەوە، دەتوانێ بۆی ببێتە پێوەرێک تا کاریگەرێتییەک دروست بکات کە شایانی ئەم بابەتە بێ. بەڵام خۆم وەک بەردەنگێک و بینەرێک، ئەو هونەرمەندانەم خۆش دەوێ کە زمان حاڵی ئێستای خۆیانن.

**-باسی کۆمەڵە چیرۆکێکت کرد، ئەو کۆمەڵە چیرۆکە ناوی (ئێمە گوناهین)ــە. ئەم کتێبەی تۆ، پەیامێک نییە بۆ ئەم شتەی ئیستە باست کرد؟ واتە بە خاتر ئەو بەشە ونبووە نییە وا ئێمە گوناهین؟**

ڕەنگە لە ناخودئاگاهم ئەو شتە کە تۆ دەڵێی بووبێت و ئیستا کە خۆم باسم لێکرد، دەبینم بە دڵنیاییەوە ئەمە کەڵکەڵەی زێهنی منە. لە بەینی چیرۆکەکانمدا بە شوێن لایەنێکی هاوبەشیان دەگەڕام کە بیکەم بە ناوێک بۆ کۆمەڵە چیرۆکەکەم. کە بیرم کردەوە ئەو شتەی کە خاڵی سەرەکی هەموو کارەکتەرەکان لە هەموو داستانەکاندایە، ئەوەیە کە هەموویان بە جۆرێک گوناهن و من لە زمانی هەموویانەوە وتوومە کە ئێمە گوناهین. ئەم گوناهە ڕەنگە خۆم بم، تۆ بی، و هەموو هونەرمەندانی کوردیش بن: هەموومان گوناهین. جاری وایە کەوتووینە بارودۆخێکەوە کە بارودۆخی ئێمە نیە. جاری وایە کەوتووینە ناو هەلومەرجێکەوە کە هەلومەرجی ئێمە نین و هەر ئەوەی کە وتم: ئێمە زۆر بە ناچاری ماوینەتەوە لە بەینی ڕابردوو و ئیستاماندا و لەو بەینەدا خەریکین پەلەقاژە دەکەین.

**-لە نێو بیر و هزری هیوادا، چی زیاتر دەور دەبینێ؟**

**ناسیونالیزم؟ کوردایەتییەکی ئێحساسی دەور دەبینێ یا نە ئەو هۆویەت و شوناسە ونبووەی ئینسانی کورد کە خۆت لە چەن جێگە لەم وتوویژەدا باست کرد. هەمووشمان لە کارەکانتدا بە جۆرێک شاهدی ئەم شێوازە نیشاندانەی شوناسی ئینسانی کورد هەین. ئەم شوناسە ون بووە دەور دەبینێ یان ئەو ناسیونالیزمە پەتییەی کە سالانێکە بە نێو چاوی هونەرمەندانی ئێمەوە دیارە؟چونکە زۆر کەس ئەم دوو شتە لێک ناکەنەوە و من دەزانم ئەم دوو لایەنە، دوو پێوەری جیاوازە لای تۆ. دەمهەوێ لە سەر ئەم باسە بدوێی: ئایا ناسیونالیزم پێوەندیی بەو شوناسەوە هەیە کە تۆ بە فیلمەکانت شەڕی بۆ دەکەیت؟**

ناسیۆنالیزم، چەن خوێندنەوەی جیاوازی لێ دەکرێ. ئەگەر بە خوێندنەوە سیاسییەکەی بێت، من بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم کە من ناسیۆنالیزم نیم. بەڵام ئەگەر بە مەعنای خۆشویستنی وڵات و کلتووری نەتەوەکەم بێت، ئەوا پێت دەڵێم: بەڵێ من ئەوم. من پێم وایە، خۆم بەو قەناعەتە گەیشتووم کە دەغدەغەی سەرەکی من شوناسە و هەمیشە پێم خۆش بووە شوناس بگەڕێتەوە بۆ ئینسانی کورد. هەموو گەلانی دنیا بە شوناسییانەوە پێناسە دەکرێن. ئێمە ئەگەر شوناسمان ببێت، تەنانەت ڕەنگە پێویستیشمان بە وڵات نەبێت و لە ڕاستی‌دا ئەم شوناسە پێش ئەوەی کە لە جوغرافیایەکدا شکڵ بگرێت، لە زەین و هزر و دواجاریش لە هونەری ئینسانی کورددا دروست دەبێت. ئەگەر شوناس بە مانای گەڕانەوەی مرۆڤ بەرەو بنەڕەت، کلتوور و ڕابردووی خۆیەتی، بێ‌گومان ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئەم شوناسەیە کە تاریفێکی نوێ لە بوونی مرۆڤ دروست دەکات. واتە پێویستە ئێمە ئەو کلێشانەی کە بە سەرمان‌دا، داسەپاوە بۆناسینەوەمان بسڕینەوە. ڕەنگە لە هەنێک کۆمەڵگە کاتێک دەوترێ "کورد"، ئینسانێکیان بێتە بەرچاو، و لە هەنێک کۆمەڵگەی دیکە، ئینسانێکیتر بێتە بەرچاویان. بە داخەوە ئێمە خۆمان پێناسەی خۆمانمان نەکردووە. من پێم وایە ئینسانی کورد ئەو ئینسانە نییە کە لە دنیادا دەیناسن و هەمیشە وەک کەسێکی موبارز و جەنگاوەرێک سەیری دەکرێ. بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئینسانی کورد، ئینسانێکی زۆر ناسک و هەستیارە کە زۆر شاعیرانە دەژیەت و خاوەنی فانتازیای خۆیەتی. دەبێ ئێمە بگێڕەوەری ئەم فانتزیایە بین، چونکە هەموو ئینسانەکانی دنیا لە فانتازیادا هاوبەشن و هەموویان بە جۆرێک لە فانتازیا چێژ وەردەگرن. ئێمە هەر ئەوەندە کە گوێ لە مووسیقای سووڕپێستەکان بگرین خێرا بۆمان دەردەکەوێ کە چ فانتازییایەکیان هەیە، بە ڕیتم و مێلۆدیا و دەقی گۆرانیەکەوە پێناسەیان دەناسینەوە. من ئەوەندەی کە بە شوێن شوناس‌دا گەڕاوم، هەمیشە مەبەستم شوناسی جوانی‌ناسانە و ئیستاتیکایی ئینسانی کورد بووە کە تا ئیستا بە داخەوە کەمتر بەو شوناسەوە پێناسە کراوە وهەمیشە بە شتە لاوەکییەکانەوە ناسراوە، ئێمە بە پێی بەدشانسییەکی مێژوویەوە کەوتینە ناو جوغرافیایەکی سیاسی و دەرگیری بابەتێک بووین کە ڕەنگە ئینسانی کوردی بە لارێدا بردووە و لە ڕاستی‌دا نەیهێشتووە بە دنیا ڕاگەیەنین ئینسانی کورد چ ئینسانێکە.

**-باسێکی سەرنجڕاکێشە. ڕۆژێک لە کارگای داستاندا لێیان پرسیم داستانی کوردی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات‌دا لە حەسەن قزلجیەوە دەست پێ دەکات و کاتێک داستانەکانی شی دەکەیتەوە دەبینی ئەوەندە شتێکی گەورەی پێ نەبووە بۆ وتن و چیرۆکەکانی لە فۆرمێکی ئەوەندە گەورەدا نین. دوای ئەوە کەسانێکی دیکە دێن. دیسان هەر کەسێک بەشێکی ڕێگا ڕۆشن دەکاتەوە. من نە دەڵێم خراپە و نەش دەڵێم چاکە. بەڵام تەنیا داستانیان تاقی کردووەتەوە و ئێمە چی بکەین بۆ ئەو بەشە پێشووەی کە بۆ نموونە ئیستە لە ئەدەبی فارسی‌دا کەسێکی وەک مەحموود دەوڵەت ئابادی هەیە و ئەو بۆشاییە کە بووە، پڕی کردووتەوە و ئیتر لەو بۆشاییە گەڕاوە کە کەسێکی وەک گوڵشیری دەبوو پڕی**





بکاتەوە. باش یا خراپ کارم نییە. بەڵام کەسێک کە چیرۆکی دوور و درێژ دەنووسێ، ڕۆمانی دە جڵدی دەنووسێ، وەکوو داستایۆڤسکی کە چ دەسکەوتێکی —سەرەتا- بۆ ئەدەبی جیهانی و —دواییش- بۆ ئەدەبی ڕووسی بووە؛ ئەویش ئەو دەسکەوتەی بووە؟ من لەوێدا پێم وابوو —ئیستاش لە سەر ئەو باوەڕە هەم- کە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی ئەدەبیات، پێویست ناکا تەنیا ئەدەبیاتی کەسانێک بخوێنیتەوە کە لە نێو میللەتی خۆتدان، بەڵکوو ئەدەبیات خۆی میللەتێکە و ئێمە بە هەر نووسەرێکی جیهانی دەتوانین بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە و چیتر پیویست ناکا بۆ ئەو پڕکارییە پەنا بۆ چیرۆکنووسان و شاعیرانی لاوازی نەتەوە ببەین. ئیستا با ئەم ڕوانگەیە پێوەست بکەینەوە بە سینەما. سینەمای ئێمەش لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە، واتە تەمەنی ۴۰ تا ۵۰ساڵ دەبێ. دەبینین لە زۆر شوێندا لە سینەماکارانێکی وەکوو ئانجێلۆ پلۆس و ئەمیر کاستاریکا و... کاریگەرێتیمان لە سەر بووە. جاری وایە ئەم تەئسیرانە دەقاودەق بوونەوە و کاتێک ئەو فیلمە دەبینین، ئەگەر نێوی فلانە سینەماکاری کورد لە تیتراژ بسڕینەوە و نێوی کاستاریکا دابنێین، چشتێک ڕووی نەدەدا. ئەمە بۆ چەند سینەماکارێکی ناودارە و ئەوانی دیکە کە تا ئەو ئاستەش نەچوون. ئیستا پرسیار ئەوەیە: یەکەم، ئاخۆ دەتوانین بڵێین ئەم باسە وایە؟ دووهەم، ئاخۆ ئێمە دەتوانین پشت ببەسین بە سینەمای جیهانییەوە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی سینەمای خۆمان؟ وەکوو چۆن ئەتوانین پشت ببەسین بە ڕۆمانێکی جیهانی کەسانێکی وەک ئالبێر کامۆ و مارکێز و یووسا و... بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی ئەدەبی ڕۆمان یان هەر شتێکی دیکە، کە دەزانین ڕۆماننووسە ناودارەکانی ئێمە زۆرینەیان خەریکی ئەو جۆرە ئەزموونەن لە ئیستەی ئەدەب و هونەری کورددا و بە ئاشکرا پشت ئەبەستن بەو ئێلیێمانە جیهانیانەی کە ڕەنگە سەردەمێک باو بووە لە ئەدبی ئاڵمانی یان ئیتالیایی و ئامریکای لاتیندا و بەو ئێلیێمانانەوە خەریکە شوناسێک بۆ ئینسانێکی کورد دادەڕێژێتەوە کە زۆر جار هەست بە نزیکی لەو شوناسە و لە کارەکتەری هەڵگری ئەو شوناسە ناکەین و دەڵێی خەریکی خوێندنەوەی وەرگێڕانی ڕۆمان یان شێعرێکی ئەورووپی یان ئامریکای لاتینین. ئایا ئەم کارە لە سینەماشدا دەکرێ؟ کراوە؟

به شتێکی سەرنجڕاکێش ئاماژەت کرد کە هەمیشە دەغدەغەی من بووە و شتێکی زۆر گرینگە کە زۆر جار ئازاری داوم. من ئازار لەوە دەبینم کە بە داخەوە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی، ئیستە بە هەموو لایەنەکانیەوە، سینەما، نەقاشی، ڕۆمان، داستان، شێعر... هەمیشە هونەرێکی

شوێنکەوتە بووە. واتە من هەر لە نالی و مەحوییەوە دەبینم، لە ژێر کاریگەرێتی حافز و سەعدی بوون، خەمی لێ دەخۆم تا دەگاتە نووسەرانی هاوچەرخمان، کە دەتوانین بڵێین زۆر جار سنووری کاریگەرێتیشیان بەزاندووە و کەوتوونە لاسایی کردنەوە، واتە هیچ شتێکی نوێیان بە هونەر و ئەدەبیاتی ئێمە زیاد نەکردووە. لە راستیدا موئەلف نەبوون، داهێنەر نەبوون. بە دڵنیاییەوە لە سینەماش‌دا، دەبینین سینەمای ئێمە بە گشتی لە ژێر تەئسیری ڕەوتی ئەو سەردەمە لە سینەما و هەندێک لەو فیلمانە بووە کە دەنگدانەوەیان هەبووە. ئێمە چون بیرمان لەو خۆ بوونەی خۆمان نەکردوە، وەکوو ئەوان کارمان کردووە، شتێکمان بەم دنیایە زیاد نەکردووە کە بتوانین جوانی ناسیەکی نوێی تاقی‌نەکراوە بخەینە ڕوو. لە سینەمادا -وەک تۆ وتت- هەوڵیان ئەوە بووە کە وەک کاستاریکا و کیارۆستەمی و... فیلم دروست بکەن و یان لە ئەدەبیاتدا وەک گوڵشیری و مارکێز داستان بنووسن، دەغدەغەکانی ئەوان ئەبێتە دەغدەغەیان و چیتر وەک خۆیان شتێک ئێزافە ناکەن. بە داخەوە جاری وایە دەبینین ئێمە تازە ۱۵ساڵ، ۲۰ ساڵ لە دوای ئەوان، هاتووین لاساییمان کردوونەوە. شێعری پۆست مۆدێرن دێت و بە شێوەیەکی زۆر زۆر غەڵەت کۆپی‌پەیستی کەسانێک دەکا کە خۆیان هێشتا تێیدا ماونەتەوە، ئامانە کۆپییەکی پلە سێ و چواری هاوسێکانمانن. پێم خۆشە ئەوە بڵێم: کاتێک کە ئورجیناڵەکانی ئەو شێعر و نووسراوانەم بینی، یەئسێک گرتمی کە ئاخۆئەسڵەن ئێمە شتێک بە ناوی ئەدەبیات و هونەرمان هەیە؟ ئێمە نووسەرمان هەیە؟ یا ئێمە تەنها شوێنکەوتە و پەیڕەوی ئەوانین. ئەمە یەکێکە لە دەردە بنەڕەتییەکانی من کە هەمیشە پێوەی دەتلێمەوە و تەواوی دەغدەغەشم ئەوەیە کە خۆم وا نەبم. تەنانەت ئەگەر ئەم وا نەبوونە بە جۆرێک گۆشەگیرترم بکات، پێم خۆش‌ترە لەوەی لە نێویاندا بم و پەیڕەو بم. هەموو هەوڵی من ئەوەیە لە جێگەیەک‌دا ئەم هۆنەرە پەیڕەوە بوێسێنین و دەس بکەین بە کاری هونەری داهێنەرانەی خۆمان. من پێم وایە هەر ئەوەشە کە دەقەکانی ئێمە زۆر هەڵگری وەرگێڕان نین. ئێمە خەریکی وەرگێڕان هەین بەڵام خۆمان وەرناگێڕدرێینەوە، چونکە قابلی وەرگێڕان نین. دەقەکانی ئێمە چەندین ساڵ لەوە پێش بە زمانەکانی دیکە نووسراون، چییان بۆ وەردەگێڕیتەوە؟

**-جا ئێستا لێرەدا جێی یەک پرسیارە: ئیمڕۆ هەموومان دەزانین هیوا ئەمین‌نژاد بە پێی پیویستی ماڵی نییە کە خەریکە وانە سینەماییەکان دەڵێتەوە. ئاخۆ ئەم بڕوای وانەبێژییە یا ئەم بڕوای کاری کارگەیی کردنە، دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ زانستی کردنەوەی هونەر؟ تیۆرییەکی قووڵ دروست کردن، نەک هێنانی تیۆرییەکی دەرەکی، بۆ نموونە دەبینین لە نێو کلاسێکی ۴۰ کەسی‌دا، تیۆرییەکی بنەڕەتی لە سەر سینەما دادەڕێژرێت و ئەو چل کەسە بە بنەمای ئەو تیۆرییەوە، وردە وردە و بڕگە بە بڕگە دەچنە پێش و دوای ماوەیەک بە شێوەیەکی زانستی لە گەڵ فۆڕمووڵەکانی سینەما و تیۆری فیلم دروست کردن ئاشنا دەبن و دەتوانن کار بکەن. وەکوو خۆت، چەنێک بوونی ئەم شتە لە هەموو ژانرەکانی دیکەی هونەردا بە پێویست دەزانی؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە کە هونەرمەندانی ئێمەش، ئەوانەی کە بە دڵنیاییەوە شتێکیان پێیە بۆ وتن، ئەوانەی کە ڕوانگە و هزریان هەمیشە داهێنەرانە بووە، ئایا ئەم شێوە کارگەیی کار کردنە، ئەم وانەبێژییە بە یەکێک لە ڕێگەکانی دەرباز بوون لەو پەیڕەوی و لاساییکارییە دەزانی؟**

بێگۆمان وایە. دەبێ بە جۆرێک، هونەر و ئەدەبیاتمان تیۆریزە بکەین و یەکێک لە بۆشاییەکانی ئێمە و ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی پەیڕەو بوون و شوێن‌کەوتەیی ئێمە، ئەوەیە کە ئێمە هەرگیز بە تیۆری کارمان نەکردووە. نیما یووشیج کە شێعری نوێ دەهێنێ، لە چەندین نامە بۆ دۆستانی شاعری ئەم شێوە شێعرەی خۆی تیۆریزە دەکا. بەڵام گۆران یەک دێڕیشی نییە کە وتبێتی بۆچی ئەم کارەی کردووە؟ لە داستانیش‌دا هووشەنگ گوڵشیری تیۆرییەکان و شێوە کارە کارگەییەکانی لە سەر داستان زۆر زیادترە لە بەرهەمەکانی. خۆشبەختانە ئیستە لە زۆر شارەکان‌دا دەغدەغەی ئەمە هەیە کە زۆربەی دۆستان چ لە ئەدەبیات و چ لە هونەرەکانی دیکەدا خەریکن بە ڕێخستنی کارگە و سیمینار، تەنانەت ئەگەر خۆشیان نەتوانن، ئەو دەغدەغە ئەگەیەنن بە بەرەکانی دوای خۆیان. دەبێ فێر بین هونەر جدی‌تر بگرین و زانستی‌تر تماشای هونەر بکەین. کاتێک وامان کرد بێگۆمان ئەو لایەنی شوێنکەوتەییەی کە باسمان لێکرد، دەنێینە لاوە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆمان و کۆمەڵگەمان زیاتر وەهۆش بێینەوە. کەسانێک پەروەردە بکەین کە بتوانن بە وشیارییەوە تەعامول لەگەڵ هونەر و هونەرمەندان بکەن. نەک تەنیا گوێگرێکی سادە بن و ئیجازە بەن هەر کەس هەرچی ویستی بیکات و بینووسێ، کەس دەنگی لێ دەرنەیات. نایشارمەوە کە سینەمای کوردی پڕە لە فیلمسازی بێسەواد. ئەزانی بۆ؟ چونکە دڵنیایە لەوەی کە کۆمەڵگەکەی هیچی پێ ناڵێت. لە دوو جێگا بەرانبەری دوو پرسیار نەبووەتەوە.هەر باسی خەڵاتمان بۆ دەکەن و چەندەش منەتبارمان دەکەن! بەڵام خۆ ئەو فیلمانە تەنیا توانیویە هەستێکی بێخود دروست بکا بۆ ئەوەی بڵەین ئێمە سەرکەوتووین و بەس. بەرهەمێکی هونەری دەبێ یەکەم تەئسیری لە سەر کۆمەڵگەی خۆی دابنێ. بەڵام ئێستا بەرهەمەکان دەچنە فستیواڵە جیهانییەکان خەڵات وەردەگرن کەچی هیچ تەئسیرێک لە سەر کۆمەڵگەی خۆیان

دانانێن. ئەمە دیارە تەعامولێکی ئاسایی لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیدا نەبووە. لە حاڵێکدا دەبینین لە سینەمای ئێراندا وا نییە. دیالۆگی فیلمسازەکان، بەیانی ئەچێتە ناو کۆمەڵگەوە و کارەکتەرێک کە ئەو فیلمسازە وێنای کردووە ئەبێتە نموونەیەکی کارەکتەر لە نێو کۆمەڵگەدا و قسەکانی دەڵێنەوە. وەها دەچێتە نێو ناخی کۆمەڵگەی خۆی کە بە زووترین کات تەئسیری خۆی دادەنێت و زایەڵەی ئەو شتە دەبێتە هۆی دڵگەرمی فیلمسازەکەی. نموونە زۆرن لە دیالۆگەکانی عەلی حاتەمییەوە بگرە تا کەسایەتییە تایبەتەکانی روک قەیسەرو... بە داخەوە ئێمە ئەم پرۆسە ئاساییەمان تێنەپەڕاندووە کە بەرهەمە هۆنەرییەکانمان، پێش هەمووشوێنێکدەبێ بۆ کۆمەڵگەی خۆمان بێ،نەک بۆ فستیواڵەکان.بۆیە هێشتاش نەمانتوانیوە وەها فیلم دروست بکەین کە تەعامولێک لەگەڵ کۆمەڵگە ساز بکەین. من پێم وایە زۆربەی فیلمسازەکانی کورد فیلم بۆ کۆمەڵگەی خۆیان دروست ناکەن. بۆیە تەنانەت کارەکتەرەکانیشیان لە ئێمە غەریبن. هەموومان باش دەزانین هەنێک دیالۆگ لە زۆرێک لە فیلمەکانی ئێمەدا هەن کە بە ڕاستی قێزەوەنن، من لە هیچ ئینسانێکی کورد ئەو دیالۆگانە نابیسم و کەسایەتییەکم نەبینیوە کە ئەمە شیوە و ڕیتمی قسە کردنی بێت. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە فیلمسازەکانمان بە گشتی دەیانهەوێ هەیەجانێکی بێخود بۆ فستیواڵە جیهانییەکان دروست بکەن لە بەر هەندێک سەرکەوتوویی تاکەکەسی خۆیان. ئەم ڕوانگەیە کۆمەڵگەی نەخوێندەوار پەروەردە دەکات، کۆمەڵگەیەک کە پێی وایە نابێ کاری بە سەر هونەرمەندەکەیەوە بێت. بۆیە لە هەر جێگەیەک هونەرمەند و کۆمەڵگە بەیەکەوە تەعامولیان هەبووە، لە گەڵ یەک دوواون و ڕەخنەیان لە یەکتر گرتووە، بە دڵنیاییەوە هەم هونەر و هەم کۆمەڵگا زیندووتر و بەرۆژتر بوون.

**-مەترسییەکی زۆر جدی بە نێوی دنیای مەجازی یان ئامرازە دیجیتاڵییەکان کە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە باشترین شێوە بە کاری دەهێنن، ئیمرۆ لە کەمینی کۆمەڵگەی ئێمەدایە. ئەمە ئامرازێکی مۆدێرنیتەیە کە بە بڕوای من لە نێو ئێمەدا هێشتا –تەنانەت- ڕۆشنبیرەکانیشمان بەو ڕەوشتە کە پێویستە نەیانتوانیوە بە کاری بهێنن. ئێستاش لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری ئێمەدا –ئەگەر ببێت- تیراژی کتێبەکانمان ٤٠٠-٣٠٠ دانەیە و زۆریەک لە نووسەرانمان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ٥٠ دانە و ١٠٠ دانە چاپ کەن کە هەر ڕێزۆمەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن و تەواو. خوێندەواری زۆر بووە و خوێندنەوە کەم. ئەمە مەترسییەکی زۆر جددییە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە. بەم مەترسییەوە کە هەیە، تۆ وەکوو خۆت کە بە شێوەیەکی زۆر جددیش خەریکی وانەبێژیت، چەندەت ئومێد بە بەرەکانی دوای خۆت هەیە؟ پێت وایە ئەم ڕەوەندە دیجیتاڵییە لە سەر هونەرێکی وەک سینەما، تەئسیری**

**نێگاتیوی دەبێ یان پۆزێتیو؟**

پێم وابێ ئەم بابەتە شتێکی گشتگیرە و لە هەموو جیهاندا تێکنۆلۆژیا، خەریکە ژیانی ئینسانەکان بە گشتی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. لە لایەکی دیکەشەوە هەر کاتێک ئامرازێکی مۆدێرن چووە ناو کۆمەڵگەیەکی سوننەتییەوە، کارەساتێک ڕووی داوە. بۆچی؟ چونکە ئێمە تەنیا دەتوانین مەسرەف بکەین و بەس. بە دڵنیاییشەوە هەتا وا بین ناتوانین بە شێوەیەکی باش، ئەو تێکنۆلۆژییە بە کار بهێنین. من وەکوو خۆم پێم وایە هەر بەم هۆیە ناتوانم پێشبینی بەرەکانی دوای خۆم بکەم، چونکە ئەم تێکنۆلۆژییە هەم باری پۆزێتیوی هەیە و هەمیش باری نێگاتیو. بەڵام لای ئێمە باری نێگاتیوەکەی زیاترە وەک وتم ئێمە هەمیشە کەسانێکی بەکارهێنەر بووین و بەس. چون لە خەلق کردنی ئەو دنیا دیجیتاڵییەحزورمان نەبوە، هەر بەو هۆیەش ماهییەتە بنەڕەتییەکەی نازانین ، بۆیە ناتوانین بە لایەنی پۆزێتیوی ئەو بابەتە بگەین.

**-ئیستا با بچینە سەر باسی حەز و خولیاکانی خۆت بە چەن بابەت. ئەویش موختاری وەڵام بدەیتەوە یان نا. سەرەتا وەکوو حەزی خۆت لە دەرەوەی بازنەی نووسەرانی کورددا و لە بازنەیەکی جەهانیدا، حەزت لە چ جۆر ڕۆمانێکە و کاری کام ڕۆماننووس تا ئێستە بەلاتەوە سەرسووڕهێنەر بووە؟**

پێم وا نەبێ هیچ نووسەرێک بە قەدەر خوان ڕۆڵفۆ لە سەر من کاریگەری و تەئسیری هەبووبێت و شتی لێ فێر بووبم. خوان ڕۆڵفۆ چاوەڕوانی منی لە ئەدەبیات، بردە سەر. ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئەو گۆشەنیگای جیاواز و فۆرم و پێکهاتەی جیاوازی بۆ کارەکانی دابین کردووە. ئەو شێوە گێڕانەوەی ڕۆڵفۆ چێژێکی دووئەوەندەی لە ئەدەبیات بۆ من دروست کرد. هەرکات چیرۆکەکانیم دەخوێندەوە وشیارتری دەکردم و چێژم وەردەگرت لەوەی کە نووسەرێک خەریکە من باهۆشتر دەکات و هەرگیز خوێنەری تەممەڵی ناوێت. هەر بەو هۆیە هەم کۆمەڵە چیرۆکەکەی و هەمیش ڕۆمانی پێدرۆ پارامۆم چەنین جارخوێندۆتەوە و هەمیشە چێژبەخش بووە بۆم.

**-ئەی سینەما؟**

لە ڕاستیدا لە چەندین تەیف و شێوازی جیاواز چێژ وەردەگرم، واتە بە پێی تەمەنم و بوارە کارییەکانم، هەتا هاتوومەتە پێش، چاوەڕوانی و دەغدەغەکانم ئاڵوگۆڕییان بە سەردا هاتووە. هەنێک فیلمساز هەمیشە لای من جیاواز بوون و هەمیشە بە جدییەتەوە هەوڵم داوە فیلمەکانیان ببینم. نامەوێ تەنیا باسی کەسێک یان کەسانێکیان بکەم، چونکە لە بواری فیلم و سینەمادا،

زۆر جددیتر دەبمەوە و وەک خولیایەکی هەڵبژاردەی خۆم، ناتوانم ناوی فیلمسازێکی تایبەت ببەم، بەڵام چەند دەستە لە فیلمسازەکان هەن کەهەمیشە کارەکانیان دەبینم.

**-وەکوو بینەر زیاتر فیلمی بەڵگەییت لا گرینگترە یان فیلمە داستانییەکان؟**

من زیاتر فیلمە بەڵگەییەکان دەبینم تا فیلمی داستانی بەڵام هەنێک فیلمی زۆر باشی داستانیشم بینیوە و چێژیشم لێ وەرگرتووە.

**-ئەی لە کاردا چی؟**

ئەگەرچی من ئەندامی ئەنجومەنی دەرهێنەری فیلمە بەڵگەییەکانم، واتە وەکوو فیلمسازێکی فیلمی بەڵگەیی (Documentary) دەمناسن. بەڵام کاری داستانی و ئێکسپریمێنتاڵیشم کردووە. ڕەنگە ڕۆژێکیش ئەنیمەیشێنێک دروست بکەم! هیچ دوور نییە. من هەمیشە پێم وابووە بۆ هەر ئیدەیەک کە هەمە، ئەو ئیدەیە فۆرم و قاڵبی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە فیلمسازی بەڵگەیی لە نێو کورددا زۆر کەم بوون و من زیاتر لە زۆربەیان کاری بەڵگەییم دەکرد، وەکوو دەرهێنەرێکی فیلمی بەڵگەیی ناسراوم. بەڵام خۆم ناتوانم پێناسەیەکی تایبەت لە جۆرەکانی فیلمسازی بۆخۆم دیاری بکەم. ئەوە ئیدەیە کە بە من دەڵێ من بڕیارە فیلمێکی بەڵگەیی دروست بکەم یان فیلمێکی داستانی. من تەنیا وەک فیلمساز خۆم پێناسە دەکەم.

**-باسی خوان ڕۆڵفۆت کرد. خوانرۆڵفۆ زیاتر ئەدەبیاتی سەبیال زەین کار دەکات و ئەو ئەدەبیاتە سەبیال زەینە یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی نقیساری مۆنۆلۆگ. لە نێو ئەدەبیاتی ئێمەشدا ئەم حاڵەتی مۆنۆلۆگییە زیاترە تا دیالۆگ. لە نێو داستانی کوردیدا، یەک داستان نابینی کە کۆمەڵێک دیالۆگی تێدا بێ. کە من بە ئەو بڕوایە گێشتم کە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو حسە ناخۆدئاگاهی ئێمە کە خۆد بە خۆد بە فرە دەنگی باوەڕمان نییە. بەڵام تۆ با لە گەڵ ئەوە کە ئەم مۆنۆلۆگە ستایش دەکەی، فیلمەکانت جۆرە دیالۆگێکیش لە خۆ دەگرن. جا ئەو دیالۆگە بە شێوەی گوفت و وشە بێ یان بۆ نموونە بادی لەنگویج بێ و بزوتنەوەی ئەندامی بێ، یان بە ڕێکەوت ڕووی دابێت و وەک پێویستەیەک هاتبێتە ئاراوە، گرینگ ئەوەیە بوونی هەیە و گرینگی پێدراوە. تۆ لە حەینی کاردا چەنێک گرینگی بە دیالۆگ دەدەیت و بە دیالۆگێک کە بنەمای گوفتمانێک بێت لە نێو کۆمەڵگەدا، داستانەکانت دەگێڕیتەوە؟**

بەوپەڕی ڕاستییەوە پێت بڵێم پێم وا نییە ئەو گرینگی دانە بە دیالۆگ شتێکی ئەنقەست بووبێت لە کارەکانمدا. بەڵام زۆر جار ئینسان ناوشیارانە هەنێک کار دەکا، ئەمە ڕاستییەکەیەتی. بەڵام بێگۆمانم لەوەی کە دیالۆگ وشیارییەکی زۆری دەوێ. هۆنەری دەوێ کە تۆ لە نێو بەرهەمەکانتدا، چ ئەدەبیات و چ سینەما، دیالۆگ نووسێکی باش بیت و دیالۆگ دروست بکەیت. چ دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەر بێ، چ دیالۆگی نێوان تۆ و بەردەنگەکانت. یان دیالۆگی نێوان بەرهەم و خۆت و خوێنەر یان بینەری بەرهەمەکە بێت. زۆر فیلمی کوردی دەبینم کە دیالۆگی هوشیارانەو و دروستی کەمە دەڵێی بە زۆرئەو دیالۆگانە خراوەتە دەمی کاراکترەکان، یان فیلمساز ناتوانێ بە وێنە قسە بکات و دیالۆگێکی فەلسەفی لە نێوان دوو کارەکتەردا ساز دەکات کە لە ڕاستیدا خەریکە بیر و ڕای خۆی بۆ بەردەنگ باس دەکات. من پێم وایە ئەمە شێوازێکی باشی دیالۆگ دانان نییە. هیوادارم ڕۆژێک بتوانین هونەرێکی پڕ دیالۆگی جوانمان هەبێت و ئەم خاڵە بنەڕەتییەی نێوان مرۆڤەکان، هەم لە گەڵ خۆماندا، هەم لە گەڵ بەرهەمەکانماندا و هەمیش لە گەڵ کۆمەڵگەماندا، ببێتە دەغدەغەی ڕاستەقینەمان.

**-لە ناو هۆنەری ئێمەدا شتێک زۆر دەور دەبینێت: دروشم و شوعار. لە هونەرماندا، لە ئەدەبیاتماندا و تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشماندا. ئیستاش ئەو شاعیرانە لە لایێ**



**خەڵکی ئێمە خۆشەویستن کە خەریکی پیاهەڵگوتنن بە سەر خاک و جەنگاوەران و شەڕ و شاخ و داخدا و دواجاریش بە سەر خەڵکدا. واتە ئیستەش ئەو شێعرانە شێعرترن کە شێعری شاخن تا شێعری شار، شێعری سەر ڕێی کانی و شتی وان تا شێعری سەر ڕێی مەدرەسەی کچان. چەن ساڵ لەمەوبەر گۆرانیبێژێکی فارس شتێکی وت، ئەوەی هونەرمەند و نووسەری کورد بوو بەرهەڵستی بۆوە و دژ بەم کابرا مانیفێستی دەرپەڕاند و مەحکوومی کرد. وتی: کورد بۆ ئەوەندە چەسپاوە بە شاخ و مین و قاچاخ و شتی وادا؟ ئایا کورد ئاپارتمانی نییە وا لە نێو ئاپارتمانەکانیان‌دا کێشەیان نییە؟ شاری نییە وا لە نێو شارەکانیاندا کێشەیان نییە؟ کێشەی شارنشینی و ئاپارتمان‌نشینییان نییە وا هەر بە دووربینێکەوە، دێهاتەو دێهات و سنوورەو سنوور، بە شوێن ئێسترێک و قاچاخچییەک و بەدبەختێکەوەن؟ تا ئەو جێیەی من ڕەچاوی دەگرم، زۆرێک لە فستیواڵە فیلمەکان ئیستاش سەرنجیان لە سەر ئەو تەوەرەیە. تەقینەوەی مینێک و کوژرانی قاچاخچییەک و بەدبەختیی منداڵێکی کار و...**

**وایە. ئەمە یەکێکە لەو بەشە تاریکەی کە ناکرێ نادیدەی بگرین. بابەتی کۆڵبەری ناکرێ نادیدە بگیرێت. گرفتێکی زۆر گەورە و ناحەزی کوردە کە بە چ هۆکارێکە ئیستەش، ئێنسانێک لەم بەشەی دنیا، خەریکن وەکوو حەیوانێک کاری لێ دەکێشنەوە؟ بەڵام ئەوەش کە هەموو فیلمسازەکان و چیرۆکنووس و شاعیرەکان، تێکڕا زووم بکەنە سەر ئەوە، خۆی گرفتێکی دیکەیە. بابەتەکانی شار وێڵ بکەن، بابەتە دەروونییەکان وێڵ بکەن و زۆر بابەتی تاکەکەسی و شوناس‌خوازانەی ئینسان وێڵ بکەن و بچەسپێن بەم بابەتەدا، کەمێک زیا لە حەد ناحەزیی نییە؟ تۆ وەک کەسێک کە لە ئیستای ئینسانی کورددا لە نێو دڵی هونەر و ئافراندن‌دای، چەنێک هاوڕای ڕێبازێکی وەهای؟ خۆت وتت من کورد بە جەنگاوەرێک نابینم کە لە دەرەوەی خۆی‌دا و لە دەور و بەرییەکانییەوە، نازناوی قارەمان و پارێزەر و شتی وای بە سەردا داسەپابێت. ئینسانی کورد خاوەنی جوانی و ڕوانینی ئاشتی خوازانە و مرۆڤدۆستانەیە. بەڵام نکووڵی لەم گرفتەش ناکرێ، جا چ لە سینەمادا و چ لە هەر هونەرێکی دیکەش‌دا. بۆ نموونە بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێمە هەموو بابەتەکانییان هەر باسی بەدبەختی کۆڵبەر و مینەکانی کوردستان بێت، چی ڕوو دەدات؟ بە بڕوای تۆ ڕێگەی چارەسەریی ئەم گرفتە چییە؟**

با ڕووڕاست بین لە گەڵ خۆمان: ئێمە هێشتا ژیانی شاریمان تەجروبە نەکردووە. گەرچی لە نێو ئاپارتمانەکاندا دەژین بەڵام هەڵسوکەوتمان تا سەر ئێسقان سوننەتییە. شارەکانمان هەنێک دێهاتی گەورەن، ناچێتە نێو خانەی کلتووری شارنشینییەوە و ناتوانین وەکوو ئینسانێکی شارستانی باسی دەغدەغەکانی خۆمان بکەین. ئەمە لایەنێکی. لایەنی دووهەمی وەک پێم وتی ئێمە سینەماکەمان سینەمایەکی بابەتخواز بووە و کاتێک هونەر بابەتخواز دەبێت، بیر لەو بابەتانە دەکاتەوە کە بۆ جێگەکانی دیکەی دنیا نامۆن و دەتوانێ مانۆڕی لە سەر بدات. بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەش‌دا —وتم- کە وێستێک کەوتە هونەرمانەوە و ئیستە سینەمای کوردی خەریکە جگە لە بابەت، بیر لە تەکنیک و فۆڕمیش دەکاتەوە و بە هەمان نسبەت، ئیستە زۆرینەی فیلمسازەکانمان خەریکی پێدا چوونەوەن بە خۆیان‌دا و ئەم ڕوانگەی وا تۆ باست کرد، باسی نێوان هەموومانە. تا کەی مینیبووسێک و دێهاتێک و سەربازێک و ڕێگایەکی خاکی و مین و قاچاخێک و...؟ ئەگەرچی ئەمانەش هەرلە دەغدەغە بنەڕەتییەکانی ئێمەن. ئاساییە کاتێک کە تۆ لە جۆغرافیایەکی ئاوا سەیر و سەمەر دەژیت،مەوزوع و بابەتەکانت ئەمانە بن، دەی خۆزگە مین نەبوایە، قاچاخ و کۆڵبەر نەبوایە، ئەو هەموو سنوورە و برسیەتی لە دەور و بەرم نەبوایە با منیش باسی نەکەم. هەموو ئەم بابەتانە ئەوەندە گەورە و قورسن کە نە تەنها ئێمە، بەڵکوو دنیاش دەهەژێنێت. ئەوانە هەرکام خۆیان دەردێکن و تۆ ناتوانی هەر وا بە حاسانی لە کەنار ئەم دەردانەوە تێپەڕیت. بەڵام بڕیاریش نییە هەموو بەرهەمەکانمان، باسی ئەمانە بن. بەڵام ئێمە بێ ئەوەی بمانهەوێ تووشی ئەو گورووشمە دەروونیانە بووین و پێم وایە هونەری بەرخۆدان و خۆڕاگری، هەرگیز لە لای ئێمە کۆتایی نایەت. هونەری بەرخۆدان ئەو هونەرە نییە کە شوعار دەدات. کە تۆ بوونەوەرێک بیت و هیچ ئاوڕدانەوەیەکت لەم شتانە نەبێ، پێم وابێ دەبێ لە زیندوو بوونی خۆت گومانت هەبێت. سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش، ئیستا بە جوانی دەبینم کە دووربینەکان هێواش هێواش لە دێهاتەوە خەریکن دەگەڕێنەوە بەرەو شارەکان.

**-منیش هاوڕای ئەو باسە هەم. واتە بارودۆخی ئێمە ئەوەیە جگە لەوە ناتوانین زووم بکەینە سەر چشتێکی‌تر. بەڵام ئایا ئەم فیلمانە، لە بەر هونەر دروست دەکرێن یان لە بەر ئینسان؟ ئەگەر بۆ هونەر دروست دەکرێن، چەنێک توانیویانە هەرمان و گەورەیی لە خۆی‌دا ڕابگرێت؟ بۆ نموونە زۆرێک لەو فیلمانەی کە ساڵانێک لەمەو بەر جیهانی بوونەوە و لە فستیواڵە گەورەکان‌دا گەلێک خەڵات کران، ئیستە ئەگەر بەرەی ئیمڕۆ دانیشێت سەیریان بکات، پێکەنینیان پێی نایات؟ چونکە بەرەی ئیمڕۆ و بەرەکانی دوای ئیمڕۆ ئەو بەسەرهاتانەی نەبینیوە**

**و ئەمە دیویکی ڕاستییەکانە. کەواتە ئەمە نەیتوانیوە هیچ کارێک بۆ هونەر بکات. ئەچینە سەر ئەو لایەنەی کە بۆ ئینسان چ کارێکی کردووە؟ ئایا ئەو فیلمانە هەرگیز بوون بە هۆی ئەوە کە ئیتر لە سنوورەکانی ئێمە ئەو کارەساتانە ڕوو نەدەن و قاچاخ لە نێو بچێت؟ ئایا ئینسانەکان بەو فیلمانە بە هیچ مافێکی خۆیان گەیشتن؟ ئایا سەرەڕای ئەو هەموو خەڵاتە، کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان هاتن شوێن ئەو کارەساتانە بگرن و نەهێڵن چیتر شتی وا ڕوو بداتەوە؟**

چونکە بڕیار نییە هونەر ببێتە هۆی لە نێوچوونی ئازارەکان. بەڵام زۆربەی ئەو فیلمانە توانییان پرسیارێکی گەورە لە سەردەمی خۆیدا دروست بکەن. من جۆرێکیتر وەڵام دەدەمەوە: ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە کارەسات فیلم دروست دەکەن، لە ڕاستیدا کارەساتێک دەخوڵقێنن. بۆ ئەوەی باسی کارەسات بکەی پێوست ناکا کارەسات نیشان بدەی . بەداخەوە نیگای بەزەییهێنەربە کۆمەڵگا و کایە کردن بە هەستی بینەر کارێکی کردوە کە ئێمە تەنیا نیشاندەری رووە زاهریەکەی کارەسات بین نەک باسە دەروونی و فکریەکەی. گرینگ ئەوەیە کە تۆ ئەو بەزەییە بێخودە درۆزنانە، هەم لە خۆتدا و هەمیش لە بەرهەمەکەتدا، بسڕیتەوە.

**-ئانجێلو پلۆس فیلمێکی هەیە بە نێوی بەرژەوەندی مژ. لە سێکانسێکی فیلمێکەدا، شۆفیری کامیۆنێک منداڵەکان هەڵدەگرێت و دەیانبا، دەستدرێژی بە کچەکە دەکات.**

هەوڵنامەی کتێب



**براکەی دەچێ کە پەردەی کامیۆنەکە لادەدات دەبینێ خوشکەکەی کەوتووە و پیاوێک دێتە خوار، براکەی دەس ئەکا بە گریان. ئەم سەحنە ئەوەندە دەردئاوەر بووە لە سینەمادا کە کاتی ئێکرانی ئەم فیلمە، تاقمێک بینەر هەڵدەستن و ئانجێلۆ پلۆس بەر کەوش و بەرد ئەدەن و وا دەزانن بە ڕاستی ئەم کارە کراوە لە ئەو فیلمەدا. واتە ئەوەندە تەئسیری ئەو سێکانسە زاڵ بووە و لە سەر کۆمەڵگەی ئەو ڕۆژەی یوونان، یان فیلمی دەشتی گرینۆک کە چەنێک لە سەر ئەوە تەسیری بووە کە بۆ دەبێ لە نێوان مرۆڤەکاندا سنوور هەبێت و تەنانەت لە سەر ڕەفتاری سەربازەکانیش تەئسیری بووە. بەڵام ئایا فیلمەکانی ئێمە، توانیویانە لە سەر ڕەفتاری کاریگەرێتی هەبێت کە لەو ساتەدا کە تفنگەکەی هەڵدەگرێت تا قاچاخچییەکی پێ بپێکێت، بە خۆی بڵێت ئەوە باوکی منداڵێکی زەلیلی وەک منداڵەکەی نێو فلان فیلمە و نەیکووژێت؟ ئاخۆ سینەما دەتوانێ کاریگەرییەکی وەهای لە سەر کۆمەڵگە هەبێت؟**

بێ گومان سینەما دەتوانێ لە سەر کۆمەڵگەی خۆی تەئسیر دابنێت و ئەگەر ئەو فیلمانە دروست نەدەبوون ڕەنگە دنیا زۆر تاریکتر و تاڵتر دەبوو. بەڵام بڕیاریش نییە یەک دوو فیلم ڕق و کین لە نێوان ئینسانەکان بسڕێتەوە. دڵنیام لەوەی کە ئەگەر هونەر نەبوایە، دنیا گەلێک تاریکتر و ترسناکتر ئەبوو.

**-چەنێک بە مووسیقی لە سینەمادا باوەڕت هەیە؟**

من باوەڕم وایە کە مووسیقا نابێ بە سەر فیلمدا زاڵ بێ. خۆم زۆر کەم لە فیلمەکانمدا، مووسیقا بە کار دەهێنم. پێم وایە مووسیقی فیلم، مووسیقی دەروونی فیلمەکەیە کە بە ڕیتم وقەوارەی نماکان وکۆمپزیسیۆنی کادرەکان و ئەو دەنگ و ئێفێکتانە کە لە خودی فیلمەکەدا هەیە، دروست دەبێ. بەڵام ئەگەر دەبینی مێلۆدییەک بە سەر فیلمەکەتدا، دادەسەپێندرێت، نیشانەی ئەوەیە کە فیلمەکەت لاڵە واتە ناتوانێ قسەی خۆی بکا و پەیامی خۆی بگەیەنێت ، بۆیە بە مێلۆدییەک یان بە ئاهەنگێک دەتەوێ بینەرەکەت ئێحساساتی بکەی.

**-پشت سەحنەی فیلم یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین بەشەکانی سینەما. واتە هەمیشە پشت سەحنە هەم بۆ بەردەنگ زۆر جالبە کە بزانێ لە پشت سەحنەی ئەو فیلمە چ باسە و بۆ نموونە فیلمە ئامریکاییەکان کاناڵێکیان بۆ تەرخان کراوە کە تەنیا خەریکی بڵاوکردنەوە و نیشاندانی پشت سەحنەی فیلمەکانە، واتە سات بە ساتی پشت سەحنەی فیلمەکان نیشان دەدات. دەڵێن لە سینەمادا، فیلم خۆی فیلمێکە و پشت سەحنەکەی دەیان فیلمە. تۆ چەنێک گرینگی بە بابەتی پشت سەحنە دەدەیت و بەرپرسی ئەم خاڵە لە ئەستۆ دەگریت؟ پێت وایە چەنێک ئەوانەی لە پشت سەحنە، هاوکاریت دەکەن، لە گەڵت مەچ بوون و دواجاریش لە کار کردن لە گەڵ تۆ ڕازی بوون؟**

من گرینگییەکی ئەوتۆ بەو لایەنەی سینەما دەدەم. لە زەمانی فیلمبەرداریدا، زیاتر باوەڕم بە ڕێخستنی پێرفۆرمێنسێک هەیە چ بۆ خۆم، چ بۆ گرووپ، چ بۆ ئەو کەسانەی کە یاری ناکەن و لە دەور و بەری کارەکە تەنیا خەریکی سەیر کردنن، هەر هەمووومان ئەچینە ناو پرۆسەیەک. پرۆسەیەک کە پانتایەکی فکری و ڕۆحی دروست دەکا و، زۆر جار من دەتوانم هۆکاری بم و ئەوان بخەمە نێو ئەو دۆخەوە. جاری وایە وەها باوەڕپێکراوە، بۆ نموونە لە فیلمی ماڵئاوا ئاناڵوگ دا، هەمووی وایان دەزانی کە فیلمبەرداری ئەسڵی فیلمەکەی ئێمە هەر ئەو کاک سەعیدەیە و ئەمە زۆریش یارمەتی دام. خەڵکی ئەو ناوچە هێشتاش بە عەلی مەحموودیانی ئەکتەر، هەر دەڵێن کاک سەعید. جیا لەوەش، نەتەوەی ئێمە بۆ باوەڕپێکراوی و هەمزادپنداری، ئێستعدادێکی سەیر و سەمەریان هەیە. بیرەوەریم زۆرە لەوەی کە خەڵک چۆن لە نێوان فیلم و ڕاستیدا دەمانەوە و ئاوا خەریک بوون لە گەڵ ئەو ساتەوەختانە دەژیان. ئەمە یادگارێکە کە من لە سینەمای بەڵگەیی فێر بووم. لە فیلمی بەڵگەییدا نابێ زۆر خۆمان دوور بگرین، دەبێ نەزیک ببینەوە بە دڵی ئەو ئینسانانەی کە خەریکن لەگەڵماندا کار دەکەن. من پێم وایە وزە و ئێنێرژی هەر فیلمێک، ئەو وزە و ئێنێرژییەیە کە لە پشت سەحنەی ئەو فیلمە وەریدەگرین. بۆیە هەتا جەوی پشت سەحنە دروستتر و هونەرمەندانەتر و یەکدڵانەتر بووبێت، هەمان ئێنێرژی بە فیلمەکەمانەوە دیار دەبێت.

**-تەدوین یان مونتاژ چەنێک لە سەر فیلمێک تەئسیری هەیە؟ واتە مونتاژی کۆتایی فیلمێک و خرووجی گرتن، بە قەد دەرهێنەری تەئسیری هەیە لە فیلمێکدا؟ ئایا تۆ، خۆت لە مونتاژی فیلمەکانتدا دەخاڵەت دەکەی؟ یا نە ئەو بەشە دەسپێری بە کەسێکی تایبەت؟ لە ڕاستیدا دەرهێنەر دەبێ دەخاڵەت بکات یا نە ئەم بەشە جیا دەکرێتەوە و دەسپێردرێ بە تیمێکی جیاواز؟**

بۆ ئەم بابەتە ڕوانگەی جیاواز زۆرن. بەڵام ئایزن اشتاین دەڵێ: سینەما حەفتا دەرسەدی تەدوینە، کە من خۆم باوەڕم وایە پرۆسەی فیلم دروست کردن هەتا کاتی ئێکران بەردەوامە و لە یەک جێگادا تەواو نابێت. من لەو کەسانەم کە خۆم فیلمەکانی خۆم تەدوین دەکەم، چونکە پێم وایە تەدوین

مەیدانێکی بەرفراوانی دووبارە ئافراندنەوەیە. تەنانەت من زۆر جار سکانسەکانم و هێڵی گێڕانەوە، لە تەدوین‌دا دەگۆڕم. لە تەدوین‌دا بە ساختارێکی دیکە، بە فۆڕمێکی‌تر دەگەم. من پێم وایە کاتی مونتاژ، هەلێکی زۆر زیاتری بۆ خولْقاندن هەیە هەتا کاتی وێنە گرتن و کارگێڕی فیلم. بەڵام ڕوانگەی جیاواز زۆرە. هەنێک کەس پێیان وایە دەرهێنەر دەبێ هەموو شتێک تەواو بکات، هەنێک دەڵێن ڕاشەکان تەواوی دەکات وتەدوینگەر کەسێک نییە بێجگە ئەو کەسەی کە بە پێی دێکۆپاژ، پلانەکانی دەرهێنەر پێکدا دەچەسپێنێت. بەڵام من پێم وایە مونتاژ مەیدانێکی بەرفراوان‌تر بۆ ئافراندن بە تۆ دەبەخشێ. بۆ من دەورانی مونتاژ، چێژبەخش‌ترین دەورانی دروست بوونی یەک فیلمە.

**-باسێک کە لە بیرم چوو لێت پرسم: ساڵانێک لەمەوبەر تاقە ژومارەی گۆڤارێک هاتە دەر بە نێوی "بەرهەم" بە هاوکاری عەتا نەهایی، کۆزاد و تۆ. ئیدەی بەرهەم لە کوێوە هات؟ چۆن کارتان دەکرد و بۆ بەردەوام نەبوو. بە بڕوای تۆ، بەرهەم لە نێو کۆمەڵگەی هونەری-ئەدەبی‌دا، دەنگدانەوەی نەبوو یا نە، کاری گۆڤار و کۆ کردنەوەی بەرهەم لە دەنگە جیاوازەکان، کاری ئێوە نەبوو؟**

زۆر جار زەرووره‌تەکان، بەرەو چالاکییەکی وەهات دەبەن کە ڕەنگە مەیدانی ئێمە نین. بەڵام زەروورەت و بەرپرسێتی پێمان دەڵێن کە دەبێ هەنێک کار بکرێ کە نەکراوە. لە ڕاستی‌دا گۆڤاری "بەرهەم"، بەرهەمی دانیشتنی ئێوارانی من بوو لە گەڵ دۆست و مامۆستای خۆشەویستم کاک "عەتا نەهایی" و حەمەی مەحموودی "کۆزاد" . ئێمە ئەو ڕۆژانە کە لە دووکانی ئاومیوەگیری(شەربەت فرۆشی) کاک عەتا دائەنیشتین، باسی بۆشاییەکانی ئەدەبیاتی کوردیمان دەکرد. بۆ نموونە ئەو ڕۆژانە هەنێک گۆڤارمان هەبوو کە زۆر سەتحی و لە ئاستێکی نزمدا بوون. گۆڤارێکی جددیمان نەبوو کە باسی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی، جوانی‌ناسی و باسی جددی ئەدبیات بکات و ئەدەبیاتێکی جدی بێنێتە ئاراوە. لە ڕاستی‌دا ئەم شتە دەغدەغەی بنەڕەتی کاک عەتا بوو کە زۆر حەزی دەکرد گۆڤارێک بە دڵی خۆی دروست بکات و ئێمەش یارمەتیماندا. زۆر هەژارانە و بە سەرپەرەشتی سەرەکی کاک عەتا دەستمان پێکرد. چونکە ئیدە ئەسڵییەکەی هی ئەو بوو. هەوڵماندا باشترن وتارەکان، باشترین چیرۆکەکان و ئەدەبیاتێکی جیاواز،



لە کوێی کتێبێکدا بە نێوی بەرهەم چاپ بکەین. هەموو هەزینەوخەرجەکەشی کاک عەتا نەهایی لە ئەستۆی گرت. من ئەو کاتە کوڕێکی گەنج بووم و کاک عەتاش بارودۆخێکی ماڵی باشی نەبوو. لە دووکانێکی ئاومیوەگیری خەریک بوو بژیوی بنەماڵەکەی پەیدا دەکرد. ئێمە بڕیاری وێستانمان نەدا، بڕیاری ئەوەمان دا کە بزانین پەرچەکردارەکان چی دەبێ بە نسبەتی بەرهەمەوە، ئایا کۆمەڵگە هێندە بە زەرووری دەزانێ کە بەردەوام بین؟ ئایا کارەکەمان وەها هەیە کە جێگەیەک پەیدا ببێت بۆ پاڵپشتیمان؟ کە بە داخەوە ئێمە ئەو کاردانەوەمان نەدی. دیمان کە پێیان گۆڤارێکی سەرکەوتووە و دوای ئەو ئیتر هەنێک گۆڤاری زانستیتر لە سەر ئەدەبیات لە کوردستاندا پەیدا بوو. کە وردە وردە ئەم ڕەوتە ئیدامەی پەیدا کرد و گۆڤارەکانمان ئیتر لەو گۆڤارە عامە پەسەندە هەمە لایەنانە بێنە دەرەوە و جدیتر کار بکرێ. بەڵام بە داخەوە لەبەر نەبوونی داهات و بە دەبگەوە نەهاتنمان نەمان توانی بەردەوام بین.

**-بێتو ئیمڕۆکە بە زەروورەتی بزانی کارێکی وا بکەیتەوە، پێت وایە دەتوانی دەست پێ بکەیت و گۆڤارێک لانی کەم لە بواری سینەمادا ڕێ بخەیت کە لە ژێر چاوەدێری خۆتدا بێت و بتوانێ لە بواری تیۆرییەوە یارمەتی سینەمای کوردی بدات؟**

من لە ڕۆژنامەشدا کارم کردووە، وەرگێڕانم کردووە، زۆر کارم کردووە کە ئەو ڕۆژانە ئەو هەستەی بە من دەبەخشی کە ئەمە بەرپرسێتییە. بەڵام ئیمڕۆکە کە ئەبینم شوکر کەسانی زۆر گەنج و پر ئێنێرژی، هاتوونە مەیدان، بیر لەوە ناکەمەوە. کەسانێکی زۆر باشتر لە من خەریکن بە شێوەیەکی زۆر حرفەییتر لەم بوارەدا کار دەکەن. من خۆم بە درێژایی ژیانم هەموو هەوڵم ئەوە بووە کە چەند کار پێکەوە نەکەم و ئیستا لە ڕاستیدا هەموو وزەی خۆم خستووەتە سەر سینەما و خەونی سەرەکیشم سینەمایە. ئەگەر گۆڤارێکیش لە سەر سینەما پەیدا ببێت، بە دڵنیاییەوە من یارمەتی دەدەم، بەڵام خۆم ناتوانم و نامهەوێ گۆڤارێک لە سەر سینەما دەربکەم.

**-وەکوو دواهەمین پرسیار، دەخوازم لە ناخی دڵتەوە وەڵام بدەیتەوە: لە هەر بوارێکدا، بواری ژیانت، بواری هونەری؛ لە خۆت ڕازیت؟ پێت وایە ئەو ئیدەئالەی کە لە زێهنتدا بووە –ناڵێم لە سەدا سەد- هاتووەتە دی؟ پێت وایە لەو ئیدەئالە نزیک بوویتەوە؟**

هەرگیز. یەکێک لەو کابووسانەی کە ژیانی لە من تاڵ کردووە ئەوەیە کە قەت لە خۆم ڕازی نیم و هیچ کات لە خۆم ڕازی نابم. من دوای ماوەیەک بە شددەت بێزار دەبم لە بەرهەمەکانم.





# وتووێژ لەگەڵ د.ئەحمەدی مەلا

عادڵ قادری

پێشەڕۆک: ئەحمەدی مەلا یەکێک لەو ناوە دیارانەی ئەدەبی کوردییە کە لە چەندین بوار و ژانێری ئەدەبی وەکوو شیعر، رۆمان، شانۆنامە کاری کردووە و هەم چەندین دەقی وەرگێڕانی لە زمانی فەرەنسی و ئیسپانی هەیە و هەمیش بەشێک لە نووسینەکانی لەو بوارانە بە زمانی کوردی هاتوونەتە نڤیساندن. کۆی شیعرەکانی ئەم قەڵەمە لە نێوان ساڵەکانی١٩٧٤بۆ٢٠٠٦ و لەقەوارەی ٧ دەفتەر دا بە پێشەکی بەختیار عەلییەوە چاپ کراوە. جگە لەمەش وەرگێڕانی سەدساڵ تەنهایی گارسیا مارکێز لە زمانی سەرەکی و هەروەها دەقە شیعری پاز و بوودلێر و ریمبۆ هەمدیس لە زمانی سەرەکی بەشێکی بچووک لە کارەکانی ئەون و تێزی دوکتۆراکەی لەسەر جیهانی مەحوی بووە و کراوە بە زمانی فەرەنسی و هەروەها دەفتەرە شیعرێکی لە لایەن ئیسماعیل دەرویشەوە کراوە بە فەرەنسی و چەندین لێکۆڵینەوە و رۆمانیشی بەزمانی کوردی پێشکەشی کتێبخانەی ئێمە کردووە. لە خوارەوەی کۆی کارەکانی وەکوو ناو دەخەینە ڕوو. لەم وتووێژە دیالۆگ ئاسایە دا هەوڵدراوە لە سەر چەندین بابەت و تەوەری وەکوو، سیاسەت، جیهانی کورد، زمان، ئەدەب، شیعر(جیهان و کوردستان-رۆژهەڵات و باشوور)، شوناس، رۆمان، گێڕانەوە بەگشتی و چەندین وردە تەوەر و پرسیتر قسە بکرێت و پرسیار لە توێی پرسیار و وەڵام لە توێی پرسیار بخرێتە ڕوو.

کلیل وشەکان: زمان، شوناس، ئەدەب، سیاسەت، بوون، جیهان، وەرگێڕان، مێژوو.

## چاپکراوەکانی نووسەر

**شیعر**

- باران، ژنیف، پۆیەزی ڤیڤان، ٢.١٩٨٣
- زەردک، ژنیف، ئاگرێ، ١٩٨٨.
- کتێبی شیعر، پاریس، ئاپکف، ١٩٩٦.
- ئاقیقی زر و زستانێکی زۆر، بزەنسۆن، ١٩٩٨.
- مانگ و هەڵپەڕین، سیوداد ریال، ٢٠٠٠.
- ئاسمانمان لە شەققەی باڵ بێزار کرد، دەزگای گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- خەونەکانی زولەیخا، کتێبی هەنار، ٢٠٠٩، سلێمانی.
- هەرمێیەکانی فیرعەون، نووسەرانی کەرکووک، ٢٠١١.
- کۆی شیعرەکان، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**رۆمان**

- زاکیرەی با، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- بلوژستان، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
- پەناهەندە، رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- زاکیرەی با، سەردەم، سلێمانی، چاپی دووەم، دەزگای موکریان، ٢٠١٢.

**وەرگێڕان**

**شیعر :**

- ورزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور رامبۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ باس، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- ئەکسیۆن ئێستی، ئیلیتیس ئیستی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

**وەرگێڕان**

**شانۆ :**

- بورژوای نەجیبزادە، مۆلییەر.
- وانە و ژنەگۆرانیبێژە کەچەڵەکە، ئیۆنیسکۆ.
- ئەژدەها، ئێڤگێنی شوارتر. ئامادەیە بۆ چاپ.

**رۆمان :**

- سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
- خاتوون T، میلان کۆندێرا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
- سوارچاکی نەبوو، ئیتالیۆ کالڤینۆم کتێبخانەی غەزەلنووس،

٢٠١٣.
- ڤیسکۆنتی دوولەتبوو، ئیتالیۆ کالڤینۆ، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
- باوکە گۆریۆ، بەلزاک، ئەندێشە، ٢٠١٤.
- سەد ساڵ تەنیایی، گارسیا مارکێز، ئەندێشە، ٢٠١٥

**لێکۆڵینەوە :**
- مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و سەرچاوەکانی عەشق، تێزی دکتورا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
- شیعر تەنها بنەمایە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠١.
- بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدام دەزگای نما، ٢٠١٢.

**بە زمانی فەرەنسی :**
- دیوانی مەحوی بە زمانی فەرەنسی، ئارمەتان، پاریس، ٢٠٠١.
- زاکیرە با، (ئامادەیە بۆ چاپ.)
- زەردک، تەرجەمەی ئیسماعیل دەروێش، دەزگای ئارمەتان، پاریس، ١٩٩٣.

**پ:جیهان و بوونی کوردیی لای ئێوە چۆن پێناسە دەکرێت؟ئایا تەنها قەوارەیەکی زمانییە کە لە ئەدەب و زۆرتریش لە شیعر دا خۆی مانیفێست کردووە؟یان خاوەنی رەگەز و لایەنی دیکەیە کە لەحاڵی چەکەرە و گەشەکردن دان؟**

و: ئێمە هەموو لە جیهانێکدا دەژین، بەڵام ئەم جیهانە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ جیهانی گلۆباڵ(global)، تاکو دوێنێ بەسەر جیهانی یەکەم و دووەم و سێیەم دابەش ببوو. ئەم دابەشبوونە، هەم سیاسیی بوو، هەم پەیوەست بوو بە ئاستی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە. لە نێو ئەم سێ بەشەش، دابەشکردنی بچووکتر هەبوو. لە مێژووی هاوچەرخدا کورد مامەڵەی لەگەڵ جیهانی یەکەم و دووەم کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی کورد پێگەیەکی پتەوی نەبوو، چ وەک دەوڵەت، چ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، بۆیە هەندەی یاریی پێ دەکرا هەندە خۆی وەکو بکەرێکی بەهێز لە نێو ئەو یارییانە نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جیۆ-سیاسیی(geo-politic) کورد. ئێستا جیهان لە گۆڕانکارییەکی دیکە دایە، واتە ئیدی قبووڵی یەک پۆڵ، یا تاک پۆڵ ناکات، بەڵکو دەچینە نێو قۆناغی کۆ پۆڵەوە، چین و روسیا وەکو یاریکەری چالاک هاتوونەتە پێشەوە. ئێمە، وەکو زۆرجاری دیکەش، بە باشیی خۆمان تەیار نەداوە، بۆیە لە ئاستی ئەم گۆڕانکاریی و وەرچەخانە گەورەیەدا نین. کورد لە سەرنەخشەی سیاسیی جیهانیی یەک یەکە نییە، بەڵکو لە دیدی جیاوازەوە سەیری ئەو نەخشەیە دەکرێ کە کوردی لەسەردابەشکراوە، وەکو ئەوەی کوردی باش و کوردی خراپ هەبێ. وەڵامی بەشەکەی دیکەی پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئێمە تەنها زمان و خاکێکی دابەش بووین؟ ئایا یەک زمانی کوردیمان هەیە یا چەند زمانێکە؟ ئەگەر وەکو دیالێکت(dialect) سەیری ئەو زمانانە بکەین، ئایا وەکو یەک گەشەیان کردووە، ئایا وەکو یەک بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییان هەیە؟ بێگومان دەبێ بە نەخێر وەڵام بدەینەوە. ئاسان نییە باسی کورد بە شێوەیەکی گشتیی بکرێ، چونکە باشوور زۆر جودایە لە باکوور و رۆژهەڵاتیش زۆر جودایە لە رۆژئاوا. بەڵام لە نێو نوخبەدا، هەستێک هەیە کە هەموو بە یەک چارەنووس دەبەستێتەوە. ئەم نوخبەیە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە هەوڵ دایە. کاتێک دێینە سەر باشوور، دەبێ زۆر تایبەتیی تر قسەی لەسەر بکەین، چونکە کورد بە پێی دەستووری ١٩٥٨ وەکو شەریک دێتە مەیدانی جوگرافیای سیاسیی. لە ١٩٧٠ بەیانی یانزەی ئازار، پێداگرییەکی دیکەیە بۆ ئەم شوناسە، لە ٩١ بەدواوە، پانتاییەکی ئازادتر دێتە گۆڕێ و لە دەستووری نوێی عێراقیش وەکو هەرێمێکی فیدراڵ ناسراوە. کەواتە لە ماوەی ئەم ٦٠-٧٠ ساڵە، هەست دەکەین شتێک هەیە گەشە دەکات، بەڵام ئەم گەشەکردنە هەمیشە دووچاری قەیرانی جیاواز بۆتەوە. چ قەیرانی ناوەکی چ قەیرانی دەرەکی، ئەوەی ناوەکی پەیوەستە بەبنەمای کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو حیزبە کوردییانە کە هەندەی لە دەرەوەی شارەکانی کورستان چالاکییان نواندووە، هەندە لە ناو شارەکان نەبوونە. ئەم گۆڕانکارییانەی کە دەبینرێن ئەمڕۆ ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن. کورد و شار دوو نامۆن. دەتوانین بڵێین نەبوونی شار بە مانایەک لە ماناکان، هۆکار بووە بۆ ئەوەی حیزبی مەدەنی لە لای ئێمە زۆر لاواز بێ، تاکو ئێستا یادەوەرییەکانی شاخ شارەکان بەڕێوە دەبات.

**پ:بێگومان لە نێوان کایە سیاسییەکانی جیهان و ئامادەیی پاسیڤ و شەرمنۆکانەی کورد لە نێو کایەکە دا و ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ شوناسی کوردی خستۆتە مەترسییەوە پێوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، هەر وەکوو لەقەوارەی ئەو پرسیارانەش لەبارەی زمان و لەت لەت بوونی و رێچکە پێوانی ئەدەبی و هونەریی جیاوازی دیالێکتەکان لەیەکدی باستان کرد، سیاسەت رۆڵێکی گرینگی لە پاراستن و گەشەپێدانی شوناس و کایەکانی بوونی ئێمە دا هەیە بەڵام کێشەی ئێمە ئایا بکەران و کایەکەرانی سیاسی نییە لە ئێستە دا و تەنانەت لەبەشێکی زۆری مێژووشمان؟کە هەر وەکوو دەڵێن: " هێشتاش یادەوەرییەکانی شاخ شار بەڕێوە دەبەن"، من وا لەم رستەیە تێدەگەم کە بە هۆی نەبوونی حیزبێکی مەدەنی راستەقینە و نیشتمانی کە لە دەرەوەی بەرژەوەندییە گرووپی و خێڵەکییەکان بێت**

**(زۆرتر مەبەست باشووره لێره دا) ئەو یادەوەرییانەی شاخ لە هەموو توخم و رەگەزیتری وجوودی نەتەوە دەتەکێندرێن جگە لە ئایدۆلۆژی حیزبە سیاسییەکان. ئایا ئەمە قەیرانی سیاسەتی جیهانییە و بەپێی ئەوەش سیاسەتی کوردی یان نەبوون و دارمانی عەقڵییەت و ویژدانی سیاسیکارانی کورد؟**

و:راستە، کورد بۆ ئەوەی هەنگاوی مەدەنی گەورە بنێ، دەبێ لە شارەوە دەست پێ بکات، چونکە تەنها لە شاردا بناغەکانی دەوڵەت بەدەردەکەون، لە شاردا زمان گەشە دەکات، ئەدەبی زیندوو لە دایکدەبێ، هونەر و شانۆ چالاک دەبن، کەلتوورێکی پشت ئەستور بە خەڵکی مەدەنی پەیدا دەبێ. ئەم کەلێنە لە مێژووی ئێمەوە دێ، واتە نەبوونی شار لە مێژوومان‌دا وایکردووە کە ئێمە بە پێی پێویست، گەشە نەکەین. تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەموو ئەدەبییاتی ئێمە سەر بە مەعریفەی حوجرەیە، واتە سەر بە مەعریفەی چاخەکانی ناوەندە. مەعریفەیەکی دابڕاو، هیچ پەیوەندییەکی نەبوو لەگەڵ سەرجەم ئەو پێشکەوتن و گرەوانەی کە لە رۆژئاوا، ٤٠٠ ساڵ لەوەوە بەر روویاندا بوو. ئەم مەعریفە دەم داخراوە، ئەدەبێکی دەمداخراو بەرهەم دەهێنی، سەرباری رووە ئێستاتیکییەکان (aesthetics) ی، لە دەوری بەهاگەلێک دەخولێنەوە کە هی سەردەمی خۆی نییە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە شیعرمان بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو بەومانایە کە ئەو شیعرە لە یەک سەرچاوە توێشووەکانی وەرگرتوون، ئەویش حوجرەیە. سەرهەڵنەدانی پەخشان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەنتەرەکانی شار. ئەگەر گوند گۆرانییەکی بێگەرد بێ، لە شاردا رامان و بیرکردنەوە بەجۆرێکی دیکە دەخەملێ کە پەخشانێک بەرهەمبهێنێ هاوتەریب بێ لەگەڵ پێشکەوتنە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە. لە نێو ئەم لابۆرەدا، حیزبی مەدەنی لە دایکدەبێ کە لەسەرووی خێڵ و ئایین و شارچێتی دا بێ، چونکە ئەو سێ رەگەزە دەکەونە خوارەوەی نەتەوەوە. ئەگەر بە وردیی سەرنج بدەین، دەبینین، ئێمە تاکو ئێستا لە ئاستی خێڵ و شارچێتیدا گەشەمان کردووە، کاتێک دەڵێین شارچێتی، بە مانای گوندێکی گەورە دێ زیاتر وەک شار. بۆیە دەبینین لە جیاتی ئەوەی ئەم دیاردەیە ئیفرازی ئەنسیکلۆپیدیای کوردستانی بکات، ئەنسیکلۆپێدی بۆ شارەکان دەهێنێتە بەرهەم، ئەمە یەکێکە لە ئاماژەکانی شارچێتی کە دەکەوێتە خوارەوەی شار/نەتەوەوەوە.

**پ:سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کێشە جیۆ-پۆلیتیکەی کە**



**هەموو شوناسی کوردی کردۆتە ئامانج و لەهەر بەشێک لە کوردوستان فۆرمێک لە روخسار و دەرکەوتەکانی پیشان داوە، هەمدیس هاوبەشێتییەکی زۆر(نەک تەواو) لە ئەو "ناشار"ی بوونە دا هەیە واتە شکڵێک لە شارچێتییەکی فراوان کە ئەگەر عەقڵییەتێکی مەدەنی لاوازیش بیەوێت گەشە بکات لە گێژەنی دا دەخنکێت، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای هەموو ئیدەعا و بانگەشەکان شکڵێک لە شارچێتی و خانەبەندیکردنی بان و خوار و پابەندبوون بە نۆرمە گوندەکییەکان شەپۆلان دەدات و ئەم هاوکێشەیە لە چالاکییە سیاسییەکانی کوردیش بە زەقی خۆی پیشان دەدات واتە هەمان یەکانگیرنەبوونی راجیاوازەکان و کۆک نەبوونی لایەنەکان لە سەر کەمترین خاڵی هاوبەش و ئارەزوویەکی توندئاژۆ و ترادیسیۆن پەرەست بۆ زەق کردنەوەی خاڵە جیاوازەکان لە هەمبەر "خود"، نەک "ئەوید"ی، ئایا هۆکاری دواکەوتنی ئەم تێراونینە مەدەنیە یان ئەم حیزب و ئین جی ئۆ(NGO) مەدەنییە ئازادانە بۆ دەرچوون لەم قۆناغە زۆر درێژەی سەردەمی ئینتیقالی و تێپەڕان چییە؟ ئایا بەدرەنگ کەوتنی زەنگی مەترسییەکی گەورە بە گوێمان دا نادەن؟**

و:پێموایە، تاکو جۆرە هێمنییەک و ئاسوودەییەک لە شارەکاندا دروست نەبن، کە ئەویش پێویستیی بە ماوەیەکی زۆر دەبێ تاکو شار قسەی خۆی بکات، گوزارشتی نوێ لە هەلومەرجێکی نوێ نایەتە ئاراوە. بۆ نموونە، بزووتنەوەی گۆڕان ویستی گوزارشتکردنێکی نوێ بێ و بتوانێ هەنگاوێک زیاتر لەم رووەوە بچێتە پێشەوە، بەڵام دیسانەوە، ئەویش لە سنووری ئەو شارە مایەوە کە تیای سەریهەڵدا. رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بووبێ کە ئەکتەرەکانی ئەم بزووتنەوە، ئەکتەری تەواو نوێ نەبوون، دەرهاویشتەیەکی دیکە نەبوو کە بە تەواویی کەلەپووری شاخ لە دوای خۆی جێبهێڵێ و خۆی بۆ قۆناغێکی نێو ئامادە بکا. بۆیە، زۆر بە ئاسانیی باس لە زۆنی(zone) زەرد و سەوز و وەنەوشەیی دەکرێ، ئەم زۆنانە خاوەن حەرەکییەت و دینامیکییەتێکی نوێ نین. وەلائەکان چەق بەستوون. ئێمە، هەر چییەک بکەین، هەر درەنگمان بەسەردا هاتووە، بەڵام درەنگ کارکردن لە هیچ نەکردن باشترە. ئێمە تاکو ئێستا قەیرانی گوتار و خیتابمان هەیە، ئەم گوتارە هەر وا بە ئاسانیی لەدایکنابێ، پێویستی بە هەلومەرج و خوێندنەوەی تازەیە. هێشتا، لایەنێک پەیدا نەبوو، بە لایەن کەم، لە باشوور کە خاوەن گوتارێکی یەکدیگری نوێ بێ کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگریی لە خۆی بکا. راستە، گوتارێکی زاڵمان هەیە کە بانگەشە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات، بەڵام ئەم گوتارە تەنها لە شێوەی دروشمدا ماوەتەوە و بە تەواویی خورد نەکراوەتەوە. دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ خاوەن پێگەی خۆی بێ، چ لە رووی بوونی خاکێکەوە، چ لە بوونی هێزێک کە بتوانێ بەرگریی لێ بکا، چ لە بوونی گوتارێکەوە. بۆیە کاتێک دەوڵەتی سەربەخۆشمان ببێ، شتکی ئەوتۆ ناگۆڕێ، تەنانەت قەیرانەکانمان زیاتر دەکا.راستییەکەی، ئەم قەیرانە، تەنها قەیرانی کورد نییە وەکو میللەت، بەلکو قەیرانی فارس و تورک و عەرەبیشە. ئەوان خاوەن ئەزموونی هەزار ساڵەن، دەبوو، دەسپێشخەرییەکی مێژوویی لە نێو منداڵدانی ئەو دەوڵەتانەوە سەریهەڵدابا بۆ ئەوەی بیچمێکی نوێ بدەنە ئەو ناوچەیە و بە شێوەیەکی نوێ پێناسەی شوناسەکان کرابان و سەرلەنوێ خۆیان بۆ قۆناغێکی نوی ئامادە کردبا بۆ ئەوەی شتێکیان لە سەرەوەی ئێتا/ناسیۆن١ دروستکردبا، وەکو یەکێتی ئەورووپا، بۆ نموونە.

**پ:من پێم وایە بە بێ خەسارناسیی ورد و خوێندنەوەی نائامادەیی یان باشترە بڵێم "غیابی" ئێمە لە مێژوو دا ئەستەمە رێدەرچوونێکی باش بەدی بکرێت، راستە ئەو قەیرانەی کە شوناس و بوونی ئێمەی گرتۆتەوە بە فۆرم و مودێلیتر فارس و عەرەب و تورکیشی لەباوەش گرتووە بەڵام بێگومان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم مۆدێلانەی قەیران هەیە، پێم وابێت زۆرینەی زۆری شوناسەکان یان با بڵێم ئەو سیستەمانەی کە خەریکی درووستکردنی شوناسن لە رۆژهەڵاتی ناوین لەو حاڵەتە قەیراناوییە دەژین، سیستەمێکی وەکوو تورکیا بە خەونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە تووشی شێوازێک لە هیستریا و مالیخولیا بووە؛ دژبەرایەتی هەموو هێز و وردە هێز/شوناس و وردە شوناسێک دەکات، سیستەمی کۆماریی ئیسلامی کە لە بن و پەراوێزی خۆی دا ئاوسە بە ئارەزوویی ئێرانی کۆن و کووروش پاشا و رەمزەکانی تەختی جەمشید، تووشی نارسیزمێکی شێتانە بووە و هەموو جیهان لە دژی جوانییەکانی خۆی دەبینێتەوە و...ئەمانە زۆرتر روخسار و لایەنی سیاسی زەقکراوی شوناسن بەڵام وەک دەزانن لایەنی زۆرتری هەیە وەکوو لایەنە زمانی، ئەدەبی، هونەری و فیکرییەکان، واتە من لەگەڵ ئەوەی کە دەزانم سیستەمی زاڵی ئێران چ روانگەیەکی بۆ وردەشوناسەکانیتر هەیە بەڵام دەشزانم فارسی زمانێکی نێزیکە لە کوردی، سادیقی هیدایەت و ئەحمەدی شاملوو و خەیام و حافز نێزیکە لە دونیام، کورد نە تەنها لە رووە سیاسییەکەی دەسکەوتێکی شایستەی وای نییە بەڵکوو لە رووەکانیتریش دا دەناڵێنێ، ئێوە ئەم باسەتان چەندە قبووڵە و هۆکارکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟کوا ئەو ئامادەییە کەونینەیی و**

**حەماسییەی کە هەندێ مێژوونووس لەبارەی کوردەوە بە گوێمان دا دەدەن؟**

و:قەیرانەکان، دەبێ هەمیشە بە کۆ بخوێندرێنەوە، چونکە چەندین ئاست و بیچمیان هەیە. ناوچەکەی ئێمە زۆر دوورە لەوەی کە ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە کە بتوانێ چالاکییەکانی مێژوو لە خزمەتی خەڵک کۆتایی پێبهێنێ. ڕەنگە لە ئێران دیدێک هەبێ کە شتێک دروست بکرێ لەسەرەوەی سنووری ئێرانی هاوچەرخ بێ، بەڵام بەو مەرجەی ئەو قەڵەمڕەوییە بکا، بۆ تورکیاش ڕاستە، بەڵام سەردەمی ئیمپراتۆرییەت کۆتایی هاتووە و مەحاڵە جارێکی دیکە ئەمە ڕوو بدا، بە پێچەوانەوە ئەم تەماحکارییانە هەندەی دیکە قەیرانەکان خەستتر دەکەن.

یەکێک لە بیچمەکانی ئەم قەیرانە، لەدەورەی بەرژەوەندخوازیی و دەسەڵاتی ڕووتە، خاوەن هیچ باگراوندێکی فیکریی هاوچەرخ نییە، توانای نییە دەرهاوێشتە هەنووکەییەکان بخوێنێتەوە و هەمیشە خۆی لە بەرامبەری نەیاری خۆیدا ڕێکدەخات. ئەمە بۆ بچووکترین هێزی سیاسییش ڕاستە. لەم هاوکێشەیەدا، دەبێ هەمیشە ڕۆژئاوا وەکو نەیاری ئێران دەرکەوێ، چونکە ئایدیۆلۆژییەتەکە بەوجۆرە نەبێ ناتوانێ بەردەوامی هەبێ. ئەگەر وردتر بکرێتەوە، بزووتنەوەی گۆران لە دژایەتی یەکێتیی دروست دەبێ بۆ ئەوەی خۆی بۆ دژایەتی پارتی ئامادە بکات و پارتیش لە یەک ژێ دەدا. هیچ لایەنێک بە بوێرییەوە نایەوێ بلێ ئێمە دەمانەوێ حوکمڕانییەکی مەدەنی بنیات بنێین، و هاوڵاتی بوون مەرج بێ. تورکیای هاوچەرخ کاری لەسەر ئەمە کرد، بەڵام هاوڵاتیبوون بۆ کۆماری تورکیا لە تورکبووندا خۆی دەبینییەوە. ئێمە پێویستمان بە دیدێکی دیکە هەیە لە بنمیچەکە بەرزتر بێ و بتوانێ گۆڕێک بداتە ڕۆژهەڵاتی ناوین. بۆ نموونە دەبێ زەمینە خۆش بکرێ بۆ دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و لوبناندا. ئەمەی کە پێشنیاری دەکەم ڕەنگە زیاتر لە خەونەوە نزیک بێ، بەڵام کاتێک دەیخەینە نێو پێرسپێکتیڤێکی مێژووییەوە، ئەو دەم لەم پێداویستییە تێدەگەین.

**پ: کە لەسەر ئەم پرسیار و وەڵامانە بیر دەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر وتووێژی بەپێزیشم بینیوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو دونیای خۆمان بەڵام هەست دەکەم یەک شت کە هەمیشە غایبە غەیبەتی شیکارییەکی سایکۆلۆژیی بۆ هەموو ئەو شتانەیە لە دونیای ئێمە دا ڕوو دەدەن، واتە ئەو ماتۆڕەی کە لەسەر بکەرەکانی دونیای ئێمە ئیش دەکات.**

و:سایکلۆژییەت بە گشتیی، بە پێی بۆچوونی من، پیکهاتەیەکی جێگیر نییە، واتە دروست دەکرێ..دەشێ ئیش لەسەر ئەم چەمکە بکرێ و دەسکاریی سایکلۆژییەتی بکرێ. سایکلۆژییەتی فەڕەنسییەک و کوردێک لە چیدا یەک دەگرنەوە و لە چیدا دوور دەکەونەوە؟ ئایا فەرەنسیی سەدەی حەڤدە و هەژدە و ئێستا وەکو یەکن؟ ئەگەر وەکو یەک نین، هۆکارەکانی چین؟ شتێکی بەڵگە نەویستە، کە کارەکتەری مرۆڤی لای ئێمە، بارستایی ئایین : حەرام و حەڵاڵ، بارستایی کۆمەڵایەتی : عەیبە و نابێ، ڕۆڵیان لە داتاشینی پێکهاتەی سایکلۆژی هەیە. سایکلۆژییەتی ئێمە ئاڵۆزە، تێکچڕاوە، ڕوون نییە. ئەگەر بوار بۆ پەروەردە خۆش بکەین، کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێ لەم بوارە زۆر هەستیارە. ڕەنگە بەشێکی بۆ حیرمان/فروستراسیۆن۲(Frustration) بگەڕێتەوە، ئەم حیرمانە وەکو کرمێک لە ناو وێژدانی ئێمە جێگای خۆی کردۆتەوە.. حیرمان تەنانەت کار لەسەر جیانتیش دەکات. بۆیە کاتی زۆری دەوێ تاکو هۆشیارییەکی کراوە، جێگەی ئەو هۆشیارە دەمداخراوە دەگرێ. هۆشیارییەکی کراوە بەرامبەر بە هۆشیارییەک کە غەریزەکان بەڕێوەی دەبەن.

**پ:بێگومان سایکۆلۆژییەت پێکهاتەیەکی جێگیری نییە، بەڵام من وا هەست دەکەم مانای جێگیر بوون لە دوو کەلتووری وەکوو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات زۆر لێک دوورن، سایکۆلۆژییەتێک کە هەر وەکوو دەڵێن لێوانلێوە بە فەتاوا و ئەحکام لە پێکهاتە قودسی و بڤەتەوەرەکان و لەو لاوەش سایکۆلۆژییەتێک کە چەندخودایی و فرەدەنگی هەمیشە هەبووە ئەگەرچی لە سەدەکانی ناوەڕاست مەسیحییەت ویستی هەمووی بخەسێنێت بەڵام لە ڕینیسانس دیسانەوە گەڕایەوە و بووژایەوە... نازانم هەمیشە لە تەندرووستی دەروونی خۆم وەکوو کوردێک(لە پلەی بوونێکی کۆیی) گومانم هەبووە... ئەو باسە کورتانەی جەنابت لەسەر بۆ نموونە ڤالانتاین، لەبیرچوونەوەی ئەو هەموو کارەساتە، و بەچەق بوونی گەندەڵی، دارمانی پێوەندییەکان، و دەیان فایلیتر... بەراستی هیچ نەتەوەیەک دۆخی وەهای هەبووە؟**

و:ئێمە، لە دوای کەوتنی خەلافەتی عەباسیی، ١٢٥٨ لە بەغدا، خۆمان دووبارە دووپات دەکەینەوە. پەیوەندییمان لەگەڵ ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوا، لە قووڵاییەوە نەبوو، بەڵکو ڕووکەشانە بوو. ئێمە تاکو ئێستا ئایین جیهانمان بەڕێوە دەبات، ئایینش سایکلۆژییەتێکی زۆر تایبەت دروست دەکات. پێیەکمان لەسەرئەم جیهانەیە و پێیەکەی دیکەشمان لە لێوارەکانی بەهەشت و دۆزەخدایە. تێڕوانینەکانمان لە لایەن ئەو هێزە غەیبییەوە پیادە دەکرێ. دەیان پرسیاری سادە و ئاساییمان لە خۆمان قەدەغە کردووە.بە کورتی سایکلۆژییەتی ئێمە مرۆڤی دوو ڕوو بەرهەمهێناوە. ئەم دوو ڕووییە لە هەموو کایەکانی ژیانمان ڕەنگی داوەتەوە.

**پ: لات وایە ئێستەش واتە لەم بارودۆخەی جیهان کە خەڵکی خۆمان خەریکە جۆرێک لە بەئامێربوون تەجرەبە دەکات و ئەوەندەی پێبەستی خواستە غەریزی و ناوشیارەکانێتی، وشیاری پێگەیەکی ئەوتۆ وەربگرێتەوە؟ئەگەرچی هیوام هەیە وابێت و هەندێ وردە نیشانەشی لێ دەبینم بەڵام پرسیارم لەسەر ماهییەتی جیاوازی وشیارییە لە فەزا جۆراوجۆرەکانی بوون و ژیانی مرۆڤی ئێمە.**

و:کۆمەڵگەی رۆژئاوا لەو دەمەوەی کە شۆڕشی پیشەسازیی تیایدا روویدا، دوو ئاراستە تێیدا گەشە دەکەن، یەکێکیان ستایشی ئەم شۆڕشە نوێیە دەکەن کە بە قازانج و سوودی میللەتان کۆتایی دێ، ئەوەی دیکەشیان رەخنە دەگرێت. رێبازی رۆمانسیی یەکێک بوو لەو لایەنانەی کە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەم شۆڕشەی دەکرد، مارکس بە وردیی تیۆرییەک لەو رووەوە گەڵاڵە دەکات و باسی تەغریبوونی پرۆلیتاریا دەکا، فلیمە بە ناوبانگەکەی شاپلن/یش هەمان بیرۆکەی هەلگرتووە. مەبەست لە "سەردەمی نوێ"یە. ئەوەی ئەم بالانسەی کەمێک راگرتووە، سیستەمی دیموکراسییە کە هاوڵاتی ئازاد دەکا لە نێو بژاردەکانی، بەڵام لە ناوەڕۆکی ئەم جموجووڵە زۆرجار مرۆڤ هەست دەکات کە بوونی ئەو هەندە خاوەن ئیعتیبار نییە. لە کۆمەڵگاکانی ئێمە، مرۆڤەکان نەک تووشی تەغریب دێن، بەڵکو خۆیان بەرهەمهێنەری ئەو



کاڵایانە نین کە لە پڕێکدا دنیای زەینیان داگیر دەکات. ئەم دیاردەیە پێش قەیرانی دارایی لە کوردستان گەیشتە ترۆپکی خۆی. تاکەکان لە دنیایەک دەجوڵانەوە کە هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەریدا نەبوو. کۆمەڵگەی کوردی بوو بە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکی بە ئیمتیاز، ئەمە زۆر بە نەرێنی بەسەر کۆمەڵگە شکایەوە. مرۆڤی کورد فشاری چەندی تەغریبوونی لەسەرە... ئەمە خۆی بابەتێکی فرە لایەنە و ڕەنگە هەر لێرە جێگای نەبێتەوە.

**پ:من وا تێدەگەم کە دیموکراسی لە فۆرمە ڕەسەن و ئۆرژیناڵەکەی دا دەرهاوێشتەی ئەو ململانێیە کە بە درێژایی چەندین سەدە لە کەلتوور و فیکری ڕۆژئاوا دا هاتۆتە ئاراوە، و ئەمەشم لەبەرچاوە دەشێت کە مۆدێلێکی جیهانگیری شێوەژیان و پێکەوەژیان و ئازادی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگاکان و...بێت بەڵام هەر وەکوو لەسەرەوەش باسمان کرد دیموکراسی (ج وەک تێز و ئایدیایەک بێت چ وەکوو نەزمێکی نوێی جیهانی) بە عەقڵییەتی "ئێرەیی" و خۆمانی دەخوێنێتەوە، چ ئیشکالییەت یان ناکۆکیگەلێکی فیکری زەق بۆ فام و خوێندنەوەی دیموکراسی لای ئێمە هەیە؟**

و:ئەو جۆرە دیموکراسییەی کە ئەمەریکییەکان دەیانەوێ لە دەرەوەوە بیسەپێنن، ئەنجامێکی ئەرێنیی نابێ، بەڵکو دەبوو خۆمان لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا، خۆمان لەسەر ئەم مەشقە ڕابهێنابا. بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو زەمینە سازییەک بکەین تاکو ئەم سیستەمە ڕەگ دادەکوتێ و میللەت پێی ڕادێ. تەمەنی دیموکراسیی دوای جەنەراڵ فرانکۆ، لە ئیسپانیا چل ساڵێکە، پێشتر چل ساڵی دیکتاتۆرمان هەیە، ئەمڕۆ ئەم سیستەمە لە ئیسپانیا شوێنی خۆی زۆر بە باشی کردۆتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دیموکراسییەت بێ کەموکوڕی نەبێ، بەڵکو سیستەمێکە کە هەمیشە دەشێ دەسکاریی بکرێت و زیاتر وەڵامی داخوازییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بداتەوە. لای ئێمە نە دیموکراسییمان هەیە، نە سیستەمێکی دیکتاتۆریشمان هەیە، تێکەڵەیەکی ئەو دوو سیستەمەیە، ئەمە وایکردووە کە قفڵ لە دامودەزگا دیموکراسییەکان بدات. تاکەکان بۆیان هەیە بە ئازادی گوزارشت لە خۆیان بکەن، کەچی پەرلەمان وەک نمایەندەی ئەو تاکانە ئیفلیجکراوە، تاک لە کاتی هەڵبژاردن بۆی هەیە ئازادانە دەنگ بدا، کەچی هەمان فیگەر و ڕوخسارەکان دووبارە دەبنەوە. بە شێوەیەکی دیکە، حیزب ئەم جۆرە دیموکراسییە بە شێوەیەک هەڵدەسووڕێنێ کە لە خزمەتی حیزب کۆتایی بێ. هەر لە هاوپەیمانێتی ستراتیژیی تا بنکەی فراوان...
چونکە لە لای ئێمە هەندەی حیزب گرنگە، نیوەی ئەوە دەنگدەر گرنگ نییە، ئەمە تەواو بە پێچەوانەی بنەمای دیموکراسییە کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتن. لای ئێمە خەڵک دەبنە پاشکۆی دەسەڵات، دیموکراسیی لە پێناو تەندروستی حیزبدا کۆتایی پێهێنراوە.

**پ:پێم وابێت ئەمە دەرهاوێشتەی بەریەککەوتنی دوو جیهانی جیاواز و ناهاوئاستن لەگەڵ یەک، جیهانێک کە لەسەدەی بیست و یەک و فەزای هەنووکە دا دەژی(بە پێوەری ڕۆژئاوا خۆی) و جیهانێک کە لە سەدەگەلی باوەڕ بە شانازییەکان و فەتح و ئیمپراتۆرییەت و ڕابردووە مەعنەوی و ئاسمانییەکان دا نوقمە... جیهانێک لە دونیای کەشفی بەردەوام و زانست و جیهانێک لە ناو بونیادە کۆنەکان و بەرهەمهێنانەوەی شەریعەتە ئاسمانییەکان بە فۆرمی جیا جیا، هەموو ئەمانە بەرهەمهێنەری ئەو شتەن لە مێژووی ئێمە دا کە من پێی دەڵێم"کارەسات"، کارەسات بەو واتایەی کە لە جیهانی کورد دا ئەم بەریەک کەوتنەی دوو چاخی جیا و دوورلەیەک کە تا ئێستە هۆکاری کوژرانی چەند سەد هەزار نەفەر کورد لەسەرەتای سەدەی بیست بە دەستی ئەو هێز و سیستەمانە(سیاسی-ئایینی)ی کە کورد لەناوی دا دەژی و پێیان گەمارۆ دراوە،بووگە. فۆرمێک لە لەجێی خۆکوتان و نەگۆڕان بەسەر جیهان و مرۆڤی ئێمە دا زاڵ بووە، شکڵێک لە خەمۆکی هەست پێدەکرێت،(گیران و کوژرانی سەرۆک و ڕێبەرە سیاسی-ئایینییەکانی کورد لە سەرەتای شۆڕشە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین تاکوو گیران و بەندکردنی ڕێبەریتری سیاسی کورد لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیست، هەڵبەت ئەمە تەنها لایەنی سیاسی بابەتەکەیە و دەبێ لایەنەکانیتریش بخوێنینەوە) ئایا کارەسات ڕۆح و زەینی مرۆڤی ئێمەی تێک نەداوە؟لەکام ڕووەوە پێوەندی کورد و کارەسات بخوێنینەوە؟**

و:ئێمە نە تەنها لە سەدەی بیستویەکەم ناژین، بەڵکو پاشکۆیەکمان پێوەیە کە هی سەدەکانی ناوەندە، هەڵگری هەمان بەهان. بە تایبەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان پەیوەستن بەو بەهاگەلانەی کە لەو چاخانە برەویان هەبوو. ئەوەی ئەم دیاردەیەی زەق کردۆتەوە، بەشێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی گلۆبالیزە، تەکنەلۆژیای نوێ، ماس مێدیا، ساتەلایت و فەیسبووک و تویتەر کە لە چەند ئاستێکدا وامان لێدەکا وەکو ئاوێنەیەک سەیری خۆمان بکەین. دەبێ بە چاوی ڕەخنەوە سەیری جیهان بکەین، نە ببینە پاشکۆیەکی کوێرانەی ڕۆژئاوا، نە لە ناوەوەی خۆمان کرۆشک بدەین و بڵێین ئەوەی لە ڕابردوومان بەدەستمان هێناوە، بەهای ئەزەلین. کارەساتی ڕاستەقینە لەوەدایە کە ئێمە بە چاوی ڕەخنەوە سەیری دەرەوە و خۆمان ناکەین. زانکۆ و کایە پەروەردەییەکانمان

لەسەر رەخنە قوتابی راناهێنن، بەڵکو ئەوانیش وەکو مینەری مزگەوتان بابەتەکانیان دەڵێنەوە. زانست بە بێ رەخنە دەبێتە ئایین. ئەمە تەنها کێشەی ئێمەی کورد نییە، بەڵکو کێشەی جیهانی عەرەبی/ئیسلامییە کە ناتوانێ لەنێو خۆڵەمێشەکانی هەڵسێتەوە. دەرهاویشتە کارەساتئامێزەکانی لە شێوەی پێکدادانادا هەموو سووچێکی تەنییەوە.

**پ:با بێینە سەر ئەدەب و لایەنی مێژووی ئەدەب، ئێوە لە نووسینێکی کورت دا باسی شیعری کوردی لە تاک سەرچاوەییەوە بۆ فرە سەرچاوەیی دەکەن، گۆڕان لە سەرچاوەی مەعریفی ئەدیبانی ئێمە لە حوجرەوە بۆ چەندین شوێن و فەزایتر کە دیارە ئەمەش بەزۆری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە دێتە ئاراوە، کەشفی سەرچاوەکانی دیکە وەکوو جیهانی رۆژئاوا ئەگەر بەو کەشفەی کۆلۆمبس بچێت کە ئەمریکای دۆزییەوە، چەندە ئــێمە لە کەشفی ئەم سەرچاوانە دا بکەر و ئەکتیڤ بووین؟**

و:پەیوەندی ئێمە لە گەڵ رۆژئاوا، هەمیشە پەیوەندییەکی ئاڵۆز بووە، چونکە ئێمە، بە تایبەتی لە باشوور رۆژئاوامان لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ناسیی. ئینگلیز وەک هێزێکی کۆلۆنیالی و مەسیحی دەناسین. ئەم هێزە داگیرکەرە، دیدێکی نوێ دەهێنێتە کوردستان، ئەم دیدە نوێیە، دامودەزگای نوێش لەگەڵ خۆی دەهێنێ. بۆ نموونە،یەکەم جار پەرلەمان لە عێراقدا لەو سەردەمە دروست دەبێ. جوگرافیا بەرینتر دەبێ، تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کورد تەنها مەککە و ئەستەمبول بە دوورترین شوێن دەزانێ. ئەم فەزا جوگرافییە، هەڵگری فەزای زیهنیشە، بۆیە ئیدی لەو قۆناغە بەسەرەوە، کورد بە سەرچاوەی دیکە ئاشنا دەبێ. بیر لە زانست بە شێوەیەکی هاوچەرخ دەکاتەوە، شاعیرانی ئەو سەردەمە زۆر بە روونی پێشوازیی لەو قۆناغە نوێیە دەکەن. بەڵام ئێمە بە پێی پێویست ئەکتیف نەبووین، چونکە کورد وەکو یەکەیەک سەربەخۆ نەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە، بە سڵەمینەوە سەیری ئەوی دیکەی ”ئەورووپی“ کردووە. تاکو ئەم دواییەش کاتێک گێچەڵێک رووی دابا، دەیانگوت دەستی ئینگلیزی لە پشتەوە بووە. هۆکارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە عێراق شۆڕش دژی بە مەلەکییەت رووی دا و سیستەمی کۆمار بەرقەرار بوو. ئەم سیستەمە نوێیە دژی بە کۆنەپەرستیی و داگیرکار پرۆپاگەندەی دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە، هێزە کۆنخوازەکان هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری رۆژئاوای مەسیحییان کردووە. بە بێ سەرنجی ورد، هەموو بەرهەمێکی ئەوان دراوەتە پاڵ ماسۆنییەت. ئێمە تاکو ئێستا بە پێی پێویست نەماتوانییەوە سوود لە رۆژئاوا وەکو پێویست بکەین.



هەمیشە دیدی ئەخلاقی زاڵبووە بەسەرمان، هەمیشە بارستایی ئایین خۆی فەرزکردووە. بەڵام هەیمەنەی ڕۆژئاوا بڕەی خۆی ستاندووە و هەرێم بووەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، بە بێ ئەوەی لە ئاستەکانی دیکە سوودیان لێ ببینین: سیستەمی پەروەردە، پەیڕەوکردنی دیموکراسیی، گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هتد..ئێمە لەم هاوکێشەیەدا تاکو ئێستا زەرەمەند بووینە، چونکە خاوەن دیدێکی ڕوون نیین. هێشتا بە وردی خۆمان و ئەوی دیکەمان نەخوێندۆتەوە. بەڵام دەبێ ئەو ڕۆژە بێ کە ئێمەش پێداگریی لە شوناسی خۆمان بکەین و سوود لە سەرچاوە مەعریفییەکانی ڕۆژئاوا وەرگرین. نابێ ڕۆژئاوا وەکو بلۆکێک سەیر بکەین، نابێ بە ئەوان بڵێن ڕەش و خۆمان بە سپی ببینین، یا بە پێچەوانەوە. چونکە ڕۆژئاوا لە چەندین ئاست پێکهاتووە. ڕاستە خاوەن مێژوویەکی کۆلۆنیالییە، بەڵام شوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشە مرۆیی و تەکنەلۆژییەکانە، سەرمایەداریی برەوی هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش جێگای بایەخە، کارگەی چەک و تەقەمەنییان هەیە، بەڵام سەرچاوەی مافەکانی مرۆڤن. دەبێ زۆر وردتر ئەوی دیکە بخوێنینەوە و ئێمەش خۆمان بە ئەندامی ئەم جیهانە بزانین. ئێمە لە سەرەتاین.

**پ:هەموو ئەم خاڵانەی کە ئێوە باسی دەکان بەشێکن لەو ڕاستیانەی کە ئەمڕۆ ئێمەیان درووست کردووە.ڕاستە ئێمە خاوەنی ئەو هێزە بکەر و ڕوانینە ئەکتیڤە نەبووین کە "ئەویدی" بخوێنینەوە و کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوەیش بەشێک لە مێژووی ئێمەی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بەڵام ئێمە ئێستەش لە خوێندنەوەی مێژووی خۆمان وەکوو بەشێک لە مێژووی جیهان و بەوپێیەش ناسینی"خود" خاوەن ڕوانگەیەکی پێویست و شایستە نین، واتە وەکوو بەختیار عەلی لە وتارێک دا دەڵێ: ئێمە لە هەر بابەتێکەوە خاوەنی مێژوویەکی دڕۆزنین، ئەمە بەنیسبەت خوێندنەوەی دیدی "خود"ی بۆ مێژوومان و لەولاشەوە توانستێکی شایستەی ئەوتۆ نییە کە مێژووی ئێمە لە ناو هاوکێشەکانی مێژووی جیهان و ڕووداوەکانی بخوێنێتەوە، وەکوو ئەو وتارەی کە دیسان بەختیار لە ڕەخنەی دیدی مێژووناسانەی ئیدوارد سەعید لە ژێر ناوی "ئیدوارد سەعید و مەسەلەی ویژدان"دەینووسێ، ئیدواردێک کە خۆی لەناو مێژوویەکی کۆلۆنیالکراو دا ژیاوە ناتوانێ لە کۆلۆنیالبینی مێژووی نەتەوەیەک بەناوی کورد کە لە چوارچێوەی ولاتێکی عەرەبی(باشووری کوردستان)دایە خۆی ڕزگار بکات و کارەساتی هەڵەبجە دەخاتە دەرەوەی ئەو هاوکێشانەی کە جیهانی عەرەبی لەپشتەوە بێت، ئێستە پرسیار ئەمەیە کە مێژووی ئێمە چەندە بوونی هەیە؟**

و:ئەگەر مێژوو، لە سەرجەم ئەو چالاکییانە پێکبێ کە میللەتێکی دیارییکراو، بۆ خۆی دەینووسێتەوە، ئەوە ئێمە مێژوومان نییە. تاکو هاتنی ئیسلامی شتێکی زۆر ورد و ڕوون نییە، دوای هاتنی ئیسلامیش، مێژووی ئێمە لە ڕووداوی لاپەڕ و لاتەریک و ناتەواو پێکهاتووە. ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئێمە میللەتێکی کۆن و دێرینین لەو ناوچەیە، بەڵام دوای ئیسلام شتێک نییە بە ناوی کوردەوە وەکو میللەت، وەکو میللەتێک بەو مانایەی کە خاوەن سنوور و سیاسەتی خۆی بووبێ. کاتیک کتێبی "کورد لە سەدەی حەوتی زایینی"(نووسینی فرسەر مەرعی) دەخوێنیەوە، بە زەحمەت دەتوانین وێنەیەکی یەکدیگرمان چنگ کەوێ. ئیسلام دێت، وەکو ئاینێکی نوێ، میللەتانی میزۆپۆتامیا بە زۆر دەکاتە موسڵمان : یا بوون بە موسڵمان، یا جزیە دان، یا شەرکردن..کورد دەبنە موسڵمان و ئیدی مێژووی ئێمە لە مێژووی موسڵمانان جودا ناکرێتەوە. تەنانەت لە سەردەمی میرنشینەکانیشدا، ئێمە خاوەن سنوورین، بەڵام خاوەن سیاسەت نین، میرنشینی بابان تاکو سەدەی نۆزدەهەم لە ئارادا بوو، کەچی خاوەن دیوان و تۆمارگە و ئەرشیف نین. ئەمە لە حاڵێتێکدا کە سەدەی نۆزدە بە گوێرەی مێژوو دوێنێیە. هەروەها پەیوەندی نەتەوەیی لە نێوان میرنشینەکان نەبوو، لە یەکەی پەرت و بڵاو پێکهاتبوون. زۆرجار باسی نیمچە سەربەخۆییان دەکرێ، کەچی ئەم نیمچە سەربەخۆییە لە تێگەیشتنێکی سەربازیی زیاتر نەبووە، ئەم نیچمە سەربەخۆییە لە سیاسەتی ئەو میرنشینانە ڕەنگی نەداوەتەوە. حوجرە ئاینییەکان تاقە سەرچاوەی مەعریفیی بوونە، کەچی هیچ بەرهەمێک بە پەخشان نەدراوە، بۆ نموونە هیچ کتێبکمان لەسەر ڕەوانبێژیی عەرەبی بە زمانی کوردی نییە، هیچ شتێکمان لەسەر مێژووی موسڵمانان بە زمانی کوردی نەنووسییەوە، هیچ کتێبێکی گرنگمان لە عەرەبییەوە وەرنەگێراوە، هەبێ و نەبێ شیعری حوجرەمان هەیە، لێرە و لەوێ هەندێ پەخشان کە پێگەیەکیان لە ئاستی هەستی نەتەوەیی دا نییە. ئێمە بە پێچەوانەوەی تورک و فارسەکان، کە ئەوانیش وەکو ئێمە بە زۆر کرانە موسڵمان، بەڵام هۆشیارییەک لای ئەوان سەرهەڵدەدا، ئیسلام لە خزمەتی خۆیان بەکاردێنن. ئێمە دەبینە خزمەکاری ئیسلام، تەنانەت تاکو ئێستا ئەم تێگەیشتنە لە نێو کوردە موسڵمانەکان بەدی دەکرێ. ئێمە خاوەن مێژوویەک نین کە بەشدار بووبێ لە قووڵکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. دەکرێ بڵێین ئێمە لە پەراوێزی مێژووی ئەوانی دیکەدا ژیاوین.

**پ:ئەم وەڵامەتان بەرەو ئەم باسە ڕاکێشم دەکات کە بڵێم کاتێک ئیسلام هاتە ئێران زۆر کتێب لە سەر هونەر و زمان و فیکری ئیسلامی لە لایەن نەتەوەی فارس نووسرا کە هەم کەلتووری فارسیان دەوڵەمەند کرد و هەمیش عەرەب، با بیخەینەوە بیری خۆمان ناوگەلێکی**

**وەکوو فارابی، ئیبنی سینا، سەدرولموتئەلیهینی شیرازی(مولا سەدرا) و تەنانەت شەیخی ئیشراق یان هەمان شێخ شەهابەدینی سۆرەوەردی(کە وەک دەڵێن بە رەچەڵەکیش کوردە) چۆناوچۆن لە مێژووی کەلام و فیکری ئیسلامی دا دیارن، ئەگەر ئەم وشیارییەی فارس بگەڕێنینەوە بۆ"جۆرێک" لە ئامادەبوونیان لە ناو مێژوو و خاوەنداریێتی مێژوویەک کە ئێمەی کورد نیمانە و لە پەراوێزی مێژووی ئەوان دابووین، ئەگەری سەرهەڵدانی وشیارییەکی کارا لە هاوکێشەیەکی وەها دا بۆ "کورد" چەندە؟وشیاریی بەرهەمی ئامادەبوونە لە پانتای مێژوو، ئێمە گەر لە پەراوێزی مێژوو دابین تا ئێستەش، ئایا هەر وشیاری بەدی دێت؟دیارە وشیاریش لە ناو زەمان(مێژوو) دا درووست بووە واتە فارس کاتێک وەها پەرچەکردارێکی وشیارانەی هەبووە ئەم ئامادەیی یان پێش وشیارییەی لە کاتی پێداهەڵشاخانە کەلتووری و ئایینییە گەورەکانی مێژوو دا خستۆتەڕوو، هەر چەند کەس ناتوانێ نکووڵی لە ڕەوتێکی درۆسازیی مێژوویی و جەعلی مێژوویی لەناو نەتەوەگەلی وەک فارس بکات بەڵام باسەکە شتیترە لێرە دا.**

و:دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەی بکرێ کە ئیسلامی سەرەتایی هیچ فیکرێکی تێدا نییە جگە لەو تەعالیمانە بترازێ کە موتوربەکردنی نێوانی ئایینی جولەکان و یاسا و ڕێسا نەنووسراوەکانی ئەهلی بادیەیە. وەکو مێژوونووسانیش دەڵێن کە بەڵگەی زۆر، یا هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە کە چۆن ئایینی ئیسلام سەریهەڵداوە، هەمووی ئەو بەڵگانە زارەکین. بەڵام دواتر، کاتێک ئیسلام دێتە میزۆپۆتامیا، ئێران داگیر دەکرێ، وڵاتی شام داگیر دەکرێ، ئیدی ئیسلام دەچێتە پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەی خۆی ~ کەلەپووری یۆنانی، فارسیء، هیندی، سریانی..لێرەوە ئیسلام وەکو فیکر چەکەرە دەکات. دەتوانین بڵێین ئیسلام لە ڕێگەی ئەدواتی دەرەوەی خۆی لە خۆی ورد دەبێتەوە. تەنانەت فیکری تەسەووفیش، ڕێزمان و نەحو، زانستی کەلام و هتد.لەم نێوەندە باسی کورد ناکرێ، چونکە کاتێک دەڵێین مێژوو، دەبێ باسی سیاسەت و دەسەڵات بکەین. کورد لەو قۆناغە، دواتریش خاوەن سەنتەرێکی سیاسیی دەسەڵاتدار نییە. هەندەی باسی ساسانییەکان دەکرێ باسی کورد ناکرێ، هەندە باسی کەلەپووری سریانی دەکرێ باسی کورد ناکرێ. ئێمە لە پێریفریکی(ئەوەی وا بە دەوری سەنتەر دا دەخولێتەوە) ئەو سەنتەرانە ژیاویین. ئەگەر سەلاحەدینێک، یا سەهرەوەردییەک سەرهەڵدەدا، وەکو کورد سەرهەڵنادەن، بەڵکو وەکو تاکێکی نێو ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی و بە عەرەبی دەنووسن و بیر دەکەنەوە. لێرە کوردبوون هیچ گرنگییەکی نامێنێ. وەکو سەلمان روشدییەک کە بە ئینگلیزیی دەنووسێ، تایەر بین جەلوونێک یا ئەمین مەعلووفێک بە فەڕەنسی دەنووسێ، یا یەشار کەمالێک بە تورکی دەنووسێ. هیندیی بوون و عەرەب بوون و کورد بوونی ئەو ناوانەی سەرەوە شتێک نییە شایانی باس بێ، چونکە ئێمە کاتێک باسی نەتەوەیەک دەکەین باسی شتێکی موجەڕەد ناکەین، بەڵکو باسی چالاکی فیکر و بیرکردنەوە و نووسین دەبێ بکەینەوە.

**پ:بێگومان لە فەزایەک دا کە گوتاری ئومەی ئیسلامی زاڵ بووە چەمکی نەتەوە مانای نەبووە، یان کاتێک ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی زاڵ کراوە سیستەمی سیاسی دابڕاو و جیاواز لەوەش بوونی نەبووە، کەچی لە ئێران پاش سەپاندنی ئیسلام چەشنێک بەرگری و بەرخۆدان هەبووە نموونەی شۆڕشی بەرمەکییەکان و ئەبوموسلیم خوراسانی بوو کە ئەمانە سەرەڕای ئەوەی خزمەتی زۆریان بە زمانی عەرەبی و ئیسلام کرد و پێگەی تایبەت و تۆکمەیان لە خەلافەتی عەباسی بەدەست هێنا دژی خەلافەت شۆڕشیان کرد، بەهەرحاڵ باسی من ئەوەیە ئەو وشیارییە بەو شێوەیە لای ئەوان ئامادە بووە تا کاتێک کە فارسەکان دەسەڵاتی تایبەتی ئایینی-قەومیی خۆیان لە زەمانی سەفەوی ڕۆدەنێن و تا ئێستەش ئێمەی کورد بەشێوەیەک لە ناو هاوکێشەیەکی کۆن دا دەژین کە بوونی ئێمەی تا ئاستی هەڕەشە بۆ سەر زمانیش خستۆتە ژێر گوشارەوە، داکۆکی من لە سەر "زمان"ە کە بوونی ئینسان و بەپێی ئەوەش بوونی نەتەوەیە، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیبراهیم یوونسیمان هەبووە کە دەیان کتێبی پێشکەشی زمانی فارسی و کتێبخانەکەی کردووە"هەرچەندە ناوەرۆکی زۆرینەی کتێبەکانیش کۆمەڵگا و مێژوو و کێشەکانی کوردە بەڵام بە زمانی فارسییە"،(لە کاتێکدا عەتا نەهاییشمان هەیە کە هەر لەو فەزایە دا نووسیویە کە ئیبراهیمی یوونسی هاوشاری نووسیویەتی کەچی بە کوردی نووسیویەتی و خۆیشی بابەتی هەیە لە سەر ئەمە کە بۆچی بە زمانی دایکیم دەنووسم؟) موحەمەد قازی کەڵە وەرگێڕمان هەیە کە ئەویش هەر بەو شێوەی یوونسی ئیشی کردووە(ئەدەبی فەرەنسی بە بوونی ئەو لە ئێران و زمانی فارسی مانا وەردەگرێت) لە باکووریش ئەوە یاشارکەماڵ و ...بەشێوەیەک هاوتەریبی و هاوشکڵییەک لەم دابڕانە زمانییە دا لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان هەیە، من پێموایە مەترسییە گەورەکە لێرە دا خۆی پیشان دەدات،ئایا نووسین بە زمانی نەتەوەی خۆت مۆرکی بنەمایی ئێمە نییە لە دواجار دا وەکوو شوناس؟ئایا نەبوونی وشیاریی زمانی سەرچاوەی هەموو ناوشیارییەکان نییە؟**

و:وەک دەزانین ئیسلام ناوچەکەمان دەتەنێ. فارس و

تورکەکان، زوو دێنەوە ئاگا، واتە جۆرە موتروبەبوونێک لە نێوان ئایین و نەتەوە دروست دەکەن. ئەم حالەتە، لە ئەورووپاش بە جۆرێک لە جۆرەکان رووی دا، لە ناو جەرگەی زمانی لاتینیی کە زمانی ئایینی مەسیحییە، ریفۆرمی نەتەوەیی چێ دەبێ، بە واتایەکی دی، فەرەنسییەکان ئایینی مەسیحی دەپارێزن، بەڵام دەیفەرەنسێنن، واتە سنووری نەتەوەیی دروست دەکەن و ئیدی ئینجیل بە فەرەنسی دەخوێننەوە، نوێژ بە فەرەنسی دەکەن و گوتاری یەکشەموانیان بە زمانی فەرەنسی ئەنجام دەدەن. گەڕانەوە لە ئایین زۆر زەحمەتە، بەڵام پێداگرییکردن لەوەی ئەو ئایینە بۆ فەرەنسییان بێ، یا بۆ کوردان بێ، یا بۆ تورک و فارسان بێ، ئاسانترە. شیعەگەرایی لە ناواخنیدا، فارسییگەرایی هەیە، ئەمە لە لای ئێمە رووی نەدا، رەنگە پەیوەندیی بە قەوارەی نەتەوەییمانەوە هەبێ، پەیوەندیی بە بنەمای دەوڵەتەوە هەبووبێ کە نەمانبووە. هەست بە ئامادەیی بوونی فارس و رۆم لە گوتاری ئایینی ئیسلامی سەرەتایی دەکرێ، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە خودی فارس و رۆمەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەست بووە بەو دەسەڵاتەی کە هەیانبووە. رەنگە بنەمای کشتوکاڵیی و کۆمەڵگەی خێڵەکی و گەڕۆک بوار نارەخسێنێ بۆ نیشتەجێبوون، بۆ مێژوو دروستکردن. عەرەب لە بەداوەتەوە دەبن بە کۆمەڵگەی نیشتەجێ، ئەویش لە رێگای ئایین/دەسەڵاتەوە. راستە ئێمەی کورد دوو بنەمای گرنگمان هەیە، یەکەمیان زمانە، ئەوەی دیکەیان خاکە، ئەگەر ئەم دووەمان بوژاندەوە، ئەوە میللەتێک دەبوژێتەوە کە لە داهاتوودا دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ئایندەی خۆی دروست بکا.

**پ:ئێوە یەکێک لەو کەسانەن کە لە چەندین زمان و لەبواری جیاجیای ئەدەب دا وەرگێڕانتان کردووە بۆ سەر زمانی کوردی، یەکێک لەو وەرگێڕانانە کە کتێبخانەی کوردی لێی بێ بەری بوو"سەد ساڵ تەنیایی"گارسیا مارکێز بوو کە لەزمانی سەرەکییەوە وەرگێڕدرابێت، و ئەو وەرگێڕانەی ئێوە لە سەدساڵ تەنیایی بێگومان جێگەی تایبەتی خۆی لە کتێبخانەی کوردی هەیە، خوێندنەوەی سەدساڵ تەنیایی بە زمانە سەرەکی و ئۆرژیناڵەکەی چەندە جیاواز لەو وەرگێڕانانەی کە لە زمانی دووهەم یان سێهەمەوە کراون بە کوردی؟مەبەستم ئەوەیە فامی دەقێکی وەها گەورە بە زمانە ئۆرژیناڵەکەی بۆ کوردزمانێکی وەکوو ئێوە چ ئەزموونێکی رۆحی و فیکری و ئەدەبی بوو؟**

و:من دەمێکە تەرجەمە دەکەم، بەڵام ئیشی تەرجەمە یەکێکە لەو ئیشانەی کە هەرگیز تەواو نابێ. هەندێجار هەست دەکەم وەکو تەوقێکە کە خۆم هەڵیدەبژێرم. ئێمە، کەسمان لە قوتابخانەی وەرگێڕزانی نەمانخوێندووە، بەڵکو بەرهەمی حەز و ئارەزووە. رەنگە حەزێکی زۆر شاراوە بێ، رەنگە جۆرە شکستێکیش بێ. وەکو ئەوەی لە ناخی ناخمان بە خۆمان بڵێین، بۆچی ئەو شاکارە جوانە من نووسەرەکەی نیم! سەد ساڵ تەنیایی، کارێکی پڕ گرێ بوو، ئاسان نەبوو. چونکە گێڕانەوەی مارکێز زۆر تێکچڕژاوە، بە تایبەتی ناوەکان دووپات دەبوونەوە. خوێنەر دەبێ قەڵەمێ بگرێتە دەست ئینجا دەست بە خوێندنەوەی بکا تاکو سەری لێ نەشێوێ. هەندێجار بە خۆم دەڵێم، بە راست من هیچ زمانێک بە باشی دەزانم؟ رەنگە وەڵامەکەی بە "نەخێر" بێ. ئەدەب جۆرە خولیابوونێکە، جۆرە شێوازێکە بۆ ئەوەی بەردەوامیی بە ژیان بدەین. بەڵام تەرجەمە بۆ ئێمەی کورد زۆر زەروورییە، دەبێ کتێبخانەی کوردیی پڕ کرێن لە نووسین و بەرهەمی ناوازە، چونکە خۆمان خاوەن بەرهەمی زۆر نین.

**پ:دەکرێ زۆرتر باسی تێم و ناوەرۆکی سەد ساڵ تەنیایی بکەن لە روانگەی وەرگێڕی ئەو شاکارەوە؟وەکوو لە وتووێژێک دا باستان کردووە ئەم رۆمانەتان لە دوو زمان واتە"فەرەنسی" و "ئیسپانی"وە وەرگێراوە. بۆچی بە دوو زمان؟**

و:بۆ ئەوەی کورتەیەک لەسەر "سەد ساڵ تەنیایی" بخوێنینەوە، دەشێ پەنا بۆ هەر لاپەڕەیەکی "نێت"بەرین، بەزمانی جیا، کورتەیەکمان لەسەر ئەو رۆمانە دەداتێ. سەربارى ئەوەی ئەم رۆمانە براوەی خەڵاتی نۆبلە، کە بە نیسبەت منەوە، گرنگیی ئەم رۆمانە لەوێوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو ئەم رۆمانە "حەکایەتی دارشتنە"، حەکایەتی دارشتن بۆ من، ناوەرۆکی ئەم نووسینە دانسقەیە. راستە، دەچینە گوندێکی لاتەریکی کۆلۆمبیا و رۆماننووس بۆ نێو تەقلید و ئەقڵییەتی کۆمەڵگایە شۆڕمان دەکاتەوە. دەچینە دنیایەک کە لەوەو پێش نەمانبینیوە، راستە لەهەندێ شوێن ئاماژە بۆ مێژووی ئەو وڵاتە دەکات، وەکو کۆلۆنیالیزم، هاتنی شەمەنەفەر، کارگەی مۆز و هتد، بەڵام بە گێڕانەوەیەکی زۆر پەدیدەئامێز، لێرەوە رەنگە چەمکی جادووگەریی واقیعی پێ رەوا ببینرێ، لەمەش زیاتر، بەڵکو مارکێز داهێنەری ئەم رەوتە ئەدەبییەیە. کەسایەتییەکانمان لە لا نزیک دەکا، لە کاتی خوێندنەوە وا هەست دەکەین، دەمێکە ئێمە مێلکیادیس و سەرهەنگ ئاورێلیانۆ دەناسین.. هیچ لاپەڕەیەک نییە کە بە بێ موفاجەئە تەواو بێ، حەکایەت لە ناو حەکایەتە، وەکو گێڕانەوەکانی "هەزار و یەک شەوە" راستە، سەرەتا بە ئەستەم رۆ دەچینە نێو ئەم گێڕانەوەیە، بەڵام تا زیاتر بخوێنیەوە، هەندە دڵگیرتر خۆی نیشان دەدا. لە کاتی وەرگێران، سەیری دەقە ئیسپانیی و فەرەنسییەکەم دەکرد تاکو بە گوێرەی توانا وەرگێڕانەکەم ورد بێ، بەڵام گومانی تێدا نییە، هەموو بەرهەمێکیش بە بێ هەڵەوپەڵە نابێ

**پ: لە جیهانی ئارتور ڕێمبۆ و شارل بوودلێر چیتان هەڵگۆست کە شێلگیرانە کەوتنە وەرگێڕانیان؟گوڵی خراپە چی دەبەخشێ بە دونیای شیعریی ئێمە؟**

و:"گوڵی خراپە" شاکارێکی جیهانییە، ئەمڕۆ، ئەدەبدۆست نییە لە سەر گۆی زەمین گوێی لەم دەنگە ناوازەیە نەبووبێ کە لە سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسیی سەریهەڵدا. بۆدلێر پشت لە ڕەتابەت٣ ی ڕۆمانسییەت دەکات و باوش بۆ نوێ دەکاتەوە، نوێ، تەنانەت ئەگەر لەودیوی ژیانیش بووبێ. بۆدلێر دەنگی شارە، پاریسی نوێ، پاریسێک کە ئیدی پشت لە سەدەکانی ناوەند دەکات و شاشەقام و باڵاخانە و تەلارەکان موژدەی سەدەی بیستیان پێیە. بۆدلێر ئەو دەنگە عاسییەیە کە لە نێوان ئاسمانە بێگەردەکان و چڵپاوی ئەم سەر زەمینە بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە. دەنگێکی شیعرییە بە ئیمتیاز کە دواتر ڕامبۆ بە یەکێک لە خوداوەندەکانی لەقەڵەم دەدا، ئەو ڕامبۆیەی کە بێزی لە هەموو ئەدەبیاتی پێش خۆی دەکرد، ئەگەر بێت و ڕاسین و ئۆڤید بەهەند وەرنەگرین.

ڕامبۆ قارەمانێکی نوێیە...ئەو شیعر و شێوەکانی ژیان لەیەک مارە دەکات. سەفەری جوگرافیی و سەفەری شیعری بەیەکەوەن. یەمەن و حەرار و هۆڵەندا و جاڤا و ئەڵمانیا ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن، بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەهەم کە سەفەرکردن وەکو ئەمڕۆ ئاسان نەبوو. ڕامبۆ زۆر زوو دەست دەکات بە شیعرنووسین و زۆر خێراش وازی لێدەهێنێ، ئەم نهێنییە دەچێتە دوو تۆی شیعرەکانی.

**پ: خاڵە هەستیار و ئاڵۆزەکانی تێگەیشتن لە جیهانی شیعریی ئەم دوو شاعیرە و هەروەها وەرگێڕانی جیهانی شیعرییان بۆ سەر زمانی کوردیی کامانەن؟**

و:بۆدلێر و ڕامبۆ، زۆر لە شاعیرانی ئێمە جودان. هەر بۆ نموونە، تێرمی "جوانیی" وەرگرین، بڕوا ناکەم لە تەواویی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بەو جۆرە سەیری جوانیی کرابێ. جوانیی لای بۆدلێر ئاڵۆزە، سەرنجڕاکێشە، کەچی پەلوپۆی مرۆڤ بۆ دۆزەخ رادەکێشێ. سەرچاوەی جوانیی ئاسمانیی نییە بە تەنها، بەڵکو عەرزیشە، تەنات لە نێو گەندەڵییشدا بەدی دەکرێ. کەچی هەمان تێرم لای ڕامبۆ، تەواو جودایە، لە شوێنێک دەڵێ "جوانییم لەسەر ئەژنۆم دانا، تاڵ بوو". دنیای ئەم دوو شاعیرە بۆ من، جێی ڕامان بوو. وێنەی شیعریی سرکن، زۆرجار زەحمەتە هەمان مورادیف بە زمانی کوردیی بدۆزینەوە. هەر بۆ نموونە بۆدلێر باسی "ئۆرژی" دەکات لە شوێنێ، ئۆرژی بەو ئاهەنگ و جەژنانە دەوترا کە لە یۆنانی دێرین پیادە دەکرا، ژنان و پیاوان، پێکەوە بە بێ دەمامک و سانسۆری کۆمەڵایەتی ئاهەنگیان ساز دەکرد. ئەم تێرمە بە ئاسانی ناگاتە لای خوێنەری ئێمە ئەگەر ئاشناییەتی لەگەڵ کەلتووری ئەورووپی نەبێ. یا کاتێک ڕامبۆ دەڵێ "من یەکێکی دیکەیە" ئەم دەستەواژەیە بە ئاسانیی ناگاتە لای خوێنەری کورد.دەشێ ئاڵۆزییەکان بکرێتە لیستێک و ئیشی زۆری لەسەر بکرێ...

هەروەها ڕەمزە ئاینییەکان، مەبەست لە ئایینیی مەسیحییە، ئەم لەکسیکەش بەربەست درووست دەکات. دەیان ڕەمز، تەنانەت زیاتریش دەقی ئەم دوو شاعیرەی ئاخنییە. دەبێ کەمێ شارەزاییمان لە ئاینیی مەسیحییەت هەبێ بۆ ئەوەی ئەم دەقانە دەخوێنینەوە.

**پ:ئەدەبیاتی کوردی تا چەندە توانیویە خۆی لە ژێر ئایدیا ئایینی و شەریعەت تەوەرەکان و هەروەها ئایدۆلۆژیاکان(چەپ بەتایبەتی و هەروەها ناسیونالیزم) ڕزگار بکات؟مەبەست لە ئایین و ئایدۆلۆژیا هەموو ئەو تیڕوانینانەیە کە ئەدەب بە ئەحکام و باوەڕەکان ئاوس دەکەن.**

و:ئێمە، ئێستا لە قۆناغی گواستنەوە داین، گواستنەوەی ئەقڵییەتێکی ئایینیی بۆ ئەقڵییەتێکی ڕاسیۆناڵ. ئەم گواستنەوەیە دەمێکە دەستی پێکردووە، تەنانەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، واتە دوای تێکشکانی ئێمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەو پێیەی کە کورد گەرای هەستی نەتەوایەتیی تیا دەبزوێ. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشە ڕێبازی چەپگەرا هەژموونی خۆی، بە تایبەت لە نێو توێژی خوێندکاران و چەپی سیاسیی دا زاڵ کرد، ئەمەش لە نێو کایە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ. لەم سی ساڵەی دوایی، کرانەوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ و ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئاینیی و تەنانەت لە گوتاری ئاینیی برەو دەستێنێ. هاوتەریبیش، ئەدەبییاتی ئێمە کرانەوەی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. تا رادیەک، بارستایی ئایدیۆلۆژیی ئاینیی و ناسیۆنالیست بە شێوەیەک لە شێوەیەکان بەرەو کاڵبوونەوەی زیاتر دەڕوا. بەڵام هێشتا ڕەمزی شیعریی هەن وابەستەی خەونی نەتەوایەتیین و ئەم خەون و ئاوات و ئومێدە لە نێو دەقەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، نەوەیەکی نوێ، هەوڵی ئەوە دەدەن "من"ی خۆیان بنووسنەوە، بەڵام خود نووسینەوە هێشتا لە بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان ڕزگاری نەبووە، چونکە شۆڕشی فیکر هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ڕەوتدا نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەمێکە کۆمەڵگای کوردستانی لە نێو جوغزێکی داخراوە هەلومەرجی بەسەردا سەپێنرا بووە. هەروەها، هەلومەرجی ناوچەیی هێشتا لەبار نییە تاکو ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا سەرهەڵبدا، چونکە هەژموونیی ئیسلامی سیاسیی برەوی زیاترە، دەوڵەتە ئیقلیمییەکان هێشتا، مۆدێلی حوکمی مەدەنییان تیا سەقامگیر نەبوو تاکو کاریگەریی ئەرێنی بەسەر کوردستاندا هەبێ.

**پ:ئەدەبی کوردی لە ئاستی جیهان دا تا چەندە**

**ناسراوە؟ئایا ئەو ئایدۆلۆژی زەدەگییە دوورودرێژە کە بەسەر ئەدەبیاتمان زاڵ بووە، ڕێگر نەبووە لەم پرۆسەیە دا؟**

و:ئەدەبی کورد هەر هەندەی خودی کورد ناسراوە. لە سەرەتای هەشتاکان، لە ئەرووپا، زۆر کەم بوون ئەوانەی کە کوردیان دەناسی، لە نێو خەڵکی ئاساییدا، ڕەنگە لە نێوان ١٠٠٠ کەس، یەکێک کوردی نەناسیبا. لە ١٩٨٨، دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام، گازی کیمایی دژ بە دانیشتوانی هەڵەبجەی بەکارهێنا، ئیدی کورد لە میدیاکان و ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن زۆر باس کرا. دەشێ بڵێین، لەو کاتەوە کورد وەکو میللەتێکی ستەمدیدە لە ڕۆژئاوا ناسرا. من باسی، ئەو بازنە تەسکە ناکەم کە هەمیشە کوردیان ناسیوە، لە ڕێگای چەندین مەڵبەند و زانکۆ و سەنتەرگەلێک کە ئیشیان لەسەر مێژوو و ئەدەبییات و میدیا کردووە. چەندی کەسایەتی ناوداری کورد لەو مەیدانە هەبوون کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە، وەکو کامەران بەدرخان، زازا، جەمال نەبەز و چەندینی دیکە. ئەدەب پشکێکی زۆر کەمی بەرکەتووە : هەوڵەکانی ژابا، جوێس بلۆ، کریس کۆچەرا، ئۆسکارمان و کەسانی دیکە لەم بوارەدا دیارن، دیسانەوە ئەم هەوڵانە بەس نەبوون بۆ ئەوەی ئەدەبییاتی ئێمە ڕوخسارێکی یۆنیڤێرساڵی هەبێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی مێژوویی. کورد دەوڵەت نەبوو تاکو ببێتە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو، وەکو ئێران و تورک و عەرەب. دەمێکە فیردەوسی و خەیام سیمایەکی جیهانیان وەرگرتووە، هەزار و یەک شەوەی عەرەبان، قورئان، زۆر زوو تەرجەمەی لاتینی فەڕەنسی کران. بە یونیڤێراسال بوون پرۆسەیەکی زۆر سستە بە نیسبەت ئەدەبییاتی ئێمەوە، چونکە کادیری وەرگێری بیانییمان نییە، ئەوەی هەیە، هەر خۆمان ئەنجامی دەدەین، بە واتایەکی دیکە، هەر خۆمانین دەق لە کوردییەوە دەکەینە ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزیی و دانیمارکی، هەر خۆشمانین ئەدەبیاتی بیانیی دەکەینە کوردیی. ئەمە هۆکارێکی گرنگە، چونکە کاتێک ڕۆژئاواییەکی کوردیزان، بەرهەمێک لە کوردییەوە دەکاتە ئینگلیزیی بۆ نموونە، پێشوازیی زیاتری لێدەکرێ تا کوردەکە خۆی. بەڵام لەم دە پانزە ساڵەی دوایی بەرهەمگەلێکی زیاتر دەبنیرێ کە تەرجەمەی زمانی بیانیی کراون. لە ئایندەدا، کاری زیاتر دەکرێ، من هەندەی گرەو لەسەر ئایندە دەکەم، هەندە گرەو لەسەر مێژوو وەکوو ڕابردوو ناکەم

**پ:ئێوە دیوانی مەحویتان کردووە بە فەڕەنسی و ٢٠٠١ چاپ بووە، هەرچەندە زۆر پرسیارە بۆم کە ئێمە لەرووی دەروونی و زەینی و ڕۆحییەوە چی ئەزموون دەکەین کاتێک شیعر یان بابەتێک بە زمانگەلی سەر بە لاتین بەتایبەتی ئاڵمانی و فەڕەنسی وەردەگێڕین یان دەنووسین؟بەڵام ئەمەش پرسیارێکی زەقە بۆم کە مەحوی بۆ مرۆڤی ئەورووپی و بە تایبەتی فەڕەنسی لە چ ڕوویەکەوە دەشێت شتی پێ بێت؟کەلتووری فەڕەنسی**



**چەندە مەحوی خوێندەوە پاش ئەم وەرگێڕانە؟**

و:بەشێکی زۆری ئەو کارە ئەکادیمیانەی کە لەسەر کورد و ئەدەبییات و مێژووی کورد ئەنجام دەدرێت، وەکو سەرچاوەیەکی زانستیی، لە ئەرشیفی زانکۆکاندا دەمێننەوە- تێزەکەی من لەسەر مەحوی دوو بەشی لەخۆ دەگرت، بەشی خودی تێزەکە، و بەشەکەی دیکەشی وەرگێڕانی هەموو شیعرە کوردییەکانی مەحوی بوو. دواجار بیرم لەوە کردەوە کە بە جیا دەقە شیعرییەکان چاپ بکەم. چاپکردن ئاسان نییە، کاری ئیداریی زۆری دەوێ، منیش یەکێکم لەو کەسانە زۆر دڵم بە کاری ئیداریی خۆش نییە. ئەو دەمەی وەڵامی فەرمیان دامەوە، من فەرەنسام جێهێشتبوو و لە ئیسپانیا جێگیر بووە، داوەتنامەیەکم لە دەزگای ئارمەتانەوە بەدەست گەیشت بۆ ئەوەی ڕۆژێک تەرخان بکەن تاکو لەسەر مەحوی ئەدەبییاتی سۆفیگەریی قسە بکەم، من نەچووم. دواتریش زۆر دوای نەکەوتم. چاپ بوو و بڵاوبووەوە. هەروەها چەند ساڵێک پێشتریش، یەکەم دیوانی شیعرییم هەر لە هەمان دەزگا، ئیسماعیل دەروێش تەرجەمەی کردبوو، بڵابووەوە، وەکو بیستم خوێنەری هەبوو. بەڵام وەکو خۆت دەزانی، ئەوانەی مەحوی دەخوێننەوە، هەڵبەتە خوێنەری ئاسایی نیین، بەڵکو خوێنەری دانسقەن کە ئارەزووی ئەدەبییاتی سۆفیگەریی و ڕۆژهەڵات دەکەن. ئەمە بۆ بەشێکی زۆری ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتیش ڕاستە. ئایا تا چ ڕادەیەک فیردەوسیی و خەیام لە ناو فەرەنسییەکان ناسراون، ئەمە بۆ مەحویش ڕاستە.

**پ:خاڵێکی گرینگ کە ئاماژەتان پێ داوە ئەمەیە کە مەحوی خوێنەری تایبەتی خۆی دەوێ، ڕاستە مەحوی شیعری وای هەیە دەلالەتە لە هەڵوێستێکی ئایینی-سیاسی و زۆر حەیفە کە ئەو کارەی کردووە بەڵام لەهەمان کاتیشدا جیهانی مەحوی جیهانێکی فرەرەهەند و ئاڵۆزە و من هەندێ لە ناوەڕۆک و تێمی کەلامی و فیکری(با بڵێم هەندێ کەڵکەڵەی وجوودی) کە لە جیهانی مەحوی دا دیتوومە لای زۆرێک لە شاعیرانی نوێی ئەمڕۆش نەمبینیوە و لە وتارێکی کورت بەناوی "جیهانی پارچەپارچە و فرەرەهەندی مەحوی" هەوڵم داوە ئەم باسە بخەمە ڕوو، ڕوانگەی ئەحمەدی مەلا وەکوو کەسێک کە هەم تێزەکەی لەسەر ئەم شاعیرە بووە و هەمیش تێڕوانینی تایبەتی بۆ شیعر هەیە چۆناوچۆنە؟**

و:تێزەکەی من لە سەر سێکوچکەی شەریعەت و حەقیقەت و تەریقەت دەکۆڵێتەوە، واتە شیعری مەحوی لە کوێی ئەم سێ کوچکەیەدایە. لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی لەوە تێدەگەین کە مەحوی لە نێو بگرەوبەردەی نێوان ئیسلامی زاهیریی ( شەریعەت) و ئیسلامی باتینیی ( حەقیقەت)دایە. کاتێ لەو حەدیس و ئایەتانە ورد دەبینەوە کە مەحوی بۆ دروستکردنی فەزای شیعرەکانی کەڵکی لێ وەرگرتوون، گەڵێک بارگاویین بە ئیسلامی زاهیریی. ئیسلامی زاهیریی سەرجەم ئەو یاسا و ئەحکامە دەگرێتەوە کە دەبێ موسڵمان پەیڕەویی بکا تاکو لە نێو ئوممە جێگای بێتەوە. هەروەها لە کاتی بەسەرکردنەوەی شیعرەکانی مەحوی، لە هەڵوێستی ئەو شاعیرە تێدەگەین سەبارەت بە یەکێکی وەکو حەلاج، یا هەڵوێستی سەبارەت بە چەمکی "وەحدەتی وجوود". گرینگیی مەحوی لەوەدایە، کە بە کوردیی ناوەند، زمانی سۆفیگەریی دێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەم هێنانەکایە، لە سەردەمێکدایە کە سیستەمی خەلافەت بەرەو ئاوابوون دەچێت و فیکری نەتەوایەتی خەریکی چەکەرە کردنە، بە تایبەتی لە ناو تورکان. لەم ڕووەوە، ئەگەر سەیری مەحوی بکەین، دەبینین کە شاعیر سەر بە وەچەیەکە دەمێک بوو باروبارگەی خۆیان لەو ڕۆژهەڵاتە پێچیببووەوە، ئەو بەو کەشتیوانە دەکات، کە بە سەوڵ لێدان خۆی دەگەیەنێتە کەنارەکانی وشکایی لە جیهان، بە تایبەت ئەو ناوچەیە لە گۆڕانکاریی قووڵ دایە. مەحوی ئاوڕ لە ڕابردوویەکی بێگەرد دەداتەوە، ڕابردوویەک ئیدی مەحاڵە بە دەستی یەکێکی وەکو عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی، جارێکی دیکە ببوژێتەوە.

**پ:سەرەڕای ئەم باسانە لەسەر جیهانی مەحوی، ئایا لەڕووی وجوودییەوە(لانیکەم باڵە ئایینییەکەی وجوودگەراکان) کەڵکەڵە و دڵەڕاوکێیەک لە مەحوی دا نابینن؟بۆ نموونە شیعری "لە ناکەس کاریبا خاکم بەسەر ڕوی بە با عومرم/خوایە بمژێنی تا لەبەرقاپی کەسێکا ئەمرم"...یان هەر بەیتێکیتری ئەم غەزەلەی کە دەڵێ: خەیاڵی پووچی دنیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە/ قیامەت، هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم...ئەم دەربڕینانە ئایا تیشکێک لە دڵەڕاوکێیەکی وجوودی کە ململانێی بوونی خۆی دەکات لە ناو ئەو سێ کوچکەیەی کە ئێوە باستان کرد، ناخاتە ڕوو؟لە شوێنێک دا مەریوان وریا قانع باس لە نیهیلیزمی مەحوی دەکات لەم شیعرەی دا.**

و:زۆر ڕاستە، مەحوی لە دوا پێناسەدا، شاعیرێکی وجودییە، بەڵام نەک ئەو وجودییەتەی کە ژان پۆل سارتەر بانگەشەی بۆ دەکرد. بەڵکو لە ڕووی ئەنتۆلۆژییەوە، واتە بوونی مەحوی لە نێو بوونێکی گەورەتر دا دەبێ چۆن بێ. بوونی گەورە، وەکو بوونی بچووکی "مرۆڤ" بوونێکی کاتییە، فانیە، کورتخایەنە، بۆیە مرۆڤی کامیل ئەو کەسەیە کە پشت لەم جیهانەی دەکات کە زۆرجار بە سۆزانیی و بێ وەفا نێوزەد کراوە. بردنەوەی ئەم گرەوە ئاسان نییە، چونکە مەرجەکانی ئەم تەبایی بوونە، جودا بوونەوەیە، تەرک کردنی ئەم جیهانە بێ ناوەڕۆکەیە، ئەم جیهانەی کە هەموو بە ئاوی دەچوێنین کەچی جەوهەری

ئەم بوونە، تراوێلکەیی و سەرابە. لەم دیدەوە، مەحوی دەچێتە خانەی ڕێبازی سۆفیگەریی کە جەوهەری بوون ڕەت دەکاتەوە و باوەش بە جەوهەری موتڵەق دەکا کە وێنەیەک وەکو لایتمپتێئف۴ هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. ئەم وێنەیە لە شێوە ژنێکی ڕۆژهەڵاتییدایە، بێگومان کەرەسە ئەدەبییەکانی لە ئەدەبیاتی پێشخۆیەوە دەقۆزێتەوە. وێنەیەک، هەندەی ڕوخسارە مانگییەکەی دەردەکەوێ، هەندە لەش و جەستەی ئەو "ژنە" دەرناکەوێ. ڕوخسارێکی خڕ، وەکو مانگ خاوەن دەلالەتی زۆرە. تاکو ئێستا ناوی "مەنوچەری" لە ناو فارساندا، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو مانگە خڕەی کە شەوی ڕۆژهەڵات دەادەگیرسێنێ، هەڵبەتە بێ بەش نییە، لە بەهای پیرۆز. مەحوی ڕوو لەو ڕوخسارە دەکات و پشت لە دنیا دەکات. لەم ڕووەوە، مەحوی بوونی خۆی دیاریی دەکات، بوونێکە ئاوڕ لە ڕابردووی بێگەرد و ئایندەیەکی خەیاڵی دەداتەوە.

**پ:دۆخی گشتی ئێستای شیعری کوردی لە باشوور و پاشان لە ڕۆژهەڵات چۆن دەبینن؟دەکرێ ئاماژە بە ئەزموونە سەرکەوتووەکان بدەن.**

و:شیعری کوردیی وەکو شیعری جیهانییە، ئیدی شتێک نییە بە ناوی "شاعیر" وەکو جاران ؛ بۆدلێر، ڕامبۆ، هۆڵدرلن، ڕێنییە شار، ئەلان پۆ، ئەلیەت، گوتە، حافز، نالی، شاملو، موتەنەبی، هتد..ئەمڕۆ جێگا و پێگەی شاعیر لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، تەنها شیعر نووسین نییە، بەڵکو چالاکییەکی فراوانترە و بواری شیعر تێدەپەڕێنێ. شاعیر لە ناو شاردا چالاکە، نەک وەکو شاعیر بەڵکو وەکو هاونیشتیمانییەک کە هەست بە لێپراسراویی و ئەرک دەکا، ئەویش وەکو سیاسیی کار دەکا، بەڵام بە ئەدوات و کەرەسەی دیکە. بۆیە، بڕوا ناکەم، ئیدی شاعیر وەکو پێغەمبەر خاوەن دەزووە پەنهانەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەرەوە بێ، بەڵکو ئەویش وەکو مرۆڤێکی دیکە، بەشداریی لە کۆمەڵگە دەکا. شاعیر غەیببینیش بێ، غەیببینێکی مێتافیزیکیی نییە، بەڵکو لە ناو زماندا ئیش دەکا، لە نهێنییەکانی زمان ورد دەبێتەوە و ڕەهەندی دیکە دەبەخشێتە زمان، لێرەوە، جیهان بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێ، ژیان بە جۆرێکی دیکە خۆی ئاشکرا دەکات. شاعیری زمانحاڵ کۆتایی هات، لە کوردستان، شێرکۆ بێکەس، دوا شاعیر بوو، وەکو شاعیری میللەت، شاعیری میللی، شاعیری دەنگی ئەوانی دی. ئەم هاوکێشەیە، بە بڕوای من کۆتایی هات، بە واتایەکی دیکە، شاعیر لە دوای دەنگی خۆی دەگەڕێ و نایەوێ دەنگی ئەو ببێتە دەنگی ئەوانی دی، واتە ئەرکە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکانی لەسەر لا ئەچێ، شاعیر لەو ڕووەوە بار سووک دەبێ، بەڵام کارەکەی سەختتر دەبێ، واتە دەبێ بە شێوەیەکی شاقووڵی ڕۆ بچێتە نێو دەنگی خۆی و لەوێ نەوتراو بدۆزێتەوە. بۆیە کاتێک باسی شاعیرێک دەکەین، دەبێ لێی وردبینەوە و بزانین بۆچی و چۆن دەقە شیعرییەکانی خۆی ڕێکخستووە. لە ڕۆژهەڵات چەند دەنگێک هەیە بە بۆچوونی من لە نێو ئەزموونگەرایییەکی جواندا دەنووسن. ساڵح سووزەنی، سوریالیی ئامێزێکی تایبەتە، عەلی پوور، دەیەوێ گەمەکانی زمان تا دوا سنوورەکانی ببات.. دوا سنوورە، ئەمە پرسیارێکە. لە باشوور، چەندین دەنگی جوان و بە پیت هەن. بەڵام هەندێجار هەست دەکرێ، دوای شێرکۆ بێکەس هەست بە هەتیوبوون دەکرێ، ئەمە نابێ وا بێ..چونکە شاعیر هەمیشە هەتیو بووە و هەتیوە- دلاوەر قەرەداغی و هیوا قادر و هاشم سەراج و لە نێو لاوەکاندا، پێشەوا و بۆلی و چەندین دەنگی دیکە هەن..ئەمڕۆ شیعر نووسین تا بڵێی سەختە، چونکە بنمیچێک نییە شاعیر داڵدە بدا.

**پ:ڕەخنە بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی لە ئاستی جیهانی دا چ ماهییەت و پێگەیەکی هەیە؟و فەزای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چۆناوچۆنە؟**

و:هاوکێشەیەکی باو هەیە لە نێو کەلتووری کوردییدا، دەڵێ، لەبەر ئەوەی دەقی کۆک نییە، ڕەخنەشمان نییە، ئەم تێبینییە، هەڵەیە، چونکە سەرهەڵدانی شیعر وەکو دەق و سەرهەڵدانی ڕەخنە وەکو گوتارێکی جودا لەسەر دەقی شیعریی، دوو دەرکەوتەی جودان. ئەگەر گێلگامیش وەکو دەقێکی هونەری/ئەدەبی/شیعری/فەلسەفیی سەیر بکەین کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٥ هەزار ساڵ، کەچی ڕەخنەی زانستی لە شوێنێکی دیکە، لە فەزایەکی کەلتووری دیکە سەرهەڵدەدا، ئەمە مانای وایە، کە دوو بواری زۆر جودان. ئێمە، بە گشتی، سەر بە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیین، ڕەنگە، ئەگەر وردتر بڵێین، ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەداین کە هێشتا سنوورەکانی دیار نین. لە کۆمەڵگە سوننەتییەکان، ڕەخنەی زانستیی سەرهەڵنادا، بەڵکو وەسف و ستایش و زەم هەن، ئەم ڕەگەزانە پەیوەندییان بە گوتاری ڕەخنەی زانستییەوە نییە. ئێمە، بە شێوەیەکی گشتیی، خاوەنی ئەقڵییەتێکی ڕاسیۆنال نین تاکو ڕەخنە بە مانا فراوانەکەی سەرهەڵبدا. لە ڕۆژئاوا، لە چەرخی ڕاپەڕینەوە، ڕەخنە وەکو بەرهەمی ئەقڵی ڕاسیۆنال چەکەرە دەکا، ڕەخنە لە دەقی پیرۆز دەگیرێ، نەک بۆ ئەوەی ڕەتی بداتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی لێیبکۆڵێتەوە ؛ کاتێکیش ئەم تەورە پەیدا دەبێ، دەچێتە بازنەیەکی فراوانتر : ڕەخنە لە کایەکانی کۆمەڵگە : ئایین، سیاسەت، هونەر، شیعر، ئەدەب، مێژوو هتد. گوتاری باوی ئێمە، ڕەخنەیی نییە، بەڵکو گەڕانە بە دوای سەرچاوەیەک کە شەرعییەتمان بداتێ، شوناسمان دیاریی بکات، خۆمان لە جیهاندا دیاریی بکەین. بۆیە هێشتا بە ڕای من پێگەیەک نییە، نەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، تەنانەت بۆ ڕەخنە بە شێوەیەکی گشتیی، ئەمە لە کایەکانی سیاسەتدا زۆر بە جوانیی دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە باشوور. ڕەخنە و جوێن دەبنە هاوتەریبی یەکتر. ئەمەش مانای ئەوە نییە

که خوێندنەوەی ڕەخنەئامێزمان نەبێ، لە حەفتاکان، لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای مارکسی دەق دەخوێندرایەوە، دواجار هەندێ کار هەن لە دیدی دیاردەگەرایی، یا بنەماگەرایی کارەکانیان ئەنجام داوە. بەڵام، هێشتا ئێمە دوورین لە ئەقڵییەتێک کە لە ناوەڕۆک وجەوهەری کاری ڕەخنە تێبگات.

**پ:ئەزموونی شیعری ئەحمەدی مەلا لە "زەردەک"ەوە تاکوو "سەرەتاکان" کە کۆی ئەو شیعرانەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤بۆ ٢٠٠٦ نووسراون و بەختیار عەلی پێشەکی لەسەر نووسیوە تا گەڕانەوەی زەردەشتیش لە خۆگری چەند جومگەیە کە بەگشتی من ئاوای دەبینم. جومگەیەک کە بەردەوام خەونی تازەگەری و دابڕانی لە ڕەوتی خۆی دا هەڵگرتووە، جومگەیەک کە خەون و کەڵکەڵەی گەڕان و بوونی بەمانای تاکییەتی شاعیر پێکەوە گرێ داوە(بوون و هەبوونbee-become/) و جومگەیەکی ئازادی زمانی یان وەکوو بارت دەڵێ بێ زمانی کە لە فۆرمە زمانییەکانی شیعری ئێوە بە تایبەتی**



**گەڕانەوەی زەردەشت بەدی دەکرێت، وەکوو دیارە هەموو ئەم جومگە سەیال و دینامیکانە ئەزموونی تۆیان تەنیوە، خۆت وەکوو خوێنەری ئەزموونی خۆت چۆن دێیتە گۆ لەسەری؟(هەر چەند ڕوانینێکی تەقلیدی و باو هەبووە و هەیە کە دەڵێ شاعیر نابێ لەسەر دەقی خۆی قسە بکات بەڵام ئەمە ڕوانینێکی تاک ڕەهەندە و ناتوانێت گریمانەی ئەوە بکات کە دانەر(مؤلف) تەنها ڕوویەکی کەسایەتییەکەی شاعیرە و دواجار خۆشی یەکێکە لە خوێنەران).**

و:ئەگەر باسی شیعری خۆم بکەم، دەبێ بە قسەیەکی بەختیار عەلی دەست پێبکەم کە لە دوو توێی پێشەکییەکەدا هاتووە، دەڵێ " شیعری من سەنتەری نییە" ڕاستییەکەی تاکو ئێستا کەس وەکو ئەو، هەند بە وردیی باسی ئەو شیعرانەی نەکردووە، تەنانەت، خۆمیش، هەستم بەمە نەکردبوو، بەڵام کاتێک وردبوومەوە، هەست بەمە دەکرێ. نەبوونی سەنتەر مانای چییە؟ سەنتەر لە ناواخنی هزری ئاینییەوە پەیدا دەبێ، مێرسیا ئێلیاد لەم ڕووەوە زۆر قسەی کردووە. هەر نەبوونی ئەم سەنتەرەیە کە وایکردووە دەقی شیعریی من میتافیزیک نەبن، بەڵکو فیزیک بن. بە واتایەکی دیکە، دنیای هەستەکان ئامادەگییان هەیە، لەو هەستانەوە ئاودیوی دنیایەکی دیکە دەبین. کاتێک "زەردک" دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئێمە بەرامبەر بە تابلۆیەکین کە بە کۆلاژ دروستکراوە، پارچە پارچەی وێنەگەلێک کە پاشماوەی زاکیرەیەکن کە لە گەشەسەندن دایە. ئەمە زاکیرەی تاراوگە نشینە، زاکیرە شتێکی وەستاو نییە، بەڵکو گەشە دەکات و دنیای ناوەوەی خۆی ڕێکدەخات. "زەردک" وێنەگەلێکی دنیایەکی وێرانکراو بوو، هەوڵم دا لە ڕێگەی شیعرەوە دروستی بکەمەوە. ئەوەی یارمەتیی دام کە ئەم شیعرانە، لە چاو ئەو دەقانەی کە لە کوردستان دەنووسران، جودا بن، ئەوە بوو، ماوەیەک بوو هیچی ئەوێم نەدەخوێندەوە، هەروەها هەوڵم دا، شتێکی خۆم بلێم لە دەرەوەی ئەو کاریگەرییە ئەدەبییانەی ئەوێ. دەنگێکی ناوەکییە، دەنگی تاراوگەنشینیەکی تەواوە، چونکە ئەو دەم، سەرەتاکانی ١٩٨٠ وەکو ئێستا نەبوو، کاتێک دابڕاین لە کوردستان، دابڕانێکی کۆمپلێت بوو، دەبوو، خۆمان، بە تەنها ژینگەی خۆمان دروست بکەینەوە. هەر لەو دەقانە، خودا لە شێکلی جودا دا دەردەکەوێ، هەمان ئەو خودایە نییە کە قورئان باسی کردووە، هەر لەوێ سوودم لە چەند ئایەتێکی قورئان بینی، نەک وەکو کلاسیکەکان، بەڵکو بە شێوەیەکی دیکە، تێکهەڵکێشی شیعرەکانی بکەم. "زەردک" لە ٩ دەق پێکهاتووە ؛ بە "لەدایکبوون" دەست پێدەکات و بە "شەهوەتی ڕەفز" کۆتایی دێ. ئەم دوو ناونیشانە تێکرای ئەو پرۆژەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئیدی لەو دەمەوە، حەز دەکەم خۆ دووبارە نەکەمەوە، نەنووسینم زۆر لە لا گرنگترە وەک لە خۆ دووبارە کردنەوە، چونکە شیعر نووسین پیشە نییە، بەڵکو خولیایەکە،

هەواڵنامەی شیعر

خولیایەک نییە بۆ ئەوەی وەکو شاعیر بمێنینەوە، بەڵکو لەو هەودایە بگەڕێین کە ئێمە بە دنیادا گرێ دەدا. ئەم هەودایە لە گۆڕان دایە، چونکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دنیا شتێکی وەستاو نییە، گرنگە ئەم دنیا خوێندنەوەیە وەکو ئەزموون لە دەقدا ڕەنگ بداتەوە. ئەزموون و سەنتەر دوو شتی دژ بە یەکن، ئەوانەی سەنتەریان هەیە، زۆر بە کەمیی ئەزموونیان هەیە، چونکە سەنتەر لەگەڵ شیکلی جێگیر هاوتەبایە، با ئەو شیعرەش، شیعری سەربەست و ئازاد بێ، چونکە شیعری ئازاد، تەنها شیکلێک نییە کە ستوونی نەبێ، بەڵکو زۆر لەمە بزێو تر و عەجوول ترە. "گەڕانەوەی زەردەشت" دوا ئەزموونمە، هەوڵم داوە، سەرجەم بارستاییە ئاینیی و ئایدیۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیی و هتد وەلاوە خەم، تەنانەت خودی وێنەی "زەردەشت" لە کەسایەتییە مێژوویییەکە داماڵم و بیکەم بەو وێنەیەی کە خۆمی تیا دەبینم، بۆیە خوێندنەوەی ئەم دەقە نابێ لە دیدی زەردشتی مێژووییەوە بخوێندرێتەوە، چونکە لە دوا پێناسەدا، زەردەشت لەو دەقە تۆی مرۆڤی/تۆی یەزدانی.

**پ:بەشێک لەکارەکانی ئێوە تایبەتە بە ڕۆمان و ئەدەبی چیرۆکی(چ وەکوو نووسین و چ وەکوو وەرگێران)، پێگەی ڕۆمان و گێڕانەوەی چیرۆکی لە ئێستای ئەدەبی جیهانی دا چۆنە و لای خۆمان(ڕۆژهەڵات و باشوور) لە چ فەزایەک دایە؟**

و:ڕاستییەکەی زەحمەتە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە ئەمە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیە و هەروەها من ئاگاداریی هەموو بەرهەمەکان نیم. بەڵام ڕۆمانی کوردیی لەم بیست ساڵەی دوایی هەنگاوی جوان دەنێ، کوردیش بە نووسینی ڕۆمان ئاشنا دەبێ. لێرە جێگای ئاماژە پێکردنەوە کە ئێمە هەموو ئەم ژەنرانە(Genre) لە ڕۆژاوا وەردەگرین، تەنیا شیعر نەبێ کە هەڵقوڵاوی کەلتووری خۆمانە، بۆیە ئاساییە کاریگەریی هونەریی ڕۆمان بەسەر نووسەرانی ئێمەوە دیار بێ. نامەوێ شتی گشتی بڵێم.

**پ:حەکایەت و ڕاز(چیرۆکە کۆنەکان)ە کوردییەکان تا چەندە توانیویانە لەگەڵ ژانێرێکی هاوردە و دەرەکی وەکوو ڕۆمان بکەونە دیالیکتیک و دانوستانەوە، واتە ئەو ڕۆمانە کوردیانەی(ئەوانەی سەرنجی ئێوەی ڕاکێشاوە و ئاگاداریان هەن) کە بەرهەم هاتوون تا چەندە لە ئاسەواری گێڕانەوەیی زمانی کوردی کەڵکیان وەرگرتووە؟**

و:کەلەپووری زارەکی ئێمە هی قۆناغی "دەرەبەگایەتی"یە، وەکو گۆرانی ژێستی فەرەنسییان٥، زۆر زەحمەتە بتوانین چەمکی فەلسەفی قووڵی لێهەڵهێنجین، مەگەر چیرۆکەکانی عەشق و فیداکاریی و جەوامێریی نەبێ. ئەورووپای هاوچەرخ، مەبەستم لە سەردەمی ڕێنسانسەوە، ئاوڕ لە کەلەپووری یۆنان و ڕۆمای دێرین دەداتەوە زیاتر وەکو لە قۆناغی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەند. ئەم خوێندنەوەیە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. ڕەنگە ئێمە بتوانین لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر هەندێ ڕەمز هەڵهێنجێنین بۆ ئەوەی تێکهەڵکێشی بکەین لەگەڵ بۆچوونە نوێیەکانمان.کاتی خۆی بێکەس، شانۆنامەیەکی لەو ڕووەوە نووسی. بەڵام حەکایەتەکانی لاس و خەزال و شیرین و فەرهاد و زەمبیل فرۆش و هتد، نازانم تا چ ڕادەیەک دەشێ کاری هاوچەرخیان لەسەر بنیات بنرێ.. یەشار کەمال لەو ڕووەوە، جێپەنجەی دیارە، بەڵام ئەو سوود لە حەکایەتەکانی داپیرەی وەرگرتووە وەکو بزانم. لە کۆتاییدا، هەموو شتێ دەشێ و دەگونجێ،ئەمەش پێویستیی بە سەلیقە هەیە، پێش سەلقیەش پێویستیی بە دنیابینییێکی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی نەفەسێکی نوێ ببەخشێتە ئەو کەلەپوورە..کارێکی ئاسانە بۆ لێزان.

**پ: وەکوو دوا وتەتان لەم وتووێژە چیتان هەیە بیڵێن؟ سەرەتا سوپاس بۆ ئێوە، ئەمە یەکەمین جارە، پیاوێکی ئاگا، چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکا. هەڵبەتە سنووری زانیارییەکانی من زۆر لە پرسیارەکانی ئێوە بەرتەسکترە.**

و: زۆر سوپاس بۆ لوتف و سینگفراوانی ئێوەش.

پەراوێزەکان:

١- Etat-Nation فۆرمی خۆماڵی دەوڵەت- نەتەوە. واتە مەبەست لە شکڵێک لە دەوڵەتیی نەتەوەییە، دەوڵەتێک کە بۆ ڕەگەزی فارس و تورک و عەربە بە بێ گوێدانە ڕەگەز و زمان و کەلتووری دیکە کە لە ناو ئەو سنوورە دەژین.

٢-frustrer لە ڕووی سایکلۆژییەوە مانای ئەوەیە کە سوبژێکتێک شتێکی لێ حەرام دەکرێ یا شتێک لە خۆی حەرام دەکات، بۆ نموونە کاتێک منداڵ دزیی دەکا، ئەمە نیشانەی ئەو حیرمانی خۆشەویستیەیە.

٣- ڕەتابەت : monotonieواتە یەک ڕەنگ، شتێک بە شێوەیەکی بێزارکەرانە دووپات ببێتەوە. شتێک تامی خۆی لەدەست بدات، بۆ نموونە کاتێک دەگوترێ ڕۆژگارێکی بێ تامە مەبەست حاڵەتی ڕەتابەتە.

٤- لایتمۆتیف؛تێمەیەک کە لە دەقێک دووبارە دەبێتەوە و بنەمای دەق دروست دەکات یا تێرمێکە دووبارە دەبێتەوە.

٥-( گۆرانی ژێستی) chanson de geste داستانی جوامێریی و پاڵەوانێتی سەدەکانی ناوەندە، بە تایبەت هی سەردەمی شەڕی خاچپەرستان کە ستایشی سوارچاکەکانی دەکرد. وەکو بەیتی لای خۆمان. دەهۆنرانەوە و دەنگبێژەکانیان لە مەیدانی گشتی و لە بازاڕی هەفتانەو لە سەر ڕێگای حەج بۆ خەڵکیان دەگوت.

# ئێمە هەمیشە ژیاننامەی خۆمان دەنووسینەوە

## گفتوگۆ لە نێوان ئیان مەکئیوان و میلان کوندێرا

لە ئەڵمانییەوە:
کەریم پەرەنگ

- مەکئیوان: بۆ من بە بایەخ بوو لە دوا بەشی ڕۆمانی (سووکیی بەرگەنەگیراوی بوون)دا تێڕوانینێکی زۆر نوێتان بەرامبەر بە بەهەشت بەدی دەکرێت. تێریێزای ژنەپاڵەوان لەگەڵ تۆماسی مێردی و سەگەکەیدا کە ناوی کارێنینە لە لادێ خۆیان تەریک کردووە. ئێوە دەنووسن: "بەراورد لە نێوان کارێنین و ئادەمدا ئەوەم بە بیردا دێنێت، کە مرۆڤ لە بەهەشتدا هێشتا مرۆڤ نەبووە. باشتر بڵێین: مرۆڤ هێشتا توور هەڵ نەدراوەتە سەر ڕێگەی مرۆڤبوون. بەڵام ئێمە لە مێژەوە لە سەر ئەم ڕێگەیەین و بە ناو خاڵێتی کاتدا دەفڕین، کە لە سەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات." لە دوای چەند دێڕێک لە بارەی ئەو مەترسییەوەی، مرۆڤ وەکو مەکینەی بێرۆح مامەڵەی ئاژەڵ بکات: "بەم شێوەیە مرۆڤ ئەو پەتە دەبڕێت، کە بە بەهەشتەوەی دەبەستێت و لەم فڕینەدا بە ناو خاڵێتی کاتدا هیچ شتێک ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت، هیچ شتێک ناتوانێت دڵنەوایی بکات." واتە ئەم بەهەشتە شایستەی ئەوەیە مرۆڤ دەستی پێوە بگرێت. ئەمە چی پەیوەندییەکی بەو بەهەشتە بێرۆحەوە هەیە، بەو یوتۆپیا سیاسییەوە، کە ئێوە لە شوێنێکی دیدا بە ڕقەوە وەسفی دەکەن؟

- کوندێرا: تێریێزا تاسەی بەهەشت دەکات. لە کۆتاییدا ئەمە داواکاریی مرۆڤ نەبوونە.

- مەکئیوان: بەڵام ئەو پیاوەی بە جۆش و خرۆشەوە لە بازنەیەکدا سەما دەکا، لەم بەهەشتە بێرۆحەدا لە بازنەدا دەسووڕێتەوە —ئایا دەستی لەوە هەڵ نەگرتووە، مرۆڤ بێت؟

- کوندێرا: توندڕەوەکان دەست لەوە هەڵ ناگرن مرۆڤ بن. توندڕەویی شتێکی مرۆڤانەیە. کۆمۆنیزم مرۆڤانەیە. کوشتن مرۆڤانەیە. خراپ مرۆڤانەیە. هەر لە بەر ئەوەشە تێریێزا تاسەی بار و دۆخێک دەکات، کە مرۆڤ، مرۆڤ نییە. بەهەشتی ئوتوپیای سیاسی لە بڕوابوون بە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر لە بەر ئەوەشە لە قەسابخانەدا کۆتایی دێت. بەهەشتی تێریێزا لە بڕوابوونی بە مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێت.

- مەکئیوان: لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بیرۆکەی خۆتان بۆ کیچ پەرە پێ دەدەن. واتە بۆ ئێوە کیچ لە زەوقی خراپ زیاترە؟

- کوندێرا: بەڵێ، زۆر زیاترە. من وشەی کیچ بە مانا ئەسڵییەکەی وشەکە بەکار دەهێنم، کە یەکەم جار لە سەدەی ١٩دا لە میونخن بەکار هێنراوە. ئەڵمانیا و ئەوروپای ناوین لە سەدەی بیستەمدا ڕۆمانتیکی بوون — زیاتر ڕۆمانتیکی بوون وەکو لەوەی واقیعی بن. ڕێژەیەکی وێنانەکراو کیچ بەرهەم هێنرا. سەدەی نۆزدە یەکەم سەدەیە بە بێ ئەوەی شێوازێکی خۆی هەبێت. هەموو جۆرەکانی شێواز لاسایی کرانەوە، پێش هەموو شتێک لە بیناسازیدا: ڕێنێسانس، بارۆک، گۆتیک، هەمووی هاوکات. هێرمان برۆخ وتارێکی نایابی بە ناونیشانی: "هەندێ سەرنج لە بارەی کێشەی کیچەوە" نووسی، کە تیایدا پرسیار دەکات: ئایا سەدەی ١٩ زیاتر سەدەی کیچ نەبوو وەکو لەوەی سەدەی ڕۆمانتیک بێت؟ برۆخ وەکو شێوەیەکی هەلپەرستیی ڕەهای هونەریی لە کیچ تێ دەگات، کە هەموو هۆکارێک بە باش دەزانێت، بۆ ئەوەی جەماوەر بووروژێنێت. کیچ وەکو ڕاکێشەرێک، بە تەنیا دەستووریکەوە: دەبێ بە دڵی خەڵک بێت. بە گوێرەی قسەکانی برۆخ ڕۆمانتیکییە گەورەکان ڕیزپەڕ بوون لە دەریایەک کیچدا. بۆ برۆخ بۆ نموونە ڤاگنەر و چایکۆڤسکی کیچن.

- مەکئیوان: ئێوە نووسیوتانە :"کیچ ئیدیالی ئستاتیکی هەموو سیاسییەکان، هەموو پارتە سیاسییەکان و بزووتنەوەکانە." بۆ ئێوە وەزیفەی کیچ لەوەدایە، مەرگ بشارێتەوە. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە سیاسەت بە بێ کیچ مەحاڵە؟

- کوندێرا: "بە بۆچوونی من —لە ئاستی پارتە سیاسییەکان، هەڵبژاردنەکان، واتە سیاسەتی هاوچەرخ- بە بێ کیچ وێنا ناکرێت. ناتوانرێ خۆ لە کیچ لا بدرێت. ئەرکی سەر شانی سیاسییەکی سەرکەوتوو لەوەدایە دڵخواز بێت، هەتا دەکرێت بە دڵی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێت. بۆ ئەوەی بەمە بگات، دەبێت دەست بۆ ئەو کلێشانە ببات، کە خەڵکی دەیانەوێت

گوێیان لێی بێت.
- مەکئیوان: ڕووسەکان دەیانەوێت بە دڵی خەڵک بن؟
- کوندێرا: ڕاست دەکەن، ڕووسەکان دەستەڵاتیان هەیە و بۆ ئەوەی لە دەستەڵات بمێننەوە پشت بەوە نابەستن، بە دڵی خەڵک بن. بریجنێڤ پێویستی بە کەس نییە بە دڵی بێت. بەڵام دروشمەکانی حیزب، دیماگۆگیەتیان بە هەموو شتێکەوە کە هاوبەستێتی: ئەوە دەبێ بە دڵی خەڵک بێت، ئەمە کێچە بە شێوەیەکی گشتی.
- مەکئیوان: ئۆرتێگا ئی گاسێت دەڵێت، لە ڕوانگەی ئیستاتیکییەوە فرمێسک و پێکەنین هەڵخەڵەتێنەرن.
- کوندێرا: لەگەڵ ئەوەشدا من ئەو سیتات (ئیقتباس)ەم نەخوێندووەتەوە، بەڵام ڕاستە. پێش ماوەیەک نامەیەکم لە خوێنەرێکی سویدییەوە بۆ هات، لە نامەکەدا نووسرابوو: "بەڵام ئێوە خۆتان هۆشیاریتان لەو بارەیەوە هەیە، ئەگەر ئێمە قبووڵتان بکەین، بە ڕاستی ئەوە دەخەینە لاوە، کە وەرسمان دەکات و بەمەش دەقەکانتان دەکەنە کیچ؟ کاتێ کتێبی پێکەنین و لەبیرچوونەوە دەرچوو، ڕەخنەگران لە بارەی ژنەپاڵەوانەکە، لە بارەی تامینایانەوە نووسی. ئەمە بەشێکی گرنگی کتێبەکەیە، لە بەشەکانی دی خراپتر نییە، بەڵام لەوێدا پاڵنەرێکی عاتیفی هەیە، کە دەتوانێت زۆر ئاسان وەکو کیچ کاریگەریی هەبێت: پەیوەندی نێوان ژنێک و مێردە مردووەکەیەتی، کە هێشتا خۆشی دەوێت. هیچ کەسێک ئاماژەی بۆ دوا بەشی کتێبەکەتان نەکردووە! هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ویستوویانە بە کیچی بکەن.
- مەکئیوان: بابچینە سەر لایەنێکی دی. ئێوە لەو بڕوایەدان، کە کلیلی هەموو پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکان لە پەیوەندی زایەنددایە؟ ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە لە نێوان پیاو و ژندا ڕوو دەدات، نموونەیەکە بۆ هەموو پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکان؟
- کوندێرا: نازانم. بارودۆخێکی زۆر ڕوونە، بەڵام نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم، کە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا لە دەرەوەی ئەوەدا نییە.
- مەکئیوان: خاڵی دەستپێکتان هەمیشە زەماوەندێکە یان زایەندێکە. بەوە دەچێت جۆرە خولیایەکی ئەڤینی هەمیشەیی هەبێت.
- کوندێرا: بەڵێ، بەڵام یان دیمەنێکی زایەند پەردە لە سەر شتگەلی گەوهەری هەڵ دەداتەوە، یان لە ڕۆمانەکەدا جێی نابێتەوە. کاتێ کاراکتەرەکانم سەرجێی دەکەن، زۆر کتوپڕ ڕاستیی بە سەر ژیانیانەوە، بە سەر پەیوەندییەکەیانەوە دەبینن. لە (ڤاڵسی ماڵئاوایی)دا یاکۆب و ئۆلگا هەمیشە لە پەیوەندییەکەیان دڵنیا بوون. لە پڕ سەرجێی دەکەن و ئیتر بەرگەی پەیوەندییەکەیان ناگرن، لە بەر ئەوە بەرگەی ناگرن، کە لە کاتی سەرجێیدا هەستی بەزەیی دێتە ئاراوە و ئەمەش بنەمایەکی مەحاڵە بۆ خۆشەویستی. لە (گەمە)دا لە کاتی دیمەنی سەرجێی لودڤیگ و هێلینادا لە پڕ دەبینین، نەک تەنیا زایەندگەرایی لودڤیک، بەڵکو ژیانیشی لە هەستێکی تۆڵەکردنەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو کتێبەکە لە سەر بنەمای ئەم دیمەنەی سەرجێی بینا کراوە. کاتێ سابینا لە (سووکیی بەرگەنەگیراوی بوون)دا لە گەڵ فرانتسدا سەرجێی دەکات، سابینا فرانتس وەکو تووتکەسەگ دەبینێت، کە مەمکی دەمژێت و شیر دەخوات. لە فرانتسدا ئاژەڵێکی بچووک دەبینێت، کە وابەستەی ئەم بووە و کاتێک لە ناکاو ئەمە دەزانێت ڤێزەونییەکە دای دەگرێت. چرکەساتێک ڕاستیی بە سەر پەیوەندییەکەیانەوە دەبینێت.
- مەکئیوان: شوناسنامەی فیگورەکانتان لە زایەندگەرییاندا دەردەکەوێت ...
- کوندێرا: بۆ نموونە ئێوە لە تێرێزا لە (سووکیی بەرگەنەگیراوی بوون)دا بڕوانن. کێشەکەی شوناسنامەکەیەتی، پەیوەندی لە نێوان جەستە و ڕۆحدایە؛ ڕۆحی لە جەستەیدا نارەحەتە. ئەمە زۆر بە ئاشکرا لە دیمەنی سەرجێی تێرێزا لەگەڵ ئەندازیارەکەدا دەردەکەوێت. لەپڕ هەست دەکات، کە ڕۆحی لە کاتی سەرجێیدا زۆر دوورە و لە کاتی گەمەی زایەنددا لە جەستەی ورد دەبێتەوە. ئەم میانەیە دەی خرۆشێنێت. کێشەکەی (ئەو بابەتەی کە بەرجەستەی دەکات) لە ناکاو لە دیمەنی زایەندەکەدا دەردەکەوێت. بەم مانایە دیمەنە ئیرۆتیکییەکان کاراکتەر و بارودۆخەکان ڕووناک دەکەنەوە.
- مەکئیوان: ئەو ڕۆمان و فلیمانەی کە دەتوانرێت تیایاندا تایبەتی و سیاسی لە بارودۆخێکدا ڕاڤە بکرێن هەمیشە سەرنجکێشن.



- کوندێرا: هەمان ئەو شتانەی لە سیاسەتی بەرزدا ڕوو دەدەن، لە ژیانی تایبەتیشدا ڕوو دەدەن. جۆرج ئۆروێل وەسفی دنیایەکی کردووە کە دەستەڵاتی سیاسی مێژوو دەنووسێتەوە، بڕیار دەدات، ڕاستیی چییە، دەبێت چی بیری مرۆڤ بکەوێتەوە و چی فەرامۆش بکرێت. بەڵام بۆ من وەکو ڕۆماننووس شتی دی بایەخیان هەیە. بۆ من ئەو حەقیقەتە زۆر گرنگترە، کە هەموو کەسێک لە ئێمە، چ ئاگا چ نائاگا، مێژووی خۆی بنووسێتەوە. ئێمە هەمیشە ژیاننامەی خۆمان دەنووسین، هەمیشە مانایەکی دی بە شتەکان دەبەخشین —بە ژیانی خۆمان ئەو مانایە دەبەخشین کە بۆمان دەگونجێت. ئێمە هەڵ دەبژێرین و دادەڕێژین- ئەو شتانە دەردەهێنین، کە هێورمان دەکەنەوە و مەراییمان بۆ دەکەن و هەموو ئەو شتانە دەسڕینەوە کە ڕەنگە بچووکمان بکەنەوە —واتە بەم مانایە مێژوونووسینەوە —تەنانەت بە تێگەیشتنی ئۆروێلیش- کارێکی نامرۆڤانە نییە. بە پێچەوانەوە، زۆر مرۆڤانەیە. خەڵکی شتی سیاسی و شتی کەسی هەمیشە وەکو دوو جیهانی جیاواز دەبینن، وەکو هەر یەکە و لۆژیکی خۆی و ڕێسای خۆی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ترسەکان لە سەر شانۆی گەورەی سیاسەت —زۆر سەرسووڕهێنەر- بە شێوەیەکی سەرسەخت هاوشێوەی ترسە بچووکەکانی ژیانی تایبەتیمانن.

- مەکئیوان: ... جارێکیان گوتتان، کە بە بۆچوونی ئێوە ئەرکی ڕۆمان لەوەدایە، کە پەردە لە سەر "ڕیسوایی ئەنترۆپۆلۆژی" هەڵ بداتەوە. مەبەستتان لەمە چی بوو؟

- کوندێرا: من باسی بار و دۆخم لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا کرد. من گوتم، کە هەموو ئەو شتانەی لەوێ ڕوو دەدەن ڕیسوایی سیاسی نییە، بەڵکو ڕیسوایی ئەنترۆپۆلۆژییە. واتە من لە شتەکان وەکو پەیوەندی بە ڕژێمی سیاسییەوە ناڕوانم، بەڵکو لە پەیوەندی بەو پرسیارەوە، ئایا چی لە توانای مرۆڤدایە؟

مەکئیوان: بەڵام بۆچی ڕیسوایی؟

- کوندێرا: ڕیسوایی شتێکە کە تووشی خورپەمان دەکات، هەموو کەسێک باسی میتۆدە خورپەهێنەرەکانی بیروکراتی و سیستەمە کۆمۆنیستییەکان دەکات، کە گولاگ، دادگایی سیاسی و کاری پاککردنەوەی ستالینی هێنایە ئاراوە. هەموو ئەمانە وەکو ڕیسوایی سیاسی ناودێر دەکرێن. بەڵام مرۆڤ ئەو حەقیقەتە ئاشکرایە لە بیر دەکات، کە سیستەمێکی سیاسی هەرگیز ناتوانێت لەوە زیاتر ئەنجام بدات لەو مرۆڤانەی کە تێیدا دەژین. ئەگەر مرۆڤەکان لە توانایاندا نەبێت کوشت و بڕ بکەن، سیستەمێکی سیاسی ناتوانێت جەنگ بکات. سیستەم لە نزیکی ئەو مەرزانەدا بوونی هەیە، کە مرۆڤەکان دەتوانن بیکەن. بۆ نموونە هیچ کەسێک ناتوانێت چوار مەتر تف هەڵ بدات، تەنانەت ئەو کاتەش ناتوانێت کە ڕژێم داوای لێ بکات. زیاتر لە نیو مەتر شیاو نییە. یان زۆر دوور میز بکات! تەنانەت ئەگەر ستالینیش فەرمانی پێ بکات، مرۆڤ ناتوانێت بیکات. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بکوژێت. لە بەر ئەوە پرسیاری ئەنترۆپۆلۆژی بە دوای ئەو پرسیارەدا دێت، چی لە توانای مرۆڤدایە هەمیشە لە دوای پرسیاری سیاسییەوە دێت.

- مەکئیوان: من وا هەست دەکەم، کە ئەو متمانەیەتان بە ڕۆمان هەیە، تێگەیشتنێکی وزر تایبەتی جیهانمان پێ بدات، بە بۆچوونی ئێوە ڕێگە بە تێڕوانینگەلێک دەدا، کە شێوەی دی بەرجەستەکردن نای کات.

- کوندێرا: بەڵێ، من لەو بڕوایەدام ڕۆمان شتێک دەگەیەنێت، کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی دی بگوترێت. بەڵام زۆر زەحمەتە دیاری بکرێت ڕێک ئەو شتە چییە، ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت لە لایەکی دییەوە سەیری کێشەکە بکات، بەوەی مرۆڤ بۆ نموونە بڵێت: مەرامی ڕۆمان نییە، وەسفی کۆمەڵگە بکات، لە بەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەگەری باشتر هەیە، ئەمە بکرێت. ڕۆمان ناشیەوێت وەسفی مێژوو بکات، چوونکە ئەمە ئەرکی مێژوونووسییە، نووسەرانی ڕۆمان بۆ ئەوە ڕۆمان نانووسن ستالین ڕیسوا بکەن: سۆلشەنیزین لە بەیاننامەکانیدا مشووری ئەمە دەخوات. بەڵام ڕۆمان تاقە ئەگەرە، بوونی مرۆڤ لە هەموو ڕەهەندەکاندا وەسف بکات، پیشانی بدات، ڕاڤەی بکات، توێکڵەکەی لێ بکاتەوە. من هیچ هەوڵێکی ڕۆشنبیری نازانم کە شان لە شانی دەستکەوتی ڕۆمان بدات. تەنانەت فەلسەفەی بوونگەراییش ناتوانێت ئەمە بکات. خەسڵەتی تایبەتمەندی ڕۆمان بەدگومانییەکەیەتی، کە لە بنەمادا دژی هەموو سیستەمەکانی بیرکردنەوە بایەخی پێ دەدات. ڕۆمان ئەو بەڵگەنەویستە دەکاتە پێشمەرج کە مەحاڵە بوونی مرۆڤ لە هەر شێوەیەکی سیستەمدا بگونجێنرێت.

- مەکئیوان: ... لایەنێکی خەسڵەتگەرای پەخشانەکانت ئامادەبوونی نووسەرە، وەکو کۆراڵ دەردەکەوێت، کە پرسیار لە بارەی ڕەفتار و پاڵنەرەکانی کاراکتەرەکانەوە دەکات و لێکیان دەداتەوە. ئەم دەنگە لە (گەمە)دا دەردەکەوێت، لە دوو ڕۆمانەکەی دیشدا زۆر ئامادەیە. ئایا تەکنیکی ڕۆمانی نەریتیی بە نووسەری نادیارەوە بۆ مەرامەکانتان بەس نین؟

- کوندێرا: وەکو پێشووتر گوتم، بۆ من بەهای ڕۆمان لەو شێوەیەدا نییە، چۆن درک بە دۆخێکی جەوهەری دەکات. ڕۆمان تەنیا وەسفی بار و دۆخ ناکات —با بڵێن ئیرەیی یان نەرم و نیانیی، یان کۆشش بۆ گەیشتن بە دەستەڵات —درک بەم بار و دۆخانەش دەکات، دەبێت ئیست بکات، زۆر باش چاودێریی دەکات، بیری لێ دەکاتەوە، پرسیاریان لێ دەکات، پرسوجویان لەگەڵ دەکات و وەکو مەتەڵ لێیان تێ دەگات. کاتێ هەندێ بار و دۆخی دیاریکراو دەبنە مەتەڵ، مرۆڤ دەبێت دەست بەوە بکات، بیریان لێ بکاتەوە. با بۆ نموونە ئیرەیی وەرگرین. ئیرەیی شتێکی هێندە ڕۆژانەیە هەموو ڕوونکردنەوەیەک زیادەیە. بەڵام ئەمە ناگۆڕێت ئەگەر مرۆڤ دەست بەوە بکات بیری لێ بکاتەوە. بۆچی بووردەباریی ئەوە ناکرێت، کە مرۆڤ سەیر بکات ژنێک لەگەڵ پیاوێکی دیدا سەرجێی دەکات؟ لەپڕ شتە ڕۆژانەکە سەخت دەبێت، سەرلێشێونەر، مەتەڵئامێز دەبێت. تەنانەت من

هێندە پێی لێ ڕادەکێشم بانگەشەی ئەوە بکەی، کە ڕۆماننووس ئەوە بە ئامانج دەگرێت، دوو واتایی بخاتە ڕوو، لە بەر ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر شت بێایەخ و ساکار بووە. من دەبێت لە ڕۆماندا دەنگێک ببستم کە بیر بکاتەوە، بەڵام نەک دەنگی فەیلەسوفێ. میتۆدی ڕۆماننووس لەوە پێک هاتووە، هەمیشە زیاتر ڕۆ بچێت، هەتا دەگاتە کاکڵی گرفتەکە، بە بێ ئەوەی چارەسەرێک بخاتە ڕوو.

- مەکئیوان: ئێوە زۆر هەوڵ دەدەن، "دەروونناسیی" بە کاراکتەرەکانتان نەدەن —بە ڕاستیش کارەکانتان زۆر بە پێچەوانەی ڕۆمانی دەروونییەوەن. ئێوە ئەوە بەجێ دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بە بیرمانی بهێننەوە، کە کاراکتەرەکانت تەنیا داهێنراون. لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ناچیزە دەتوانن زۆر واقیعی بە دەریان بخەن. من لەو بڕوایەدام، ئێوە لە بەر ئەوە ئەوەتان بۆ دەلوێت، کە گێڕەرەوە خۆسەپێنەکەتان بە جۆرێک لە بارەی کاراکتەرەکانەوە قسە دەکات، وەکو چۆن خەڵکی وشیار باسی هاوڕێیەکی باش دەکەن. سەرنجەکانی نێوان وەکو بڵێی کیچی بەرزن. ئەمەش ئەو هەستەمان لە لا بێدار دەکاتەوە، کە کاراکتەرەکان بە ڕاستی لە ئارادان.

- کوندێرا: بەڵێ، ئەوە ڕاستە. من داوای ئەوە لە خۆم ناکەم، هەموو شتێک لە بارەی کاراکتەرەکانمەوە بزانم. من ئەمە ناتوانم، بە هەمان شێوە ناتوانم داوای ئەوە بکەم، هەموو شتێک لە بارەی هاوڕێیەکەوە بزانم. من لە ئاستێکی زۆر گریمانەییدا دەنووسم. شتێکی هاوشێوەیشە لەگەڵ هاوڕێیەکدا. تەنانەت کاتێ مرۆڤ لەگەڵ باشترین هاوڕێیەکیشدا قسە دەکات —هەموو شتێکیشی بۆ دەگەڕێتەوە، کە بتوانرێ بگێڕدرێتەوە-، چاودێریی گریمانە دەمێنێتەوە.

- مەکئیوان: سەرسامیتان بۆ کافکا پاڵی نان بۆ ئەوەی ئەو سەرنجە دەر ببرن، کە ڕۆمان لە ژیان لە تەڵەدا دەکۆڵێتەوە و جیهان بووەتە تەڵە؟

- کوندێرا: بەڵێ، ڕۆمانی مۆدێرن لەو تەڵەیە دەکۆڵێتەوە. جیهان بووەتە تەڵە. مێژووی ڕۆمان ئاوێنەی مێژووی مرۆڤە، بەڵام کاتێ کافکا هات، شتێک ڕووی دا، -شتێک، کە هێشتا بە تەواویی نەناسراوەتەوە. زۆربەی جارەکان سێ ئەستێرەکە نوێنەرایەتی ڕۆمانی مۆدێرن دەکەن، جۆیس، پرۆست و کافکا. بەڵام من هەمیشە وا هاتووەتە بەرچاوم وەکو پرۆست و جۆیس پڕکەرەوە بن، کۆتاییهاتنی پرۆسێسێکی درێژی گەشەکردن بێت، هەتا فلۆبێر دەگەڕێتەوە. لەگەڵ کافکا و ڕەنگە لەگەڵ برۆخ و موزیل شتێکی زۆر جیاواز دەست پێ بکات. هەتا کافکا مرۆڤ دژی درندەکەی ناخی دەجەنگا، دژی ئەو درندەیەی، کە بە سەر ژیانی ناوەوەی، ڕابردووی، منداڵیی و گرێ دەروونییەکانیدا سەروەر بوو. لەگەڵ کافکادا بۆ یەکەم جار ئەم درندەیە لە دەرەوە دێت: جیهان وەکو تەڵە هەستی پێ دەکرێت. مرۆڤ لە لایەن جیهانی دەرەوە: لە لایەن دەستەڵاتەوە لە "کۆشک"دا، لە لایەن دەستەڵاتی نادیارەوە لە "بڕیاری دادگا"دا، لە کتێبەکانمدا مێژووە کە مرۆڤی ئەوروپی جڵەوگیر دەکات. چی ئەگەرێک لە ئارادایە بۆ ئێمە لە جیهانێکدا کە بووە بە تەڵە؟ دەتوانین چی هەڵ بژێرین؟ چی شێوەیەکی ژیان هەیە؟ سەرەنجام جیاوازیی نییە، ئایا (ک.) گرێی ئۆدیبی هەیە یان باوکی لە بەرچاو گرتووە، بە کەمترین شێوە چارەنووسی ناگۆڕێت. بەڵام لە ڕێی ئەمەوە کاراکتەرێکی پرۆست بە تەواویی دەگۆڕێت. جیهانی پرۆست یان فلۆبێر کراوە بوو. مێژوو دیار نەبوو. تەنانەت کەمێک درکی پێ نەدەکرا. بۆ ئێمە مێژوو بەرجەستەیە، دیارە. مێژوو جەنگە. مێژوو سیستەمێکی سیاسییە. مێژوو کۆتایی ئەوروپایە. مێژوو ڕەها ماقووڵە — و دیارە-، و ئێمە لە ناوجەرگەیدایین: دیلین. لە بەر ئەوەیە کە تەڵەیە.

- مەکئیوان: ... ئێوە جارێکیان باسی تەنیاییتان کرد، کە لە کاراکتەرەکانی کافکادا وێران دەکرێت.

- کوندێرا: بەڵێ. مرۆڤ بە جڤات دەورە دراوە — ئەمەش دێوەزمەی کافکایە-، کە تەنیایی تێیدا دەرووخێنرێت و تەخت دەکرێت. هەموو کەسێک دەتوانێت کەسێکی دی ببینێت. مرۆڤ هەرگیز بە تەنیا نییە. کافکا هێشتا بە هەمان پێوەر ڕاڤە دەکرێت، وەکو وەچەکەی پێش ئەو. ئەمە بە جۆرێکە وەکو مرۆڤ وەکو هایدن هەمان پێوەر بەکار بهێنێت. هێشتا هەمان کلیشەی ڕۆمانتیکی تەنیایی بۆ کافکا بەکار دەهێنێت: تەنیایی هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، تەنیایی تەنیا نەرێنییە، تراژیدیای ڕۆشنبیر لەوەدایە، کە ڕەگی لە ناو خەڵکدا نییە، بەو جۆرە کافکا خۆی دەبێتە نووسەر، کە بە ئازاری تەنیاییەوە دەتلێتەوە، کە بە دوای جڤاتدا دەگەڕێت، بە دوای برایەتیدا دەگەڕێت، کە دەیەوێت جێگای خۆی لە جیهاندا بدۆزێتەوە — ئەمەش هەموو شتێکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێک ئەم کلیشەیەی بەراوەژوو کردەوە. بە ڕاستی جیهانی کافکا بە تەواویی جیاوازە. زەوییپێوەکەی "کۆشک" وەڕسە و کوونەلووتی لە ژینگە پڕ بووە. ئەو بە دوای برایەتیدا ناگەڕێت، بەڵکو بە دوای کارێکدا دەگەڕێت. بەڵام تەنیا هەراسان دەکرێت. هەموو کەسێک هەراسانی دەکات. چاودێریش دەکرێت. جێخەوەکەی لەگەڵ خەلفەکانیدا بەش دەکات و لە بەر ئەوەی هەمیشە بە دەوروبەرییەوەن، ناتوانێت لەگەڵ فریدادا بخەوێت. لە لای کافکا تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بدۆزنەوە، کە دەستبەرداری تەنیاییان دەبن و بەمەش بۆ ماوەیەکی درێژ دەستبەرداری کەسایەتییان دەبن.

بەڵام برایەتی مانای چییە؟ کافکا ئەم چەمکە بەراوەژوو دەکاتەوە. برایەتی دەبێتە شتێکی قێزەون، ترسناک، مەترسیدار. کافکا یەکێک لە بیرۆکە بێچەندوچوونەکانی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر گومانەوە. ڕێک ئەمە ئەرکی سەر شانی ڕۆماننووسە: هەمیشە گومان لە بەها بنچینەییەکان بکات، کە ژیانی ڕاستەقینەمانی لە سەر بینا کراوە.

# مصاحبه با دکتر بهزاد خواجات

پیرامون شعر امروز

بابک صحرانورد

درآمد:
چند سال قبل شاعر عزیز آقای جلیل صفربیگی که در سایت آنات مدتی با هم همکار بودیم، از بنده درخواست کرد تا با دو شاعر و منتقد فرهیخته، آقایان دکتر محمود فلکی و دکتر بهزاد خواجات پیرامون شعر امروز مصاحبه کنم. بر همین اساس ایشان سوالاتی را که از پیش آماده کرده بود برایم ارسال کرد تا من نیز آنها را برای این دو شاعر بفرستم. آنچه در زیر می خوانید گفتگو با دکتر بهزاد خواجات است و در شماره بعد گفتگو با دکتر محمود فلکی را نیز خواهیم خواند.

**ب. صحرانورد: آقای دکتر خواجات، با تشکر فراوان از شما برای قبولِ این گفتگو. لطفاً برای شروع این مصاحبه بفرمایید اصولاً شعر کوتاه کجای جریان پست مدرن قرار دارد؟**

ب.خواجات: بهتر است که ما مولفه های پست مدرن را یک امکان زبانی و معنایی برای شعر تلقی کنیم و نه یک چارچوبِ مسلط در آفرینش های شاعرانه . یعنی شعر پست مدرن لزوماً یک قرارداد ادبی نیست که تخطی از آرمان های آن، شعرِ را از مملکت پست مدرن نفی بلد کند، بلکه یک منظر نسبتاً نو برای تماشا و فهم جهان است که می تواند با دیدگاه های دیگر تلفیق هم بشود. بنابر این وقتی شما می پرسید که شعر کوتاه در کجای پست مدرنیسم قرار می گیرد من می گویم همه جا و هیچ جا. شعر کوتاه با آرای پست مدرنیسم نه توازی دارد و نه تلاقی. مثل این که بگوییم رباعی در جریان رمانتیسم ایرانی چه جایگاهی دارد. حتا ساختار شکنی یا " فرم باز " که در آرای پست مدرنیست ها مطرح می شود (و بالطبع در شعر بلند بیشتر قابل طرح است )، در شعرکوتاه بالکل تعطیل نمی ماند . به هر حال من التزامی در تأثیر این دو مقوله بر هم احساس نمی کنم.

**ب. صحرانورد: آیا می‌توان گفت گسترش مینیمالیسم عرصه را بر شعر بلند تنگ کرده است و آیا اینکه ابزارهای دنیای دیجیتال در این امر سهیم بوده؟**

ب.خواجات: مسئله این است که عرصه بر شعر بلند به هیچ وجه تنگ نشده و من نمی دانم این نتیجه گیری زاده ی کدام تحقیق علمی است ؟ زمانی که رمان " کلیدر " نوشته می شد بیژن جلالی هم بود با شعرهای کوتاهش و خواننده هم داشت. در ثانی ملاک شما برای شعر کوتاه و بلند به راستی چیست ؟ اتفاقا ابزارهای دنیای دیجیتال حتی شاید به گسترش شعر بلند هم کمک کند چون در آن جا محدودیت صفحه و مشکل افزایش هزینه نشر وجود ندارد و چون بین خلق اثر و ارائه ی آن چندان فاصله ای هم نیست ، ویرایش و تامل بر شعر خلق شده -گاه- چندان جدی گرفته نمی شود.

**ب. صحرانورد: ارزیابی شما از رویکرد دوباره نسل جوان به رباعی در دهه هشتاد چیست؟**

ب.خواجات: رباعی در شعر امروز در مقطع انقلاب و سپس جنگ است که احیا می شود و انبوهی از شاعران این قالب را به واسطه ی تهییجی بودن و کوتاه بودن (و در نتیجه تسریع در خلق اثر و خوانش آن) به قالبی کاریزماتیک و پر طرفدار بدل می کنند اما در دهه ی هشتاد من جریان یا اقبال ویژه ای در این خصوص شناسایی نکرده ام.

**ب. صحرانورد: مسئله ساختار در شعر کوتاه چه جایگاهی دارد؟ و فرارفتن ازین ساختار چگونه میسر است؟**

ب.خواجات: البته شعر کوتاه هم می تواند حائز ساختار باشد اما به قدر وسع خود و نه بیش تر . ساختار می تواند از یک سطر به شکلی آغازین شروع شود و با روند رو به تزاید شعر به گسترش برسد و حتا خصایص ترکیبی پیدا کند . خوب بدیهی است که هنر شاعر در چنین شرایطی بیش تر نمود پیدا می کند . مثل رانندگی که در مسافت صد متر و در یک جاده ی هموار راحت تر است تا در جاده های پیچ در پیچ و طولانی . شعر کوتاه غالبا

نتیجه ی یک کشف منتزع زبانی و معنایی است که از خود آن کشف آغاز و بدان تمام می شود و هنر شاعر معماری این کشف است .

**ب. صحرانورد :آیا رباعی فارسی را می‌توان نظیر مناسبی بر هایکوی ژاپنی دانست و اگر نه، چرا؟**

ب.خواجات: من دلیلی برای این مقایسه نمی بینم . شعر هایکو سر جای خود است و رباعی هم سر جای خود . المپیکی هم قرار نیست برگزار شود برای قالب ها و فرم های شعری در جهان . پس این مقایسه به چه درد می خورد ؟

**ب.صحرانورد: آیا تعبیرِ «هایکوی فارسی» را تعبیر مناسبی می‌دانید؟ و اصولاً تحقق هایکو با همه الزاماتش در زبان فارسی (و سایر زبان‌ها جز زبان و فرهنگ ژاپنی) امکان‌پذیر است؟**

ب.خواجات: من به شعر کوتاه می گویم شعر کوتاه و هر کس هم که از کلمه ی هایکو استفاده کند ناراحت نمی شوم. اگر منظور شما از هایکو شعر کوتاه باشد خوب در تمام فرهنگ ها قابل اجراست.

**ب. صحرانورد: میل به ساده‌نویسی در تعدادی از شاعران دو سه سال اخیر بویژه در حوزه شعر کوتاه، آیا واکنشی به شعر دهه هفتاد و اوایل دهه هشتاد (نحله‌های مختلف شعر پست مدرن) است که نتوانست انتظارات مخاطبان را بر آورده کند؟ یا از سر راحت‌طلبی است؟**

ب.خواجات: اینِ سوال بر دو فرض غلط استوار است. اول این که شعر کوتاه لزوماً ساده نیست. گاه ساده خوانی با ساده نویسی خلط می شود. فرض خطای دوم این است که شعر دهه ی هفتاد یا هشتاد نتوانست انتظار مخاطبان را پاسخ بگوید. مسئله ی سومی هم هست که مخاطبان در این سوال ظاهرا تمام خوانندگان شعر امروز در نظر گرفته شده اند در حالی که هر شعر یا مخاطبی مسائل و سطح فکری و سلیقه خود را دارد. این آمار واقعاً از کدام پژوهش نتیجه شده است؟ من گمان می کنم که حتا شعرهای ساده ی این سال ها از کوره ی بازی های زبانی و معنایی شاعران دهه ی هفتاد و حتا پیش تر از آن سربرآورده اند چرا که این مولفه ها کشف این شاعران نبود بلکه احیا و اعتلای این رفتارها و دینامیک کردن آن ها بود. البته منظور من شعر ساده انگار نیست بلکه شعری است که رفتارهای تجربی را بدون انقطاع از فرهنگ شعری (سنت شعری) به درون می کشد و زندگی می کند.

**ب. صحرانورد: آیا می‌توان تعریفی برای شعر کوتاه ارائه کرد که قابل اطلاق به تمامی جریان‌های موجود شعر کوتاه باشد؟**

ب.خواجات: نه نمی شود. اگر بحث ما در حیطه ی شعر سنتی بود چون در آنجا محدوده ی کلی قوالب مشخص است این امکان وجود داشت اما شعر امروز برای طول شعر حکمی نداده که با تکیه بر آن شعر کوتاه و بلند را تعریف کنیم.

**ب. صحرانورد: جایگاه نیما در شعر کوتاه امروز فارسی کجاست؟**

ب.خواجات: نیما بانی شعر امروز و معمار این ساختمان است اما درباره ی نقش او در شعر کوتاه نمی دانم چه بگویم. گمان نمی کنم نیما به طور اخص در این مسئله جای پایی داشته باشد منتها شکستن تقید تساوی مصرع ها و توصیه به عینی کردن یافته های شاعرانه با تکیه بر سمبل شاید به کوتاه نویسی کمکی کرده باشد.

**ب. صحرانورد: آیا تصور نمی کنید که امروزه شاعران تمایل بیشتری به شعر کوتاه بیِش از جریان های دیگر نشان داده اند و این قضیه، اصولاً آیا یک مسله ی جهانی ست یا منطقه ای؟**

ب. خواجات: نه گمان نمی کِنم . شعر کوتاه مثل شعر بلند است از نظر ارزش شاعرانه و اصلاً موجبیتی برای توجه خاص ندارد. در ضمن شعر کوتاهِ جریان نیست پس مولفه یافتن و مولفه گذاری در آن کلاً باطل است.

**ب.صحرانورد: با نهایت تشکر از شما.**



# مصاحبه اختصاصی مجله شی با هنرمند مشهور کرد، جوان حاجو

حمد عدالت اوموبی میلان

**-آقای حاجو اندکی از خودتان،زندگیتان، محل تولد، کودکی و نوجوانیتان برایمان بگویید.**

جوان حاجو خندیده و شروع به صحبت می کند: آری بنده در سال ۱۳۳۵ هجری شمسی در روستای تربسپی منطقه قامشلوی کردستان سوریه به دنیا آمده، دوران کودکی خوبی داشته ام، بازی با بچه ها، درس، فوتبال و خاطرات بسیار خوب. در روستای ما به غیر از کردها، سریانی ها نیز زندگی می کردند و ما زندگی و خاطرات خوشی داشتیم. روستای ما، روستای کوچک و بسیار زیبایی بود. دوران کودکی من نیز مانند هر کودک کرد دیگر گذشت. پس از آن در سال ۱۳۵۸ بعد از گرفتن لیسانس به آلمان رفته و شروع به خواندن موسیقی کردم ولی آنرا به اتمام نرسانده و شروع به کار در زمینه موسیقی کردم وتقریباً از سال ۱۳۶۰ موسیقی، کار اصلی بنده گردید.

**- از کی به موسیقی علاقه مند شدید؟ چگونه مرزهای موسیقی سنتی را شکسته و به سبک های مدرن روی آوردید؟**

در واقع بنده هیچ طرح، فکر و برنامه ای در این مورد نداشتم. وقتی در روستای تربسپی بودم، ترانه های کردی علوی رادیوی آمد را گوش داده و می خواندم، ساز می زدم و اشعاری را که خواهرم دلبر می نوشت را می خواندم. وقتی که به آلمان رفتم با ۳ موسیقی دان آلمانی آشنا شدم که به بنده بسیار کمک کردند و بدون اینکه قصد ایجاد چنین سبکی را داشته باشم، بطور اتفاقی وارد این سبک از موسیقی شدم. در اصل زندگی در غربت و محیط جدید، تأثیر زیادی بر انسان می گذارد. موسیقی غربی در من تأثیر گذاشت و من شروع به گوش دادن موسیقی پاپ، جاز و راک اروپایی و آمریکایی کردم. بدون اینکه قصد ساختن آهنگ کردی پاپ، راک و جاز را داشته باشم، چیزی مخلوط از آنها را درست کردم. از آلات موسیقی مثل گیتار، درامز وباس گیتار در آهنگ هایم استفاده کردم ولی در آغاز انتقادهای بسیار شدیدی از چنین سبکی، شباهنگ ها و آهنگ های جدید کردی بنده کردند. کردها آنرا دوست نداشتند و برایشان بسیار عجیب بود و می گفتند که شما به موسیقی کردی ضربه می زنید. برایشان چیز جدیدی بود. ولی بعداً جوانان کرد به آن علاقه مند شدند. مسأله اصلی این است که در وهله اول و از همه مهمتر، خود هنرمند نیزباید از کار خود راضی باشد که من راضی بودم البته در آن زمان، چراکه در آن سن و سال، در ۲۰ سالی ام، من آنطور فکر می کردم و درست هم بود، ولی اگر الآن بگویم که از آن سبک خوشم می آید فکر می کنم که درست نباشد. اما بعد از گذشت چندین سال، خدا را شکر، کردها به این سبک علاقه مند شدند. کردها نیز در حال پیشرفت در عرصه های مختلف هستند. با پیشرفت تکنولوژی جوانان کرد از آن سود جسته و در موسیقی کردی نیزاز آن استفاده کردند. موزیک دارای حد و مرز نبوده و نمی توان آنرا در مرزهای ملی محصور کرد. موسیقی مسأله ای بین المللی و بدون مرز می باشد. در نهایت چیز جالبی از آب درآمد که بنده از آن راضی می باشم.

**- خیلی ها معتقدند که کارهای جوان حاجو در این اواخر، بیشتر از آنکه کردی باشد، بین المللی هستند، مثلاً آلبوم اوف را به عنوان کاری جهانی نام می برند. آیا این مسأله را می پذیرید؟ نگاه شما به این قضیه چگونه است؟**

بله درست است، زمانی که ما شروع به درست کردن آلبوم اوف کردیم، به این فکر بودیم که همسایگان ما نیز اعم از فارس، ترک، عرب و آذری نیز به آن گوش بدهند و تنها محدود به کردها نباشد. چطور که ما به موسیقی آنها گوش می دهیم، آنها نیز به موسیقی ما گوش دهند. بعد از آن نیز گفتیم که اروپاییان نیز بتوانند از آن استفاده کنند و بدین صورت سبکی

مختلط و جالب ایجاد شد که در آن تنوع خوبی وجود داشت.
**- آقای حاجو، در ایران شما را بیشتر با آهنگ دلکتمی می شناسند، اندکی درمورد فضای این کار و آلبوم آن برایمان بگویید.**
بله، آهنگ دلکتمی مخصوصأ در میان کردها شهرت خوبی یافت و کار خوبی از آب درآمد. البته بیشتر درمیان جوانان کرد. بنده نیز خود را ۱۰ سال پیش جوان حساب می کردم و فکر نمی کنم، الآن بتوانم دوباره کاری بدان سبک را درست کنم. هم اکنون نیز نمی دانم که چه آهنگی را ایجاد خواهم کرد، فکر می کنم این مسأله بیشتر به حالت روحی و روانی، وضعیت و روحیه ای که در آن قرار دارم، مرتبط است. در آن زمان، آنطور بود. بعدأ ما آلبوم وگر یعنی بازگشت را ساختیم که بطور کلاسیک بود و تنها آلت موسیقی آن، ساز بود چراکه من دوست داشتم به آهنگ های قدیمی که خاطرات کودکی، جوانی، دوستانم، قامشلو و روستایمان را تداعی می کرد برگردم. بنده بیشتر براساس روحیه و حالتی که در آن قرار دارم، سی دی بیرون میدهم. از اینکه بعد از این چه سبک و شیوه ای پیش بیاید را نیز نمی دانم.
**- اگر ۴ شاخه اصلی زبان کردی را کرمانجی، سورانی، هورامی و زازاکی در نظر بگیریم، به نظر شما چرا موسیقی کرمانجی در سطح پیشرفته تری از لهجه های دیگر عمل می کند، ما می بینیم که آثار موسیقی سورانی و هورامی یا بیشتر سنتی هستند و یا نهایتأ به سبک پاپ ختم می شوند، اما در کرمانجی شاهد ظهور هنرمندان بزرگی هستیم که راک، جاز و بسیاری از سبک های مدرن غربی را به خوبی عرضه می کنند. دلیل این پیشرفت کرمانجی چیست؟**
چه بگویم، از دید بنده همه سبک های موسیقی لهجه های کردی اعم از کرمانجی، سورانی، هورامی و زازاکی جالب، دلنشین و قشنگ بوده و همگی آنها کردی می باشند. هر یک از آنها دارای ویژگی های خاص خود می باشند. به نظر بنده باید موسیقی دارای سبک های مختلف و متنوع باشد. مثلأ در موسیقی ترکی ما شاهد تنوع جالبی اعم از سنتی، پاپ، جاز و راک هستیم که جلوه خاصی به آن داده است. موسیقی کردی نیز باید دارای همین خصوصیت باشد و تنها محدود به آهنگ های کلاسیک نگردد. باید آثار جدید تولید گردند. کردها نیز باید به موسیقی همسایگان خود گوش دهند چراکه ما نیز جزیی از این دنیا هستیم. ما شاهد این هستیم که موسیقی کردی با وجود همه محدودیت و ممنوعیت های مختلف و با توجه به امکانات بسیار محدودش، توانسته است جایی برای خود در دنیا باز کرده و به سطح بسیار خوبی برسد. هرچند که زمانی موسیقی کردی در کردستان غدغن بوده، زبان کردی غدغن شده و ظلم و ستم وسیعی به ۴۰ میلیون کرد، بدون اینکه مرتکب هیچ گناهی شده باشند، شده و زبانی به این قدمت را در خاورمیانه غدغن نموده اند، بازهم نتوانستند با قتل و عام، انکار و ستم، آنرا از بین ببرند و بالعکس موسیقی کردی توانست در میان همسایگان و دنیا جایگاه ویژه ای یابد. بنده بسیار خوشحال هستم که ترک، عرب و فارس ها نیز موسیقی کردی را گوش می دهند. مثلأ گاهی اوقات که بنده به استانبول می روم و می بینم که حتی ترک ها نیز به بنده ابراز علاقه کرده، خوش آمدگویی کرده و می گویند که سبک شما بسیار جالب است، خوشنود گشته و در واقع این امر باعث خرسندی بنده است. از نظر من همه هنرمندان کرد به ویژه زنان کرد خوش صدا، خدمت بزرگی به موسیقی کردی نموده اند. هر کسی به اندازه خود کار کرده و بنده از همه آنها تشکر و قدردانی می کنم که به اندازه توانایی خود تلاش کرده اند. هزار بار خانه شان آباد و زنده باشند.
**- به جز خودتان در میان کرمانج ها، کار کدام هنرمند را بیشتر می پسندید؟**
بنده از تمامی سبک و شیوه های موسیقی کردی خوشم آمده و به آنها گوش می دهم. هر سی دی جدیدی که به بازار می آید را گوش داده و تعقیب می کنم. بنده آهنگ های قدیمی و جدید را بررسی کرده و شیوه اجرای آنها را تجزیه و تحلیل می کنم. همه آنها زحمت کشیده و به موسیقی کردی خدمت کرده اند. اسامی هنرمندان خوب بسیار زیاد بوده وبنده احترام خاصی برای همه آنها قائل هستم. مثلأ کاراپت خاچو که بسیار جالب و جذاب در زمینه موسیقی کلاسیک، خدمت بزرگی کرده است. البته موسیقی کردی بسیار وسیع تر و گسترده تر از آن می باشد که بتوان تنها به ذکر چند هنرمند بسنده کرد.
**- از میان هنرمندان سورانی در اقلیم کردستان عراق و کردستان ایران کدامیک را بیشتر می پسندید؟**
بنده اکثرهنرمندان جوان عصر جدید که کارهای جالبی را ارائه داده اند، را دوست دارم و کارهایشان را با لذت گوش می دهم. (چوپی، هانی و لیلا فریقی)
**- شما در ایران طرفداران زیادی دارید، آیا برنامه ای برای اجرای کار در کردستان ایران ندارید و در این زمینه اقدامی کرده اید؟**
البته آمدن به کردستان ایران و اجرای کنسرت در مهاباد، سنندج، کرمانشاه و حتی در تهران برای ایرانی ها، برای بنده خواب و خیالی دیرین است. ولی تابحال کسی به بنده پیشنهادی دراین مورد نداده است و نمی دانم که آیا دولت ایران اجازه چنین کاری را به بنده می دهد یا نه، بنده از وضعیت ایران خیلی آگاه نبوده و فکر نمی کنم که آمدن بنده به ایران خیلی راحت باشد. ولی اجرای کنسرت بنده در کردستان ایران، برای بنده شرف بزرگی است. کسی نیز از بنده چنین درخواستی نکرده است. ولی بنده بسیار امیدوار

هستم که چنین فرصتی برایم پیش بیاید. همانطور که بنده به شهرهای باتمان و آمد کردستان ترکیه برای اجرای کنسرت رفتم، همانطور هم دوست دارم که به میان مردم خود در کردستان ایران نیز رفته و به آنها نیز خدمت کنم.

**- چند سؤال سیاسی بپرسم، با وضعیت کنونی که سوریه دارد، آیا فکر می کنید که روزی بتوانید به سوریه برگردید و به روستایتان تربسپی سفر کنید؟**

حتماً، چطور نمی خواهم، این نیزیکی دیگراز آرزوهای بنده است که همیشه در فکرشان هستم. من نیز مانند ۴۰ میلیون کرد دیگر خواستار حق و حقوقی مساوی با ملت فارس، عرب و ترک هستم نه کمترو نه بیشتر. امیدوارم که چنین وضعیتی پیش بیاید و بنده نیز به وطنم بازگردم. ما دیدیم که در قرن اخیر ظلم و ستم فراوانی به ملت کرد گردید ولی این مسأله باعث ازبین رفتن کردها نشد. امیدوارم که حق کردها به آنها داده شود مانند همه ملت های دیگر در دنیا. ما می بینیم که کردها جنگ و درگیری نمی خواهند وبه کسی حمله نمی کنند بلکه این گروه تکفیری داعش است که به کردها در کوبانی، شنگال و اقلیم کردستان حمله کرده و قتل عام کرده و کردها را مجبور به دفاع از سرزمین خود کرده است. کردها به هیج وجه جنگ و خونریزی را نمی خواهند. امروز ما می بینیم که در کردستان عراق با پارلمان و حکومت خود و در رأس آنها بارزانی مانند یک دولت عمل کرده و برعلیه داعش موفقیت های بسیاری به دست آورده اند. ما در کردستان سوریه نیز شاهدیم که بیشتر مناطق کردنشین به دست کردها افتاده و در کوبانی نیز ما شاهد دفاع بی نظیری هستیم. هردو کردستان عراق و سوریه می توانند حکومت تشکیل بدهند. بنده امیدوارم که کردها در برابر داعش متحد شده و حکومت را در آنجا بدست بگیرند.

**- روابط شما با احزاب کردی چگونه است؟ با پ.ک.ک و یا پ.ی.د و دیگر احزاب کردی.....**

بنده به همه احزاب کردی احترام گذاشته و با همه آنها در ارتباط هستم ولی بنده عضو یا طرفدار صرف هیچ حزب خاصی نمی باشم. بنده کرد هستم، هنرمند ملت خود بوده و تنها برای یک حزب کار نمی کنم. بنده برای همه کردها کار می کنم. مسأله ما ملی است و باید براین اساس نیز حل شود. احزاب کردی باید با هم کار کنند چراکه خاورمیانه در حال تغییر و تحول اساسی است. ما نیز باید بر اساس این تحولات عمل کنیم.

**- به نظر شما چرا هنرمندان کرد را مجبور می کنند که در دایره احزاب فعالیت کنند. چرا هنرمند حزبی، محبوب می شود و هنرمندی که زیر بار افکار احزاب نرود را سعی در منفور شدنش می کنند؟ آنچه که بر سر شوان پرور آمد را چگونه ارزیابی می کنید؟**

به نظر من این کار درستی نبوده و احزاب نباید اینگونه عمل کنند و باید خود را از این تفکر دور نگه دارند. هنرمند نباید مختص به حزب خاصی باشد بلکه باید در خدمت مردم باشد. به نظر من نه اینکه فقط به هنرمند خاصی ظلم و ستم شده است، بلکه به همه هنرمندان ظلم شده است. هنرمند باید آزاد و کردستانی بوده و برای همه احزاب کار نماید. حقیقت این است که احزاب بعد از ۵۰-۴۰ سال، دیگر نخواهند ماند، خواهند رفت و فقط ملت خواهد ماند. مهاباد خواهد ماند، قامشلو، سلیمانی، آمد، دجله و فرات، جودی و آگری، ترانه های ما، آداب و رسوم ما، اشعار ما و میهن دوستی ما خواهند ماند. هنرمند باید دوستدار ملت، سرزمین و آزادی مردم خویش باشد نه اینکه حزب خاصی.

**- جگر خون، قدری جان، دلبر حاجو و بطور کلی زن چه نقشی را در کارهای شما ایفا می کنند؟**

بله همه شخصیت های فوق در بنده تأثیر گذاشته و هم اکنون نیز اثرگذارند. در ابتدا بنده با اشعار خواهرم دلبرسپس اشعار استاد جگرخوین و قدری جان شروع به کار کرده و از آنها بسیار زیاد سود جستم. پسر عمویم گوران حاجو نیز که در اسلو زندگی می کند تأثیر زیادی در کارهایم داشته و همگی آنها به بنده کمک خیلی زیادی کرده اند و بنده از همه آنها تشکر و قدردانی می کنم.

**- آینده موسیقی کرمانجی را چطور می بینید؟ آیا کسی را می شناسید که به شکل خوب سبک کاری شما را ادامه بدهد؟**

صد در صد کسانی خواهند بود که این کار را به خوبی انجام دهند. همانطورکه ما از گذشتگان خود بهتر کار کردیم، کسانی نیز خواهند آمد و این سبک موسیقی را بهتر از ما ارائه خواهند داد.

**- و در آخراینکه، ماموستا هژار در خاطراتش نوشته که در دوران آوارگی به منزل حاجو آغا در روستای تربسپی رفته و مهمان آنها شده، آیا شما وی را به خاطر می آورید؟**

درست است شاعر مشهورما کردها، ماموستا هژار به روستای ما تربسپی آمده ولی بنده در آن زمان نمی دانم به دنیا آمده بودم یا نه. پدر و عمویم در مورد ایشان برایمان صحبت می کردند. بنده یکی از شعرهای بسیار جالب وی را نیز با نام درد دوری خوانده ام. بنده احترام بسیار خاصی برای ایشان قائل هستم.

بنده از کردپرس بسیار تشکر می کنم که این فرصت را به بنده دادند که نظراتم را به زبان بیاورم. از طرفداران خود نیز تشکر و قدردانی می کنم و امیدوارم که فرصتی پیش بیاید که بتوانم در کردستان ایران در مهاباد، سنندج و کرمانشاه نیز در خدمت آنها باشم.

لایەکت بەفر دەیگرێ، دیمەنی
قەتقاسە، لایەکی سەججادە، موڵکی عەجەمە
لە سەرەوە گەوەنی بەستووە
لە سەر ئاوان کۆتری فیراری
گەلەی کارمامزان
و پۆلی خاسە کەو...
نکۆڵی لە مێرخاسی ناکرێ
هیچ کامیان لە هەزار پێشەوە هەرگیز
بن نەکەوتن، پیاوانی ئەم وڵاتە
ئاگاداری هات لە کوێوە لێیان بدەین
خۆ نە پۆلە قوڵینگن و
نە کڵاوی ئەستێرانی ئاسمان
دڵێک بە سی و سێ گولـلە
سی و سێ کانیی خوێن
ناجمێ

Aliyeki te berf digre, bergeha
Qetqase aliyeki le siccade, milkê eceme
Li seri gusiyên cemedê
Li ser avan kevokên revok
Keriyê xezalan.
û refên kewên gozel…
Mêrxasi nayê inkarkirin
Di serê yeke-yek de ew qet ne
Ketin binji hezar salan virve zilamên vê derê
Agahdarîya hatinê em ji ku der-hi bidin
Nerefê qulingane, ev
Ne koma stêrane li ezman
Dilê bi si û sê gule
Si û sê kaniyên xwinê
Na herike



## 6-Welatê Min

| | |
|---|---|
| Welatê min, welatê min | ولاتی من ولاتی من |
| Hatina min ji hezkirina we bû | هاتنی من له خۆشەویستیی تۆ بوو |
| Dîtina we derdê min bû | بینینی ئێوه خەمی من بوو |
| Sahiya we jê mestir nebû | هیچ شتێک له شادی ئێوه مەزنتر نەبوو |
| Di çavê we de min rastî dît | له چاوی ئێوەدا راستیم دیت |
